# فەلسەفە

پێش فەلسەفە تا مردنی نیچە

فوئاد سدیق

نەورۆزی 2015 هەولێر

**بەشی یەکەم:**

- گرنگی فەلسەفە

پێش فەلسەفە

سەرهەڵدانی فەلسەفە

چەمکی فەلسەفە

فەلسەفەو زانست ( فەلسەفە چییە، زانست چییە )

جیاوازییەکانی نێوان زانست و فەلسەفە

**بەشی دووەم:**

تایبەتمەندییەکانی فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان

- قوتابخانەی سروشتی ئایۆنی
- تالیس دی میلتی
- ئەنێکسمەندەر
- ئەناکسیمانس)
- پوختەی قوتابخانەی ئایۆنی
- قوتابخانەی فیساگۆرس و هیراکلتیس
- فیساگۆرس ( Le phythagorisme)
- هیراکلیتیس(475/478 – 540/544 Heraclite)

**بەشی سێیەم:**

قوتابخانەی سۆفستاییەکان

- سەرهەڵدانی سۆفستاییەکان
- شوناسی سۆفستاییەکان
- پرۆتاگۆراس (Protagoras 480 – 410)پ.ز
- گۆرگیاس (Gorgias 480/485 – 375)پ.ز
- گرفتەکانی ماف و هێز لای سۆفستاییەکان

**بەشی چوارەم:**

- سوکرات
- کەسایەتی سوکرات
- فەلسەفەی سوکرات
- دادگاییکردنی سوکرات

**بەشی پێنجەم:**

- ئەفلاتون
- کاریگەری سپارتا
- کەسایەتی ئەفلاتون
- کارەکانی ئەفلاتون
- فەلسەفەی ئەفلاتون
- سەرچاوەی بیروڕاکانی ئەفلاتون

**بەشی شەشەم:**

- ئەرستۆ
- کەسایەتی ئەرستۆ
- فەلسەفەی سیاسی ئەرستۆ
- لۆژیکی ئەرستۆ
- فەلسەفەی سروشت (فیزیک)ی ئەرستۆ
- میتافیزیکای ئەرستۆ
- ئاکار لای ئەرستۆ

**بەشی حەفتەم:**

- بەگومانەکان
- ئەپیقۆرس
- رەواقییەکان
- سان ئۆگۆستین
- تۆماس ئەکوینی

**بەشی هەشتەم:**

- فەلسەفەی نوێی ئەوروپا
- مایکاڤیلی (1946/5/3 – 1527)–
- دیکارت (1596 – 1650)
- کانت (1724 – 1804)
- هیگل (1770 – 1831)
- مارکس (1818 – 1883)

## گرنگی فەلسەفە

فەلسەفە لە بەرامبەر جۆرەکانی دیکەی زانستدا مانای فراوانترین زانستەکان دێت،واتا بە دایکی زانستەکان ناو دەبردرێت،چونکە جۆرێکە لە بە ئاگابوون بەرامبەر جیهان، ئەم بە ئاگابوونەش بەهۆی هەست و ئەزموونکردنی راستەوخۆوە دروستدەبێت.

فەلسەفە کۆنترین جۆری وشیاری کۆمەڵایەتییەو رەنگدانەوەی جیهانی دەوروبەرمانە لە مێشکی مرۆڤەکان،ئەو رەنگدانەوەیەش بە پێی بارودۆخی (خۆیی و بابەتی) لە سەردەمە جودا جوداکانەوە،هاتوونەتە ئاراوە.

## پێش فەلسەفە

تا ئێستا هەموو ئەو بۆچوونانەی کە لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی فەلسەفە دەکەن، دوو جۆرن، کە لە دوو بۆچوونی جوداوە سەرچاوەیان گرتووە.

یەکەمیان: پێیان وایە فەلسەفە بۆ یەکەمین جار لە شارستانیەتی رۆژهەڵاتی کۆن (میسر، بابل، فارس، هیندستان ,چین)سەریهەڵداوە.

دووەمیان :پێیان وایە نەخێر شتێک هەبووبێت و پێی بوتری فەلسەفە بۆ وڵاتی یۆنان دەگەڕێتەوەکە تالیس بە یەکەمین فەیلەسوف دادەنرێ و بەڵام فیساگۆرس یەکەمین کەس بووە کە زاراوەی فەلسەفەی بەکارهێنابێ.

.بەڵام پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئەی لە وڵاتی میسرو بابل و رۆژهەڵاتی کۆن بە گشتی فەلسەفە پێش تالیس نەبووە؟ ئایا خوداوەندەکانی میسرو بابل و.. دانیان پێدا نەنرابوو لە لایەن خەڵکی ئەو وڵاتانەوە؟ئەی گریک دواتر لەوانی نەخواست ؟ئەم پرسیارە زۆر راستە، میسرو بابل پێش یۆنانییەکان خودان خوداوەندی خۆیان بوون،بەڵام خاڵی گرنگ و جەوهەری ئەوەیە، ئەوان نەیانتوانی بگەن بە زانست و فەلسەفە. بەڵام یۆنانییەکان فریای کەوتن و فەلسەفەو زانستیان داهێنا. پرسیاری گەورەتر ئەوەیە لەبەرچی؟، باشە بۆچی یۆنانییەکان بە درەنگوەختتر لە میسرو بابل و رۆژهەڵاتی کۆن ئایین و خوداوەندیان بۆخۆیان داهێنا تەنانەت لە میسرو بابلییەکانیان وەرگرت، کەچی یۆنان پێشکەوت بە زانست و فەلسەفە؟، بەڵام میسرو بابل و وڵاتانی تر نەیانتوانی ئەو دەستکەوتە مەزنە بۆ خۆیان دابهێنن؟ وەڵامەکە ئەوەیە وەزیفەی ئایین بە گشتی یارمەتیدەر نەبووە بۆ ئەنجامدانی سەرکێشیی ئەقڵی،چونکە لە میسر ئایین تا ئاستێکی زۆر گرنگی بە ژیانی دوای مردن دەدا، نەک ژیانی زیندەگی، باشترین نموونەش ئەوەبوو هەرەمەکان تەلاری تەرمەکان بوون. ئەگینا لە میسر بۆ نموونە زانستی پزیشکی لە ئاستێکی باشدا بووە،تا ئەو رادەیەی پزیشکێک بەناوی (ئیمحتب) نزیکەی کە زیاتر لە (3000) ساڵ پێش زایین ژیاوە، خەڵکی ئەو ناوچەیە پەرستوویانەو بە خواوەندی لەشساخییان داناوە.

لە ماتماتیکیشدا (ئەندازەو ژمێرە) میسرییەکان دەستڕۆیشتوو بوون، ئەهرام و ئەو چەند بابەتە ژمێرییەی لە دوایان جێماوە،راستییەکان دەردەخەن.

بابلییەکانیش دەستێکی باڵیان لە ئەستێرەناسیدا هەبووە،تەنانەت بەهۆیەوە رۆژژمێریان داهێناوەو ئەو کاتانەیان دۆزیوەتەوە کە تیایدا

ئەستێرەی ڤینۆس و عەتارد (Mercury)لەگەڵ خۆردا بەراورد ئەبن..داستان و خواوەندو یاساکانی حامورابیش چەند نموونەیەکی دیکەن.

لەفارسیشدا (زەردەشت)و لە هیندستان (بوداو ماهاڤیرا)و لە چین (لاوتسی و کۆنفۆشیۆس)دەرکەوتن، کە بە گشتی بیروبۆچوونیان دەربارەی ئایین و پاشەڕۆژو خوداوەندو مردن و ژیانی چاکەو خراپەو ئاکار بووە.بۆیە ئەو بیرو بۆچوون و ئەو شارستانیەتەی رۆژهەڵات بە گشتی دەچنە قۆناخی پێش سەرهەڵدانی فەلسەفەوە، چونکە:

أ- زیاتر لە بەرگێکی ئەفسانەیی و داستان و ئاییندا بوون و خاوەنی تایبەتیان نەبووە، وەک بڵێی ئەم میتۆدە هی فلانەکەس و ئەم بیروبۆچوونە هی فیسارەکەسە.

ب- کەموکوڕی و کەلەبەری زۆریان لە بواری سەرنجدان و رامان و تێفکرین و شیکردنەوەی ئەقڵی و زانستیانەو گەیشتنە ئەنجام بێهێزو لاوازن.

ت- ئەو بابەتانەی باسیان کردوون لێکۆڵینەوەیەکی وردیان بۆ نەکراوە، تەنانەت لە رووی سەلماندو هۆکارەکانیشەوە (برهان وعلل)ساخ نەکراونەتەوە.

ث- ئەو میتۆد و شارەزاییەی لە بارەی ئەندازەو ماتماتیکدا هەیانبووە،سەرەڕای ئەستێرەناسی، تەنیا بریتی بووە لە چەند تێبینییەک کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی ژیانی رۆژانەیاندا پێیگەیشتوون، دوور لە قووڵبوونەوەیەکی فەلسەفییانە بۆ وەدەستهێنانی زانیاری و تێگەیشتنی زیاتر لە دیاردەکان.

ج- هەوڵیان نەداوە بە سەرنجدانێکی سەرتاپاگیر(شامل)و بە شێوەیەکی لۆژیکانە بەدوای رەهەندەکانی دیاردەکان و یەکەمین

هۆكاری بوونیان بگەڕێن،بۆنموونە: بابلییەکان وایاندەزانی نەخۆشکەوتن لە ئەنجامی تورەبوونی خواوەندەکانەوە دێت و کاری پزیشکیان تێکەڵاوی ئایین کردبوو، چارەسەرەکەشیان بەوجۆرە دانابوو کە دەبێ نەخۆشەکە خواوەند ئاشت بکاتەوە، یان میسرییەکان کاتێ بە دوژمنێک نەوێرابوونایە ناوی ئەو دوژمنەیان لە پەرداخێکدا دەنووسی و لە ئاهەنگێکی ئایینیدا شتیان پێدەخواردەوە،ئینجا بە پێ دەیانشکاندو وایاندەزانی بەم کردەوەیان زیانیان بە دوژمن گەیاندووە.

ح- دەربارەی ئەندازەو ژمێرە، میسرییەکان تەنیا لایەنی پراکتیکی چەند بابەتێکیان لە ژمێرە دەزانی و پەیان بە لایەنی تیۆری نەدەبرد،بۆنموونە: لە میسری کۆندا تیۆری سێگۆشەی(گۆشە وەستاو) دەزانراو بە رادەی 3:4:5 لە پێوانی ئەو زەوی و زارانەی بەکاردەهێنرا کە ئاوی نیل دوای لافاو جێیدەهێشتن، بەڵام وەک زانست و تیۆری نەیاندەتوانی ئەم تیۆرە ساخبکەنەوە تا فیساگۆرس هات و لێکیدایەوەو بە ناوی ئەویشەوە تۆمارکرا.

خ- بابلییەکان لە ژمێرە سەبارەت بە دابەشکردن و لێکدان، تیۆرەی لێکدانیان نەدەزانی، دواتر فیساگۆرس پەی پێبرد.

بۆیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لە وڵاتانی میسرو بابل و رۆژهەڵاتی کۆن ، فەلسەفە تیایدا بوونی نەبووە، بەڵکو ئەوەی هەبووە زیاتر لە چوارچێوەی لێکدانەوەیەکی ئایینی و ئەفسانەییدا بووە، کە نەیتوانیوە شیکردنەوەیەکی زانستیانە بخەنە روو.

**سەرهەڵدانی فەلسەفە**

فەلسەفە ئەوکاتە سەریهەڵدا، کە پرسیاری گشتی دروست بوو، بێگومان زانستیش هەر بە هۆی پرسیارکردنەوە دەستیپێکرد. گەلی یۆنان بە یەکەمین گەل دادەنرێن بۆ حەزکردنیان بەپرسیارکردن و گەڕان بەدوای وەڵامەکاندا.بۆیە فەلسەفەو زانست بە دوو داهێنراوی مەزنی گەلی یۆنان دادەنرێن.

سەرەتای سەرهەڵدانی فەلسەفە بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی شەشەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە ، کە تالیس پێشڕەوی داهێنانی فەلسەفەیەو یەکەمینیشیانە.واتا تالیس یەکەمین فەیلەسوفە لە دونیادا.واتا یەکەمین قۆناخی فەلسەفە لە دونیادا بە تالیس دەستپێدەکات و لەگەڵ هاتنی سوقرات ئەو قۆناخەی تالیس کۆتایی دێت و قۆناخێکی دیکە دەستیپێکردووە.بۆیە پێویستدەکات بە وردی لە تالیس و فەلسەفەکەی بکۆڵینەوە.

تالیس لە ساڵی (624)پ.ز لە شاری مالتیا لە دوورگەی ئایۆنی (کە کەوتۆتە سەر دەریای رەش) لەدایکبووە، ئەو دوورگەیەی کە بە دەریاو بازرگانی ناوبانگی دەرکردبوو،لە باشووری رۆژهەڵاتییەوە قوبرس و فینیقیاو میسر هەبوون، لە باکوریشەوە دەریای ئیجەو دەریای رەش، لە رۆژئاواشەوە لە رێگای دەریای ئیجەوە خاکی یۆنان و دوورگەی کریت هەبوون. مالتیا پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ رۆژهەڵاتدا هەبوو.خەڵکی مالتیا لە لیدییەکانەوە فێری لێدانی سکەی دراوی ئاڵتونی ببوون،کە وەک پارە (دراو)بەکاردەهێنرا.بەندەری مالتیا پڕ ببوو لە پاپۆڕی وڵاتانی جودا جودا، کۆگاکانیشی پڕ ببوون لە کاڵای هەموو لایەکی دونیا. بۆیە ئاسایی بوو لە نێو دانیشتوانی مالتیا فەیلەسوفەکان بەدوای پرسیاری جۆراوجۆردا

بچووبوونایە، بەتایبەت لە سەرەتا دەیانویست  لە بارەی سرووشت و فەلەک و دڵنیابوونیان لە ترسی دەریا، پرسیار بکەن ،ئەمانە هۆکاری بنەڕەتی بوون بۆ سەرهەڵدانی فەلسەفە. واتا فەلسەفە ئەوکاتە دەستی پێکرد کە پرسیار دروست بوو، بۆ زانین و فێربوون. واتا بوونی فەلسەفە خۆی لە خۆیدا مانای دەرچوون و دوورکەوتنەوەیە لە بیروبۆچوونی سواو ئێکسپایەر، بۆیە خودی ئەو پرسیارانەی دەکرێن، گرنگن بە قەد وەڵامدانەوەکە، هەروەک فەیلەسووفی بوونگەرای بەناوبانگی ئەڵمانی (کارل یاسپیرز  K.Jaspers )وتوویەتی  پرسیارکردني فەلسەفییانە گرنگترە لە وەڵامدانەوەکەی،چونکە هەر وەڵامدانەوەیەک پرسیاری دیکە بەدوای خۆیدا دێنێ. هۆکارەکانیشی ئەمانەن:

1- بەردەوامبوون لەسەر پرسیار کردن و وورووژاندنی کەشەو گرفتە فیکرییەکان،کارێکی تەنیا تایبەت بە توێژێک یان چینێک یان گرووپێکی دیاریکراوی خەڵک نییە،بەڵکو پەیوەندی بە تەواوی خەڵکەوە هەیە،بە پێی ئەو وشیارییەی وەدەستیان هێناوە پرسیارەکە دەکەن،ئەمەش ڕێگاخۆشکەرە بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێ بەهۆی وەڵامەکانییەوەئەقڵی خۆی زیاتر بخاتەکارو گەشە بە ئەقڵی خۆی بدات و ئەمەش باشترین هەوڵدان و کۆششکردنە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەقڵ و بیرکردنەوەی لە بواری زانست و مەعریفەو تێگەیشتن لێیان.
2- هەموو مرۆڤێک کاتێک پرسیاری جۆراوجۆردەکات و هەوڵی وەڵامدانەوەیشی دەدات،بێگومان ئەقڵ و مێشکی خۆی دەخاتە کار،بەمەش وشیاری و مەعریفەی زیاتر دەبێت و دەچێتە قۆناخێکی دیکەی پێشکەوتنەوە.

3- یاساکانی ژیان ئەوەمان پێدەڵێن کە هەموو مرۆڤێک کە لەدایکدەبێت، حەزدەکات لە دەوروبەرەکەی خۆی بگات،شارەزایی و زانیاری لەسەر دروست بکات،لەم روانگەوە هەموو مرۆڤێک جۆرێک لە خولقاندنی فەلسەفەی لا دروستدەبێت، بە پێی تواناکانی مێشک و ئاستی وشیارییەکەی. بەڵام دەبێ ئەو راستییەش بوترێ هەموو مرۆڤێک هەوڵدەدا فەلسەفە لە پرسیارکردن و وەڵامدانەوەکانی بە تایبەت بەرامبەر بە سرووشت و پەیوەندییەکانی بە دەوروبەری خۆیەوە بزانێ، بەڵام ئەوە ئاستی وشیارییەکەیەتی جۆرو ئاستی پرسیارو وەڵامەکانی بۆ دیاریدەکات.

یەکەمین گەل و نەتەوەیەک کە حەزی بە پرسیارکردن بووبێت و پرسیاری داهێنابێت، یۆنانییەکان بوون. سەرهەڵدانی زانستیش هەر بە رێگای پرسیارکردنەوە سەریهەڵدا.بۆیە فەلسەفەو زانست دوو داهێنراوی یۆنانییەکانن.ئەو داهێنانە مەزنەی یۆنانییەکان کردوویان وەک برتراند راسل دەڵێت: یەکێکە لە جوانترین دیاردەکانی مێژوو.دیاردەیەکە نە پێش خۆی و نە دوای خۆی وێنەی نەبووەو نییە، بە شێوەیەک تا ئەمرۆش دوای زیاتر لە (2500) ساڵ ، هەموو جیهان لەسەر ئەو پێوەرە فەلسەفییە کاردەکەن کە یۆنانییەکان دایانهێنا.ئیتر وڵاتی یۆنان بوو بە سەرچاوەی بیرکردنەوەو فیکرو رامان لە سروشت و دەوروبەر.کەواتا پێش ئەوەی بچینە سەر تیۆرو فەلسەفەی فەیلەسوفان پێویستە بزانین فەلسەفە چییەو لە چەمکی فەلسەفە ورد ببینەوە.

**چەمکی فەلسەفە**

زانایان و فەیلەسوفانی فەلسەفە لەسەر ئەوە کۆکن کە ناتوانرێ تەنیا یەک پێناسەی دیاریکراو بۆ فەلسەفە دابڕێژرێ، بۆیە چەندین بیروبۆچوونی جیاواز لەوبارەیەوە هەن.بەڵام ئێمە لێرەدا بە کورتی ئاماژە بەوە دەکەین کە دوو جۆرە پێناسەمان بۆ فەلسەفە هەیە،یەکێکیان پێناسەی زمانەوانییە و ئەویدیکەشیان دەستەواژەی ماناو مەبەستەکەیەتی. پێناسەی زمانەوانی (فیلۆPhilo)واتا حەزکردن، (سۆفیا (Sophy واتا حیکمەت و دانایی. کەواتا فیلۆ سۆفیا واتای حەزکردن بە حیکمەت و دانایی دێت.ئەم حەزکردن بە حیکمەت و داناییە، لە ئەنجامی پرسیارکردن و گەڕان بەدوای وەڵامەکانییەوە دروستبووە.بۆیە بە دیوێکی دیکەدا دەتوانین بڵێین فەلسەفە واتای پرسیارکردنیشە.

بەڵام پێناسەی مانای فەلسەفە، کێشەی بۆمان دروستکردووە لەبەر دوو هۆکار کە یەکەمیان چەند فەیلەسووف و ئاراستە و قوتابخانەی فەلسەفی هەیە هەر یەکێکیان پێناسەی تایبەتی خۆی لەو بارەدا هەیە. ئەو پێناسەیەی کە ئاراستەی مارکسی دایبنێت ئەوا ئاراستەی بوونگەرایی دانیپێدانانێت، یان هەر پێناسەیەک کە ئاراستەی هەڵهێنان دایبنێت ئەوا ئاراستەی مێشک دانیپێدانانێت. بۆیە هەریەکێک لەو ئاراستانە یان لە فەیلەسووفەکان پێناسەی تایبەت دەدات.

هۆکاری دووەممان ڕۆڵی فەلسەفەیە یان مانای فەلسەفەیە کە ڕۆڵی وەکو خۆی نەما واتە ڕۆڵی فەلسەفە لە هەر چاخێک ڕۆڵەکەی لەئاستێک بووە.

لەچاخی کۆن بۆ نمونە لەلای ئێرانییەکان فەلسەفە مەبەستی گەیشتن بوو بەڕاستییەکان، بەڵام لە چاخی ناوەڕاست فەلسەفە ڕۆڵێکی دیکەی دەگێڕا ڕۆڵەکەی دیکەی نەما لەبەرئەوەی لەچاخی ناوەڕاست فەلسەفە بۆ ئاینی ئاسمانی هەبوو.

فەلسەفە زانینمان پێشکەشدەکات، ئاینیش زانینمان پێشکەشدەکات بەڵام زانینی ئاینی جیاوازە لە زانینی دانایی یان فەلسەفی. زانینی فەلسەفە ئاراستەکانمان لەڕووی مێشکەوە پێشکەشدەکات کە پێیدەگوترێت مەعریفەی عەقلی. بەڵام ئەو زانینەی کە لەڕێی ئاینەوەیە پێیدەگوترێت زانینی گوازراوە مەعریفەی نەقلییە. وەک خودا سرووش دەدات بە پێغەمبەر، پێغەمبەریش ئەو زانیارییەی کە وەریگرتووە دەیگوازێتەوە بۆ کەسەکانی دیکە. لێردا فەیلەسووفەکان لەچاخی ناوەڕاست کێشەیەکیان هەبوو ئەگەر زانینی گوازراوە وەربگرن و زانینی مێشکیان جێبهێڵن ئەوە ناکرێت لەبەرئەوەی کە لەو دونیایە دەژین هەندێک کێشە هەیە دەبێت بە مێشکمان چارەسەری بکەین، بۆیە زانینی مێشکمان پێویستە و ناتوانین بەجێیبهێڵین، ئەگەر زانینی گوازراوەش جێبهێڵین ئەوا ناکرێت لەبەرئەوەی بەبێ ئاین ناتوانین بژین بۆیە هەردووکیان بە پێویست زانران، بەڵام بینیان لێرەوە هەندێکجار زانینی مێشک و زانینی گوازراوە دژی یەکتردەبن، بۆنمونە ئێمە هەمووما‌ن دەزانین ئاگر دەسووتێ ئەمە بە مێشک و ئەزموونەوە دەزانین، بەڵام ئەگەر دەقێکی ئاینی بێنین کە دەڵێت (یا نار كوني برداً) لێردا زانینی مێشک دەڵێت دەسووتێت، زانینی گوازراوەش دەڵێت ناسووتێت. بۆیە لە چاخی ناوەڕاست هەوڵدرا نێوان ئەو دوو زانینە بگونجێندرێت... بۆیە مەبەست لێرەدا بەهۆی ئەو دوو هۆکارانەوە زەحمەتە پێناسەیەک دابنرێت کە هەموو کەس پێی ڕازیبێت. بەم شێوەیە ئەگەر

زەحمەتبێت پێناسە بۆ فەلسەفە دابنرێت ئەوا با هەوڵبدەین بزانین فەیلەسووف چییە، یان کێیە؟ فەیلەسووف هەوڵدەدات پرسیاربکات بە پشتبەستن بە مێشکی. جا لێرەدا لەوانەیە کەسێک بپرسێت ئەگەر فەیلەسووف ئەو کەسەبێت پرسیار بکات ئەوا هەموومان بە کەسانی ئاساییشەوە پرسیار دەکات، منداڵەکانیش پرسیار دەکات، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە هەموومان فەیلەسووفین؟ نەخێر فەیلەسووف پرسیار دەکات، بەڵام جیاوازە لە کەسەکانی دیکە بەدوو تایبەتمەندی کە یەکەمیان پرسیاری فەیلەسوف جیاوازە لە کەسیدیکە لەبەرئەوەی پرسیارەکەی جێناهێڵێت تا دەگات بە وەڵامەکەی. بەر لە سێسەد ساڵ پیاوێک لە باخچەیەک دا بوو، بینی سێوێک لە دارێ کەوتە خوارەوە و بەسەریکەوت، یەکەمجار ترسا!، بەڵام دوایی ئەو پرسیارەی کرد بۆچی ئەو سێوە لەم دارە کەوتە خوارەوە؟! بۆیە ئەو پیاوە بەردەوام بیری لەو پرسیارەکردەوە تا گەیشت بە وەڵام و (یاسای کەوتنی تەنەکان)ی بۆ دانا، ئەو پیاوە لە مێژووی زانست ناوی (ئیسحاق نیوتن)ە. فەیلەسووفەکان بەو شێوەیە پرسیار دەکەن، بەڵام کەسی ئاسایی سەدان پرسیاری وای هەبێت تەنها ئەو کاتە و پاشان لەبیری دەکات و سەرقاڵی کاری خۆی دەبێتەوە، بەڵام فەیلەسووف دەڵێت نا من مەبەستم لەو ژیانە گەیشنە بە وەڵامی ئەو پرسیارە.

کەسانی ئاسایی ئەوەندە لەسەر هۆکاری مردنی مرۆڤ دەڵێن کە لەوانەیە بڵێن کەسێکی باش یان خراپ بوو...، بەڵام فەیلەسووف دەپرسێت بۆ دەبێت مرۆڤ بمرێت، مردن چییە؟ بەو دوو نموونە تایبەتمەندییە فەیلەسووفەکان جیاواز دەبن لەگەڵ کەسەکانیدیکە. بەو مانایە ئێمە هەموومان پرۆژەی فەیلەسووفین، لەبەرئەوەی ئێمە توانامان نییە بەردەوام

بین لەسەر شتەکان، بەڵام فەیلەسووف دەڵێت نا ئەمە کاری خۆمە و هەوڵدەدەم وەڵامی بدەمەوە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی فەلسەفە هەر لە نیوەی یەکەمی سەدەی شەشەمی بەر لە زاین تا ئێستا ئەوا دەبینین پرسیارەکان نەگۆڕان تەنها وەڵامەکان گۆڕاوون، لەبەرئەوەی هەر فەیلەسووفێک هەوڵیدا وەڵامی جیاواز بداتەوە بەهۆی ئەوەی زانست رۆژبەڕۆژ دەوڵەمەندتر دەبێت ئەو وەڵامەی کە لە سەدەی شەشەمی بەر لە زاین پەسەند بوو، لەوانەیە لە سەدەی دووەمی زاینی پەسەند نەبووبێت، لەوانەیە ئەو وەڵامەشی کە لە سەدەی شازدەهەم پەسەند بووبێت لەوانەیە ئێستا پەسەند نەبێت.

لێرەدا فەیلەسووف ئەو کەسەیە پرسیار دەکات، فەلسەفە پرسیارکردن و هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکان بەپشتبەستن بە مێشک.

لێرە بە کورتی چەند پێناسەیەکی فەلسەفە دەخەینە روو ، بۆ زیاتر رۆنبینی و تێگەیشتنمان لە فەلسەفە.

فەلسەفە ئەوکاتە سەریهەڵدا کە قۆناخی ئەفسانەو خورافیات بەرەو کۆتاییبوون دەچوو، لە بری ئەوە قۆناخی ئەقڵ دەستیپێکرد.بۆیە دەتوانین بڵێین، فەلسەفە: زانستێکی گشتگیرو هەمەلایەنەیەکە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی گەردوون و سروشت دەدات بە ئامانجی کۆتایی دۆزینەوەی خودی راستییەکانە، بۆیە فەلسەفە دایکی زانستەکانە، چونکە گرنگی بە هەموو ئەو شتانە دەدات کە هەن (موجودن).واتا فەلسەفەتێڕوانینێکی فیکری گشتگیرە بەرامبەر گەردوون و مرۆڤ. بۆ نموونە فەلسەفە زانستی پرەنسیبی سەرەتای دیاردەکانی بوونە، چونکە فەیلەسوف گرنگی بە هۆکارە نزیکەکان نادات، بەڵکو هەوڵدەدا هۆکارە دوورو ناڕاستەوخۆکان بزانێ. بۆ نموونە فەیلەسوف گرنگی نادات بە هۆکاری راستەوخۆی گەشەی

گژوگیا (نبات)،که ئاو و هەوایە، بەڵکو لە شتێکی دوورتر لەوە دەکۆڵێتەوە کە ئەویش هۆکاری گەشەی هەموو گژوگیایەکی زیندووە. یان فەلسەفە باسی مردن ناکات، بەڵکو بەدوای هۆکاری مردندا دەگەڕێت.

## فەلسەفەو زانست

1- فەلسەفە چییە؟
2- زانست چییە ؟

## فەلسەفە چییە ؟

پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد فەلسەفە بە مانای فراوانی زانست دێت.واتا جۆرێک لە بەئاگابوونە بەرامبەر جیهان. تا چەند سەدەیەک پێش ئێستا فەلسەفە هاوواتای وشەی زانست بوو، بۆنموونە گالیلۆو نیوتن و کیپلەرو...هتد توێژینەوەکانی خۆیان دەخستە چوارچێوەی فەلسەفەی سروشتی، کە مەبەست لێی زانستی سروشتی بوو ، ئەوەی ئێمە بە زانستی فیزیای ناودەبەین.

فەلسەفە لەسەرەتاو بنەڕەتدا بۆ حیکمەتی سەرووی سرووشت بەکاردەهێنرا،لە زمانی بێگانەشدا پێیاندەوت میتافیزیک. فەیلەسوفەکانیش لەبەکارهێنانی وشەی فەلسەفەدا مەبەستی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆیان حیکمەتی فیزیکی بوو، کەواتا فەیلەسوف بریتی بوون لەو کەسانەی کە شارەزایی باشیان لە میتافیزیک هەبوو، بە دیوێکی دیکەدا فەیلەسوف بوون تەنیا بەهۆی ئەوەوە نەبوو کە شارەزاییان لە بیرکاری و ماتماتیک

فیزیادا هەبووە، بەڵکو لەبەرئەوە پێیاندەوترا فەیلەسوف چونکە لەبەرامبەر حیکمەتی ئیلاهیدا بە ئاگابوون.بۆیە هەموو زانستە تایبەتمەندەکان بەشێکن لە فەلسەفە، واتا زانستەکان هێشتا بەشێکن لە فەلسەفە.

ئەمڕۆ فەلسەفە لە فەرهەنگی رۆژئاوادا مانایەکی تایبەتی وەرگرتووە،بۆنموونە، لەگەڵ پێشکەوتنی فەلسەفەو زانستدا،فەلسەفەی مێژوو،فەلسەی زانست،فەلسەفەی ئاکار،فەلسەفەی زمان، فەلسەفەی سیاسەت،فەلسەفەی ئابووری...هتد. لەدایکبوون و گەشەیانکردووە.با وردتر لەم پرسە بکۆڵینەوە، کاتێ ئەوترێ فەلسەفەی سروشت، مەبەست زانستی فیزیا دەگەیەنێ، زانستی فیزیاش: زانستێکە لەبارەی گۆڕانەکانی مادەو وزەو پەیوەندییەکانی بارستای،هێز،خێرایی (تەوژم)، پاڵەپەستۆ، وزە، قەبارە،هێز (ئەلیکتریکی رووناکی و بوارەکانی مۆگناتیسی قسەدەکات. واتا ئەو واقیعییەی کە لە فیزیادا لێیدەکۆڵدرێتەوە، بریتییە لە سرووشتی دەرەکی و ئەو زانستەی کە ئێمە بە روخسارێکی تایبەتی ئەو واقیعییەتە ئاشنا دەکات، پێیدەوترێ فیزیک.واتا زانستی فیزیا ئەوکاتە دروست بوو کە کۆمەڵێک زانیاری دەربارەی سروشتی دەرەوە دەستکەوت.

فەلسەفەی فیزیاو زانستی فیزیا دوو زانستی هاوتەریبن لەگەڵ یەکتری و هیچ کاتێک دژ بە یەکتر نین. فەلسەفەی مێژووش بە هەمان شێوەیە، بۆنموونە:زانستی مێژوو ئاگاداربوون و هەڵسەنگاندنی رووداوەکانە، بەڵام فەلسەفەی مێژوو لە چۆنێتی تواناو سنوورەکانی ئەو زانستی مێژووە دەکۆڵێتەوە.ئەو پرسیارانەی کە لە زانستی مێژوودا دەخرێنە روو لەم جۆرەن،بۆنموونە:شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا کەی روویدا؟،هۆیەکانی روودانی چی بوون؟،دەرئەنجامەکانی چی بوون؟ کاریگەری لەسەر وڵاتانی دیکە چی بوو؟...هتد. بەڵام ئەو پرسیارانەی کە لە فەلسەفەی مێژوودا دەخرێنە روو

لەم جۆرەن:چۆن دەتوانین پێشبینی بکەین لە مێژوودا؟، ئایا زانستی مێژوو زانستێکی ئەزموونیە؟، ئایا راڤەی مێژووەکان هاوتای راڤەی دیاردە سروشتییەکانە؟، ئایا میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی میتۆدێکی ئەزموونییە؟، ئایا دەکرێت یاسا گەلێکی مێژوویی هەبن؟، ئایا مێژوو هونەرە یان زانست؟..هتد.

فەلسەفە لای ئەرستۆییەکان دوو بەشی دەگرتەوە: حیکمەتی تیۆری و حیکمەتی کردەیی حیکمەتی تیۆری بریتی بوون لە:

1- حیکمەتی سروشتی
2- حیکمەتی بیرکاری
3- حیکمەتی ئەودیو سروشت (میتافیزیک)

حیکمەتی کردەییش بریتی بوون لە :

أ- ئاکار.
ب- رێکخستنی ماڵ .
ت- دەوڵەتداری (سیاسەتی شار).

**زانست چییە؟**

زانست مانا بنەڕەتییەکەی زانینە، واتا بونی زانیاری لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، بۆنموونە بیرکاری، ئایین، زمان، ئەستێرەناسی، ئاکار..هتد، ئەمانە هەموویان زانستن و هەر کاسک شارەزایی لە هەریەک لەمانە هەبێت بە زانا ناودەبردرێت.

بەڵام لە جیهانی پێشکەوتووی ئیمڕۆدا، زانست ئەو زانین و زانیارییانە دەگرێتەوە کە لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی ڕاستەوخۆی هەستییەوە وەدەست هاتبن،واتا زانست تەنیا لەبەرامبەر نەزانیندا دانانرێت،بەڵکو لەبەرامبەر هەموو ئەو زانیارییانە دادەنرێت کە ڕاستەوخۆ لە ڕێگای ئەزموون و تاقیکردنەوەی هەستییەوە بەدەست نەهێنراون.

ڕەوشت : زانستی چاکەو خراپە.

میتافیزیک: زانستی یاساو ڕێسا ڕەهاکانی بوون.

عیرفان: ئەزموونە دەروونی و کەسییەکان.

لۆژیک: کەرەستەو ئامرازی ڕێنوێنی فیکر

ئەگەر بە وردی لە دەرکەوتنی زانست بکۆڵینەوە، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە زانست لەگەڵ سەردەمی ڕێنیسانس بە دواوە سەریهەڵداوە،بەڵام زانست بە مانا گشتی و فراوانەکەی لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤ بە جۆرێک لە جۆرەکان دروستبووە.

ئەو سەردەمەی بەربەرەکانێ لەگەڵ سروشتدا بەهۆی لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکان پەیدا بوو ، وا گومانیاندەکرد کە ئیتر مادام توانای سەرکەوتنمان بەسەر سروشتدا هەیە، ئیتر شتێکی ئەوتۆ نەماوە بدۆزرێتەوەو کەشف بکرێت،بۆیە دەیانوت:

نیوتن یاساکانی جوولەی بۆ هەموو سەردەمەکان دۆزیوەتەوە.

دیکارت دەیوت: دووریی و جوولەم پێبدەن تا جیهانتان بۆ دروستبکەم.

ماخ دەیوت: ڕاستەیەک و کاتژمێرێکم بدەنێ، تا ئەندازەی هەموو شتێکتان بۆ بگرم.

لابلاس دەیوت: جوولەی ئەمڕۆی گەردەکانی جیهان دیارییبکەن، تا منیش داهاتووی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی قەتعی پێشبینی بکەم. ئەم زانایانە

پێیان وابوو کە مرۆڤ جگە لە زانستی ئەزموونی ڕێگایەکی دیکەی بۆ زانست نییە، هەروەک برتراند راسل دەیوت:ئەگەر نەمانتوانی لە ڕێگەی ئەزموون و تاقیکردنەوەوە لە شتێک حاڵی ببین، ئەوا ناتوانین لە هیچ ڕێگایەکی دیکە زانیاری زیاترو پێویست وەربگرین.

ئیتر زانستیش پیرۆز کراو، ناوو ناوبانگی زانست هاوتای راستی و دروستی بەکاردەهات و شکۆیەکی ئەفسوناوی بەخۆوەگرت نازناوێکی زانستی بەخۆوەگرت، بۆیە توانرا بەهۆی ئەو شکۆ و راستی و دروستییەوە، لە هەموو جۆرە رەخنەو بەرهەڵستییەکیش خۆی بپارێزێت. ئەمە لە کاتێکدا مێژووی زانست بریتی نییە لە مێژووی دۆزینەوە بە ڕێکەوت و بە دوای یەکدا هاتووەکان، بەڵکو مێژووی زانست بریتییە لە مێژووی ئەو هەموو پرس و مەتەڵ و گریمانانەی کە بۆ شیکارکردنیان پێشوەختە پێشنیار کراوەو بە شوێن ئەو گریمانانەدا تاقیکردنەوەی زۆر ئەنجامدراون.

جیاوازییەکانی نێوان زانست و فەلسەفە بە گشتی و بە کورتی ئەمانەی خوارەوەن:

1- لە فەلسەفەدا دەتوانیت بە ئارەزووی خۆت ڕێبازێک لە ڕێبازەکانی زانین هەڵبژێریت و بەکاری بهێنیت.بەڵام زانا لە زانستەکەیدا دەبێ پابەند بێت بە ڕێبازوزانینەکانی، لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا.
2- زانست پەیوەندی نێوان دیاردەکانی سروشت ئاشکرادەکات و لەو سنوورە تێناپەڕێ.بەڵام فەلسەفە بەدوای سروشتی پەیوەندییەکان و نهێنی بوونیان دەگەڕێ.
3- زانست تەنیا لایەنێکی بچووکی دیاریکراو لە گەردوون وەردەگرێت و لێیدەکۆڵێتەوە، بەڵام فەلسەفە تەنیا بە لایەنێکی بچووک

ناوەستێت و باسی هەموو گەردوون و لایەنەکان دەکات.چونکە بەلای فەلسەفە گەردوون یەک گەردوونە، بۆیە هەوڵدەدات تیۆرێکی گشتی دابنێ و بە هۆیەوە سروشتی گەردوونی پێ لێکبدرێتەوە.بۆیە فەلسەفە لە زانست زۆر فراوانترە.

4- زانست پشت بە تێبینی و گریمانەو تاقیکردنەوە دەبەستێت، بەڵام فەلسەفە پشت بە بیرکردنەوەی رووت و سەرنج و رامانی ئەقڵی رووت دەبەستێت.

5- زانست ناتوانێت وەڵامی هیچ پرسیارێکی فەلسەفی بداتەوە، بەڵام زانست دەتوانێ پرسیار بۆ فەلسەفە دروست بکات.

6- زاناکان لەسەر یاساکانی زانست رێک و تەباو کۆکن، بەڵام رێبازەکانی فەلسەفە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا ئەمرۆ هەمیشە جێگای ناتەبایی و ناکۆکی بوونە لە نێوان فەیلەسووفەکاندا.

7- لە فەلسەفەدا ناتوانین حوکم بەسەر تیۆرێکی فەلسەفەدا بدەین کە راستە یان چەوتە، بەڵام لە زانستدا دەتوانرێ ئەو حوکمە بدرێ، چونکە تاقیدەکرێتەوە.

**خەسڵەتەکانی فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان**

1- فەلسەفەیەکی سروشتی بوو راستەوخۆ رووی لە دیاردە ئاشکراکانی سروشت بوو، واتا جیاوازی لە نێوان سروشتی ناوەخۆو سرووشتی دەرەوەی نەدەکرد. بە دیوێکی دیکەدا واتا ئاراستەکەی بەرەو سرووشتی دەرەوە بوو.

2- ئاراستەی فەلسەفەکەیان بۆ بابەتەکە زۆر راستەوخۆ بوو، واتا جیاوازی نەدەکرد لە نێوان مەعریفەی ناوەوەو مەعریفەی دەرەوە (المعرفة البا×نية والمعرفة الخارجية). واتا لە سرووشتی ناوەوەی نەدەکۆڵییەوە.

3- جیاوازی لە نێوان جیهانی هەست و جیهانی رۆح دا نەدەکرد.واتا جیاوازی نێوان رۆح و جیهانی مادە نەدەکرد.

**تالیس** 546 – 627-Thales de milet پ.ز
وەک یەکەم فەیلەسوف

تالیس خەڵکی مالتیا بوو ،کە شارێکی بازرگانی دەوڵەمەند بوو کەوتبووە سەر کەناری ئایۆنی. خەڵکی مەڵتیا توانیبوویان فێری لێدانی سکەی دراوی ئاڵتوونی بن کە ئەوکات وەک پارە بەکاردەهات. هەڵبەت پێش (تالیس)، هۆمیرۆس لە چوارچێوەی دەقی شیعریدا هەندێ بیرەوەری لە دوو توێی داستانە مەزنەکەی (ئیلیادەو ئۆدیسا)لە دەوروبەری (800)سساڵ پ.ز دەگێڕێتەوە، پەیوەندیان بە سەردەمی کریتییەوە هەیەکە بۆ دەوروبەری (1455)پ.ز دەگەڕێتەوە، وەکوو زەمینلەرزەیەک وابوو بۆ کریتییەکان کە کۆتایی لە ناکاوی بۆ دەسەڵاتی کریتەکان دانابوو،ئەم داستانەی هۆمیرۆس گرنگی خۆی لە مێژووی رۆشنبیری ئەوروپای کۆندا هەبووە. بەڵام هۆمیرۆس داستانی (ئیلیادەو ۆدیسا)ی لە چوارچێوەیەکی ئەفسانەیی بە شیعر داڕشتووە.بۆیە ناچێتە چوارچێوەی فەلسەفەوە.

تالیس جگە لەوەی بە یەکەم فەیلەسوف دادەنرێ لە جیهاندا، هاوکات ئەستێرەناس و زاناو ئەندازیارو سیاسەتمەدارو فەرماندەیەکی بەرەکانی جەنگیش بووە،واتا رۆڵێکی گەورەی لە داکۆکیکردنی خاکی یۆنان لە بەرامبەر شەڕی فارسەکاندا بینیوە. تالیس بۆ وەرگرتنی زانیاری و شارەزایی پتری سەردانی میسری کردووەو لەبارەی ئەستێرەناسی و ماتماتیکدا سەرنجی لێوەرگرتوون و میسرییەکانی فێرکردووە چۆن بەرزایی

ئەهرامەکان بپێون و پێیوتوون  کە سێبەری هەر شتێک لە کاتێکی تایبەتی رۆژدا بەقەد بالآی خۆیەتی. لە سالّی_585)پ.ز پێشبینی خۆرگیرانیشی کردووە. بەلآم تا ئێستاکەش روون نییە کە تالیس تیۆرێکی لەسەر خۆرگیران هەبووبێ، بەلّکو ئەوەی هەبووە زیاتر هەندێ شارەزایی لە تۆماری بابلییەکانا هەبووبێ کە پەیوەندیان بەو دیاردەوە هەبووە. خالّێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە دراوەتە پالّ تالیس کە گوایا وتوویەتی موگناتیس ناخی زیندووە بۆیە ئاسن دەجوولێنێت. بەلآم لە هەموو ئەو هزرو بیرۆکانەی سەرەوە گرنگتر دەربارەی تالیس ئەو وتەیە کە وتوویەتی (جیهان لە ئاو پێکدێت، یان سەرچاوەی هەموو جیهان ئاوە).

به پێی وتەکانی ئەرستۆ، تالیس ئاوی بە هەوێنی هەموو شتێک داناوەو پێیوابووە هەموو شتێک لە ئاو دروستکراوە، تەنانەت تالیس پێیوابوو کە زەوی لەسەر ئاوە. ئەم وتەیەی تالیس بۆچوونێکی زانستیانەی بەخۆوە گرتووە کە وتوویەتی سەرچاوەی هەموو شتێک ئاوە، چونکە نزیکەی نیو سەدەیەک دەبێت تیۆرێکی زانستی  سەلماندی کە هەموو شتێک لە هایدرۆجین دروستکراوە، بێگومان هایدرۆوجینیش دوو لەسەر سێی ئاو پێکدەهێنێت.

هەر بە پێی ئەرستۆ ، خەلّکی یۆنان ئەوەندە عەودالّ و تامەزرۆی فەلسەفە نەبوون، بەتایبەت تالیس کە کەسێکی هەژارو دەستکورت بووە، بۆیە خەلّکەکە لۆمەیان کردووە، بەوەی کە فەلسەفە هیچ سوودێکت پێناگەیەنێ، بەلآم تالیس وەلآمێکی هەبووە بەهۆی ئەو زانیاریانەی لە ئەستێرە ناسیدا هەیبووە، بۆ نموونە:تالیس زانیویەتی بەرهەمی زەیتوون لە سالّی داهاتوو زۆر دەبێت، بۆیە بەو پارە کەمەی هەیبوو پێشەکییەکی دا بۆ بەکرێگرتنی کارگەکانی رۆنگرتنی زەیتون لە شارەکانی (کیۆس و

ماڵتیا)و توانی به پارەیەکی کەم بیانگرێت، چونکە خەڵکی تر هیچ گرنگییەکیان پێ نەدەدا،بەڵام کاتێک وەرزی بەرهەمهێنانی زەیتوون هات، بەرهەمەکە ئەوەنە زۆر بوو هەموو خەڵکەکە پێویستی بەو کارگانە هەبوو بۆ رۆنگرتنی زەیتوون، ئیتر تالیس بەو نرخەی کە خۆی دەیەویست و بە قازانجێکی باش به کرێ دایەوە بە خەڵکەکە،ئەمەش بەڵگەیەک بوو کە ئەگەر فەیلەسووفەکان بیانەوێ دەوڵەمەند بن دەتوانن، بەڵام ئامانجی فەیلەسوف شتێکی ترە. دەبێت ئەوەش بگوترێ زانست و فەلسەفەی تالیس کرچ و کاڵ بوون، بەڵام بووە هۆی بزواندنێکی خێرای بیرکردنەوەو رامان.

**ئەناکسیمەندەر** 547 – 610/611 – Anaximandre پ.ز

ئەناکسیمەندەر دووەم فەیلەسوفی مەڵتایەو زۆریش لە تالیس سەرنجراکێشترە. ئەناکسیمەندەر رەخنەی لە تیئۆرە گەردوونییەکەی تالیس گرتووە، کە بۆچی ئاوی هەڵبژاردووە؟. ئەناکسیمەندەر پێیوابووە کە هەموو شتێک لە یەک مادە دروستکراوە،بەڵام ئەو شتە ئاو نییە وەک تالیس وای بۆ چووە، بەڵکو مادەیەکی بێ سنوورو لەناو نەچووە کە هەموو جیهانی لەخۆی گرتووە.واتا مەبەستی ئەناکسیمەندەر ئەوەبووە ناگونجێ هەوێنی بوونی ئەم گەردوونە تەنیا یەک شت بێ، راستە سەرچاوەی بوونی ئەم جیهانە مادەیە، بەڵام ئەم هەوێنە دیارینەکراوەو بێسنووریشە، ئەم وشەیەش بە یۆنانی (Apeironئەپیرۆن)ی پێدەڵێن.ئەم ئەپیرۆنە دیارینەکراوەو هەر هەبووەو هەر ئەمێنێ و هەموو شتێکیش لەم ئەپیرۆنەوە دروستدەبێت و هەر بۆ ئەو سەرچاوەیەش دەگەرێتەوە.بەلای ئەناکسیمەندەر ئەم ئەپیرۆنە لە کۆمەڵێک شتی دژ بە یەکتر پێکهاتووە،

وەک گەرمی، ساردی، وشک، تەڕ، کە ئەمانە لە سەرەتادا یەک شت بوون و دوایی لەیەکتر جیا بوونەتەوە. ئەناکسیمەندەر دەیوت:لە جیهاندا دەبێت لە نێوان ئاگرو خاک و ئاودا هاوسەنگییەکی دیاریکراو بوونی هەبێت،بۆنموونە: هەوا ساردە و ئاو شێدارەو ئاگریش گەرمە، هەر یەک لەم هەوێنانە هەوڵدەدات پێگەو جێگەی خۆی پەرەپێبدات،کەواتە ئەگەر یەکێک لەمانە بێسنوور بوایە، ئەوا تا ئێستا ئەوانی دیکەی لە خۆ گرتبوو.

ئەناکسیمەندەر پێیوابوو بزووتنەوەیەکی بەردەوام بوونی هەیە، ئەم بزووتنەوەیە لە چوارچێوەی جوولەی ئەم هەموو بوونەوەرانە دروست بووە کە هەن. بوونەوەر لای ئەناکسیمەندەرئەو بوونەوەرانەیە کە لە هەوێنیێکی شێدارەوە بەهۆی گەرمی هەتاوەوە بوونە بە هەڵم ودروستبوون.هەروەک دەڵێت: مرۆڤ بە پێچەوانەی هەموو بوونەوەرەکانی دیکە لە سەرەتادا ماسی بووەو لەناو ئاودا ژیاوە،جەستەی بە توێکڵ دەورە دراوە، دوای ئەوەی ئاوەکە بووە بە هەڵم و نەماوە ئیتر مرۆڤەکان کە لە شێوەی ماسی بوون، کەوتوونەتە سەر زەوی و وشکانی، ئیتر توێکڵەکەیان فڕێداوەو لەگەڵ دۆخی نوێ خۆیان گونجاندووە.

ئەناکسیمەندەر یەکەم کەس بووە کە نەخشەی جوگرافیای کێشاوە،نەخشەیەکی جیهانی کێشاوەو لە ناوەڕاستەکەیدا یۆنانی داناوەو ئەوروپاو ئاسیاش دەوریان داون،ئۆقیانووسیش سنووری دەرەوەی بووە. پێیوابووە زەوی نەخشەیەکی قووچەکی هەیە، دەشڵێن گوایا وتوویەتی: هەتاو یان ئەوەندەی زەوییە یان بیست ئەوەندەی زەوییە، یان بیست و هەشت ئەوەندەی زەوییە. هەروەها ئەشڵێن ئەناکسیمەندەر کاتژمێرێکی دروستکردووە لەپارچە زەوییەکی پاندا چەقاندوویەتی و بەهۆی ئەو کاتژمێرەوە توانیویانە سووڕانەوەی سێبەری خۆر هەر لە دەرکەوتنییەوە

تاوەکوو ئاوابوون ببێی ببینن،تەنانەت دەڵێن ئەستێرە ناسان توانیویانە بەو هۆیەوە درێژایی رۆژ و ساڵ و هەر چوارلا (خواروو-سەروو-رۆژهەڵات-رۆژئاوا)و نیوەڕۆو درێژی کەژەکان بزانن.

به گشتی بۆچوونەکانی ئەناکسیمەندەر له هی تالیس پێشکەوتووتر بووەو ، دەتوانین بڵێین یەکەمین فەیلەسووفی پەرەسەندنەو داروینیش سوودی لێوەرگرتووە.

**ئەناکسیمینێس** Anacsimenes-546 – 528/523 پ.ز

ئەناکسیمینێس قوتابی ئەناکسیمەندەر بووەو دواهەمین فەیلەسووفی قوتابخانەی سروشتی ئایۆنییە،هاوڕایە لەگەڵ تالیس و ئەناکسیمەندەر کە سەرچاوەی هەموو جیهان مادەیە، بەڵام بە بۆچونی ئەناکسیمینێس ئەو مادەیە نە ئاوە نە ئەپیرۆنە، بەڵکو هەوایە. بۆنموونە: کاتێک هەوا سووک (تخلخل)دەبێت، ئەبێت بە ئاگر،کە ئاگرەکە خەست دەبێت، با ی لێدروستدەبێت ،کاتێک یتلبد ئەوا هەور و ئاوی لێدروستدەبێت،کاتێک زیاتر چڕ دەبێتەوە ئاوەکەش دەبێتە گڵ و خۆڵ، کاتێک لەوەش زیاتر چڕو خەست دەبێتەوە گڵەکە دەبێتە بەرد.

ئەناکسیمینێس پێیوابوو زەوی وەک سفرەیەک وایەو هەوا دەوری هەموو شتێکی داوە.

ئەوەی گرنگە بیڵێین قوتابخانەی ئایۆنی سەر بە هیچ ئایینێکی دیاریکراو نەبووە، بەڵکو خۆر و مانگ و ئەستێرەو زەوی و ئاو سرووشت بە گشتی بوونە هۆی ئەوەی فەلسەفە بێتە ئاراوەو لەم سرووشتە رابمێنن و بیری بێبکەنەوەو بۆچوونی خۆیانی بەرامبەر دەرببڕن.

## قوتابخانەی فیساگۆرس و هیراکلتیس

فیساگۆرس ( Le phythagorisme)

فیساگۆرس دەوروبەری سالآنی (570–580پ.ز) لە دوورگەی (ساموس) نزیک (مالتیە) لەدایکبووەو،منداڵی و گەنجێتی خۆی لەو شوێنە بردۆتە سەر، دواتر بۆ (کروتونا)ی باشووری ئیتالیا کۆچیکردووە.بەڵام دەڵێن پێش ئەوەی کۆچ بۆ باشووری ئیتالیا بکات، لە ترسی حوکمی ستەمکاری (پۆلیکراتس)و هێرشی بەردەوامی فارسەکان بۆ سەر شارەکەی رایکردووە بۆ میسرو نزیکەی دوازدە ساڵ لە میسر ماوەتەوەو لەویَ ئەستێرە ناسی و ئەندازەی خوێندووە. بەڵام کە (قەمبیز) ساڵی 525پ.ز هێرشی کردۆتە سەر میسرو داگیری کردووە، ئیتر فیساگۆرس میسری جێهێشتووەو روویکردۆتە بابل و نزیکەی دوازدە ساڵێکیش لەوێدا ماوەتەوەو ژمێرەو مۆسیقاو ئایینی مەجووسییەکانی خوێندووە.لە دوای گەشتێکی زۆر کە تەمەنی گەیشتۆتە شەست و پێنج ساڵ لە کریت کە ئەوکات وڵاتی یۆنانی مەزن و ئێستاش خوارووی ئیتاڵیای پێدەڵێن لێی جێگیر بووەو قەتابخانە بەناوبانگەکەی تێدا کردۆتەوەو خەڵک رووی تێدەکردن.ئەو قوتابخانەیە کە زیاتر بە کۆمەڵەی فیساگۆرس (الجمعیة

الفيثاغورية) بەناوبانگ بوو،تيايدا چاكسازی ئايينی و كۆمەڵايەتی و فێربوونی تقوس و ڕێورەسمە جۆراوجۆرەكانی تێدا دەكرا.

فيساگۆرس لەم كۆمەڵە يان قوتابخانەيەيدا سوودێكی زۆری لە شاعيری گەورەی يۆنانی (ئۆرفيوس)وەرگرتبوو، هەر لە ئەو بيروبۆچوونانەی پەيوەنديان بە بنەماكانی مۆسيقاوە هەيە، تا پرسی كۆپی كردنی ڕۆح لە جەستەيەكەوە بۆ جەستەيەكی ديكە، لە مرۆڤێكەوە بۆ مرۆڤێكی ديكە، هەروەها پرسی پێويستبوونی پاكبوونەوەی دەروون كە فيساگۆرس پێيوابوو تەنها بە هۆی بيركردنەوە لە فەلسەفەو زانست مرۆڤ جەتوانێ دەروونی خۆی پاک بكاتەوە، چونكە فەلسەفەو زانست دوو سيمای چالاكی ئەقڵی و ڕۆحين كاتێ كە مرۆڤ ئاشقی زانست و فەلسەفە دەبێت ئيتر ئەو مرۆڤە گرنگی بە چێژ و جەستە نادات. لێرەوە فيساگۆرس توانی تەكانێک بە بەرەوپێشەوە چوونی فەلسەفە بدات و قوتابخانەی ئايۆنی تێپەڕێنێ. داهێنانی فيساگۆرس لەوەدا خۆی بينييەوە كاتێ وتی (ژمارە گەوهەری بوون و ڕاستييەكانێتی واتا ژمارە سروشتی هەموو شتێک پێكدەهێنێ).

بەلای فيساگۆرس و لايەنگرانييەوە ناكرێ مادەيەک لە چوار مادەكە (ئاو،هەوا،گل،ئاگر)سەرچاوەی بوون بن،چونكە ئەوكاتە ناتوانرێ هۆی جياوازيی نێوان شتەكان لێكبدرێتەوە،كەوابوو هەموو شتێک لە لە ژمارەو ئاوازەوە هاتووە. ژمارەش ئەكرێن بە دوو بەشەوە تاک و جووت، تاک دابەش ناكرێ، دووەميشيان بە دوو بەشی ئەوەندەی يەكتری دابەش ئەكرێ،كەوابوو يەكەميان سنووردارەو دووەميشيان بێ سنوورە.

فيساگۆرسييەكان لە رووی پزيشكيشەو پێشكەوتوو بوون و بۆ يەكەمجار هەوڵياندوە نەشتەرگەری بۆ چاو بكەن،پێيانوابوو مێشک

مەڵبەندی هەستەکانەو چەند رێگایەکیش لە نێوان مەڵبەندو هەستەکاندا هەیە،هەر رێگایەکیش لەمانە بپچڕێ ئەوا پەیوەندییەکە نامێنێ.

- **هیراکلیتس**(Heraclite 540/544 – 478/475)

دەتوانین بڵێین هیراکلیتس یەکێک لە بەناوبانگترین فەیلەسوفەکانی سەردەمی پێش سوکرات و یەکەم قوتابی قوتابخانەکەی فیساگۆرسەو لە فەیلەسوفە هەرە پایەبەرزەکانی یۆنانە، لە بواری فەلسەفەو سیاسەت و ئاکارو تیۆری زانیندا رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە بە جۆرێک کە بە رابەرو داهێنەری دیالەکتیک دادەنرێ.یەکێک لە ئەرستۆکراتەکانی شاری ئەفسوس بووە،هەرچەندە هیراکلیتس خەڵکی ئایۆنی بووە، بەڵام بێبەش بووە لە نەریتی زانستیانەی قوتابخانەی مەلتیا. هیراکلیتس پیاوێکی خۆشەویست نەبووە، بەڵکو حەزی بە سووکایەتیپێکردنی و شکاندنەوەی خەڵک کردووە،بە هاوشارییەکانی خۆی وتووە(باشتر وایە هەموو پیاوە تەمەندارەکانی شاری ئەفسوس لەسێدارە بدرێن و شار بۆ ئەوانە جێبهێڵن کە ریشیان لێنەهاتووە،چونکە ئەم خەڵکانە باشترین کەسی شارەکەی خۆیانن).هیراکلیتس پێیوابوو تەنیا گوشارو هێز دەتوانێت مرۆڤ ناچار بکات باش بێت،دەنا مرۆڤەکان لە بنەڕەتدا خراپن.هیراکلیتس بڕوای بە جەنگ هەبووەو وتوویەتی(جەنگ باوک و پاشای هەموانە،هەر جەنگە کە ژمارەیەکی کردووە بە خواو هەندێکیشی کردووە بە مرۆڤ و لەنێو ئەو مرۆڤانەشدا هەندێکیان ئازادن و هەندێکیش کراون بە کۆیلە). هیراکلیتس دژی بۆچوونەکەی هۆمیرۆس بووەتەوە کە وتبووی:ئایا دەبێت رۆژێک ئەم

شەڕەی نێوان خواکان و مرۆڤەکان نەمێنێ. هیراکلیتس دەڵێت هۆمیرۆس نەیزانیبوو بەم کارەی نزای بۆ لەناوچوونی جیهان کردووە،چونکە دەبێت ئەوە بزانین جەنگ بابەتێکی گشتییەو ململانێ و دادپەروەرییەو، هەموو شتێک لە ئەنجامی ململانێوە دروستدەبێت و لەناودەچێت. ئەخلاقی هیراکلیتس جۆرێک لە خۆئازاردانی مەغرورانەیە کە تا رادەیەکی بەرچاو لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ ئەخلاقی نیتچەدا هەیە.بەڵام بۆئەوەی بتوانین هیراکلیتس بەشێوەیەکی باشتر بناسین وا پێویستدەکات بیروبۆچوونە بنچینەییەکانی بزانین کە لەمانەی خوارەوەدا چڕ دەبنەوە:

1- گۆڕانکاری بەردەوام(الصیرورة)
2- ململانێی دژەکان (-صراع الأضداد) ئیئتیلافی نێوان دژەکان (پرەنسیپی گونجان و یەکبوون).
3- بیرۆکەی ئاگر
4- بیرۆکەی یاسای گشتگیر- یان لۆگۆس (اللوغوس).

ئێستا بەکورتی لە خاڵی یەکەم دەدوێین کە بریتییە لە :

1- گۆڕانکاری بەردەوام

هیراکلیتس پێیوابووە هەموو شتێک بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە، تەنانەت بوون و گەردوون لە گۆڕانی بەردەوامن و هیچ شتێک لەسەر شێوەو بارودۆخێکی دیارکراو بەردەوام نابێت.نموونەشی هێناوەتەوە دەڵێت: تۆ ناتوانی دوو جار لە ئاوی رووبارێکدا مەلە بکەی، چونکە جاری دووەم بە ئاوی نوێتر تەڕ ئەبیت. یان وتوویەتی :ئەو رێگایەی کە پێی سەردەکەوی،هەر ئەو رێگایەشە کە پێیدا دێیتە خوارەوە.

2- **ململانێی دژەکان** (صراع الأضداد) ئیئتیلافی نێوان دژەکان (پرەنسیپی گونجان و یەکبوون).

کاتێ هیراکلیتس دەڵێت هەموو شتێک بەردەوام لە گۆڕاندایەو ئەوەی ئێستا لە چرکە ساتێکی دیاریکراودا بە جۆرێکە لە چرکە ساتێکی دیکەدا دەبێتە جۆرێکی دیکە .هیراکلیتس هەوڵیداوە ئەم گۆڕانکارییە بەردەوامەیشی لە رێگای بیرۆکەکەی خۆی (ململانێی دژەکان)چارەسەر کردووە. چونکە بەرای هیراکلیتس هەموو شتێک لە چەند شتێکی دژ بە یەکتر پێکاتووە، ژیان و مردن، گەورەو بچووک، ساردو گەرم، رووناکی و تاریکی. لە ئەنجامی هەر گۆڕانێکی یەکەمدا، گۆڕانکاری لە تەواوی شتەکە روودەدات و شتێکی دیکەی جیاواز شوێنی ئەویدیکە دەگرێتەوە،ئەم گۆڕانکارییەش هەر وا بە رەمەکی نییە، بەڵکو گونجانێکە لە نێوان هەردوو بارودۆخەکەدا کە گۆڕانی بەسەردا دێت. لێرەدا ململانێ دەبێتە سەرچاوەی بوون و سەرچاوەی هەموو شتێک، بەڵام بە رێگای گونجان، ئەم گونجانەبۆتە هۆی بەردەوامبوونی پرۆسەی ململانێ، بەردەوامبوونی ململانێش واتا بەردەوامبوونی بوون و شتەکان و جیهان هەمووی.چونکە وەستانی ململانێ دەبێتە هۆی قڵپکردنەوەی یەک لە سیفاتەکانی لەسەر دژایەتی، بەمەش بوون نامێنێ . بۆ باشتر تێگەیشتن لەم خاڵە دەچینە سەر خاڵی سێیەم کە یارمەتیدەرێکی باشمانە بۆ تێگەیشتنی باشتر لە ململانێی دژەکان.

3- **بیرۆکەی ئاگر**

هیراکلیتس پێیوابوو ئاگر هەوێنی هەموو مادەکانە،دەیوت هەموو شتێک وەکوو مەشخەڵی ئاگر لە ئەنجامی مردن و لەناوچوونی شتێکی دیکەوە دروست بووە، (نەمرەکان دەمرن و ئەوانەی دەمرن بە نەمری

دەمێننەوە،یەکێکیان بە مردنی ئەو دەژی و دەمرێت ئەگەر ئەویتر بژی) .لە فەلسەفەی هیراکلیتس دا ئاگری سەرەکی هەرگیز ناکوژێتەوەو جیهان بەردەوام ئاگرێکی زیندووی نەمر بووەو ئێستاش وایەو هەر وا دەبێت.بەڵام ئاگر شتێکە بەردەوام لە گۆڕاندایەو نەگۆڕی ئەو لە نەگۆڕی پرۆسیسەکەدایە،نەک نەگۆڕی مادە. هیراکلیتس پێیوابوو ئاگر بنچینەو رەسەنایەتی هەموو شتێکەو هەموو شتێک لە ئاگرەوە دەردەچێت و هەر بۆ ئاگریش دەگەڕێتەوە. دەیوت:ئاگر بە مردنی زەوی زیندوو دەبێتەوە، هەواش بە مردنی ئاگر زیندوو دەبێتەوە،ئاویش بە مردنی هەوا زیندوو دەبێتەوە، زەویش بە مردنی ئاو زیندوو دەبێتەوە. ئاو دەگۆڕێت بۆ هەڵم، هەڵمیش دەگۆڕێت بۆ هەوا............هتد.

4- **بیرۆکەی یاسای گشتي**- یان لۆگۆس (اللوغوس).

بە بۆچوونی هیراکلیتس یاسای گشتی گەوهەری شتەکانە کە حیکمەتی جیهان نیشاندەدات،ئەوەی لەو یاسایە بزانێ ئەوە زانایە،چونکە زانا هەست بە یاسا دەکات و فەرمان بەسەر هەموو شتەکاندا دەکات.ئەم یاسایەش بە ئاگر فەرمانڕەوایی خۆی دەکات .

## بەشی سێیەم:

### قوتابخانەی سۆفستاییەکان

- سەرهەڵدانی سۆفستاییەکان
- شوناسی سۆفستاییەکان
- پرۆتاگۆراس (Protagoras 480 – 410)پ.ز
- گۆرگیاس (Gorgias 480/485 – 375)پ.ز
- گرفتەکانی ماف و هێز لای سۆفستاییەکان

## قوتابخانەی سۆفستاییەکان

### سەرهەڵدانی سۆفستاییەکان

سۆفستاییەکان لەناو کەشوهەواو هۆکارەکانی مێژوویی،فیکری، سیاسی و ئایینی سەریانهەڵدا، کە وڵاتی یۆنانی لە کۆتایی سەدەی شەشەم و سەرەتای سەدەی پێنجەمی پێش زایینی جیادەکردەوە. چونکە لەم سەردەمەدا جیهانی یۆنان چەندین گۆڕانکاری و تەنانەت وەرچەرخانی قووڵی بەخۆوە گرتبوو، کە لەلایەن فەیلەسووفەکانەوە بیروبۆچوون و بیرۆکەکانیان، تیۆرە فەلسەفییە جیاوازو هەندێکجاریش دژ بە یەکەکانیان لەسەر بابەتێکی دیاریکراو کەڵەکەی کردبوو. لەرووی مێژووییشەوە، یۆنان بە زنجیرەیەک شەڕو پێکدادانی گەورە تێپەڕ ببوو، بەتایبەت لەگەڵ فارسەکان ساڵانی (490-449)پێش زایین، کە یۆنانییەکان توانیان بەسەر هێرشی فارسەکان سەربکەون لە هەردوو قۆناخی سەرکردەو رابەری یۆنانی (داریۆس)و (ئاجزەرکسیس)ی خەلیفەی داریۆس.کە هەموو ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی میتۆدێکی دیموکراسی بۆ یۆنان پەیڕەو بکرێ کە بە دەستووری (کلیستبنیس)ناوی رۆیییوە، هەروەها کۆمەڵەیەک لە ئەسینا دابمەزرێ کە کار بۆ هاووڵاتیانی ئەسینا بکات و لە تەنیشت ئەم

کۆمەڵەیەشەوە ئەنجوومەنێکی یاسادانی هەڵبژێردراو لە لایەن خەڵکەوە پێکهێنرا، هەموو ئەمانە بڕواو متمانە بەخۆبوونی گەلی یۆنانیان نیشاندەدا. لە نێو دروستبوونی ئەم کۆمەڵەو ئەنجوومەن و بەهۆی گەرمەی ئەو هزرو مێژووە گەرم و جیاوازانە سۆفستاییەکان سەریانهەڵدا. کە ڕۆڵی مامۆستایان دەبینی لە گوندەکان و دەگەڕان خەڵک فێری قسەبێژی و وتاربێژی و هونەری گفتوگۆکردن بکەن، ئەوکاتەش خەڵک زۆر پێویستی بە هونەری ڕەوانبێژی و شێوازی قسەکردن و شارەزایی پەیداکردنی لە ئەدەب هەبوو، بۆئەوەی بتوانێ بچێتە ناو ئەو کۆمەڵەو ئەنجوومەنانەوە کە دروستدەکران.ئەمانە کە ڕۆڵی مامۆستایان دەبینی پێیان دەوترا سۆفستایی. ئەم ناوە تا پێش سەدەی شەشەمی پێش زایینی ناسراو نەبوو. سوکرات کە باسیی سۆفستاییەکان دەکات بە چەندین شێوە ناویاندەهێنێ،وەکوو: ڕاوچی، بازرگان،فرۆشیار، چارەسەر، داهێنەر،قسەکەر (مجادل).

بەڵام زاراوەی سۆفستایی بە زمانی یۆنانی لە بنەڕەتدا لە (سۆفیستیس Sophistes) هاتووە کە (سۆفوس Sophos) مانای (زانا-حەکیم)دێت،کە دەوترێ سۆفستاییەکان واتە ئەوانەی کە شارەزاییان لە هونەرەکاندا هەیە، بۆیە یەکەمجار ئەو ناوە بەسەر شاعیرو مۆسیقاژەنەکاندا بڕا،بۆیە ڕابەرانی قوتابخانەی سۆفستایی هەرگیز ڕازی نەدەبوون لێکدانەوەی سۆفستاییەکان بە مامۆستا یان وەک ئەوەی ئەرستۆ چەند ناوێکی دژواری دابوونە پاڵ وەک بازرگان ..هتد .بەڵکو ئەم لێکدانەوەیە دوای مردنی ڕابەرانی قوتابخانەی سۆفستاییەکان دروست بوو لە کۆتایی سەدەی پێنجەمی پێش زایین.

**شوناسی سۆفستاییەکان**

گەورەترین کاری سۆفستاییەکان ئەوەبووە بەهۆی ئەو زانست و زانینەی هەیانبووە، خەڵکی دیکەی پێ فێربکەن،بەڵام لە بەرامبەریدا بڕێک پارەی پێ وەربگرن، واتا بە هۆی زانست و زانینەوە پارە پەیدا بکرێ، ئەمەش مافێکی رەواو تەندروست بوو، بەڵام سوکرات رەخنەی لێگرتن و بە بازرگان ناویبردن.

سۆفستاییەکان کۆمەڵێک کەسی شارەزا لە هونەرو فیکر بوون، کە بڕوایان بە حەقیقەتی رەها نەبوو، گرنگی تایبەتیان بە زمان دەدا،زمان بۆ چارەسەری گرفتەکانی پەیوەندی نێوان سروشت و یاساکان لەلایەک و ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی کە سۆفستاییەکانی تێدا سەرهەڵداوە لە لایەکی دیکەوە. واتا فێربوون و فێرکردن ببوونە پیشەی سۆفستاییەکان، لە شارێکەوە دەچوون بۆ شارێکی دیکە،سیمینارو وانەیان دەوتەوەو خۆیان بە کەسانی پیشەیی-پرۆفیشنال-نیشاندەدا. زیاتریش وانەیان بەو کەسانە دەوت کە لە بنەماڵەیەکی ئۆلیگارشی بوون. سۆفستاییەکان ئەو پرسیارەیان دەورووژاند کە: ئایا زمان لەلایەن مرۆڤەکانەوە داهێنراوە، یان کاری گەردوون و سروشتە.هەروەها رای تایبەتی خۆیان لەبارەی رەوشت و ئاکار و سیاسەت و ئایینەوە هەبوو، سۆفستاییەکان نەک هەر قوتابخانەیەک بوون بەڵکو لە زانستگایەکیش دەچوون بۆ فێرکردنی خەڵک. ژمارەی سۆفستاییەکان بەپێی هەندێ سەرچاوە گەیشتووەتە

نزیکەی (30)کەس،زۆربەشیان بەناوبانگ و ناسراو بوون، کەمێکیان نەبێت کە نەناسراوبوون. بەڵام پرۆتاگۆراس و گۆرگیاس دوو بەناوبانگترینی ئەم قوتابخانەی سۆفستاییەکانن.

**پرۆتاگۆراس** (Protagoras 480 – 410)پ.ز

پرۆتاگۆراس یەکەمین فەیلەسوفی سۆفستاییەکانە.بنچینەی فەلسەفەی پرۆتاگۆراس ئەمەیە:مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە.بە باوەڕی پرۆتاگۆراس دوو جۆرە یاسا هەیە، یاسای سروشت و یاسای ئادەمیزاد، یاسای دووەم کە یاسای مرۆڤە لە لایەن هیچ گیانلەبەرێکی سەرو سروشتەوە بەسەرماندا نەسەپێنراوە،بەڵکو مرۆڤ خۆی دایناوە. پێیوابوو ئەوانەی لافی ماف و ویست و دادپەروەری لێدەدەن، ئەوانەن کە بێ دەسەڵاتن و هیچیان لەدەست نایە، یاساش پەککەوتەو بێهێزو بێ دەسەڵاتەکان دایاننناوە بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ دەسەڵاتدارو بەهێزەکان دابنێن.

لە تیۆری زانیندا پرۆتاگۆراس لەو باوەڕەدابوو کە هەستەکان سەرچاوەی زانینن و هەموو ئەو شتانەی بەهۆی هەستەکانەوە ئەیانزانین و بە بێ جیاوازی راستن.پرۆتاگۆراس پێیوابوو، لەنێو مرۆڤەکاندا راستییەکان رێژەیین، بۆنموونە ئەو بایەی هەڵیکردووە، لای من بۆ نموونە بایەکە ساردە، کەواتە هەست بە ساردی دەکەم، کەچی لای کەسێکی تر بایەکە سارد نییە بەڵکو گەرمە، ئەویش هەست بە گەرمی دەکات، لەکاتێکدا هەردووکمان راستین. یان مرۆڤێک کە تووشی نەخۆشی زەرتک دەبێت، چاوەکانی زەرد دەبن و دونیابینی ئەو مرۆڤە نەخۆشە زەردبینە، لای کەسێکی تەندروست، زەردبین نییە و ئاسایی شتەکان دەبینێ، بەڵام هەردووکیان راستن.مەبەستی پرۆتاگۆراس ئەوەبوو راستی رەها نییە،

بەڵكو ڕێژەییە. بیروراكانی پرۆتاگۆراس بە گشتی كاربەدەستانی ئەسینای سەخڵەت كردبوو،چونكە مامۆستایەكی بەناوبانگ و وتاربێژێكی سەركەوتوو بوو كە لە هونەری قەناعەتپێكردن زیرەک بوو. دەشڵێن لە نووسینی زمانەوانیدا پرۆتاگۆراس یەكەمین كەس بووە كە نێرو مێی لەیەک جیاكردۆتەوە، هەروەها ناو و سیفەو فیعلی لەیەک جیاكردۆتەوە. گرنگی پرۆتاگۆراس بۆ زمانەوانی و مەعریفە تەواو پەرەیسەندبوو، بە رادەیەک یەكەمین كەس بوو كە بنەماكانی لۆژیک و سەرف و نەحوی دانا. هەموو ئەمانە بە جۆرێک باڵایان كردبوو ئیتر دەسەڵات ترسی لێنیشت، بۆیە دەسەڵات جاڕیدا كە هەر كەسێک كتێبی پرۆتاگۆراسی لایە بیهێنێت بۆ ئەوەی بیسووتێنن. پرۆتاگۆراس خۆی لەدەست یاسا رزگاركرد و بە كەشتییەک هەڵات، بەڵام لە ناو دەریادا كەشتییەكە شكاو پرۆتاگۆراسیش خنكا.

**گۆرگیاس** (Gorgias 480/485 – 375)پ.ز

گۆرگیاس دووەم فەیلەسووفی بەناوبانگی سۆفستاییەكانەو بنەمای فەلسەفەكەی لەسەر نەبوون داڕشتووە،كە تێیدا لە سێ پرسی گرنگ دواوە، كە ئەمانەن:

- هیچ شتێک بوونی نییە.
- ئەگەر شتێک هەبووبێت ناتوانرێ هەستی پێبكرێت.

- ئەگەر ئەو شتە هەستی پێکراو زانرا ناتوانرێ گوزارشتی لێبکرێ، ئەبێت لە خەڵکی دیکە بگەیەنرێت.

لە خاڵی یەکەمیدا (هیچ شتێک بوونی نییە) گۆرگیاس پێیوایە ئەگەر شتێک هەبێت ئەوا ئەبێ هەبێ یان نەبێ یان ئەبێ هەبێ و نەبێ بەیەکەوە.نابێ ئەو شتەش نەبوون بێ، چونکە نەبوون نییە، ئەگەر هەبێ ئەوا لە یەک کاتدا بوون و نەبوونە.ئەمەش ناگونجێ.

بە کورتی گریمانەکان بەمجۆرەن:

1- دانپێدانان بە بوونی شتێک، کەواتا شتێک بوونی هەیە.
2- رەتکردنەوەی بوونی شتێک، کەواتا شتێک بوونی نییە.
3- بڕیار لەسەر شتێک بدەیت و بوونی نەبێت، شتێک هەبووبێت و نەبووبێت لەگەڵ یەکدا.

**گرفتەکانی ماف و هێز لای سۆفستاییەکان**

لای سۆفستاییەکان ئەو گرفتانەی کە پەیوەندیان بە ئاکارو سیاسەتەوە هەبوو،لە تەوەرەکانی وەکوو سروشت و یاسا ببوونە جێی مشتومڕو گفتوگۆ.سروشت بە یۆنانی واتا بەگشتی چۆنێتی و تایبەتمەندی ئەو شتانەی کە هەن یان سەرهەڵدەدەن،یاساش بەو مانایەیە کە قەبوڵیدەکەم، یان بیری لێدەکەمەوە،یان بە دڵنیایی. هەروەک پڕۆتاگۆراس پێیوایە:بنچینەی یاساکان رێککەوتنی خەڵکە .

ئەوکاتەی پڕۆتاگۆراس وتی :مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە،ئەم بۆچوونە چەندین بیروبۆچوونی جیاوازی لەناو سۆفستاییەکاندا دروستکرد،کە

هەندێکیان بە سەرەڕۆ و هەندێکی دیکەش بە میانڕەو لەقەڵەم دران. پرۆتاگۆراس لە باڵی میانڕەوەکان بوو کە لایەنگیری بۆ یاسا هەبوو سەرباری ئەوەی هەندێ بۆچوونی تایبەتی هەبوو لە بەرامبەر یاسادا.بەتایبەت کە زۆرتر بۆ لای سروشت دەشکایەوەو تێکەڵی ببوو لەگەڵ خۆیدا. لایەنگرانی یاسا کۆمەڵەیەک بوون هەوڵیاندەدا ڕەزامەندی وەربگرن لەسەر سامان و دەسەڵات و قەڵەمڕەوی (الثروة والسل×ة والنفوذ). کەواتا ئەگەر ڕێککەوتنی خەڵک بنچینەی یاسادانان بووبێت لای کۆمەڵەی یەکەم (کە سەرەڕۆیەکانن)،بێگومان کۆمەڵەی دووەم لە سۆفستاییەکان هەوڵیاندەدا لە بنچینەی سەلماندن و بەهێزترین بکۆڵنەوە کە پێویستیدەکرد بۆ یاسا مرۆڤایەتییەکان. یاساکانی سرووشت یاسای مرۆڤایەتی نییە کە ناوبژیوان و پێوەرە (الحکم والمعیار). لێرە ئەگەر پرۆتاگۆراس گرنگی بە یاسا دابێت، بێگومان (گۆرگیاس)یش گرنگی بە سروشت داوە.لەکاتێکدا یاسا بەردەوام لە گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕدایە، بەڵام سروشت نەگۆڕو چەسپاوە. یاسا داڕشتنی یاساکانە بۆ مرۆڤ، بەڵام سروشت یاسای دارستان و سروشتە. یاسا داهێنانێکی مرۆییە،واتا دروستکراوو گونجێندراوە لەگەڵ سەردەمەکە، چونکە ماف مافی بەهێزەکانە،بەڵام ئەوانەی داوای ئاکاری پێوەری و یاسای گشتی دەکەن، ئەوا ماف لای ئەوان لە سەرووی هێزەوەیە.بەڵام گۆرگیاس پێیوابوو، بەهێز هەمیشە زاڵە بەسەر لاوازدا، چونکە سیمای ژیان بەهێزەکانی تێدا زاڵکردوەە.

بەکورتی سۆفستاییەکان بزووتنەوەیەکی نێگەتیڤ و نەرێنی نەبوون، وەک بەشێکی زۆر لە مێژوونووسەکان وێنەیان وا بۆ کێشاوە،ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەکی بابەتیانەو تەندروستانە لەسۆفستاییەکان و هەڵوێست و

بیروباوەڕەکانیان بگەین،پێویستە بە ڕۆح و بەچاوی ئەو قۆناخ و سەردەمە سەیریان بکەین و بیانخوێنینەوە کە ئەوانی تێدا سەرهەڵداوە، سۆفستاییەکان هاندەرو هۆکاری جیدی بوون بۆ چوونە پێشەوەی قۆناخی فیکری لە یۆنان و بەشداری جیدیشیان لە پێشکەوتن و پێگەییشتنی فیکرو وشیاری لە یۆنان کردووە، تەنانەت سۆفستاییەکان ببوونە هەوێنی میتۆدی فیکری و فەلسەفی لای سوکرات و گێڕانەوەکانی ئەفلاتون و لۆژیکی ئەرستۆ. سۆفستاییەکان بوون فەلسەفەیان لەچوارچیوەی قوتابخانە فیکرییەکان بردە دەرەوەو،لەناو جەماوەردا بڵاویانکردەوە، بەمەش ئاسۆی فیکری خەڵک چووە ئاستێکی لە جاران باشترو باڵاتر. هەروەها گواستنەوەی فیکر لە سروشتەوە بۆ مرۆڤ لەسەر دەستی سۆفستاییەکان بوو کە مرۆڤ بوو بە ناوەندی تەوەرەکانی فەلەک و سروشت ،چونکە مرۆڤیان بە ڕای ئەوان پێوەری هەموو شتێک بوو. بۆیە زۆر جار دەوترێ بزووتنەوەی سۆفستاییەکان بۆ ئەوکات بزووتنەوەیەکی ڕۆشنگەرانە بوو،کە ئەقڵیان بەسەر سروشتدا زاڵ کرد.هەرچەندە ئەفلاتون لە زۆر شوێن لە گفتوگۆکانی خۆیدا گاڵتەی بە سۆفستاییەکان کردووە، بەڵام ناتوانرێ لە گرنگی سۆفستاییەکان کەم بکرێتەوە، وەک وولتر ستیس دەڵێت: سۆفستاییەکان دامەزرێنەری زانستی وتاربێژی بوون، ڕۆشنبیری و فێرکردنیان لە تەواوی یۆنان بڵاوکردەوە.بۆیە سەردەمی سۆفستاییەکان بە گەشاوەترین و پرشنگدارترین سەردەمی مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێن. بۆ ڕەتدانەوەی ئەوانەی کە پێیانوایە سۆفستاییەکان بزووتنەوەیەکی رووخێنەر بوون، ئەبدولرەحمان بەدەوی لە کتێبی ئەفلاتوندا دەڵێت: بزووتنەوەی سۆفستاییەکان بزووتنەوەیەکی رووخێنەر نەبوون، بەڵکو رووخێنەر بوون بۆئەوەی سەرلەنوێ بونیادێکی نوێبکەنەوە.

بە کورتی و بە پوختی بنچینەی جیهانی فەلسەفەی سۆفستاییەکان لەسەر ئەم خاڵانە چڕ کرابوونەوە:

1- دانپێدانان بە سەروەری مرۆڤی خاوەن فیکرو کردار، لەژێر رۆشنایی ئەو وتەیەی کە دەڵێت (مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە).

2- سۆفستاییەکان توانیان شۆڕشێکی فیکری لە بارودۆخی فیکری یۆنانی سەدەی پێنجەمی پێش زایین بکەن.

3- سۆفستاییەکان پشتیان بە هونەری وتاربێژی بەستبوو، پێیانوابوو ئەمە هونەرێکی بنچینەییە لە شێوەی بیرکردنەوەو فێرکردن و گفتوگۆ (حوار)ی مەعریفیانە.

4- مەعریفە ببووە وتەیەک لە هەست و قسەکردنیانداو گواسترابۆوە بۆ فیکری ئەنتۆلۆجی.

5- شوێنی سۆفستاییەکان لەبواری فەلسەفە دیاریکرابوو لەئەنجامی ئەو ناسیستەمی و نایەکبوون و نەگونجانە فیکرییەی کە لە فیکری یۆنانیدا هەبوو.

## بەشی چوارەم:

سوکرات

کەسایەتی سوکرات

فەلسەفەی سوکرات

دادگاییکردنی سوکرات

**سوکرات**

تا ئەوکاتەی مێژووی فەلسەفە دەگات بە سوکرات، دەبینین فەلسەفە بەر لە سوکرات دوو قۆناخی گرنگی بڕیوە، یەکەمیان: فەیلەسوفەکانی سەرەتا کە لە تالیسەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە سۆفستاییەکان، ئەمانە گرنگیان بە سروشت و گەردوون و دەوروبەری مرۆڤ داوەو بە شێوەیەکی سەرەتاییانەو میکانیکیانە روانیویانەتە ئەو رووداوو دیاردانەی کە لەسەر شانۆی سروشتدا روویانداوە، دووەمیان: قۆناخی سۆفستاییەکانە کە رامان و روانین لە سروشتیان کردە پاشکۆی لێکۆڵینەوە لە ئاکارو سیاسەت و کاروباری ژیانی رۆژانەی خەڵک . ئەم دوو قۆناخە رێگاو زەمینەیەکی لەباریان بۆ سوکرات رەخساند کە وەک(شیشرۆن) دەڵێت فەلسەفەی لە ئاسمانەوە هێنایە خوارەوە بۆ سەر زەوی. سوکرات لە بازاڕو گەڕەک و شوێنی گشتی و یانەکاندا لەگەڵ خەڵک کۆدەبووەوەو باسی کاروباری رۆژانەی ژیانی خەڵکی دەکرد.

بەڵام پێش ئەوەی باسی سوکرات بکەین ، لەگەڵ سوکرات ئەسینای یۆنانی بووە بنکەی گەشەکردنی فەلسەفە، چونکە سوکرات و ئەفلاتون و

ئەرستۆ وابەستەی ئەسینا بوون و فەلسەفە  لە ئایۆنەوە گوازرایەوە ئەسینا .سوکرات دەوروبەری ساڵی 470 پ.ز لە ئەسینا لەدایکبووە .لەماوەی (20) ساڵ پێش ئەو مێژووە، ئەم شارە بەهۆی هێرشی بەردەوامی فارسەکان ببووە وێرانە، ئەگەرچی هەمیشە فارسەکانیان تێکشکاندووەو گیانی بەرەنگاربوونەوە لەم شارە لەوپەڕیدابووە، جگە لەوەش (هێرۆدۆت) لە شارۆچکەی (هالیکارناسووس)ی ئایۆنییەوە هات لە ئەسینا دابنیشێت و بژی،هەر لەوێش مێژووی شەڕەکانی لەگەڵ فارسەکان نووسییەوەو (مەرگەساتی گریکییەکان)یش بەهۆی (ئایسخیلۆس)ەوە، گەیشتە ئەوپەڕی (سۆکۆدیدەس)یش رووداوی شەڕە گەورەکانی نێوان ئەسیناو ئەسپارتەی نووسییەوەو بوو بە یەکەمین مێژوونووسی زانستی. لەم ماوەیەدا کە شەڕی فارسەکان و ئەسینایییەکان لە لایەک و شەڕی ئەسپارتەو ئەسینایییەکان کە بە شەڕی (پلۆپۆنیز) ناسرابوو،لە لایەکی دیکەوە، ئەسینا گەیشتە ئاستێکی بەرزی سیاسی و رۆشنبیریی. سوکرات لەنێو ئەو بارودۆخەی ئەسینا چاوی کردەوەو چەند یاسایەکیش  لەو شارە دەردەچوون کە لە سەردەمی پریکلیس دەرچوون، بە جۆرێک پریکلیس هەر بە خەم و خەفەتەوە کۆچی دواییکرد.

سوکرات لەنێو ئەم بارودۆخە دژوارە و لەنێو ئەم هەموو کەشوهەوا سیاسییە ئاڵۆزە چاویکردەوە، ئەمەش رێگای بۆ سوکرات ئاسانتر دەکرد کە گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکی شارەکەی (ئەسینا) بکات بۆ رزگاربوون لە لە بێکاری و ئەم هەموو مەینەتییانەی بەسەریان هاتبوو. سوکرات کەسێکی هەژار  بوو، بەڵام لە هەوڵی خۆدەوڵەمەندکردنیدا نەبوو، بۆیە رێگای سۆفستایییەکانی نەگرتە بەر بۆ ئەوەی لە بری خەڵک فێرکردن پارە وەربگرێت.هەر بۆیە کەسێکی وەکوو (ئەریستۆفان) کە شانۆنووسی

کۆمیدی بووه، له شانۆگەری (هەورەکان)دا گاڵتەی به سوکرات کردووه.
کەواته هەر ئەوکاته سوکرات کەسێکی ناسراو بووه له تەواوی ئەسینا.
سوکرات کەسێکی به ئیراده بووه، تەنانەت له چەندین شەڕیشا بەشدارییەکی کاراو کاریگەری کردووه، بێ ئەوەی سڵی کردبێتەوه، گرنگی به جلوبەرگ نەداوەو له ژیانیشیدا کەسێکی میانڕەو بووه،ئامانجی سەرەکی لای سوکرات کاری چاکه بووه.کەسێکی دڵفراوان و متەوازیع بووه، هەمیشه وتوویەتی من شتێک نازانم شایانی باسکردن بێت،حەزیکردووه له پرسی ئاکارو رەفتاری مرۆڤ بکۆڵێتەوه.بەڵام جەختی لەوه کردۆتەوه ئەو مرۆڤانەی کاری خراپه دەکەن ئەوانەن که مەعریفەیان نییه، مرۆڤ ئەگەر مەعریفەی هەبێت خۆی له کاری خراپه به دوور دەگرێت.بۆیه مرۆڤ بۆ ئەوەی کاری چاکه بکات پێویسته ببێته خاوەن مەعریفەیەکی باش. ئەم پرسی ئاکارو پەیداکردنی مەعریفەو کاری چاکەیه، لای سوکرات زیاتر له رێگای گفتوگۆو پرسیارکردن و وەڵامدانەوەی گەیاندوویەتییه خەڵکەکه.

دیاره ئەوەی ئێمه لەبارەی سوکراتەوه دەیزانین دوو سەرچاوەن، یەکەمیان (زەینەفۆن)ه، که سەرکردەیەکی سەربازی بوو، دووەمیشیان (ئەفلاتون) ه، که تا ئێستا له ماوەی نزیکەی (2500)ساڵی رابردوودا بەهێزترین و مەزنترین سەرچاوەیه بۆ ناسینمان به سوکرات.سوکرات ساڵی 399 پێش زاین حوکمی مردنی بەسەردا سەپێنرا که ئەوکاته ئەفلاتون لەو پەڕی تەمەنی گەنجێتیدا بوو که هێشتا نەگەیشتبووه (30)ساڵ، نزیکەی (29)ساڵ بوو تەمەنی. دیاره زەینەفۆن زیاتر پیاوێکی سەربازی بووه، ئاستی وشیارییەکەی دیاریکراو بووه، بەڵام درۆزن نەبووه، بەڵکو ساده بووه، زۆر داکۆکیشی له سوکرات کردووه وتوویەتی ئەانه هەمووی تۆمەتی ناڕەوان دراونەته پاڵ سوکرات، چونکه سوکرات پیاوێکی ئیمانداره‌و بێ

بڕواو لادەر نییەو لاوەکانیشی دژی ئایین هاننەداوە، بەڵام بەهۆی کاڵفامی و سادەیی خۆی نەیتوانی دژی ئەو پاساوانە بوەستێتەوە کە بەرامبەر بە سوکرات هاتبوونە پێش. لە راستیشدا سوکرات بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوو کەسانی بەتواناو شیاو بگەیەنێتە هێزو دەسەڵات.

## کەسایەتی سوکرات

ئەوەی تا ئێستا لەبەردەستی ئێمەدایە، ئەفلاتونە، کە رۆژی دادگاییکردنەکەی سوکرات ئامادە بووەو، بە زمانێکی ئەدەبی و هەندێجار فانتازییەوە وێنەی سوکراتی بۆ نمایش کردووین. ئەفلاتون کەسایەتییەکی بەهێزو سەرنجراکێشی بۆ سوکرات دروستکردووە، بەتایبەت کە لە رۆژی دادگاییکردنی سوکراتا گوێی لە هەموو وتەکانی سوکرات بووە کە لە بەرامبەر دادوەرەکاندا کردوویەتی.ئەفلاتونیش نەیویستووە ئەو بەسەرهاتە فیکری و سیاسییە وابە سووک و سانا تێپەڕبێ، بۆیە لەچوارچێوەی کۆمارەکەیدا گرنگییەکی زۆری پێداوە، بەڵام ئەفلاتون زیاتر مەبەستی نووسینەوەی مێژوو بووە بۆ ئەوەی ئەو رووداوە گرنگە ون نەبێت، ئەگەرچی بە زمانێکی ئەدەبی دایڕشتووە. سوکرات لە رۆژی دادگاییکردنەکەی دەیتوانی داوای سزایەک بکات کە لە مەرگ رزگاری ببێت، بەڵام کەسایەتی سوکرات ئەوەندە بەهێز بوو، ئەو داوایەیشی نەکرد. سوکرات پیاوێکی ناشیرین و ناحەزبووە واتا خۆشەویست نەبووە، لووتێکی پان و ورگێکی گەورەی هەبووە.بەردەوام جلوبەرگی شڕو کۆنەی لەبەردا بووەهەمیشەش پێخاوس بووە،هێزو ئیرادەیەکی لە بنەهاتووی هەبووە، بۆنموونە بەرامبەر بە گەرماو سەرما و برسێتی و تێنوێتی خەڵکی دەوروبەری خۆی سەرسام دەکرد، چونکە کەس وەکوو ئەو نەیدەتوانی دان

بەخۆدا بگرێ.ئیرادەیەکی یەکجار بە هێزو لە بن نەهاتووی هەبووە.کەسایەتی سوکرات خۆویست نەبووە، بەڵکو هەمیشە هەوڵیداوە کەسانێک دروستبکات و بیانگەیەنێتە دەسەلآت کە خزمەتی خەڵکی بکەن، جار جار مەشروبی خواردۆتەوە، بەلآم هەندێکجار یەکجار زۆری دەخواردەوە. خۆبەخشانە وانەی بە گەنجان دەوت، بە پێچەوانەی سۆفستاییەکان کە لە بری پارەیەکی دیاریکراو وانەیان بە خەڵک دەوتەوە،هەمیشە پێ پەتی (پێ خاوس)بووەو سەری رووتابۆوە، سیمایەکی تا رادەیەک ناشیرینی هەبووە،لە زۆر لە جەنگ و شەڕەکانا بەشداریکردبوو، بە تایبەت لە بەرامبەر سپارتاکان پاڵەوانییەتی بێ وێنەی نواندبوو،دڵێکی پڕ لە ئەڤین و ئیشقی هەبووە، شەوان گەنجەکان لە دەوری کۆدەبوونەوەو ئەویش پێکەکەی هەڵدەداو دەیخواردەوە، تا بەیانی باسی ئیشق و ئەڤینی بۆ لاوەکان دەکرد.سوکرات لە خەمی راستی و ئاکارو ئەخلاق دابوو، رقی لە درۆکردن دەبووەوە،پەرێشانی بەرقەراربوونی یاسا بوو، حەزی لە گەشەکردنی دیموکراسی بوو، تا بڵێی بێ فیز بوو، زۆر جار دەیوت:من بەهیچ شێوەیەک ئاقڵ نیم و دەزانم کە هیچ نازانم. رۆژێک لە رۆژان لە خەمی خۆیدا نەبوون بەڵکو لە خەمی پەیڕەوکردن و سەرکەوتنی حەقیقەتدا بوو.سوکرات بڕوای بەو قسەیە هەبوو: بەلآی ژیان لە مردندا نییە، بەڵکو لە ریسوایی و ناوزڕاندندایە. بەردەوام توانیویەتی بەسەر ئارەزوو حەزە جەستەییەکانی خۆیدا زاڵ بێت. سوکرات لە رۆژی دادگاییکردنی خۆیدا، رێگەی نەدا خێزان و سێ منداڵەکەی خۆی بێنە دادگاو لە کاتی هەر بڕیاردانێکی داواکاری گشتی، خێزان و منداڵەکانی دەست بە گریان و فیغان بکەن،رووی لە دادوەران کردو وتی من خێزان و سێ منداڵەکەم نەهێناوە بۆ دادگا نەوەک هەستی بەزەیی ئێوە ببزوێنێت،

ئەوەی من دەمەوێ بەزەیی نواندن و نەرمی نواندن نییە، بەڵکو عەدل و دادە، مەکەونە ژێر کاریگەری هەست و سۆزەکان بەڵکو گوێ بۆ بانگی ویژدان رابگرن، ئەمە ئەرکی ئێوەیە یاسا جێبەجێبکەن.

## فەلسەفەی سوکرات

سوکرات ئەو کەسە بوو کە بۆ یەکەمجار فەلسەفەی لە ئاسمانەوە هێنایە سەرزەوی. ئەوەندە گرنگی بە سروشت نەدەدا، بەڵکو هەوڵیدەدا زۆرترین پرسیار لەبارەی ئاکارو حەقیقەت بکات و برەو بە ئاکارو راستی بدات، بۆ ئەوەی زۆرترین کەس پەیڕەوییان لێبکات.توانی فەلسەفە بکاتب ە دوو بەشەوە، فەلسەفەی پێش سوکرات و فەلسەفەی دوای سوکرات،چونکە فەیلەسوفەکانی پێش سوکرات تەنیا لە سروشت راماون و لێیاندەکۆڵییەوە، بەڵام سوکرات فەلسەفەی لەو ئاسمانە هێنایە خوارەوەو هێنای لە ماڵە و کۆڵان و گەڕەک و شاری ئەسینای بڵاوکردەوە،واتا سوکرات فەلسەفەی لە گرنگیدان بە سروشت و گەردوون و کۆزمۆلۆژیاوە گواستەوە بۆ فەلسەفەی ئاکار.بێگومان فەلسەفەی ئاریش واتا لێکۆڵینەوەیە لە مرۆڤ نەک سروشت، بە رای سوکراتیش مرۆڤ لە دوو رەگەزی جیاواز پێکهاتووە، کە بریتین لە جەستەو رۆح. رۆح ناوەند و سەنتەری چالاکی ئەقلی و ئەخلاقییە.بەڵام سوکرات کاتێ لە دەروونی روانییەو تا رادەیەک لێیکۆڵیوەتەوە ، لە روانگەیەکی قووڵی سایکۆلۆژییەوە نەبووە، بەڵکو لە روانگە مەعریفی و ئەپستمۆلۆژییەکەوە بووە. هەر بۆیە سوکرات دەیوت فەزیلەت مەعریفەیە، رەزیلەتیش رەفتاری ئەخلاقییە بۆ نەزانی، یان بە دیوێکی دیکە رەزیلەت هەڵەی ئەقڵە. واتا بە کورتی فەزیلەت زانستەو رەزیلەتیش نەزانینە.بەڵام سوکرات زیاتر بە ئاکارو

ئەخلاقەوە سەرقاڵ ببوو، نەک بە زانست.بەڵم پەیوەندی نزیکی نێوان فەزیلەت و زانست یەکێک لە سیفاتە دیارو بەرچاوەکانی سوکراتە، چونکە سوکرات لەو بڕوایەدا بوو کەس بە ئەنقەست و بە هوشیارییەوە تووشی گوناە و هەڵە نابێت، بەڵکو نەزانینە پەلکێشی هەڵەو گوناهی دەکات، بۆیە سوکرات پێیوابوو تەنیا زانست دەتوانێ مرۆڤ بگەیەنێتە فەزیلەتێکی تەواو. بەم پێیە سوکرات فەلسەفەی لە ئایۆنییەوە گواستەوە بۆ ئەسینا.تا رادەیەک شارەزایی لەئەستێرەناسی و ژمێرەو ئەندازەو تەنانەت سیاسەتیشدا هەبووە، سوفرو نیکۆسی باوکی پەیکەرتاش بووەو ڤایناریت ی دایکیشی مامان بووە،بۆیە دەیوت: من لاسایی دایکم دەکەمەوە، دایکم مامانەو یارمەتی ژنان دەدا بۆ ئەوەی منداڵیان ببێ و منیش یارمەتی خەڵک دەدەم، بۆئەوەی لە کاتی تێفکرین و بیرکردنەوە بگەن بە راستی و حەقیقەت بۆئەوەی بیرێکی نوێتر بهێننە ئاراوە.دەتوانین بڵێین سوکرات مامۆستای ئەفلاتون بووە، بەلام ئەو قوتابییە لە دوای ژەهرخواردکردنی مامۆستاکەی توانی پاداشتێکی وەهای بداتەوە، کە بە درێژایی ئەم مێژووە تا ئەمڕۆ پاداشتی لەو جۆرە یان هەر نەبووە، یان یەکجار زۆر دەگمەنە.

میتۆدی فەلسەفەی سوکرات زیاتر لەسەر دوو بنەمای سەرەکی وەستاوە،کە بە دوو قۆناخدا رەتدەبێت. یەکەمیان: قۆناخی گاڵتەجاڕی (التهکم)، دووەمیشیان: قۆناخی لەدایکبوون (التولید)ە.

**دادگاییکردنی سوکرات**

پیاهەڵگوتن نییە ئەگەر بڵێین لە مێژووی 2500 ساڵی رابردوودا دادگاییکردنی سوکرات و لەخاچدانی مەسیح دوو گەورەترین رووداون، کە وێنەیان نەبووە.

سوکرات تەمەنی گەیشتبووە (70)ساڵ، سێ کەس سکاڵایان لەسەر سوکرات پێشکەش بە دادگا کردبوو، سێ کەسەکە بریتی بوون لە: (ئانیتۆس Anytus)ی سیاسەتوانی دیموکرات و بازرگانێکی کەولفرۆش، رق و کینەیەکی شەخسی لەگەڵ سوکرات هەبوو، بەڵام کوڕەکەی ئانیتۆس یەکێک لە قوتابی و هەوادارانی سوکرات بوو،بەڵام رەخنەی لە سوکرات دەگرت گوایا کوڕەکەی ئەوی لە خشتە بردووەو ئەو کوڕە گەنجەی لە ژیانی ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی دوور خستۆتەوە. (مێلیتۆس)شاعیرێکی تراژیدی بوو،سوکرات گاڵتەی پێکردبوو، وتبووی مێلیتۆس تەنیا هەندێ وشەی خستووەتە سەر یەک و هیچ حیکمەتێکی قووڵ لە شیعرەکانی نییە، بە هۆی ئەم قسانەوە مێلیتۆس دوژمنارییەکی شەخسی لەگەڵ سوکرا بۆ دروست ببوو. (لیکۆن)یش مامۆستایەکی وتاربێژ بوو. ئەو سکاڵاو تۆمەتانەی درابوونە پاڵ سوکرات ئەمانە بوون:

أ- نکولی لە بوونی خواوەندەکانی یۆنان دەکات و بانگەشە بۆ پەرستنی خواوەندێکی دیکەی نوێ دەکات.

ب- مێشکی گەنج و لاوەکانی تێکداوەو گەندەڵی کردوون و ئاکارو خووی خراپ کردوون.

دیارە حکومەت لەو سەروبەندەدا لێبوردنێکی گشتی دەرکردبوو، ئەو تۆمەتانەی درابوونە پاڵ سوکراتیش تا رادەیەکی زۆر تۆمەتی رووکەشانە بوون، سوکراتیش کە تەمەنی (70) ساڵی تەواوکردبوو، یەکەمین جاری بوو بچێتە دادگاو داکۆکی لە خۆی بکات، بۆیە وەک خۆی لەبەردەم دادوەران وتی:تەحەمولی شێوە نایاساییەکەی قسەکردنم بکەن و هاوکاریم بکەن، چونکە من شارەزای شێوە زمانی دادگا نیم و لە ماوەی حەفتا ساڵی رابردوودا کە دەبینن وا پیر بووم ئەمە یەکەمجارە خۆم لە دادگاو لەبەردەم دادوەران دەبینمەوە. پێدەچێ سکاڵاکاران مەبەستی سەرەکیان لەسێدارەدان یان ژەهرخواردکردنی سوکرات نەبووبێ، بەڵکو زیاتر دەیانویست سوکرات پەشیمان بکەنەوەو ئەسینا جێبهێڵێت. تەنانەت ئانیتۆس لە کۆتایی قسەکانیدا پێشنیارێکی خستە بەردەستی دادوەرەکان و وتی هەرکاتێک سوکرات داوایکرد کە سزاکەی سووک بکەن، بۆیبکەن.بەڵام سوکرات زۆر نەترسانەو زۆر بوێرانە، پەنجەی تۆمەتی بۆ سکاڵاکاران درێژ کردوو، بە توندیش داکۆکی لەخۆی کرد. لەکاتێکدا سوکرات دەیتوانی لە بری مەرگ داوا بکات کە دووری بخەنەوە، ئەگەری زۆریش هەبوو دادوەرەکان ئەم داوایەی قەبووڵبکەن.بەڵام سوکرات ئەو داوایەی نەکرد، چونکە پێیوابوو ئەوانە تۆمەتی بێ بنەمان و بەسەریدا سەپێنراوە، ئەگینا کەسێکی خواناسەو گەنج و لاوەکانیشی وشیار کردۆتەوە، نەک لە رێی لادابن.بۆیە باشترین وێنەی سوکرات ئەوکاتەبووە کە لە دادگا و لەبەردەم دادوەران داکۆکی لە خویکردووە.تەنانەت کاتێ یەکێک لە قوتابییەکانی پێشووی سوکرات کە لە هۆڵی دادگاکردنی سوکرات ئامادەش ببوو داواکاری گشتی رێگای نەدا شایەدی بدات، سوکرات لێیان نەپاڕایەوە کە رێگە بەو کەسە بداتک ە شایەدی دەدات بۆ

سوكرات، بەڵكو هەوڵیدا خۆی لە ڕێگای ئەو گوتارە مێژوویەی لە هۆڵی دادگا پێشکەشی کرد، قەناعەت بە داواکاری گشتی پهێنێت کە سوکرات بێبەرییە لەو تۆمەتانەی خراونەتە پاڵی، بەڵام وتارەکەی سوکرات نەیتوانی رای دادوەران لەسەر لەسێدارەدانی بگۆڕێت.بەڵام جەسارەتێکی بێوێنەی نواند کاتێ رووی لە هاوڕێکانی خۆیکردو وتی: ئەوەی روودەدات شتێکی زۆر خراپ نییە و نابێت کەس لە مردن بترسێت، چونکە مردن یان خەوێکە کە خەونی تێدا نابینیت، یان ژیانێکە لە جیهانێکی دیکە.

ئەنجامی دادگا بەم شێوەیە بوو :220 کەس دەنگیان بۆ بێ گوناهی سوکرات دا، بەڵام 280 کەسیش دەنگیان بۆ مەرگی سوکرات دا.لە کاتێکدا بەگوێرەی یاسای ئەسینا سوکرات دەیتوانی داوای پێداچوونەوە بکات لەو حوکمەی بەسەریدا سەقێنراوە، بەڵام سوکرات ئەو داوایەی نەکردو وتی: من داوای دوورخستنەوەم نەکرد، چونکە بۆ هەر کوێیەک بچم دەبێت لە دەربڕینی راستییەکاندا بەردەوام بم، من بۆ مردن ئامادەم. ژاوە ژاو و دڵەراوکێ و حەشاماتی خەڵک دادگای داپۆشیبوو، لە هەموو لایەکەوە جنێو بەسەر دادگاکردنەکەدا دەباری، خەڵک رووخساری مرو مۆچ و روو گرژ بوو،بە دادوەرانیان دەوت،ئەمە ریسواییەکی یەکجار گەورەیە، رووشیان لە سوکرات دەکرد و دەیانوت قارەمانێتییەکی یەکجار مەزنە،خواوەندێکمان لە ناوەو ئێمە قەسدی گیانی ئەومان هەیە،دادوەران و سوکرات بە ئاسایی گوێبیستی ئەو ژاوە ژاوەی خەڵکە دەبوون، بۆیە سوکرات جار جارە داوای بێدەنگی خەڵکەکەی دەکردەوەو دەیوت چەند قسەیەکیشم لەگەڵ ئێوە هەیە، مەبەستی ئەوە بوو قسەکانی خۆی بۆ بەرگریکردن لە خۆی بە دەنگێکی بەرز بڵێت.

دوای دادگا کردنەی سوکرات بۆ ماوەی یەک مانگ لە گرتووخانە مایەوە، ئەمەش لەبەر دوو خاڵ بوو، یەکەم، بوارێک بدرێ بە سوکرات کە را بکات و ئەو دەڤەرە جێبهێڵێت، دووەم ئەو ژەهرە لە ناو ئەسینا نەبوو ماوەیەکی پێویست بوو تا دەتوانن بیگەیەننە ئەسیناو دەرخواردی بدەن، بەڵام سوکرات لەماوەی ئەم مانگەی لە گرتوو خانە مایەوە، هیچ هەوڵێکی هەڵاتنی نەدا و ژەهر خواردنەکەی بە ئاسایی وەرگرت، بۆیە لە چاوەڕوانی گەیشتنی ژەهرەکەدا بوو، کاتێ ژەهرەکەیان هێنا، پاسەوانی زیندان هەنگاوێ دەچێتە ناو زیندانەکەوەو روو لە سوکرات دەکات و پێیدەڵێت،ئەی سوکرات لێم ببوورە کە گوێڕایەڵی فەرمانی سەرپەرشتیکارانی کاروبار وایە دەبێت ئەم پەرداخە ژەهرە بدەمە دەست شەریفترین و خانەدانترین پیاو. هەر کە رووی لە سوکرات وەرگێڕا، قوڵپی گریانی ناو گەرووی دەتەقێت و هۆن هۆن لە پڕمەی گریان دەدات ، بەڵام سوکرات پێیدەڵێت: ئەم شین و شەپۆڕە چییە؟، من ژن و منداڵەکانم ناردە دەرەوە تا رووبەڕووی دیمەنێکی ئاوەها نەبم، بۆیە دەبێت ئێوەش ئارام بن و ئۆقرە بگرن.

هاوڕێکانی بەم قسانەی سوکرات لە شەرما بێدەنگ دەبن و سوکراتیش پێکی ژەهرەکە هەڵدەدات و دەینۆشێ،دوای نۆشینی یەکسەر دەست دەکات بە پیاسەو بە بزەیەکی نەرم و گەرمەوە بە نەرمی دەست دەخاتە سەر شانی هەر یەکە لە هاوڕێکانی و بۆ هەر یەکێکیان قسەیەکی خەمڕەوێن دەکات، ئیتر وردە وردە ژەهرەکە کاری خۆی دەستپێداکات و سوکرات توانای بەردەوامبوونی پیاسەکردنی نامێنێت، بەرەو کونجێک دەچێت و خۆی دادەپۆشێت، تا ژەهر بە تەواوی هەستی لێدەبڕێت. 2500 ساڵە سوکرات ژەهر خوارد کراوە، بەڵام قسە پڕلە گەوهەرەکانی تا دێت قووڵتر

و پڕ مانادارتر دەبن، ئێستاش پێویستمان بەو قسەیەی سوکرات هەیە کاتێ وتوویەتی: خراپەو ناداپەروەری بە دڵسۆزی و دوژمنایەتیش بە لێبوردەیی وەڵام بدەنەوە، دوژمنەکانی خۆتان لەبەر خاتری نەزانینیان سزا مەدەن، بەڵکو فێریان بکەن بۆ ئەوەی لە تاریکی و نەزانین رزگاریان ببێت.

## بەشی پێنجەم:

ئەفلاتون

کاریگەری سپارتا

کەسایەتی ئەفلاتون

کارەکانی ئەفلاتون

فەلسەفەی ئەفلاتون

سەرچاوەی بیروڕاکانی ئەفلاتون

**کاریگەری سپارتا**

کاتێک بمانەوێ باسی ئەفلاتون و فەلسەفەکەی بکەین، وا باشترە بەرچاورووننییەکمان لەسەر شاری سپارتا هەبێت، چونکە سپارتا لە دوو لاوە کاریگەری بەسەر ئەفلاتون و تەواوی بیرو هزری یۆنان هەبووە، یەکێکیان واقیعییەت و دووەمیشیان ئەفسانەگەراییە.ئەمە واقیع بوو سپارتاییەکان لە جەنگدا ئەسینایان شکاندو لەناو فەلسەفەی ئەفلاتون و ئەوانی دوای ئەفلاتون لە ئەسینا دەرکەوتن، ئەم جەنگ و تێکشکانە رەنگیدایەوە، ئەفسانەش کاریگەری بەسەر فەلسەفەو تیۆری سیاسی ئەفلاتون و ئەوانی دوای ئەو هاتن.

سپارتا پایتەختی ویلایەتەکانی لاکۆنیا بووە، کە کەوتبووە ناوچەی باشووری رۆژهەڵاتی پلۆپۆنیسۆس و لەم دەڤەرەدا باڵادەست بوون و بەهۆی هێرشەکانیانەوە دەستیان بەسەر ئەو ناوچەیەدا گرتبوو،خەڵکەکەشیان کردبوو بە کۆیلەی خۆیان،ناویان لەو کۆیلانە نابوو (هلۆت).سپارتاییەکان هەموو کارو هەوڵدانیان بۆ خزمەتکردنی کاری

سەربازی بوو، تەنانەت ئەم هەموو زەوییەی دەستیان بەسەردا گرتبوو، نەیاندەکێڵا، چونکە لە لایەک کاری سەربازییان بەلاوە گرنگتر بوو، لە لایەکی دیکەیشەوە، وایاندەزانی ئەگەر کاری کشتوکاڵی بکەن و خۆیان بە زەوی و زارەوە خەریک بکەن، ئەوا لە ئاستی باڵایی ئەوان کەمدەبێتەوە. چ کۆیلەکان کە بەسەر سپارتاییەکان دابەشکرابوون، چ زەویوزارەکان کە بە هەمانشێوە دابەشیانکردبوو لە نێوان خۆیان، کڕین و فرۆشتنی لەسەر نەدەکرا، تەنانەت زەوییەکان لە باوکەوە بۆ کوڕ دەبوو بە میرات.

کاری سەرەکی و بنەڕەتی خەڵکی سپارتا بەرپاکردنی جەنگ و داگیرکاری بوو،تەنانەت منداڵەکانیشیان هەر زوو بۆ شەڕ رادەهێنا. منداڵەکان تا نزیکەی دەگەیشتنە (20) ساڵی،هەموو پەروەردەکردن و راهێنانێکیان بۆ ئەنجامەدا، تا بتوانن بەرگەی ساردی و گەرمی و رۆژانی سەخت بگرێت،هەوڵی ئەوەیان نەدەدا منداڵەکانیان فێری زانست و پەروەردەیەکی مەدەنی بکەن. مرۆڤ لە تەمەنی (30) ساڵی دەبوو بە هاووڵاتییەکی سپارتایی تەواو،ئاستی بژێوی خەڵکەکە تا رادەیەکی زۆر لە یەک نزیک بوو، دەوڵەمەندی زۆر گەورە یان هاووڵاتی زۆر هەژاری سپارتایی کەم بوون، چونکە بژێوی و داهاتی هەر خێزانێک بەو پارچە زەوییەوە بەسترابۆوە کە خاوەنی بوو. زێڕو زیو تا رادەیەک دەتوانین بڵێین لای هاووڵاتی سپارتایی نەبوو.تا رادەیەکی زۆر شێوەی ژیانی خەڵکی سپارتا سۆشیالیستانەو ئیشتراکی بوو،چونکە هەموویان بە یەکەوە لە سالۆنە گشتییەکاندا خواردنیان دەخوارد،هەموو کەس نانی خۆی دەخواردو شەوان بە برسێتی نەدەمانەوە،ئاستی بژێوی خەڵکەکە لە یەک نزیک بوو،هەر کەسەو بەشی خۆی لە سامانی گشتی هەبوو، هەرکەس بەقەد تواناو کارامەیی خۆی بەشەکەی خۆی لەو سامانە گشتییە دەبرد و هەر

کەسەو بە گوێرەی پێداویستییەکانیشی هاوکاری و یارمەتی دەدرا،کەس بۆی نەبوو ببێتە خاوەن زێڕو زیوو شتە گرانبەهاکان،بۆئەوەی جیاوازییەکی گەورەی چینایەتی لەنێوان خەڵکی سپارتا دروست نەبێت، تەنانەت سکە لە ئاسن دروستکرابوو،بۆئەوەی کەس نەتوانێ ئەو کانزایە کە زۆر قورسە لەماڵەوە لەسەر یەکتری دابنێ. هەندێجار دەوترێ مارکس سوودی لەو شێوە ژیانەی سپارتاییەکان وەرگرتووە بۆ دارشتنی تیۆری سۆسیالیستی. ئەمشێوە ژیانەی سپارتاییەکان ئەگەرچی تا رادەیەک جۆرێک لە یەکسانی تێدا جێگیر ببوو، بەڵام شێوە ژیانێکی زۆر دڕندانە بووە، هەمیشە خەریکی پەلاماردان و شەڕکردن بوون،منداڵەکانیشیان هەر بۆ شەڕ رادەهێنا.سپارتا وای لێهاتبوو، هەموو دانیشتوانەکەی بریتی بوون لە سوپایەکی شەڕوان و چەکدار،بە چاوی دوژمنیش لە بێگانەیان دەڕوانی.تەنانەت هاتوچۆی دۆستانەیان لەگەڵ هیچ کام لە وڵاتانی دراوسێ نەبوو،تێکەڵی هیچ کۆمەڵگایەکی دیکەیش نەدەبوون،هیچ باکیان بە ئەدەب و هونەرو مۆسیقا نەبوو،تاکە هونەرێک کە بەلایانەوە گرنگ بوو، هونەری سەربازی و هونەری شەڕکردن بوو.

خاڵی سەرنجکێش ئەوەیە هاوڵاتی سپارتی جۆری پەروەردەو فێرکردنی کوڕو کچەکانیان تا رادەیەکی زۆر لەیەکدەچوو، بۆنموونە کوڕو کچەکانیان بە رووت و قووتی و پێکەوە وەرزشیان دەکردو ئەم کارەش لایان زۆر ئاسایی بوو. ئیتر کچەکانیشیان بەهۆی وەرزش و تیرهاویشتنەوە جەستەی خۆیان بەهێزتر دەکرد، مەبەستیشیان لەم جەستە بەهێزییە ئەوەبوو منداڵ لە جەستەیەکی بەهێزەوە لە دایک ببێ نەک لە جەستەیەکی لاواز.تەنانەت جەستەی بەهێز باشتر دەتوانێ بەرگەی ئازارو ژانی منداڵبوون بگرێ. جێگای سەرنجە ئەو کوڕو کچانەی لە کاتی وەرزشکردن و راکردندا خۆیان

رووتدەکردەوە هیچ گرفتێک روونەدەداو زۆر بە ئاسایی وەردەگیرا.لەم رووەوە تا رادەیەکی زۆر خەڵکی سپارتا بە داوێن پاک ناودەبردرا. بەڵام جاری واش هەبووە، کاتێک تاجی پاشایەتیان لەسەری کەسێک ناوە، قەبووڵیان نەکردووەو وتوویانە ئەم کەسە زۆڵە، زۆڵیش مافی بوونە پاشایی نەبوو. بەڵام هەندێ سەرچاوەی تر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە (ئەگەر پیاوێکی پیر ژنێکی گەنجی هەبوایەو رێگای بە پیاوێکی گەنج بدایە بۆ ئەوەی ژنەکەی منداڵی لەو پیاوە گەنجە ببێت، ئەوا خەڵکی سپارتا لۆمەیان نەدەکرد، هەروەها ئەگەر پیاوێک ژنی پیاوێکی دیکەی خۆشبویستایە ئەوا دەیتوانی داوا لە مێردی ئەو ژنە بکات کە شەوێک لەگەڵ ژنەکەی بخەوێت چونکە خۆشیدەوێت، بۆئەوەی ئەو ژنە منداڵێکی جیاوازترو جوانتری ببێت)، چونکە لە سپارتادا خۆشەویستی نێوان کچ و کوڕ زۆر ئاسایی بوو، تەنانەت بە جۆرێک لە بەرنامەی پەروەردەیی دادەنرا. وەک ئەرستۆش باسیکردووە ژنانی سپارتا تا رادەیەکی زۆر مافیان پارێزراو بوو، باڵادەستیش بوون، پیاوەکان بۆیان نەبوو بیانچەوسێننەوە.تەنانەت دوو لەسەر سێی زەوییەکانیشیان هی ژنان بووە.لە شەڕو کوشتارەکانیشدا کاتێ رۆڵەکانیان دەکوژرا، نە بۆی دەگریان و نە خەمیش دایدەگرتن. بەڵام گرفتی سپارتاییەکان ئەوەبوو کاتێ دەجەنگان تەنیا لە پێناوی سپارتا بوو نەک یۆنان، تەنانەت چەندین جار هێرشکراوەتە سەر یۆنان، کەچی سپارتاییەکان هیچ وەڵامێک و مقاومەتێکیان لە بەرامبەر ئەو هێرش و دەستدرێژیکردنە بۆ سەر یۆنان نیشان نەداوە. بەڵام بەهۆی ئەم هەموو شەڕو کوشتارەوە دەڵێن سەردەمێک سپارتا ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی (10000)دە هەزار

کەیێک بووە، کەچی کاتێ بۆ دواجار شکستیان هێناله ساڵی 371 پ.ز ژمارەی دانیشتوانی شاری سپارتا هەزار(1000) کەسیش کەمتر بووە.

ئەنجوومەنی دەوڵەتی سپارتا ئاڵۆز بوو،دوو پاشا لە دوو گرووپی جودای سپارتادا دەسەڵاتیان بە دەستەوە دەگرت و، جۆری رژێمەکەش پاشایی و بۆ ماوەیی بوو،خواردنی پاشاکان دوو ئەوەندەی خواردنی خەڵکی دیکەی ئاسایی بوو، ئەگەر یەکێک لەم دوو پاشایە بمردایە پرسەو ماتەمینی گشتی رادەگەیەنرا.هەردوو پاشاکە ئەندامی ئەنجوومەنی پیران بوون کە ژمارەیان(30)سی کەس بوو، (28)ئەندامەکەی تری ئەنجوومەنی پیران دەبوو تەمەنیان لەسەرووی(60) ساڵی بوایەو لەبنەماڵەیەکی ئەرستۆکراتیش بوونایە. ئەو ئەندامانە لە کۆی دانیشتوانی سپارتا پێکهاتبوون و هەموو یاسایەک لەو ئەنجوومەنەوە دەردەچوو لەسەر پێشنیاری خەڵک، بەڵام هەر بڕیارێک کە دەردەچوو دوور بوو لە میزاج و بەرژەوەندی کەسی ئەندامان بەڵکو لە راستیدا نوێنەری راستەقینەی خەڵکی سپارتا بوون. دانانی ئەم ئەنجوومەنەو چەندین ئەنجوومەنی دیکەو لیژنەیەکی(5) کەسی بەناوی چاودێر بەسەر بەڕێوەچوونی کاروبارەکانەوە، هەموو ئەمانە کە سیستەمی دەوڵەتی سپارتایان پێکدەهێنا لە ئەنجامی گەشەیەکی لەسەرخۆ و هێمنانەوە دروست بووە. بەڵام ئەرستۆ دەڵێت ئەو چاودێرانە لە خەڵکی زۆر هەژار پێکهاتبوون، بۆیە بەرتیلیان وەردەگرت.

لە راستیدا سپارتا بەر لەو مێژووەی باسمان کرد، بنکەو ناوەندی پێگەیاندنی شاعیرو هونەرمەندان بوو، بەڵام سپارتاکان هەموو شتێکیان بە قوربانی جەنگ و شەڕ کرد، لە ئەنجامدا سپارتا بوو بە وڵاتێکی بێ فەڕ و وێران و نەیتوانی هیچ بەشداریکردنێک لە پێشکەوتن و گەشەکردنی یۆنانییەکان ببینێ. لە کاتێکدا سپارتا یەکێک لە شارە هەرە جوانەکانی

یۆنان بووە. بەڵکو ئەوەی ئەوان پێشکەشیان کرد قارەمانێتی بوو لە بەرامبەر شکست، تەنانەت سپارتاییەکان ئەگەر یەکێکیان لە بەرەکانی شەڕ بدۆڕابایەو نەکوژرابایە بە پیاوێکی ترسنۆکیان دا دەنا، بۆیە دەبوو مقاومەت بکات تا دەکوژرێ، ئەم شەڕوشۆڕە بەردەوام بوو، دەیان شەڕی مێژوویان بە درێژایی ئەو مێژووەیان تۆمارکرد، تەنانەت شەڕی وا هەبووە، تەنیا یەک کەسیان لە شەڕەکە قورتار بووە، وەکوو شەڕی (تێرمۆپیل 480پ.ز) بەڵام خەڵکەکە بە چاوێکی سووک سەیری ئەو تاکە کەسەیان کردووەوچونکە نەکوژراوە، لە کاتێکدا ئەو کەسە قورتار بووە، باری تەندروستی تەواو تێکچووبوو نەیتوانیبوو ئیتر مقاومەت بکات. ئەم شەڕو جەنگە مێژووییانە بەردەوام بوو تا ساڵی (371 پ.ز) کە شکستێکی بێوێنەیان خوارد و کۆتاییان بە دەسەڵاتی سەربازی سپارتاییەکان هێنا.

### کەسایەتی ئەفلاتون

ئەفلاتون لەساڵی (427پ.ز) لە شاری ئەسینا لە خێزانێکی ئۆرستۆکراتی دەسەڵاتدارو پارەدار لە دوورگەی (ئەگینا) لەدایکبووە.دوای لەدایکبوونی ئەفلاتون حێزانەکەی دەگەڕێنەوە شاری ئەسیناو لەوێ جێنشینبوون. باوکی ئەفلاتون (ئەریستۆن) بە بنەچە بۆ خێزانی یەکێک لە پاشاکانی ئەسینای سەدەی یازدەی پێش زایین دەگەڕێتەوەو، دایکیشی (پێرستیۆن)لە بنەماڵەی سۆلۆن کە یاساسازی گەورەی یۆنان بووە.ئەم خێزانە چوار منداڵیان بووە، ئەفلاتون منداڵی سێیەم بووە،دوو براگەورەکەی ئەفلاتون کە ناویان (ئەدیمەننتۆس)و (گلاوکۆن)بوو، ئەفلاتون دەیانکاتە پاڵەوانی دیالۆگی کۆمار کە لەگەڵ سوکرات لەسەر کێشەی دادوەری دەیانخاتە گفتوگۆوە.ئەفلاتون خوشکێکیشی بەناوی (پۆتۆن)

هەبوو،کوڕی ئەو خوشکەی کە ناوی (سپیۆسیپۆس)بوو، زۆر لە ئەفلاتونی خاڵی نزیک بووە،بە تایبەت ئەفلاتون کە ژن و منداڵیشی نەبووە. هاوکات ئەو کوڕی خوشکەی یەکێک بووە لە قوتابییەکانی ئەکادیمیا کە ئەفلاتون دایمەزراندبوو، ئەکادیمیا بۆ ئەوکاتە وەکوو زانکۆیەک وابوو،کە پیاوەکانی بۆ سیاسەت ئامادە دەکردو دوای تەواوکردنی خوێندنیان لەو زانستگایە (ئەکادیمیا)،پیاوەکان پەیڕەوی بنەماکانی ماف و دادپەروەری و چاکسازی کۆمەڵگایان دەکرد.دوای ئەفلاتونیش ئەو خوارزایەی ئەکادیمیای بەڕێوە دەبرد.

ئەفلاتون بە درێژایی ئەو(80) ساڵەی ژیاوە، چوارجار لە ئەسینا چۆتە دەرەوە، لە ژیانێکی ئاڵۆزو سەختدا ژیاوە، (3)ساڵ پێش لەدایکبوونی، واتا ساڵی (431پ.ز)شاری ئەسیناو سپارتا رووبەڕووی شەڕێکی زۆر خوێناوی بوونەتەوە بەرامبەر بە یەکتری کە ئەو شەڕە نزیکەی(27)ساڵی خایاندووەو شەڕەکە ناوی لێنراوە (پیلۆپۆنیسیاPeloponnese)ساڵی 404پ.ز. ئەسینا بنکەی شارستانیەت بوو بەڵام تووشی رووخان و شکستێکی گەورە بووەوەو لەبەرامبەر سپارتاییەکاندا رووخا.ئەو کاتەی ئەسینا رووخێنرا ئەفلاتون تەمەنی(23)ساڵ بووەو ئەو تێکشکانە رامیاری و سەربازییەی ئەسینای بینیوە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەژاری و پەتا (تاعون)و ناشیرینکردنی سیمای شارە جوانەکەی و رەزیل بوونی هاووڵاتیانی ئەسینا بۆ هۆی ئەم شەڕە درێژخایەنەوە،هەموو ئەمانە کاریگەری راستەوخۆی هەبووە لەسەر بیرکردنەوەی ئەفلاتون وتەنانەت ئەم رووداوانە ئەفلاتونیان بە ئاراستەی سیسەتدا پەلکێشکردوو ئەنجام ئەو دیالۆگانەی ناو کۆماری لێکەوتەوە کە هەڵوێستی رەخنەگرانەیە بەرامبەر بەو رژێمانەی ئەو سەردەمە.

ئەفلاتون ناوی خۆی (ئەرستۆکلیس)بووە، ئەفلاتون ی کردووە بە نازناو بۆ خۆی.ئەفلاتون واتە پیاوێکی تێکسمڕاوی چوارشانە،وادیارە ئەفلاتون خۆیشی پیاوێکی باڵابەرزو هەندێ شان و شەوکەتی پان و پۆڕ بووە.دەگێڕنەوە گوایا ئەو فێرکارەی کە یاری و وەرزشی بە ئەفلاتون کردووە، ئەم ناوەی بە باڵادا بڕیوە. بەڵام کەسایەتی ئەفلاتون پێچەوانەی بەژن و باڵای، کەسایەتییەکی هێمن و زۆر لەسەرەخۆو دەنگیشی زۆر نزم بووە، لە تەمەنی دوو ساڵان دەبێت کە باوکی دەمرێت،دایکیشی شووی بە خاڵی خۆی کردۆتەوە کە ناوی (پیریلەمپس)بووە،کوڕێکیشی لێیدەبێت. بەڵام خێزانی ئەفلاتون دەوڵەمەندو هەروەها دەسەڵاتداریش بوون،بۆیە ئەفلاتونیش زوو خراوەتە بەر خوێندن و فێربوون و شیعرو ماتماتیکی خوێندووە ئینجا وەرزش و مەشقی سەربازیشیان فێرکردووە.

لە تەمەنی بیست ساڵیدا،واتا ساڵی 407پ.ز ، ئاشنایەتی لەگەڵ سوکرات دەکات‌ـ سوکراتیش تەمەنی 63 ساڵ بووە ئەوکاتەو ئیتر ئەفلاتون واز لە شیعر نووسین و هونەری شێوەکاری دەهێنێت و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەهۆی ئاشنابوونی لەگەڵ سوکرات ڕوودەدات. واتا سوکرات یەکەمین کەس بووە کە کاریگەری فەلسەفی و تەنانەت سیاسیشی بەسەر ئەفلاتوندا جێهێشتووە، ئەگەرچی ئەفلاتون تەنیا نزیکەی هەشت(8)ساڵ توانی هاوڕێیەتی سوکرات بکات و سوکرات ڕووبەڕووی ژەهرخواردن کرا.بەڵام کاریگەری سوکرات نەک هەر بەسەر ژیان و بیرکردنەوەی ئەفلاتون دا پۆشرابوو، بەڵکو بەرهەم و نووسینەکانیشی سوکرات پاڵەوانی زۆربەی دیالۆگەکانێتی و ناوەندی دەربڕینە فەلسەفەکەیەتی. ئەفلاتون دوای مەرگی سوکرات دەچێتە لای (کراتیلۆس)و درێژە بە گرنگیدانی بە خوێندنی فەلسەفە دەدات. بەڵام لەدوای مەرگی سوکرات ،ئەفلاتون لەگەڵ

چەند هاوڕێیەکی ئەسینا جێدێلن و روودەکەنە مالّی (ئەکلیدسی)هاوڕێیان لە میگارا.چونکە ژیانی ئەویش دەکەوێتە بەر مەترسی. (ئەکلیدسی) قوتابی سوکرات بووەو لە کاتی ژەهرخواردنەوەکەی سوکراتیشدا ئەکلیدسی سەردانی زیندانی کردبوو.ئەفلاتون ماوەیەک لای ئەو قوتابییەی سوکرات دەمێنێتەوەو دواتر روو لە ئیتالیا دەکات و پاشانیش دەچێتە میسر.بەڵام ئەم ماوەیەی لە ئیتالیا ژیاوە ژیانێکی پڕ لە دەردەسەری بووە بۆ ئەفلاتون، تەنانەت کردوویانە بە کۆیلەو فرۆشتوویانە، بەڵام ئەو کەسەی کڕیویەتی زانیویەتی ئەوە ئەفلاتونە بۆیە بۆ ئازادکردنی کڕیویەتی. ئەم دوورکەوتنەوەیەی ئەفلاتون لە ئەسینا بۆ میگارا و لەوێوەش بۆ ئیتالیاو ئینجا بۆ میسر دوازدە سالّ دەخایەنێت، ئینجا ئەفلاتون دەگەڕێتەوە ئەسینا.چونکە وردە وردە توندوتیژی بەرامبەر شوێنکەوتوانی سوکرات کەمترو هێمنتر ببووەوە. ئەفلاتون سێزدە سالّ دوای هاتنی فلیب (باوکی ئەسکەندەری مەکدۆنی)مردووە، تەرمەکەیشی لە نێو باخچەی ئەکادیمیا نێژراوە،ئەو ئەکادیمیایەی بە هۆی (ئەنیسیریس)ەوە بوو،کاتێ پارەی بەخشی بۆ کڕینەوەی ئەفلاتون و رزگارکردنی لە کۆیلایەتی، دواتر (دیۆن)ی هاوڕێی نزیکی ئەفلاتون و هاوڕێکانی دیکەی ئەو پارەیە بۆ (ئەنیسیریس)دەگەڕێننەوە بەڵام وەری ناگرێت و باخچەیەک بۆ ئەفلاتون دەکڕێت، ئەفلاتونیش لە ناو ئەم باخچەیەدا یەکەم فێرگەی فەلسەفی لە مێژووی رۆژئاوا بە ناوی ئەکادیمیا دادەمەزرێنێت، کە دواتر هەر بە ناوی ئەکادیمیای ئەفلاتون ناوی رۆیشتبوو. ئەم چەند دێڕەش لەسەر کێلی گۆڕەکەی نووسراوە:

لێرەدا لاشەی ئەریستۆکلیس ئەو مرۆڤەی لە خوا دەچێت نێژراوە، لەنێو کۆمەڵدا بە دادوەر و خاوەن ژیانێکی مامناوەند ناسراوە،کەسێکە ستایشی

بۆ زانین کردووەو گەورەییشی لە ژوور حەسوودییەوە بووە.زەمین لاشەی ئەفلاتونی لە باوەش گرتووەو گیانی نەمریشی گەیشتۆتە شوێنێکی دیکە، هەموو کەسێکی چاک بە رێزەوە ناوی کوڕی ئەریستۆن دەهێنن چونکە ژیانێکی پیرۆزی هەبوو.

## کارەکانی ئەفلاتون

رەنگە یەکێک لە کارە هەرە مەزن و گرنگەکانی ئەفلاتون، دامەزراندنی ئەکادیمیا بێت، کە نزیکەی(900)نۆسەد ساڵ ئەو ئەکادیمیایە بەردەوام بوو، تا ئەو رۆژەی رژێمی سیاسی ئایینی دەرگای ئەکادیمیای بۆ یەکجاریی داخست، بەڵام ماوەی ئەو (900)ساڵە، ئەکادیمیا ناوەندێکی زۆر گرنگی فێرکردن و گەشەکردنی بیرکردنەوەی فەلسەفی بووەو کاریگەری زۆری بەسەر هزرڤانانی رۆژئاوایی جێهێشتووە.تەنانەت کاریگەری ئەفلاتونیش بە داخستنی ئەکادیمیا کۆتایی نەهات بەڵکو تا ئەمڕۆش زۆربەی فەیلەسوفەکانی رۆژئاوا لە دامێن و لە پەراوێزی ئەفلاتونەوە فەلسەفە دادەهێنن. بەمجۆرە ئەکادیمیا یەکەمین زانستگە بووە لە ئەورووپا بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی،کە کەوتبووە بەشی باکوری رۆژهەڵاتی ئەسیناو لەناوەندی شار نزیکەی هەزارو سەد دووسەد مەتر دوور بووە. درەختی زەیتوونی زۆریان لێی ناشتبوو،هەر ئەوکاتە قوتابیانی ئەکادیمیا سوودیان لە رۆنی زەیتونەکە وەردەگرت.

ئەفلاتون یەکێکە لەچوار فەیلەسوفە بەناوبانگەکەی سەردەمی کۆن کە ئەوانیش ئەرستۆ Aristote ئیپیکتیت Epictete ئەفلۆتینPlotin بوون،کە نووسینەکانیان پارێزراون پێچەوانەی فەیلەسوفەکانی پێشووتر کە نووسراوێکی ئەوتۆیان لێ بەجێنەماوە، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەفلاتون

بەناوبانگترینیانە. نووسینەکانی ئەفلاتون بریتین لە 35 دیالۆگ و 13 نامە و لەگەڵ کۆمەڵێک پێناسە. قۆناخی یەکەمی کارەکانی بۆ سەردەمی گەنجێتی دەگەڕێتەوە کە سالانی 399 – 390 پ.ز دەگرێتەوە،ئەم قۆناخە کاتی ناسین و ژەهرخواردکردنی سوکرات دەگرێتەوە، تا ئەوکاتەی ئەسینا جێدەهێڵێت و روو دەکاتە میگارا.کە چەندین دیالۆگی گرنگی لەخۆ گرتووە ، بەناوبانگترین و دەوڵەمەندترین دیالۆگی فیکری ئەم قۆناخەی بریتییە لە دیالۆگی پرۆتاگۆراس،کە ئاڵۆزییەکی فیکری خەستی بەخۆوە گرتووە. قۆناخی دووەمی سالانی 390 – 385پ.ز دەگرێتەوە، ئەوکاتەی لە میگارا ژیانی دەبردە سەرو رووداوی مردنی سوکرات تەواو کاریتێکردبوو.بۆیە ئەم قۆناخە نووسینەکانی ئەفلاتون رەنگدانەوەیەکی چڕی لە ژێر کاریگەری فیکرو فەلسەفەی سوکراتدا بووە، کە جارێکی دیکە و بە شێوەیەکی دیکە سوکرات بە خەڵکی دەناسێنێتەوە، لەگەڵ تێکەڵکردنی بە فیکری ئەفلاتون خۆی کە لە دیالۆگی مینون Menon بە روونی دەردەکەوێت. قۆناخی سێیەمی ئەفلاتون بۆ سالانی نێوان 385 – 370پ.ز دەگەڕێتەوە، کە گەورەترین و درێژترین دیالۆگی بەخۆوە گرتووە،ئەم قۆناخەی ئەفلاتون زۆر گرنگە چونکە قۆناخی پێگەیشتن و پشکوتنی فیکرو فەلسەفەی ئەفلاتون دەردەخات.واتا ئەگەر قۆناخی یەکەمی ئەفلاتون زیاتر بەهرەی هونەری و ئەدەبیً بووبێت، ئەوا قۆناخی دووەمی قووڵبوونەوەی فیکری بووە، کەواتا قۆناخی سێیەمی تێکەڵکردنی هەردوو قۆناخی یەکەم و دووەمی بوو چ لە شێوازی هونەری و چ لە فەلسەفەو تێفکرینی،بۆیە ئەم قۆناخە قۆناخێکی بەرزو بالابوو لە تێڕوانینی ئەفلاتون بۆ کێشەکانی ژیان.لەم قۆناخەیدا بوو کە بابەتی میتافیزیکای خۆشەویستی خستە ناو دیالۆگەوەو هەوڵیداوە پەیوەندی نێوان هەستی مرۆڤ بۆ جوانی لەگەڵ مەعریفەی ئەقڵ بەیەکە

ببەستێتەوە .ئەمە جگە لە پرسی ئاکار لە دیالۆگی فیلییوس و پرسی فیزیا لە دیالۆگی تیماوس و پرسی سیاسەت لە دیالۆگی کۆمار خستوونیەتە روو. بەڵام قۆناخی چوارەمی ئەفلاتون بریتییە لە ماوەی ساڵانی نێوان 370 – 348پ.ز کە قۆناخی پیربوونی ئەفلاتونە .لەم قۆناخەشیدا چەندین دیالۆگی دیکەی ورووژاندووە بەتایبەت رەخنەکانی لەسەر هیراکلیتس و پرۆتاگۆراس. باسمان کرد قۆناخی یەکەمی ئەفلاتون نیشاندان و دەرکەوتنی بەهرەی ئەدەبی بوو، بەڵام قۆناخی دووەمی قۆناخی بونیادنانی فیکرو بە پیت و بەرەکەتی فیکر بوو لە ژیانی ئەفلاتون،قۆناخی سێیەمیشی بەستنەوەی ئەم دوو قۆناخە بوو بەیەکەوە، کە ئەنجام داهێنانێکی گەورەی لێ هاتە بەرهەم. چونکە ئەفلاتون بوو بە یەکەم فەیلەسوف کە بۆچوونە فەلسەفییەکانی خۆی بە شێوەیەکی هونەریو بە شێوەی پەخشانئامێز نووسیوەتەوە .هەموو ئەوانەی پێش ئەفلاتون لە ژێر کاریگەری هۆمیرۆس و هیزیۆدا بە شیعر نوسیویانە،شیعرەکەی پارمەنیدس لەسەر سروشت یان شیعرەکانی ئەمپادۆکلیس نموونەی ئەو شێوازە کۆنەن.بەڵام قۆناخی چوارەمی ئەفلاتون کە قۆناخی پیربوونییەتی، بریتییە لە قۆناخی ئارامی و جێگیری ئەفلاتون، چونکە ئەفلاتون لەم هەموو هەڵاتن و کۆچ و سەفەرکردنانەی تەواو ببوو، لە ئەکادیمیا وانەی دەوتەوەو خزمەتی دەکرد،واتاپیادەو پەیرەوی فیکری دەکرد بە هێمنی وەک گەورەترین مامۆستای ئەو سەردەمە. وتمان هەموو نووسینەکانی ئەفلاتون بە شێوەی دیالۆگ دارێژراوە،کە ژمارەیان (35)سی و پێنج دیالۆگە،جگە لەدوو وتار بەناوی (سنوور)و (خێر)لەگەڵ ئەو سێزدە نامەیەی کە بە شێوەی دیالۆگ نییەو کۆتاییشی بە کتێبە مێژووییەکەی هێناوە کە بە ناوی کۆمار بڵاوبۆتەوە. ئەفلاتون لە هەموو دیالۆگەکانی سوکراتی کردۆتە پاڵەوانی

دیالۆگەکان. لە زۆربەی دیالۆگەکانداگفتوگۆ لە نێوان سوکرات و کەسێکی دیکەیە، هەندێجار یەکێکی تریش بەشداری پێدەکرێ لە دیالۆگەکاندا بەڵام بە گشتی سوکرات پاڵەوانی گفتوگۆکانە.ئەمەش بۆ کاریگەری سوکرات دەگەڕێتەوە لەسەر ئەفلاتون، هەر لەبەر ئەوەش بوو ئەفلاتون نووسینە فەلسەفییەکەی خۆی بە شێوەی دیالۆگ دارشتووە.

**فەلسەفەی ئەفلاتون**

سوکرات هەوێن و ناوەندی فەلسەفەی ئەفلاتونە.هەر بۆیە ئەفلاتون ویستوویەتی بەهۆی سوکراتەوە، فەلسەفەکەی خۆی بخاتە روو، کاریگەری سوکرات لە سەری بە جۆرێک بووە،تەنانەت فەلسەفەکەشی بە دیالۆگ خستۆتە روو، ئەمەش بۆ سوکرات دەگەڕێتەوە کە هەموو فەلسەفەکەی خۆی بە پرسیارو وەڵام (دیالۆگ)بوو، ئەم دیالۆگانەیشی نەنووسییەوە، تەنها بە قسە بوو، ئەفلاتون هات جارێکی دیکە سیماو ناوەڕۆکێکی دیکەی بە سوکرات بەخشی. ئەفلاتون قوتابی سوکرات بوو، لە تەمەنی بیستساڵییەوە بە سوکرات ئاشنا بوو، لە تەمەنی (28) ساڵیدا بوو،کە سوکرات پەلکێشی دادگا کراو، دادگا فەرمانی مردنی بەسەردا سەپاند، ئەم بڕیارەی دادگاو دواتر ژەهرخواردنەکەی سوکرات، بۆ ئەفلاتون ئەوەندە کاریگەر بوو،بە جۆرێک ئەو ژەهر خواردنە کەسایەتی ئەفلاتون و تێڕوانینی بۆ ژیان، سەرلەنوێ بوو بە کەسایەتییەکی دیکەو بوو بە تێڕوانینێکی دیکە بۆ ژیان. واتا ئەفلاتون چۆن کەسایەتییەکی نوێی بە سوکرات بەخشی، ئاوەها سوکراتیش کەسایەتییەکی نوێی بە ئەفلاتون بەخشی. ئەفلاتون پێیوابوو سوکرات گەورەترین کەسایەتی فیکریی سەردەمەکەیەتی.

فەلسەفەکەی ئەفلاتون بریتییە لەو دیالۆگانەی کە ژمارەیان (35) دیالۆگە لەگەڵ (13)نامە. کە ئێستا هەموو بەرهەمەکەی بەناوی یەکێک لە بەناوبانگترین دیالۆگەکانی کە ناوی (کۆمار)بوو، کتێبەکەی ئەفلاتون بەو ناوە (کۆمار)ناونراوە.

فەلسەفەکەی ئەفلاتون چەندین پرسی زۆر گرنگی ورووژاندووەو بە پێی بیرو لێکدانەوەکانی ئەوکاتە، ئەفلاتون لێکیداوەتەوە، گرنگترین ئەو پرسانە، دادپەروەری، دیموکراسی، پەروەردە، بەختەوەری...هتد. زۆربەی دیالۆگەکانی ئەفلاتون گفتوگۆیە لە نێوان سوکرات و کەسێکی دیکەدا، بەڵام ئەفلاتون لە دوا دوا تەمەنی ژیانی کەمتر سوکراتی کردووە بە پاڵەوانی دیالۆگەکانی، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین رەنگە بە درێژایی مێژوو، هیچ قوتابییەک بە قەد ئەفلاتون لە خزمەتی مامۆستاکەی خۆی کە سوکرات بووە نەبووبێت. ئەوەتا ئەرستۆ قوتابی ئەفلاتون بوو، کەچی کەوتە بەر رەخنەگرتن لە ئەفلاتون.

ئەوەی ئەفلاتون لە فەیلەسوفەکانی پێش خۆی جودا دەکاتەوە، ئەوەیە ئەفلاتون سوودی لە هەموو فەیلەسووفەکانی پێش خۆی وەرگرتووەو هەوڵیداوە هەر یەک لە فەیلەسووفەکان بە شێوەیەکی نوێوە خوێندنەوەیەکی بۆ بکات، هەر لە فەیلەسووفەکانی قوتابخانەی سروشتی ئایۆنی تا قوتابخانەی سۆفستاییەکان و فیساگۆرس و هیراکلیتس و پارمەندیس و...هتد. کەسایەتییەکی نوێتری لە رووی فیکرو فەلسەفەوە بەبەردا کردوونەتەوە ، بۆیە ئەفلاتون بە جۆرێک لە جۆرەکان واتا سەرەتای سەرهەڵدانی فەلسەفە لە یۆنان تا سەردەمی ئەفلاتون، هەموو فەلسەفەی پێش خۆی باسکردووەو سەرنجی لێگرتووەو خوێندنەوەیەکی نوێتری بۆ کردووە.واتا بەبێ زانینمان لە فەلسەفەکانی هیراکلیتس و

پارمەندیس و سوکرات و..هتد ئەستەمە بتوانین لە ئەفلاتون بگەین.چونکە وەک وتم ئەفلاتون چڕ بوونەوەی هەموو فەلسەفەی پێش خۆیەتی لە یۆنان تا سەردەمی خۆیشی. خاڵێکی دیکە ئەوەیە ئەفلاتون لە سەرەتای لاوێتی شاعیر بووە، لە یۆنانیش تەنیا شاعیر زۆر هەبوون، بۆیە لە دیالۆگەکانی سەرەتاییشیدا فەلسەفەی ناو دیالۆگەکانی بە زمانێکی شیعری رەنگرێژ کردبوو،بەڵام وردە وردە کە تەمەنی بەرزدەبێتەوە، ئەو مۆرکە شیعرییەش کاڵترو کاڵتر دەبێتەوە. لە دیالۆگەکانی (کۆمار) یان (یاساکان) زمانی شیعری ئەفلاتون نەماوەو زمانێکی فەلسەفی رەوانی بەکارهێناوە.واتا کاتێ دیالۆگی (کۆمار)ی نووسیوە، ئەفلاتون قۆناخی سەرەتایی لە دیالۆگەکانی بڕیوەو لە قۆناخی گواستنەوەدا بووە. وا پێدەچێ دیالۆگی (یاساکان)یشی لە قۆناخی دوا دوایی تەمەنی نووسیبێت. قۆناخی دوا دوایی تەمەنیدا، ئەفلاتون لە رێگای دیالۆگەکانییەوە، دوور لە زمانی شیعرو ئەدەب سیستەمێکی فەلسەفی و ئۆنتۆلۆجی و ئەپستمۆلۆجییەکی نوێی داهێناوە، کە لە ناویدا بۆچوونە سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانی دەربڕیوە.من پێموایە ئەو قۆناخەی ئەفلاتون هەموو کاریگەرییەکی ئەدەبی و عاتیفی بەسەردا نەماوەو قۆناخی ئەقڵانییەتی ئەفلاتونە، هەر لەم قۆناخەشیدایە سوکرات کەمتر رۆڵی سەرەکی لە دیالۆگەکانی بینیوە، تەنانەت لە هەندێک لە دیالۆگەکانیدا هەر باسی سوکراتی نەشکردووە، بۆ نموونە لە دیالۆگی یاساکان.

ئەفلاتون زۆرترین سوودی لە بۆچوونە فەلسەفییەکانی هیراکلیتس، پارمەندیس،سوکرات وەرگرتووە،دیارە ئەفلاتون سوودی لە بۆچوونە فەلسەفییەکانی دیکەی فەیلەسووفەکانی دیکەش وەرگرتووە، بۆ نموونە لە ساڵی 388 پ.ز بۆ باشووری ئیتالیا کۆچی کردووەو لەوێ تا رادەیەکی

باش ئاشنایەتی لەگەڵ حکومەتی فیساگۆرسی دروستکردووەو تەنانەت لە رووی نرخاندنی ژمارەو ماتماتیکدا کاریگەری فیساگۆرسی بەسەرەوە دیارە، هەر لەوێش پاشا (دیونی زیۆس)ی ناسی و ئاشنای یەکدی بوون، ئەگەرچی ئەنجامەکەی باش نەبوو، دیۆنینیوس ئەفلاتونی خستە گرتووخانەوەو دواییش بە کۆیلەیی ئەفلاتونی فرۆشت، بەڵام هاوڕێیەکی ئەفلاتون کڕییەوەو ئازادی کرد. بەڵام بە گشتی ئەم سێ فەیلەسووفە (هیراکلیتس، پارمەندیس،سوکرات) کاریگەری زۆرتریان بەسەر ئەفلاتوون جێهێشتووە، بۆنموونە لە بۆچوونە فەلسەفییەکەی هیراکلیتسدا دەبینین چەمکی گۆڕان چەمکێکی حەتمی و جەبرییە،چونکە بەرای ئەو هەموو شتێک لە گۆڕانە. پارمەندیس بە پێچەوانەی هیراکلیتس گۆڕانکاری رەتدەکاتەوەو جەخت لەسەر وەستان و نەگۆڕی دەکاتەوە،ئەفلاتون هاتووە زۆر بە ئاسایی هەردوو بۆچوونی هەردوو فەیلەسوف (هیراکلیتس و پارمەندیس)ی تێکەڵاو کردووەو سیستەمێکی میتافیزیکی نوێی لێ دروستکردووە.چونکە ئەفلاتون باوەڕی بە گۆڕان و نەگۆڕیش هەبووە،چونکە بڕوای وایە ناتوانرێ نکوڵی لە گۆڕان بکرێت، لە هەمانکاتیشدا لەودیو گۆڕانکارییەکانەوە راستەقینەیەکی نەگۆڕ هەیە. یان پرۆتاگۆراس کە وتی مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە، ئەفلاتوون ناچار بووە شوێنکەوتەی پارمەندیس. بەڵام ئەفلاتون یەکەمین فەیلەسووف بووە کە گرنگی بە فەلسەفەی سیاسی داوەو نووسینی لەوبارەیەوە هەبووەو یەکەمین فەیلەسووفیش بووە کە لە لایەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی دواوەو سیستەمێکی میتافیزیکی بۆ داڕشتووە.

ئەفلاتون پێیوابووە دەوڵەتی باش بەهۆی تاکە باشەکانەوە دروستدەبێت، ئەگەر دەوڵەتیش خراپ بوو، هاووڵاتی ئاسوودەیی نامێنێ و

ناتوانێ لە سایەی دەوڵەتێکی ستەمکارو خراپەوە بەختەوەر بێت. بۆیە پێویستە بیر لە هاووڵاتی باش بۆ دروستبوونی دەوڵەتی باش بکرێتەوە.چونکە بە رای ئەفلاتون دەوڵەت تەنیا بۆ گەمەی سیاسی بەرژەوەندی سیاسی نییە، بەڵکو لێپرسینەوەی ئەخلاقیشی دەکەوێتە سەرو پێویستە بەختەوەری و ئاسوودەیی بۆ هاووڵاتیان مسۆگەر بکات.بۆ ئەم مسۆگەر کردنە دەوڵەت پێویستی بە یاسادانان هەیە، یاسادانەرانیش دەبێت لە کەسانی زاناو ئاقڵ پێکبێت کە بیر لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان نەکەنەوە. لێرەوە وردە وردە ئەفلاتون ئەو قەناعەتەی بۆ دروست دەبێت، کە پێویستە فەیلەسووفەکان سەرداری وڵات بن و وڵات بەڕێوە بەرن، چونکە فەیلەسووفەکان کەسانی زیرەک و زاناو خاوەن ئەقڵن و ئەوەندە بە تەنگ خەمی خۆیانەوە نین، بە قەد ئەوەی لە خەمی بەرژەوەندی گشتی خەڵکدان و حەز بە ئاسوودەیی هەموو خەڵک دەکەن. بۆیە راشکاوانە نووسیویەتی: تا فەیلەسووفەکان وەکوو پاشا فەروانڕەوایی نەکەن یان فەرمانڕەواکان خەریکی کاری فەلسەفە نەبن، فەلسەفەو دەسەڵاتی سیاسی یەک نەگرن،شارەکان و رەگەزی مرۆڤیش لە خراپە ناپارێزین.هەروەها ئەفلاتون پێیوایە نابێت فەرمانڕەوا یان فەیلەسووف خاوەنی موڵک و خێزان بێت،چونکە بوونی خێزان و منداڵ و موڵکدارێتی رێگایەکە بۆ بە گەندەڵبوون و تووشی خراپەکاریت دەکەن. لەم روانگەوە ئەفلاتون یەکەمین فەیلەسوفە کە خاوەندارێتی بە سەرچاوەی گەندەڵی سیاسی داناوەو لەنابردنی ئەو خاوەنێتییەیشی بە کارێکی گرنگ و پێویست زانیوە، چونکە فەرمانڕەوا یان کەسێک خاوەن موڵک و سامان بێت ئارەزووی ئەوە دەکات خاوەندارێتییەکەی زیاتر بکرێت و دەسەڵاتیشی هەبێت تا بەو هۆیەوە خاوەنێتییەکەی زۆرتر بکات و لە خەمی بەرژەوەندی

گشتی نابێت بەقەد ئەوەی لە خەمی بەرژەوەندی کەسیی خۆیدا دەبێت.ئەوانەی ژن و منداڵیشیان هەیە بە هەمانشێوە یەکەمجار لە خەمی ژن و منداڵەکانییەتی و بەختەوەری بۆ ئەوان مسۆگەردەکات. زۆر جار لێکۆڵەرەوانی سیاسی ئەمە بە کۆمۆنیزمی ئەفلاتوونی ناودەبەن. بۆیە ئەفلاتون پێیوایە فەرمانڕەوای دادوەر ئەو کەسانەن کە خاوەنی هیچ لەمانە نین، نە ژن و منداڵ، نە موڵک و سامان. بەشێک لە لێکۆڵەران وایدەبینن ئەفلاتون مەبەستی خۆی بووە بۆ فەرمانڕەواییکردنی وڵات بۆئەوەی وڵاتێکی یۆتۆپیایی دروستبکات کە ئەفلاتون بە(مدینة الفاضلة) ناوی دەبرد، چونکە ئەفلاتون تا مردن ژنی نەهێناو منداڵی نەبوو، خاوەن موڵک و سەرمایەش نەبوو.

لە رووی حوکمڕانیکردنی ستەمکارانە، ئەفلاتون دژی بە شەخسەنەکردنی حکومەت بوو، واتا دژی ئەوەبوو لە حکومەتێکدا تەنیا یەک کەس بڕیار دەربکات و خاوەن بڕیار بێت، چونکە بە رای ئەفلاتون ئەو تاکە کەسە کاروبارەکان بە ئارەزووی خۆی و بە ویستی خۆی بەڕێوەیدەبات و ئیرادەی خۆی بە باشترین پێوەر دەزانێت بۆ ئیشوکارەکان.

لە بنەڕەتدا دادپەروەری هەر لەوکاتەوەی ئەفلاتون لە کۆمارەکەی خۆیدا زۆر گرنگی پێداوە، تا بە ئەمڕۆش دەگات، بەردەوام بۆچوونی نوێ و ئاراستەی نوێ و فەلسەفەی نوێ بۆ دادپەروەری دەدەرڕێژرێ و گفتوگۆی جیدی لەبارەیەوە دەکرێت.ئەفلاتون پێیوابوو تا هاوسەنگی ئەو سێ هێزەی کە لە مرۆڤدایە بە دروستی رانەگیرێت، دادپەروەریش نایەتە دی، ئەم سێ هێزە چی بووە،یەکەم شیکردنەوەی سروشتی مرۆڤایەتیکە بریتین لە (هێزو توانای بیرکردنەوەو جیاکردنەوەی باشەو خراپە لە یەکدی)،دووەم شەهوەتی مرۆیی کە واله مرۆڤ دەکات بەردەوام بەدوای بەرژەوەندییەکانی

خۆیدا وێڵ بێت،بەتایبەت لایەنی سێکسی،سێیەمیش تواناو پاڵنەری زیان نەخوازی و خوازیاری سەرووتری و بەرزە فڕی کە هەندێکجار بەمە دەڵێن توانای غەزەبی،هەریەک لەم سێ خاڵە کە تواناو هێزی مرۆڤەکانن شوێنێکی دیاریکراویان هەیە،بەڵام دادپەروەری ئەوەیە هەر سێ لەم هێزو توانایە هاوسەنگ رابگرێت و نەهێڵێت توانایەک بەسەر توانایەکی دیکەدا زاڵ بێت.

خاڵێکی دیکە، ئەفلاتون پێیوابوو جیاوازی لە نێوان ژن و پیاودا نییەو لە ئەرک و مافەکانیان یەکسانن و نابێت بە چاوێکی کەمتر لە پیاو سەیری ژن بکرێت، چونکە ژنیش مرۆڤەو خاوەنی ئەقڵە وەکوو پیاو، تەنانەت بۆ ئەوەی ژیانێکی یەکسانتر و ئاسانتر بۆ ژن دەستەبەر بکات، ئەفلاتوون ئەرکی بەخێوکردنی لەسەر ژن هەڵگرتبوو، لە بری ئەمە رۆڵێکی گرنگترو گەورەتری بە ژن بەخشیبوو، ئەویش ئەوەبوو، هەر منداڵێک کە لە ئەنجامی جووتبوونی ژن و پیاو لە دایک دەبێت، پێویستە ئەو منداڵە دەوڵەت بیبات و بەخێوی بکات و گەورەی بکات، بێ ئەوەی منداڵەکان لای دایک و باوکیان بمێننەوە،کاتێ منداڵەکان گەورە دەبن، ئیتر نە منداڵەکان دەزانن دایک و باوکیان کێ بووە، نە دایک و باوکەکەش منداڵەکانی خۆیان دەناسنەوە، لەم روانگەوە هەر دایک و باوکێک خۆی بە خاوەنی هەموو منداڵەکانی وڵاتەکەی خۆی دەزانێ، منداڵەکانیش هەموو دایک و باوکێک بە دایک و باوکی خۆیان دەزانن، لێرە ئەرکی ئافرەت بەخێوکردنی منداڵ نییە، بەڵکو هەمان ئەو ئەرکانەی دەکەوێتە ئەستۆ کە لە ئەستۆی پیاودایە.بەڵام ئەفلاتون منداڵی کەم ئەندام لە کۆمارەکەیدا جێگەی ناکاتەوەو دەڵێت دەبێت لەناو بچن، هەر بۆیە ئەفلاتون رێگەی نەداوە پیاوێکی تەمەن گەورە لەگەڵ ژنێکی تەمەن بچووک جووت بێت،دەڵێت هەر

رووداننێکی سێکسی لەو جۆرە ئەگەر ژنەکە بەهۆیەوە سکی بوو پێویستە منداڵەکە لەناوببات. جێگە نەکردنەوەی کەمئەندامانیش لە کۆمارەکەیدا بۆ چەسپاندنی دادپەروەری و پێشخستنی دەوڵەتە تا دەوڵەت سەرقاڵی بەخێوکردنی ئەو منداڵانە نەبێت کە کەمئەندامن و ئەبێت ئەرکیان بکێشرێت و دەبن بە بارێکی گران بەسەر دەوڵەتەوە، بەڵام ئەم بۆچوونەی ئەفلاتوون بە تەواوی لە بەها مرۆییەکانەوە دوورە. لە بارەی یەکسانبوونی پیاو لەگەڵ ژنەوە، ئەفلاتون پێیوایە هەندێ ئەندامی جەستەی پیاو لە هەندێ ئەندامی جەستەی ژن کاراترو پتەوترو بەهێزترە، بەڵام دەڵێت ئەمە زۆر سروشتیەو نابێت ئەمە بووبێتە مایەی چەوساندنەوەی ژن، چونکە لەناو خودی پیاوەکانیشدا، جیاوازی هێز لەناویاندا هەیە. لەبارەی فەرمانڕەواییکردنی فەیلەسوفەکاندا، ئەفلاتون پێیوایە جیاوازی چینایەتی کارێکی سروشتی و خوداییەو هەر هەبووەو هەر ئەشمێنێ،چونکە بوونی ئەم جیاوازییە هۆکارێکی باشە بۆ پێشکەوتنی دەوڵەت،بەڵام پێیوایە ئەبێت پێوەرێک بۆ سنووردانانی ئەو جیاوازی و ئەو چەوساندنەوانە هەبێت،بۆیە دەڵێت نابێت یاسا لە لایەن حزبێکی فەرمانڕەواوە دابنرێت، بەڵکو باشتروایە لە لایەن دەوڵەتەوە دابنرێت یان کەسانی بێلایەن یاسا دابنێن، چونکە ئەوان باشتر بیر لە بەرژەوەندی هەموو خەڵک دەکەنەوە،هەموو یاسایەکیش پێویستی بە گۆڕین هەیە لە قۆناخ و سەردەمێکەوە بۆ قۆناخ و سەردەمێکی دیکە،چونکە جیاوازی لە بەرژەوەندییەکاندا هەیە، هەر چینێکیش دەیەوێ بەرژەوەندی خۆی بەهێزتر بکات لە چینەکەی دیکە.لێرەوەیە دادپەروەری کۆمەڵایەتی لای ئەفلاتون پڕە لە عەیب و خەوش، چونکە ئەفلاتون پێیوایە ئەو چینانەی باڵادەستن بەسەر چینەکانی دیکەوە، ئەوە فەرمانێکی یان کارێکی خوداییەو، دەبێت ئەو

جیاوازییانە هەر بمێنن، کۆیلە هەر دەبێت کۆیلە بێت و خاوەن کۆیلەش هەر خاوەن کۆیلە بێت.لەم تێڕوانینەوە مارکس بە توندی ڕەخنە لە ئەفلاتون دەگرێت ودەڵێت نابێت دەوڵەت یاسا دابڕێژێت، چونکە دەوڵەتیش دەزگایەکی چینایەتییەو نوێنەری دەسەڵاتی چینێک دەکات لە دژی چینەکەی تری بەرامبەری، واتا دەوڵەت دەزگایەکە بۆ چەوساندنەوەی چینایەتی. یان کە ئەفلاتون دەڵێت دادپەروەری ئەوەیە هەر تاکێک ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، باشە با بزانین ئەرکی ئەو تاکانە چۆن جێبەجێدەکرێت، بۆنموونە لە وڵاتێکی وەکو میسری کۆن کە بە درێژایی چەند سەدەیەک گۆڕانێکی بنەڕەتی تێدا رووی نەدەدا،هەر کەسێک لە باوکییەوە فێری ئەرکەکەی خۆیدەبێت و بەمشێوەیە هیچ گرفتێک روونادات، بەڵام لە وڵاتی ئەفلاتوندا خۆ هیچ کەسێک باوکی یاسایی خۆی نییە، کەواتە حەزی هەر کەسێک دەبێتە دەستنیشانکەری ئەرکەکەی.

لە بارەی کۆمەڵایەتییەوە ئەفلاتون لە دیالۆگی یاساکاندا چەندین بیرو بۆچوونی خستۆتە روو، بۆنموونە: چەندین ئەنجوومەنی داناوە بە تایبەت بۆ بواری کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردنی شار، ئەنجوومەنێک لە ژنانی پێکهێناوە بۆ سەرپەرشتیکردنی هاوسەریبوون و دروستبوونی کێشەی خێزانداری.ئەگەر ژن و مێردێک بۆ ماوەی (10)ساڵ منداڵیان نەبوو، باشتروایە لە یەکجیا ببنەوە،گرنگ نییە یەکتریان خۆشدەوێت یان نا،دەبێت بە یاسا لەیەک جیا ببنەوە. پیاویش لە تەمەنی (30-35) ساڵی دەتوانێ هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکدا بکات و ژنیش لە تەمەنی(16 بۆ-20)ساڵی دەتوانێ دەتوانێ شوو بکات.چەندین ئەنجوومەنیشی بۆ بەڕێوەبردنی شار داناوە،ئەنجوومەنێکی(360)ئەندامی لە شار دادەمەزرێنێت و ئەندامانی ناو ئەو ئەنجوومەنە کە لە ژن و پیاو پێکهاتبوون و هاووڵاتیان هەڵیاندەبژێرن،

تەمەنیان لە (50) ساڵی کەمتر نییە،هەروەها هاووڵاتی (37) یاساناس کە تەمەنی هەریەکەیان لە (50) ساڵی کەمتر نییە بۆ بەڕێوەبردنی شارەکە و یاسادانان هەڵدەبژێرن، ئەم ئەندامانەش تا تەمەنیان دەگاتە (70)ساڵی لەسەر ئەم کارە دەمێننەوە،دەتوانین بڵێین ئەو ئەنجوومەنەی ئەفلاتون لە یاساناسانی پێکهێنابوو، تا رادەیەکی زۆر لە پێکهاتەی کابینەی حکومەت دەچوو، کە هەر ئەندامێکی یاساناس بەرپرس و بەڕێوەبەری کارێکی تایبەت بوو،

بە گشتی لەبارەی دادپەروەرییەوە ئەفلاتون پێیوایە مرۆڤ هەمیشە بەدوای کەماڵ و ئەوپەڕی بەختەوەری خۆیدا دەگەڕێت،بەڵام بۆ گەیشتن بەو بەختەوەرییە بەرزە،باشتروایە رازی بێت بە حکومەتی یاسایی ناو کۆمەڵگاو ئەو یاسایانەی کە ژیانی کۆمەڵایەتی دەهێننە ئاراوە،هەمان ئەو یاسایانەن کە دەبنە مایەی ئەوەی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا رەفتاری جوان بگرنە بەر، کەوابێ فەرمانڕەواش دوو ئەرکی گرنگی دەکەوێتە ئەستۆ، یەکەمیان پاراستنی رێکخراوەو دامەزراوەکانی کۆمەڵگایە، دووەمیشیان فەراهەمکردنی ئەو شتانەی کە پێویستن بۆ بە کەمال گەیشتنی سروشتی مرۆیی، بێگومان ئەم دوو ئەرکەش بەیەکە گرێدراون و لە یەکدی جیاواز نین.

لەبارەی پەروەردەشەوە ئەفلاتون پێیوابوو منداڵ لە قۆناخی سەرەتاییەوە لەدوای فێرکردنی خوێندنەوەو نووسین، دەبێت لە قۆناخی ناوەندیدا ئەدەب و زانستی مرۆیی فێری منداڵ بکرێت تا بتوانێ لەگەڵ کولتوورو مێژوو و تەمەنی سەرزەوی خۆی و وڵاتەکانی دراوسێی و بیروباوەڕە باوە ئەخلاقی و ئایینییەکان ئاشنا بکرێت. دوای ئەم قۆناخە ئەفلاتون پێیوابوو دەبێت مرۆڤەکان بچنە خوێندنی باڵاترەوە کە ئەویش

خوێندنی زانکۆیی بوو، لەم پێناوەشدا ئەفلاتون بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی دونیا دەزگایەکی بە ناوی ئەکادیمیا دروستکرد و فیکرو فەلسەفەی تێدا بەرهەمدەهێناو قوتابیانی ئاشنای فیکر دەکرد، ئەکادیمیا دوای قوتابخانەی (ئیزۆکرات)ی سوفستاییەکان دامەزرابوو، بەڵام یەکەمین زانکۆی ئەوروپاییش بوو. تیایدا بیرکاری و زانست و دیالەکتیک و تا رادەیەکیش زانستی سروشتی وردە وردە قسەی لەسەردەکرا.

ئەفلاتون پێیوابوو، حکومەت دەبێت لە لایەن فەیلەسوفانەوە بەڕێوەببردرێ، چونکە گرفتەکانی ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی زۆرنو قەت کۆتاییشیان نایە، بەڵام فەیلەسووفەکان کە توانیویانە دەسەڵاتی سیاسی لە لایەک و ئەقڵی فەلسەفیش لە لایەکی دیکەوە ئاوێتەی یەکدی بکەن و ئەمەش لە کاتی فەرمانڕەواییدا زۆر گرنگ و پێویستە، ئەفلاتون دەڵێت بەڵام زۆربەی خەڵک گرنگیان تەنیا بە یەک لایەن داوەو هەردووکیان تێکەڵ بە یەکدی نەکردووە جگە لە فەیلەسوفەکان.بە دیوێکی دیکە فەیلەسووفەکان خاوەن زانیاری و رۆشنبیری باشن و راست و چەوت جوانتر لە خەڵکی دیکە جیا دەکەنەوە، بۆیە بەرای ئەفلاتون ئەو شارەی فەیلەسوف حوکمی تێدا بکات دەبێتە باشترین شار. چونکە فەیلەسوف راستییە گشتییەکان باشتر دەناسێت و لە جیاتی گومان خاوەنی مەعریفەو زانیاری باشترە لە کەسانی دیکە.خەڵکی گشتی گومانیان لە دڵدایەو زۆر یاساو رەفتاریش هەن لە دەرەوەن بەڵام کاریگەرییان بەسەر ئەو خەڵکە نا فەیلەسووفانەوە هەیە،ئەمەش دەگاتە ئەو ئاستەی کۆمەڵگا بە ئاقاری شپرزەیی و نەزانیندا بڕوات. بەڵام نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ فیساگۆرس بەر لە ئەفلاتون هەنگاوێکی لەم جۆرەی نابوو، کە دەروون (نفس)ی مرۆڤەکان تەنیا بە فەلسەفە پاکدەبێتەوەو رای وابوو بۆیە فەیلەسوف

حوکمڕان بێت، گرفتەکان زۆر بچووکدەبنەوەو بە پێویستی دەزانی حکومەتی فەیلەسووفەکان پێکبهێنرێت،ئەفلاتون ئەوکاتەی کۆچی بۆ سیسلی و باشووری ئیتالیا کردو بینی ئەرخیتاسی فیساگۆرسی لە شاری تەراس خاوەن دەسەڵاتەو زاناکانی راسپاردووە یاسا دابنێن، تەنانەت ئەمە ببووە نەریت لە باشووری ئیتالیا، هەروەک ئەفلاتون بینی ئەوەتا سۆلۆن یاساکانی ئەسیناو پرۆتاگۆراسیش یاساکانی تۆریی دادەڕێژن، ئەمانە رەنگدانەوەو کاریگەری بەسەر نەخشەی بیرکردنەوەی ئەفلاتون دروستکردو ئیتر تیۆری سیاسەتی بە شێوەی یۆتاپیا داڕشت و ناوی شارە باشەکە(مدینة الفاضلة)بەسەر فەلسەفەکەیدا نەخشکرد. ئەفلاتون پێیوابوو گەندەڵی و خراپەکاری هەر بەردەوام دەبێت، تا ئەو رۆژەی فەیلەسوفەکان حوکم دەگرنە دەست و دەبن بە پاشا.واتا هێزی سیاسی و فەلسەفە لە یەک کەسدا چڕ کرابێتەوە.بە رای ئەفلاتونیش فەیلەسوفە فەرمانڕەواکان دەبێت لە هەموو موڵک وماڵی دونیایی خۆیان خۆشببن، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە بۆ گوزەراندنی ژیان پێویستیان پێی هەیە،ناشبێت خانووی تایبەتیان هەبێت بۆ بە کرێ دان و مووچە وەرگرتن، بەڵکو دەبێ هەر ئەوەندەیان هەبێت کە پێی بژین،چونکە فەیلەسووف ئەرکی چاکەو کردەوەی چاکەو وەدەستهێنانی ئەو تایبەتمەندیانەیە کە پەسەندن، نەک کۆکردنەوەی سامان و کانزای گرانبەها،تەنانەت دەبێت هەر تا ئەو رادەیە خواردن و خواردنەوەیان بۆ دابین بکرێت کە جەستەو رۆحیان پێویستی پێی هەیە. هەروەها بەلای ئەفلاتونەوە فەیلەسوف ئەوکەسەیە کە راستییەکانی خۆشدەوێت، بەڵام ئایا راستییەکان لای ئەفلاتون دەبێت بە چ پێوەرێک بێت و راستی کامەیان بێت ؟ ئەوە خاڵێکی بنەڕەتی و جەوهەرییە لە فەلسەفەکەی ئەفلاتون کە مارکس و نیتچەو دواتریش کاڕل

پۆپەر زۆر بە توندی رووبەڕووی بوونەتەوە.چونکە ئەو راستییەی ئەفلاتون تێیگەیشتووە، هەرگیز بە لای دادپەروەریت نابات و ئەو زوڵم و ستەمانەی دەشکرێن ئەفلاتون بەشێکی گرنگیان بە کارێکی ئیلاهی دەزانێت و پێیوایە هەموو کارێکی ئیلاهیش دادپەروەرییە. واتا بە رای ئەفلاتون کۆیلە هەر هەبووە، کە کۆیلەش هەبووبێ خۆ دەبێ خاوەن کۆیلەو کۆیلەدار هەبن.یان دەڵێت راستی و جوانی شتێکی رەها نین، ئەوەی بە رای تۆ جوانە، لەوانەیە بە رای یەکێکی دیکە ناشیرین بێت، یان تۆ پێت وایە ئەو شتە دوو ئەوەندەی شتێکی دیکەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەو شتە نیو ئەوەندەی شتێکی دیکەیە. بەڵام دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، ئەفلاتون زۆر زیرەکانە هاتووە سوودی لە هەموو فەیلەسووفەکانی پێش خۆی وەرگرتووەو، ئەوەی خوێندنەوەیەکی وردیشی لەسەر فەیلەسووفەکانی پێش ئەفلاتون نەکردبێت، هەرگیز ناتوانێ لە فەلسەفەکەی ئەفلاتون بگات و ناشزانێ ئاخۆ لەژێر چ کاریگەرییەکدا ئەم هەڵوێستەی لە فلانە شوێن هەبووە.

**سەرچاوەی بیروراکانی ئەفلاتون**

تا ئێستا بە درێژایی(2500)ساڵی رابردوو واتا لەوەتەی فەلسەفە لە یۆنان خولقاوە، ئەفلاتوون ئینجا ئەرستۆ زۆرترین کاریگەرییان بەسەر دونیای فەلسەفەو هزری فەیلەسوفان جێهێشتووە،بە دیوێکی دیکەشدا، بە درێژایی ئەو ماوەیە ئەفلاتون زۆرترین نووسینی فەلسەفی لەسەر نووسراوە، بێگومان ئەفلاتون تا رادەیەکی بەرچاو لە ئەرستۆش زیاتر ئەو کاریگەرییەی هەبووە، چونکە لە لایەک ئەرستۆ خۆیشی بەرهەمی

ئەفلاتونە،لە لایەکی تریشەوە ئەفلاتون کەسێکی میسالی بووە نەک مادی،بۆیە ئیلاهیاتی مەسیحی تا سەدەی سێزدەش زیاتر ئەفلاتونی بووە تا ئەرستۆیی. بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین پوختەی سەرچاوەو بیروراکانی ئەفلاتون بە کورتی بخەینە روو.

1- ئەفلاتون یەکەمین فەیلەسووفە کە هەوڵی بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی فەلسەفی سەرتاپاگیر داوە.
2- ئەفلاتون یەکەمین فەیلەسووفی (بوون)،واتا جەختکردن لەسەر بنەڕەتی جیاوازتر لە (بوون) ودانانی (بوون) بە هیچ لە ئەفلاتونەوە دەستپێدەکات، واتا ئەفلاتون دامەزرێنەری (هیچگەرایی) ە
3- ئەفلاتون یەکەمین فەیلەسووفی میتافیزیکە، واتا سیستەمێکی فەلسەفی و میتافیزیکی دامەزراندووە، کە مامەڵەی لەگەڵ هەموو (هەبوون)ەکاندا کردووە. بەمجۆرە ئەفلاتون سەرەتای تازەگەریی بووە.
4- ئەفلاتون دامەزرێنەری بیرکردنەوەی نووسینی دیالۆگیی بووە،کە ئەمرۆ لە پەیوەندی نێوان بۆچوونە جیاوازەکان و ئایینەکان و شارستانییەتەکاندا بەکار دێت. راستە سوکرات پێش ئەفلاتون ئەم میتۆدی دیالۆگەی بەکارهێناوە، بەڵام ئەفلاتون یەکەم کەسە کە یەکەمین نووسەری دایالۆگی مێژووی فەلسەفە بێت، چونکە سوکرات هیچ نووسراوێکی جێنەهێشتووە.
5- ئەفلاتون رابەرو دروستکەری جیهانێکی یۆتاپیایی بووە کە خۆی لە (**مدینة الفاظلة**)دا بینیوەتەوە.

6- یەکەمین فەیلەسووفە کە لەبارەی (بوون)دواوە، بەو مەبەستەی هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی هەموو بابەتە چارەسەرنەکراوەکانی (بوون).

7- ئەگەرچی لە ژێر کاریگەریی فیساگۆرس بووە، بەڵام زۆر راشکاوانەو فەلسەفیانە باسی لە نەمری رۆح کردووەو بەڵگەیشی بۆ سەلماندنی نەمری رۆح هێناوەتەوە.کە سەرچاوەکەی لە رەهەندەکانی ئایینی و باوەڕبوون بە نەمری رۆح بووە. هەر لە ژێر کاریگەریی فیساگۆرس بوو بڕوای وابوو بە فەلسەفە دەروون پاکدەبێتەوەو ئەقڵی راستەقینەش بەبێ ماتماتیک نایەتە دی، ئەمەش وایکردبوو بڕوا بە سیستەمی ئۆلیگارشی بهێنێت.

8- یەکەم فەیلەسوف بووە بە وردی و بەشێوەیەکی نووسراو باسی لە چینەکانی کۆمەڵ کردووەو دابەشیکردووەتە سەر سێ چین:فەرمانڕەوا، پاسەوان، کۆیلەکان.

**بەشی شەشەم: ئەرستۆ**

1- کەسایەتی ئەرستۆ

2- فەلسەفەی سیاسی ئەرستۆ

3- لۆژیکی ئەرستۆ

4- فەلسەفەی سروشت(فیزیك)ی ئەرستۆ

5- میتافیزیکای ئەرستۆ

6- ئاکار لای ئەرستۆ

## 1- کەسایەتی ئەرستۆ

ئەرستۆ ساڵی (384)پ.ز لە شاری ستاگیراStagira کە 200 میل لە باکوورەوە لە ئەسینا دوور بووە، چاوی کردۆتەوە،بەڵام کاتی منداڵی زیاتر لە شاری پێلا Pella ی پایتەختی مەکەدۆنیا بەسەربردووە . خێزانێکی خوێنەوار لەدایکبووە، باوکی ئەرستۆ هاوڕێ و پزیشکی باپیری ئەسکەندەری مەکدونی (پاشای مەکدۆنی) بووە،کە ناوی ئامونتا بووە. واتا پزیشکی (ئامینتاس Amyntas)ی باوکی فیلیپ و باپیری ئەسکەندەری گەورە بووە.

ئەرستۆ لەتەمەنی 17 ساڵیدا، بە مەبەستی خوێندن چووەتە ئەسیناو نزیکەی 20ساڵ لەو شارە ماوەتەوە، یەکەم قۆناخی خوێندنی ئەرستۆ لە خوێندنگای ئەکادیمیا دەستیپێکرد کە ئەفلاتون دایمەزراندبوو، کە بۆ ساڵی 367 پ.ز دەگەڕێتەوە، ئەرستۆ لەم قۆناخەیدا قوتابییەکی خوێندنگای ئەکادیمیا دەبێت و هاوکات مامۆستاکەیشی ئەفلاتون دەبێت، ئەفلاتون ئەوکاتە تەمەنی پیر ببوو. ئەکادیمیاش لەوکاتەدا گەشەی باشی کردبوو، ببووە ناوەندێکی هزری چ لە بواری فەلسەفە، چ لە بواری ماتماتیک و ئەستێرەناسی، تۆژینەوەی باشی لێ هاتبووە بەرهەم.ئەوکاتەی ئەرستۆ لەتەمەنی 17 ساڵی روو لە ئەکادیمیا دەکات، ئەکادیمیا بیروباوەڕە فەلسەفییەکانی سوکراتی تێپەڕاندبوو، ئەفلاتونی پیر ئەکادیمیای گەیاندبووە لووتکە. ئەفلاتون کتێبی یاساکانی لەو قۆناخەدا نووسیبووەوەو کە کەمتر لە جاران زمانی ئەدەب و ستایلی شیعری بەخۆوەگرتبوو، بەڵکو گرنگی زیاتر بە واقیعبینی دابوو.ئەم کتێبی یاساکان ی ئەفلاتون زۆر کاریگەری دەبێت بۆ ئەرستۆ، بۆیە تۆژەران پێیانوایە

نووسینی کتێبی سیاسەت ی ئەرستۆ لەژێر کاریگەریی ئەو کتێبەی ئەفلاتون بووە،کە هەردووکیان لەبارەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتەوە بۆچوونی خۆیان خستۆتە روو، تەنانەت هەندێ لە تۆژەران لەوەش زیاتر دەڕۆن و دەڵێن نووسینی کتێبی یاساکان ی ئەفلاتونی پیر  بە هاوکاری و یارمەتیدانی قوتابییە لاوەکەی ئەرستۆ بووە.

ئامینتاسی سێیەم کە هاوڕێ و خۆشەویستی باوکی ئەرستۆ بوو لە ساڵی 370پ.ز مردوو سێ کوڕی لەدوای خۆی جێهێشت، بەناوی (ئەلیکساندرۆسی دووەم،پریدیکاس، فلیپ)ئەلیکساندرۆسی دووەم جێگەی باوکی گرتەوە، بەڵام بەهۆی بچووکی تەمەنی،مامەکەی(پتولمایس ئالرۆسی)سەرپەرشت کارەکانی ئەلیکساندرۆسی دەکرد،بەڵام ئەو مامەی لەتەماحی دەسەڵات برازاکەی خۆی کوشت کە ئەلیکساندرۆسی دووەم بوو،پاشایەتی خۆی بۆ مەکدۆنی راگەیاند. بەڵام(پریدیکاس)کە کوڕی دووەمی ئانتۆسی سێیەم بوو،هاوکات برای ئەلیکساندرۆسی دووەم بوو،(پتولمایس ئالرۆسی) کە مامی خۆی و بکوژی براکەی بوو، ساڵی 360پ.ز لەسەر عەرشی میرایەتی لایبردو خۆی بوو بە پاشا، بەڵام ئەویش هەر لەو ساڵەدا بەهۆی شەڕێکەوە کوژرا ئیتر براکەی تر کە کوڕی سێیەم بوو ناوی فلیپ بوو جێگەی گرتەوە،هەرچەندە منداڵیش بوو بەڵام دەسەڵاتی مەکدۆنی کەوتە بەردەست.دەسەڵاتی فیلیپ کاریگەری زۆری بەسەر ژیان و بیرکردنەوەی  ئەرستۆی فەیلەسووف بەجێهێشت.

ئەرستۆ تووشی دوو رووداوی گەورە دەبێت، یەکەمیان مردنی مامۆستاکەیەتی ئەفلاتونی دامەزرێنەری ئەکادیمیا،کە ئەوکاتە بۆ ساڵی 347پ.ز دەگەڕێتەوە ئەفلاتونیش تەمەنی گەیشتبووە 80 ساڵ. دووەمیشیان شوێنی لەدایکبوونی ستاگیرا Stagira لەسەر دەستی

سووپای (فیلیپ مەکدۆنی) سووتێنراو تەختکرا. دەتوانین بڵێین ئەمە یەکەمین قۆناخی زانستی و مەعریفی ئەرستۆ بوو، کە ساڵی 357 - 347پ.ز بوو.

قۆناخی دووەمی ئەرستۆ لەدوای مردنی ئەفلاتونەوە دەستپێدەکات واتا لە ساڵی 347 – 335پ.ز دەگرێتەوە. ئەم قۆناخەی ئەرستۆ سەرەتا بە جێهێشتنی ئەسینا دەستیپێکردو ئەرستۆ بێ وڵات و بێ جێگە مابووەوە، بۆیە چاوەڕوانی دۆستێکی دەکرد بەڵکو یارمەتی بدات، ئەوەبوو (هێرمیاس Hermias) کە پێشتر بەیەکەوە لەخوێندن هاوپۆل بوون، هێرمیاس ئەوکاتە حوکمڕانی یەکێک لە شارە بچووکەکانی ئاسیای بچووک (ئەتارنیوس)بوو ئەرستۆ رووی تێکرد، بە پێچەوانەی ئەفلاتون کە دیۆنیسیۆس ئەفلاتونی بە کۆیلەکردو بە کۆیلەییش فرۆشتی. بەڵکو هێرمیاس کچی (پیتیاس)ی دا بەئەرستۆ،کەدەیکردە خوشکەزای هێرمیاس. دوای ئەوەی هێرمیاس بەدەستی دەسەڵاتدارانی ئێرانی دەکوژرێت،ئەم رووداوە رق و کاریگەرییەکی لە ناخی ئەرستۆ بەرامبەر ئێرانییەکان و بەربەرییەکان و ئەوانەی یۆنانی نین دروستکرد،رەنگە ئەمەش هۆکاری ئەوەبووبێت کە ئەرستۆ لای ئاسایی بوو یۆنانییەکان دەسەڵاتدارو حوکمڕان بن و بەربەرییەکانیش کۆیلە بن.دوای کوشتنی هێرمیاس، لەسەر داواکاری فلیپ ئەرستۆ دەبێتە مامۆستای ئەسکەندەری کوڕی،کە ئەسکەندەر ئەوکاتە تەمەنی لە دەوروبەری(13-14)ساڵاندابووە،کە تەمەنی ئەسکەندەر گەیشتۆتە 16-17ساڵان دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە لەسەر عەرشی باوکی دانیشتووەو بووەتە پاشا،هەر لەو قۆناخەشیدا بوو کوڕەزایەکی ئەرستۆی کوشتووە، ئەرستۆش بەم رووداوە زۆر دڵگران دەبێت و گەڕاوەتەوە ئەسیناو قوتابخانەیەکی لەوێ کردبووەوەو بەیانیان و ئێواران

وانەی تێدا گوتۆتەوە.بەڵام لە لایەن خەڵکەوە ئەرستۆ هەر بە دۆستی نزیکی ئەسکەندەر ناوبراوە، بۆیە لەگەڵ مردنی ئەسکەندەر لە ساڵی 323پ.ز ئەرستۆ دەکەوێتە بەر رەخنەو گلەیی و توانجی خەڵک،چونکە خەڵکی ئەسینا رقیان لە مەکدۆنییەکان دەبووەوە.دەوترێ بەهۆی ئەم رەخنانەی خەڵک بووە ئەسینای جێهێشتووەو وتوویەتی (نامەوێ دەرفەتێکی دیکە بدەمە دەست خەڵکی ئەسینا تاوانێکی دیکە بەرامبەر بە فەلسەفەو فەیلەسووف بکەن)،دیارە ئەرستۆ لەمەیان مەبەستی کوشتنی سوکراتی فەیلەسوف بووە. ئەرستۆ لە تەمەنی 62 ساڵی لە ماڵی دایکی لە (خالکیس) کۆچی دواییکرد.

قۆناخی سێیەمی ئەرستۆ قۆناخی کامڵبوونی ئەرستۆیە کە لە ساڵی 335تا مردنەکەی لە 322پ.ز بوو،ئەرستۆ لەم ماوەیەیدا لەناو فەلسەفەدا قووڵبووەوەو خەڵکیشی فێردەکرد،وردە وردەش کەوتە رەخنە گرتن لە مامۆستاکەی خۆی کە ئەفلاتون بوو،واتا هەندێکجار لەگەڵ فەلسەفەی ئەفلاتون کۆک و تەبا دەبوو، زۆر جاریش ناتەبا دەبوو،لەم قۆناخەشیدا بوو کە کتێبی یاسا بنەماییەکانی بە لەخۆگرتنی روونکردنەوەی رێکخراوەی حکومی 158 وڵات وچەندبابەتێکی تایبەت بۆدەوڵەمەنترکردنی (سیاسەت) ئامادەکرد. بەگشتی ئەرستۆ نووسینەکانی گرنگی تایبەتی خۆیان هەبوو، کە بە درێژایی چەرخەکانی ناوەڕاست درێژەی هەبوو، کە نووسینەکانی بریتی بوون لە گەردوون (فلک)،دەروون، سروشت، میتافیزیقا، ئاکار، سیاسەت، لۆژیک، گوتار(الخطابة)،شیعر،گیاو ئاژەڵ (النبات والحیوان). هەوڵدەدەین لەخوارەوە بە کورتی فەلسەفەی ئەرستۆ روونبکەینەوە. چونکە نووسینەکانی ئەرستۆ زیاتر لەوانی پێش خۆی فەلسەفییەو تا رادەیەک وشک و رەقن و تێگەیشتنیان هەر وا سانا نییە، ئەمەش بۆ ئەوە

دەگەڕێتەوە ئەرستۆ وەکوو ئەفلاتون ئەدیب نەبووە، تەنیا نووسەرێکی فیکری و فەلسەفی بووە، بۆیە وەکوو ئەفلاتون پەیڕەوی نووسینی دیالۆگیشی نەکردووە، بەڵکو زیاتر گرنگی بە فیکرو ئەنجام و ناوەڕۆک داوە، نەک شێوە.

فەلسەفەی ئەرستۆ تا رادەیەکی زۆر لە فەلسەفەی یۆنانی بە فەلسەفەکەی ئەفلاتونیشەوە جیاوازەو، داهێنانێکی بەرچاوی لە بواری هەستکردن بە خود (الشعور بالذات)ی داهێنا. بە دیوێکی دیکە فەلسەفەی ئەرستۆ نەخشەی رێگایەکی سەربەخۆی وێناکرد،کە جیاواز بوو لە جیهانی میسالیانەی ئەفلاتون،چونکە ئەرستۆ بە شێوەیەکی زانستیانە تر دەیڕوانیە سروشت و لۆژیکی داهێناو دەتوانین بڵێین فەلسەفەی یۆنانی سەرلەنوێ رێکخستەوە.بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە ئەرستۆ بە تەواوی دەستبەرداری یەکەم مامۆستاکەی (ئەفلاتون) بووبێ، بەڵکو کاریگەریی ئەفلاتون بوو ئەرستۆی ئاوەها بردە پێشەوە لە بواری فەلسەفەو سروشت و زانستدا، بە تایبەت لە قۆناخی یەکەمی ئەرستۆدا ئەفلاتون کاریگەری زۆری بەسەرەوە هەبوو. ئەرستۆ بناخەیەکی بۆ تێڕوانین و لێکدانەوەی زانستیانە داڕشت،ئەگەرچی دوای ئەو گۆڕانی زۆری بەسەردا هات، بەڵام بناخەکەی ئەرستۆ نزیکەی دوو هەزار ساڵ بەردەوام بوو لە پەیڕەوکردن.بەڵام ئەوەش بۆ گەورەیی ئەرستۆ دەگەڕێتەوە، کاتێ فەلسەفەکەی بە دیوی جیا جیا بڵاودەکرایەوە،بەتایبەتێ کاتێ فەلسەفەکەیان بە میتۆدێکی نەزۆک و نێگەتیڤ ناودەبرد.بەڵام دەیان فەیلەسوفیش بە گەورەییەوە لە ئەرستۆیان دەڕوانی بۆ نموونە جۆن دیوی پێیوابوو کە رێنمایی فەلسەفەی ئەرستۆ لەبینای بواری لۆژیک بۆ ئەوان وەکوو هەڵوەستەیە لە زانستی ئەمڕۆ.

## 2- فەلسەفەی سیاسی لای ئەرستۆ

دەتوانین بڵێین ئەرستۆ یەکەمین فەیلەسوفی کلاسیکی یۆنانە کە بناخەیەکی پتەوی بۆ زانستی سیاسەت داڕشتووە، راستە فەیلەسوفانی پێشووتر لە دەرگای ئەم بابەتەیان داوە، لە سەرووی هەموویانەوە ئەفلاتونی مامۆستای ئەرستۆ، بەڵام نابێ ئەوەش لە یاد بکەین، ئەرستۆ هەمیشە لەگەڵ بۆچوونە فەلسەفییەکانی ئەفلاتون یەکینەگرتۆتەوەو تا رادەیەک ناکۆک بووە، ئەگەر چی ئەفلاتون ناوی ئەرستۆی بە (پیاوی ئەقڵ) ناودەبرد.

ئەرستۆ لە باسی سیاسەتدا، زۆرجار ئاکارو ئابووری تێکەڵ بە سیاسەت کردووە، بەڵام ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین زیاتر ئەو پنتە گرنگانە باس بکەین کە پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بە سیاسەتەوە هەیە. ئەرستۆ لە کتێبی سیاسەتدا چەندین تەوەری بۆ دوای خۆی کردۆتەوە، کە یەکەمین تەوەر یان بەشی یەکەم بریتییە لە بەڕێوەبردنی خێزان وەک توخمێکی سەرەکی کۆمەڵگاو دەوڵەت ،بەتایبەت لە رووی تایبەتمەندییە ئابوورییەکەی. بەشی دووەمیان باشترین شێوەی دەوڵەت و رێکخستن و بەڕێوەبردنی سیاسییە، ئەرستۆ رەخنەی لە دەوڵەت و رێکخراوە سیاسییەکان گرتووە،بەتایبەت ئەوانەی پێشتر لە یۆنان هەبوون. سێیەم بەش چەند بڕواو تیۆرێک لەسەر دەوڵەت و هاووڵاتی چڕدەکاتەوەو دەشپرسێت ئایا (مرۆڤی چاک)لەگەڵ(هاووڵاتی چاک)یەک شتن؟ ئایا فەزیلەتی تایبەت بە سیاسەت بوونی هەیە؟ ئینجا باسی رێکخراوی سیاسی و شێوازی باش و شێوازی خراپی بنەمایی کردووەو دابەشبوونی هێز لەناو کۆمەڵگاداو مانای گرنگی فرەکاری و شێوازەکانی حکومەتی پاشایی خستۆتە روو، بەشی چوارەمی سیاسەتەکەی بریتییە لە شێوازەکانی

ڕێکخستنی سیاسی و دەوڵەتی،دوور لە حکومەتی پاشایی،چینە باڵاو دەسەڵاتدارەکان و بێدەسەڵاتەکانی ناو کۆمەڵگاو،گرنگی چینی ناوەڕاست و دابەشکاری پلەکان و فەرمانبەرانی دەوڵەت و دادوەرو پارێزەرەکان و ..هتد. بەشی پێنجەمی بریتییە لە هۆکارو پاڵنەرەکانی راپەڕین و شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان و هۆکاری لێکترازان و لەناوچوونی رێکخراوە سیاسی و دەوڵەتییەکان لەبارەی بەڕێوەبردن و پلەو پایەکان. بەشی شەشەمی بریتییە لە چۆنێتی دابینکردنی جێگیری یاسای بنەمایی دەوڵەت لەبارەی بەڕێوەبەرەکان و پلەکان. ئەویدیکەی بریتییە لە باشترین رێکخراوی سیاسی و دەوڵەتی و پێداچوونەوە لەبارەی بەختەوەری چاکەیەک کە تاک دەبێت بە دوایدا بگەڕێت. واتا ئەرستۆ لە نووسینی بەشی سیاسەتەکەیدا ویستوویەتی بڵێ دەوڵەت زۆر گرنگە لە پێناوی بەرهەمهێنانی باشترین جۆری کۆمەڵگاو بەرزترین چاکەو خێریشە.

ئەرستۆ لە قۆناخ و سەردەمێکدا ژیاوە کە فەیلەسوف و تەنانەت نوخبەی ناو کۆمەڵگاش لە ژیانی کۆمەڵایەتی و دەوروبەریان دەکۆڵییەوەو خۆیان دوورە پەرێز نەدەگرت. ئەرستۆ پێیوایە مرۆڤ بە سروشت گیانەوەرێکی شارنشینیە یان کۆمەڵایەتی و سیاسییە،ئەوەی مرۆڤ لە گیانەوەرانی دیکە جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە مرۆڤ توانای قسەکردنی هەیە، بەڵام گیانەوەرانی دیکە ئەو توانایەیان نییە. هەروەها مرۆڤ پەی بە کاری چاکەو خراپەو دادپەروەری دەبات، بەڵام گیانەوەرانی تر پەی پێ نابەن.هەر ئەم پەی پێبردنەشە وای لە مرۆڤ کردووە دەوڵەت شار پێکبهێنێت. چونکە ناوکی سەرەکی و بنەڕەتی کۆمەڵگا لە خێزانەوە سەرچاوەی گرتووەو دواتر شێوەی گرووپ گرووپی لێدەکەوێتەوەو ئینجا دەوڵەت شار یان دەوڵەتی لێپێکدێت.بۆیە ئەرستۆ تەواوی چین و توێژ و کەرتەکانی دانیشتوانی

شاری به پێکهاتەی ناچاری دەوڵەت دەزانی، کە بریتیبوون لە چین و توێژەکانی وەکوو جوتیار، پیشەییەکان، بازرگان، کرێکار،دەوڵەمەند، جەنگاوەر ,دادوەر،کارمەندان و ...هتد، ئەو چینانەی کە کاری هێزو بازوو دەکەن لە بەرژەوەندی گشتی بەشدارن چونکە ئەمانە جەستەی دەوڵەتن، بەڵام هێزی سەربازی و دادوەران و بیرمەندان ئەمانە رۆحی دەوڵەتن، بەڵام رۆحی دەوڵەت لە جەستەی دەوڵەت گرنگترە هەروەک چۆن رۆحی مرۆڤ لە جەستەی مرۆڤ گرنگترە. واتا بە دیوێکی دیکە، مرۆڤ گیانەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بۆیە ناتوانێ بە تەنیا بژی،ئەم کۆمەڵایەتیبوونەیشی دوولێکدانەوەی بۆ دەکرێت، ئەگەر مرۆڤ لە یاساو دادپەروەری بەجێ بمێنێ ئەوا دەبێتە خراپترین گیانەوەری کۆمەڵایەتی،ئەمەش ئەوکاتە دەبێتە خراپترینیان کە شەهوەت بەسەریدا زاڵدەبێت، بەڵام ئەگەر لە ریزبەندی رێکخستن و دادپەروەری و لە بەشداریکردنی سیاسیدا بمێنێتەوە، ئەوە ئەگاتە باشترین. بەڵام ئەرستۆ لەم خراپترین و باشترینانە تیشکی زانستیانەی نەخستۆتە سەر دەوڵەت شارەکانی یۆنان،کە کۆمەڵگاگەلێکی کۆیلەدار بوون و کۆیلایەتی بە یەکێک لە بنەما گرنگەکانی ئابووری و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی ئەژمارکراوەو پێکیهێناون،واتا بیروبڕواکانی ئەرستۆ لە بارەی کۆیلەو کۆیلایەتییەوە، بۆ رۆژگارێکی وەکو ئەمڕۆ سەرسوڕهێنەرو تەنانەت نامرۆڤانەشە، چونکە لەگەڵ ئەفلاتونی مامۆستای هیچ بۆچوونێکی جیاوازی لەبارەی کۆیلەو کۆیلایەتییەوە نەبووە.بەڵام بێگومان ناشکرێ بە پێوەری ئەمڕۆ لێکدانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ بۆچوونەکانی ئەرستۆ بکەین، کە نزیکەی پێش 2400 ساڵ ئەم بۆچوونانەی خۆی دەربڕیوە. لەکاتێکدا ئەو سەردەمە دەوڵەت شاری یۆنانی کۆن بەجۆرێک پڕ بووە لە کۆیلە، کە ناتوانین ئەم کۆمەڵگایانە بەبێ

کۆیلەداری وێنا بکەین و کۆیلەداری بونیاد و ژێرخانی مادی ژیانی کۆمەڵایەتی یۆنانی کۆن بووە.بەڵام ئەرستۆ لە ئەفلاتون قووڵتر چووەتە ناو ئەم باسەوەو لە روانگەی ئەرستۆ کۆیلە جۆرێکە لە ئامێر ، بەڵام جیاوازی نێوان کۆیلەو ئامێر ئەوەیە، کۆیلە ئامێرێکی زیندووە، بەڵام هەردووکیان بۆ خزمەتکردن بەکاردەهێنرێن. بەڵام ئەفلاتون رووکەشانە باسی کۆیلەی کردووەو گرنگی بە دیاریکردنی پێگەی کۆیلە لەناو کۆمەڵگادا نەکردووە وەک ئەوەی ئەرستۆ کردوویەتی. ،بۆیە ئەرستۆ ئەوەندە زۆر لەگەڵ ئەفلاتون لەمبارەیەوە جیاواز نەبووە، چونکە هەردووکیان بوونی کۆیلەیان بە پێویست زانیوە،بەڵام ئەرستۆ دەستنیشانی وردی بۆ کۆیلە کردوە، بەتایبەت کاتێک باسی بەڕێوەبردنی ماڵ و ئابووری دەکات،دەڵێ مرۆڤ بۆ ئەنجامدان و بەڕێوەبردنی ژیانی پێویستی بە ئامێری هونەری هەیە، هەندێک لەو ئامێرانە بێ گیانن وەک کەشتیوان یان کەلوپەلی دیکەی ناو ماڵ، ئەما بێ گیانن، هەندێکی دیکەش لەو ئامێرانە گیاندارن واتا گیانیان زیندووە،وەک خزمەتکارو کۆیلە. کۆیلە بریتییە لە داراییەکەی گیاندارو خزمەتکاریش ئامێرێکە ئیشی چەندین ئامێری دیکە دەکات،کەواتا کۆیلەکان لای ئەرستۆ ئامێرگەلێکی پێویستن بۆ ژیان.واتا رای ئەرستۆ ئەوەبوو کە بەڵێنی ئازادکردن بە کۆیلەکان بدرێ لە بەرامبەر ئەنجامدانی کاری خزمەتگوزاری.

بەڵام ئەرستۆ لە نێوان کەسانێک کە بە کۆیلەیی لەدایکدەبن، لەگەڵ ئەوانەی کە لە شەڕەکاندا بە دیل ئەگیرێن و دەکرێن بە کۆیلە، جیاوازی دروستدەکات،چونکە هەمان ئەو بڕوایەی هەیە کە خەڵکی یۆنان هەیانبوو،کە پێیانوایە ئەگەر یۆنانییەکان لە شەڕێکدا بە دیل گیران نابێت بکرێن بە کۆیلە، بەڵام جگە لە یۆنانییەکان هەر کەسێکی دیکە لە شەڕ

بگیرێت ئەوا کۆیلەن.سەرچاوەی ئەم بۆچوونەی لەوەوە گرتووە، کە هەندێ کەس هەر بە سروشت لە هەر شوێنێک بن کۆیلەن، بەڵام هەندێکی دیکە لە هیچ شوێنێک کۆیلە نین.واتا بە لای ئەرستۆوە نابێت کۆیلەکان یۆنانی بن بەڵکو دەبێت لە نەتەوەیەکی بچووکتر و خاوەن رۆحێکی بچووکتر بن.ئەگەر هەڵوەستەیەکی وردتر لەسەر ئەم بیرو بۆچوونەی ئەرستۆ بکەین، بەرلەوەی ئەرستۆ بێتە سەر دونیا یۆنانییەکان خۆیان بە باڵاتر زانیوە، واتا ئەوە کولتوورو فەرهەنگی یۆنانییەکان بوو کە وەکوو میرات بۆ ئەرستۆ مایەوەو ئەویش کردی بە کاڵایەک و لەبەر خۆی کرد. پێش ئەرستۆ جیاوازییەکی گەورە لە نێوان یۆنانییەکان و بەربەرەکاندا هەبوو، ئەرستۆش هات ئەم جیاوازییەی بەرجەستەتر کردو پێیوابوو تاکی یۆنانی ئازادەو پیاوێکی لۆژیکی و ئەقڵانیشە، بەڵام بە بڕوای ئەرستۆ پیاوی بەربەر نالۆژیکی و نائەقڵانییە.بەڵام ئەرستۆ بڕوای وایە لە سیستەمی دیموکراتیشدا کۆیلەو ژن وەکوو هەتیو دەمێننەوە.بڕواشی وابوو کە دەبێت خاوەنداری تایبەت هەر بمێنێت و سەروەت و سامان نابێت لەنێوان هەموو مرۆڤەکاندا وەکوو یەک دابەش بکرێت. ئەرستۆ پێیوابوو بە پێی یاساکانی سروشت دوو جۆرە مرۆڤ بوونیان هەیە، جۆری یەکەمیان بەهۆی توانایی فیکری و ئەقڵییەوە دەتوانن بڕیار بدەن، بەڵام جۆری دووەمیان ئەوانەن کە لە رێگای کاری جەستەییەوە ئەم بڕیارانە جێبەجێدەکەن، بێگومان مەبەستی ئەرستۆ لە جۆری یەکەم هاووڵاتیانی یۆنانی بوو کە ئازادن، مەبەستی لە جۆری دووەمیش بەربەرەکان بوو کە کۆیلەن. تەنانەت ئەرستۆ پێیوابوو بەربەرەکان هەمیشە کۆیلەن بۆیە وڵاتەکەشیان بووەتە سەرزەمینی کۆیلە، واتا بەلای ئەرستۆوە بەربەرەکان و کۆیلەکان هەمان سروشتیان هەیە، بەڵام ئەرستۆ ئەو بۆچوونەی

رەتکردۆتەوە کە کۆیلەو ژن جۆرێک لە سروشتی یەکسان و وەکو یەکیان هەبووبێت، پێیوایە ئەو ژنانەی کە هاوسەری پیاوی ئازادی یۆنانین، هەردووکیان خێزانیان پێکهێناوە، بەڵام پێگەی هەر یەکێکیشیان لەگەڵ ئەویتر جیاوازی هەیە، واتا پەیوەندی ژن و پیاو(مێرد)بۆ بەرهەمهێنانی منداڵە، بەڵام پەیوەندی کۆیلە و کۆیلەدار بۆ بەرهەمهێنانی مادی پێویستە.بەڵام ئەرستۆ باسی ئەوەی نەکردووە ئایا ژنی یۆنانی بۆی هەیە بەشداری لە کاری سیاسی بکات لە دەرەوەی ناو ماڵ.

لەبارەی جۆری جوکمڕانی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت، ئەرستۆ بە پێچەوانەی ئەفلاتونەوە کە پێیوابوو دەبێت فەیلەسوفەکان حوکمڕان بن تا مدینة الفاضلة بێتە دی ئەرستۆ دەڵێت نەخێر باشترین چین بۆ حوکمڕانی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی دەوڵەت چینی ناوەڕاستە،با بزانین لەبەرچی ؟ ئەرستۆ دەڵێت هەموو دەوڵەتێک خاوەنی سێ بەش یان سێ چینن لە مرۆڤەکان:

أ- بەتواناکان
ب- کەم دەستەکان
ت- ئەوانەی مامناوەندین(چینی ناوەڕاست).

کەسانێک کە سامانێکی مامناوەندیان هەیەپێش هەموو چینەکانی دی ئامادەن پەیڕەوی ئەقڵ بکەن،بۆ ئەوانەی بەتواناکانن واتا سەروو ئاسایی جوان و بەهێزو شەریفزادەن،بەڵام ئەوانەی کەم دەست و بێتواناو ناشیرینن، ناتوانن پەیڕەوی ئەقڵ بکەن، چونکە چینی یەکەم تووشی خۆبەگەورە زانین هاتوون، چینی دووەم رووبەڕووی ئازارو

ئەشکەنجەو کاری نابەجێ دەبن،بۆیە باشترین کۆمەڵگای هاوبەشی سیاسی ئەوەیە کە چینی ناوەڕاست فەرمانڕەوایی تێدا بکات،چونکە ئەم چینە لە هەردوو چینەکەی دی بەهێزترن.ڕەنگە هەر لەم دیدگایەوە بووبێ لە کاتێکدا پشتیوانی خۆی بۆ دیموکراسی ڕانەدەگەیاند، هاوکات دوژمنایەتیشی نەدەکرد،واتا ڕێگای ناوەڕاستی هەڵبژاردبوو، پێیوابوو باشترین هەڵبژاردە ڕێگای ناوەڕاستە.

ئەرستۆ پێیوابوو پیاوی باڵاو مەزن بیر لە تۆڵە سەندنەوەو کینە دروستکردن ناکات و ئەگەر هەر ئازارو ئەشکەنجەیەکیش درابێت ئەوا لەبیر خۆی دەباتەوە، بۆیە بە کورتی ڕێنماییەکانی ئەرستۆ ئەوەبوو کە دەیوت: ئەوەی دوژمنی ئەوانیترە، خراپترین دوژمنی خۆیەتی و ئەوەیش کە دۆستی خەڵکە باشترین دۆستی خۆیەتی.لەم ڕوانگەیەوە بوو ئەرستۆ پێیوابوو مامناوەندی واتای میانڕەوی دەگەیەنێت بە دیوێکی دیکە دەیوت مامناوەندی و میانڕەوی ڕێگاکانی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە قۆناخی کەمال نزیکدەکاتەوە،تەنانەت بۆ پرسی فەرمانڕەواییش ئەرستۆ جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوەو دەیوت،بێبەشکردنی زۆرینەی خەڵک لە حکومەت بە شێوەیەکی ڕەها، لەولایشەوە بەشدارییپێکردنی هەموو خەڵک لە حکومەت بە شێوەیەکی گشتی هەردوو دۆخەکە زیانهێنەرە.

ئەرستۆ لە ئەنجامی ئەزموونی تاڵی زۆرو شیرینی کەم لە ئەزموونەکانی خۆیدا دەستدرێژی بێسنووری ئەسکەندەر بە چاوی خۆی بینیبوو، لەولایشەوە بێ جورئەتی خەڵکی لەبەرامبەر ئەو جەورو ستەمە مرۆڤکوژییەی بینیبوو کە ئامادەبوون ببن بە کۆیلە لەبەرامبەر ئەو ستەمە زۆرەدا کە بەرامبەریان دەکرا، بۆیە ئەرستۆ گەیشتبوە ئەو ئەنجامەی کە هەردوو دۆخەکە زیانی بۆ مرۆڤ هەیە نە ئەو ستەم و زۆردارییەی

ئەسکەندەر ،نە ئەو ملکەچکردنە بێ سنوورەی خەڵک، بەڵکو ئاسوودەیی هەموو نەتەوەیەک لە مامناوەندێتیدایەو هیچ شتێک کە زیادەڕۆیی تێدا کرا جێگەی پەسندکردن نییە.باڵایی مرۆڤەکان لە پاراستنی رادەی مامناوەندیدایە، مامناوەندی لەنێوان ئازایەتی و ترسنۆکی، دەستبڵاوی و رەزیلی، شەرمنی و بێ ئابڕوویی، خۆهەڵکێش و خۆ بە کەمزان،لە نێو هەموو ئەمانەو چەندینی دیکە هەڵبژاردنی رێگای مامناوەندی باشترینیانە بۆ ئارامی و بەختەوەری مرۆڤ.

ئەرستۆ کە دێتە سەر سیستەمی سیاسی،پێیوایە هەموو سیستەمێکی سیاسی کە دروستدەبێت و دێتە ئاراوە، هۆکارو پاڵنەری خۆی هەیە،هەر سیستەمێکیش کە بانگەشەی بۆ دەکرێت، باسی دادپەروەری کۆمەڵایەتی تێدا دەکرێت، بەڵام لە ئەنجامی بەرژەوەندیخوازی هەندێک لەبەرامبەر هەندێکی دیکە، شۆڕش هەڵدەگیرسێننەوە، چونکە کەسانێک پێیانوایە کەسانێک زیاتر بەرژەوەندییەکانیان بۆخۆیان قۆرخکردووە، سروشتی شۆڕشەکان وایە ئامانجی سەرەکیان بەرژەوندیخوازی و پلەوپایەخوازییە،کەواتا هەموو سیستەمێک جۆرێک لە نا دادپەروەری تێدایە،کاتێک گرووپێک یان چینێک هەست بەپەراوێزخستنی دەکات،شۆڕش لەبەرامبەر ئەو سیستەمە هەڵدەگیرسێنێت،چونکە نادادپەروەری و نایەکسانی لەهەموو شوێنێکدا دەبێتە پاڵنەری شۆڕش. بۆیە ئەرستۆ پێیوایە دیموکراسی باشترین چارەسەرە بۆ ئەو گرفتی بەرژەوەندخوازییە، چونکە دیموکراسی پایەدارترو سەلامەتترە لە فەرمانڕەوایی چەند کەسێک، ئەرستۆ پێیوایە جێگیربوونی ئەم دیموکراسییە بەهۆی چینی ناوەڕاستەوە دێتە دی، ئەم چینەش ئەو سیستەمەی دایدەمەزرێنن لە زۆرینەی خەڵک نزیکەو تەنیا بۆ گرووپێک نییە،دژی هەڵخەڵەتاندنی خەڵکیشن کە چینی

بەتواناکان هەمیشە پەیڕەوی هەڵخەڵەتاندنی خەڵکن و بە درۆ چاوبەستەی خەڵک دەکەن، تا بە شۆڕشکردن لە بەرامبەریان کۆتاییان پێدێت. بۆیە لە بارەی حکومەتیشەوە پێیوابوو، حکومەت کاتێک گەندەڵ دەبێت کە هەموو فەرمانڕەواکانی لە فیکرو بیرکردنەوەی خۆیان بن و جیاوازی لە بیرکردنەوەیاندا نەبێت، کاتێک حکومەت باش دەبێت کە خۆشگوزەرانی و بەختەوەری بۆ هەموو هاووڵاتیان بێت.واتا ئەرستۆ دەیوت ئەوانەی فەرمانڕەوایی وڵات دەکەن جا ئەگەر ئەوانە گرووپێک بن یان تەنانەت تاکە کەسێکیش بێت، ئەگەر بەرژەوەندی خۆیان خستە سەرووی بەرژەوەندی خەڵکەکەوە ئەوا ئەو حکومەتە لە رێگای راست لایداوە، چونکەهەموو ئەو خەڵکەی لە چوارچێوەی وڵاتێکدا دەژین و مافی هاووڵاتیبوونیان هەیە پێویستە لە سوودەکانی هاووڵاتیبوون بێبەش نەکرێن، بۆیە  ئەرستۆ وردتر باسی لە پێکهاتەی حکومەت کردووەو دەڵێت، ئەو حکومەتەی بە دەستی کەسێکەوە بەڕێوە دەبرێت ئەوا ئەو حکومەتە پێیدەوترێت حکومەتی پاشایی، ئەگەریش بە دەستی گرووپێکەوە بوو، ئەوا حکومەتەکە پێیدەوترێ ئەریستۆکراتی،بەڵام حکومەتێک ئامانجی بەخشینی چاکەو بەختەوەری بێت بۆ هەموو هاووڵاتیانی خۆی و بە دەستی زۆرینەوە بەڕێوە ببردرێ نەک تاکە کەس یان گرووپێکی دیاریکراو، ئەوا حکومەتەکە حکومەتێکی کۆمارییە.کەوابێ حکومەتی تاکەکەس کە پاشایی ناونابوو ئەبێتە حکومەتێکی تورانی یان ستەمکار، حکومەتی ئەریستۆکراتیش ئەبێتە ئۆلیگارشی،حکومەتی کۆماریش دەبێتە حکومەتێکی دیموکراتی.حکومەتی ستەمکار تەنیا بە دوای بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیەتی، حکومەتی ئۆلیگارشی تەنیا لە بەرژەوەندی چینی باڵاو خەڵکە بە تواناکانە، حکومەتی دیموکراتی ئەو حکومەتەیە کە بەردەوام چاوی لەسەر

خواستی خەڵکی هەژارو نەدارە، کەوابوو لە هیچ کام لەم حکومەتانە کە سێ جۆرن حکومەت بە دوای دابینکردنی بەرژەوەندی گشتی نییە بەڵکو هەر جۆرە حکومەتێک بۆ بەرژەوەندی تاقم و گرووپێک یان چینێک هەوڵدەدا.چونکە حکومەتی ئۆلیگارشی کە حکومەتی دەوڵەمەندەکانە چوار جۆری هەیە، کە ئەمانەن:یەکەم،وەرگرتنی پۆست بە مەرجی موڵکایەتی دەبێت،ئەمەش کۆسپێکە بۆئەوەی هەژارەکان نەتوانن بگەن بە دەسەڵات، دووەم:ئۆلیگارشی بە سیفاتی بەرز دەناسرێتەوە، بۆیە پۆستە چۆلکراوەکان بە هەڵبژاردن پڕ دەکرێنەوە،سێیەم:کوڕ دەتوانێ جێگای باوک بگرێتەوەو هیچ کۆسپێک لەمبارەیەوە لە ئارادا نییە، چوارەم: دادوەر لە جیاتی یاسا باڵادەستەو بە شێوەی پشتاو پشتیش بۆیان دەمێنێتەوە. بۆیە ئەرستۆ وایدەبینی کە هەر کاتێک لە هەر شوێنێکدا گرووپێک خۆی کردە خاوەنی هەموو شتێک و گرووپێکی دیکەی بێبەش کردو نەبوو بە خاوەنی هیچ شتێک ئەوا یان دیموکراتی زیادەڕەو یان ئۆلیگارشی پەتی و رەها یان حکومەتێکی ستەمکار لەم وڵاتە باڵادەست دەبێت، چونکە حکومەتی ستەمکار لەوانەیە هەم لە دیموکراتی و هەم لە ئەفسەرە یاخیبووەکان دروست بکرێت، بەڵام زۆر ئەستەمە حکومەتێکی لەو جۆرە کە ستەمکارو ئۆلیگارشی بێت لە چینی ناوەڕاست پێکهاتبێت،بۆیە حکومەتی مامناوەندی(ناوەڕاست) باشترین جۆری حکومەتەکانە، لە شەڕو ئاژاوەش خۆی بە دوور دەگرێت، لە هەموو ئەو وڵاتانەیش کە چینی ناوەڕاست تیایدا بەهێزە یان فەرمانڕەوایە دووبەرەکی و ئاژاوەو ستەمکاری تێدا نابینرێت. .تەنانەت ئەرستۆ دەیوت دەبا بپرسین بۆچی لە زۆربەی وڵاتاندا یان حکومەتێکی دیموکراتی یان ئۆلیگارشی وڵات بەڕێوە دەبەن،حکومەتی ئۆلیگارشی حکومەتی دەوڵەمەندانەو حکومەتی دیموکراسیش حکومەتی

هەژارانە،دەیوت هۆکارەکەی ئەوەیە چینەکانی ناوەڕاست لەم شوێنانە بێ تواناو لاوازن واتا کەمن،بەڵکو ئەوانەی پێگەیەکی مامناوەندیان نییە جا بێ تواناکان بن یان بە تواناکان، ئەم دوو جۆرە حکومەت بەڕێوە دەبەن و ئەوەی بە دڵی خۆیانە ئەوە دەکەن،ئیتر حکومەت یان دەبێتە دیموکراتی یان دەبێتە ئۆلیگارشی، بەڵام دەبینی زوو زوو ناکۆکی دەکەوێتە نێوان بە تواناکان و بێ تواناکان و ئاژاوە سەرهەڵدەدا، ئەوانەی سەریشدەکەون لەم دوو جۆرە هەرگیز حکومەتێکی یەکسان و هاوبەش دروست ناکەن بەڵکو پلەو پایەکان وەکوو دەستکەوت و غەنیمە بەسەر خۆیاندا دابەشدەکەن و ئیتر ئەگەر زۆرینەی خەڵکی سەرکەوت ئەوا حکومەتێکی دیموکراتی و ئەگەریش بەتواناکان سەرکەوتن ئەوا حکومەتێکی ئۆلیگارشی دادەمەزرێنن. ئەرستۆ نموونەیەکی زیندووی هێناوەتەوەو دەڵێت ئیسپارتا خاوەنی حکومەتێکی ئۆلیگارشی بوو یۆنانیش خاوەنی حکومەتێکی دیموکراتی بوو، هەردووکیان لە پێناوی خەڵکدا نەبوون بەڵکو بۆ درێژە پێدان بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان فەرمانڕەواییان دەکردو حکومەتی چینی ناوەڕاست لەم دوو هەرێمەدا دروست نەبوو. هەر لەم ڕوانگەوە ئەرستۆ پێنج جۆرە دیموکراسی خستبووە روو، جۆری یەکەمیان بە لای ئەوەوە ئەو دیموکراسیەیە کە لەنێوان ئەوانەی بێ دەسەڵاتن و هیچ شتێکیان بەدەست نییە لەگەڵ ئەوانەی بەتوانان هیچ جیاوازییەکیان نییەو هیچ کامیان بەسەر ئەویتریان زاڵ ناکرێن،واتا دەوڵەمەندو هەژار لەبەردەم دەسەڵاتی باڵادا یەکسانن، چونکە هەردوو لا هاووڵاتین، ئەرستۆ ئەمجۆرە دیموکراتییەی بەلاوە زۆر پەسند تر بوو لە هەر چوار جۆرەکەی دی. جۆری دووەمیان بوونی ئەندازەیەکی زۆری سامانەبۆ دیاریکردنی پێگەی دەوڵەت، واتا دەوڵەمەندەکان دەتوانن بەشدار بن لە حکومەت بۆ

فەرمانڕەواییکردن،هەرکاتێکیش سامانەکەی لەدەستدا ئەوا پێگەی فەرمانڕەوایی لەدەستدەدا. جۆری سێیەم هەموو ئەوانەی هاووڵاتین واتا دایک و باوکیان بێگانە یان کۆیلە نین دەتوانن بگەن بە حکومەت و بەشداری لە فەرمانڕەوایی حکومەتەکەدا بکەن،بێگومان لەژێر ئەو ڕێوشوێنە یاساییانەی کە بۆ فەرمانڕەوایی داندراون. جۆری چوارەم، هەر کەسێک کە مافی هاووڵاتیبوونی هەیە مافی بەشداریکردن و فەرمانڕەواییکردنیشی هەیە، راستە دیسان بە گوێرەی گونجانی یاساکان دەبێت، بەڵام لەمجۆرە دیموکراتییەدا خەڵکی ئاسایی فەرمانڕەوان و یاسا بەهایەکی نامێنێ و ئەخرێتە لاوە، چونکە رێبەرو فەرمانڕەواکان لاف و گەزاف بەناوی خەڵکییەوە لێدەدەن، بۆیە ئەنجام و بەرهەمی ئەمجۆرە دیموکراتییە لە کۆتاییدا ستەمکارییە. ئەرستۆ بۆیە جۆری یەکەمی بەلاوە پەسندترە یەکەم لەگەڵ ئەوەدایە خەڵکی دەست و بازوو واتا ئەوانەی بە هێزی بازوو ماندوون نەک بە ئەقڵ ئەوانە کە بەشی زۆرینەن نابێ فەرامۆش بکرێن و لە حکومەت دوور بخرێنەوە، بەڵکو دەبێت بەشدارییان پێبکرێت، دووەمیشیان ئەوەیە چونکە ئەم خەڵکە کە بە بازوو ماندوون هەلی ئەوەیان بۆ نەڕەخساوە بەشداری لە دانیشتنە نەتەوەییەکان بکەن، بەڵکو ئەوان زیاتر چێژ لە پیشەکەی خۆیان وەردەگرن تا لەوەی بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوەو رەخنە گرتن بکەن لە شێوەی حوکمڕانییەکە، چونکە ئەمانە تا رادەیەکی دیار خەڵکانێکی تا بڵێی ئازاو بەهێزن، بەڵام لە ئەقڵدا لاوازو کەم ژیرن، ئەگەر جاروبار خەریکی چالاکییە سیاسییەکانیش بن ئەوا تەنیا بۆ هەڵبژاردنی فەرمانڕەواکان داوایان لێدەکرێت، دەنا هیچ سەروکاریان لەگەڵ وردەکارییەکانی چۆنێتی بەڕێوەبردنی حکومەتدا نییە.بەڵام بە گشتی ئەرستۆش ئەوەندە لەگەڵ دیموکراتیدا کورد وتەنی (دانووی نەدەکولا).

چونکە پێیوانەبووە حکومەتی دیموکراتی باشترین جۆری حکومەت بێت ، تا رادەیەک حکومەتی پاشایەتی کە تیایدا پاشا رۆڵی باوک بۆ ژێردەستەکان دەبینێت بە باشتری زانیوە، بەڵام ئەرستۆ زوو ئەگاتە ئەو بڕوایەی کە هێزی پاشایەتی دەبێتە حکومەتێکی زۆردارو زاڵمانە، چونکە پاشای زاڵم لە خەمی خۆشگوزەرانی و بەرژەوەندی گشتی خەڵکدا نییە، بۆیە حکومەتی دیموکراتی بە باشتر لە جۆری حکومەتی پاشایی دەبینێت و چونکە پێیوایە حکومەتی دیموکراتی کەمتر دژایەتی لەگەڵ باشترین شێوەی دەسەڵاتی سیاسیدا هەیە. دیارە لە حکومەتی دیموکراسیدا پەیوەندی هاووڵاتی شار وەکوو پەیوەندی نێوان باوک و کوڕ نییە، بەڵکو وەکوو پەیوەندی نێوان دوو برایە، سیستەمی سیاسیش بەمشێوەیە گەشە دەکات کە جۆری پەیوەندییەکان وەکوو دوو برا بێت نەک وەک نێوان باوک و کوڕ. بەتایبەت کاتێ ئەرستۆ لە بەشی دەستووری ئەسینایییەکاندا رەخنەی توندی لە بریکلیس و قۆناخی حوکمڕانییە دیموکراتیەتەکەی گرتووەو تەنانەت خودی بریکلیس بە دیماگۆگی ناودەبات، لەبەر ئەوە بووە دەڵێت: بریکلیس فەرمانڕەوای گەل بوو، کاروبارەکانی بە رێکوپێکی بەڕێوە دەبرد، بەڵام دوای مردنی بارودۆخەکە تەواو تێکچووزۆر خراپتر بوو، پێیوایە ئەمە بۆیە وایلێهات چونکە لە ئەسینا دەستوور نەبوو یاسایەکی پتەو نەبوو، ئا لێرەوەیە ئەرستۆ بڕوای بە سیستەمی دەستووری هەیە، نەوەک حوکمی پاشاو گەدای بە یاساو بێ دەستوور. لێکۆڵەرەوان پێیانوایە ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە ئەرستۆ  بە باشی لە مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی خەڵکی ئاتن نەگەیشتبوو، چونکە حکومەتی دیموکراتی ئاتن لە سەدەی چوارەمی پێش زایین لەگەڵ یاسا شکێنی و ئاژاوەدا نەبوون،راستە کەموکووڕییان زۆر بوو وەک خەڵکی هەر شوێنێکی

دیکە بەڵام ئەمە نابێتە عەیبەیەک بۆمێژووی ئاتن بەتایبەت کە (مۆستین) بەناوبانگترین گوتاربێژی ئاتن بوو، ئازایانە لە پێناوی سەربەخۆیی وڵاتەکەی بەرگری کردو لە بەرامبەر دەسەڵاتخوازی فیلیپی مەکدۆنی وەستایەوەو درێخی نەکرد، ئەمەش پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی ئەرستۆیە کە خەڵکی هێزو بازوو کەم ئەقڵن و ناتوانن خەڵکی سەرکردەو رێبەری پاک پەروەردە بکەن و دروستیبکەن.

ئەرستۆ شارەزاییەکی وردی لە جۆری حکومەتەکان و سیستەمی سیاسییەکانیانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی هەبوو،دەوترێ خوێندنەوەیەکی وردی لە پێکهاتەی 158 دەوڵەتشاری جیاوازدا کردبوو گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی کە لە هەموویاندا کەموکووڕی و نەبوونی پسپۆری رامیاریی هەیە،گەیشتبووە ئەو بڕوایەی حکومەتە بەهێزەکان بۆیە دەڕووخێنرێن و لەناو دەبردرێن، چونکە بازرگان و دەوڵەمەندەکان گوێ بە داخوازییەکانی کرێکاران و هەژاران و خاوەنانی هێزو بازوو نادەن، حکومەتیش ئەوکاتە گەندەڵ دەبێت کە بیروبۆچوونی جیاوازی لەناودا نەبێت و هەموویان وەکو یەک بیربکەنەوە.

فەلسەفەی سیاسی ئەرستۆ لە سەردەمی خۆیدا بە فەلسەفەیەکی شۆڕشگێڕانە ناسرا، یەکەم کەس بوو کە بڕوای بە مامناوەندی و میانڕەوی هەبوو،بەڵام ئەم بیروڕایە بۆ خودی خۆی سووتێنەر بوو، چونکە ئەرستۆ مامۆستای کەسێک بوو کە تابڵێی زۆردارو زاڵم بوو، ئەویش ئەسکەندەری مەکدۆنی بوو،ژیانی ئەسکەندەر لە گەردەلوولێکی پڕ لە ترس و پڕ لە هەوەسبازی دەچوو،شانشینێکی دەبەخشی بە هاوڕێیەکی خۆی، کەچی دواتر هەر بۆ هەوەس کاتێک کە کە مەست و سەرخۆش دەبوو، مێشکی ئەو هاوڕێیەی خۆی دەپژاند،دەڵێن یەکێک لە ئەفسەرەکانی ئەسکەندەر

ڕێنماییەکانی پزیشکی بەکار نەهێنا بۆیە مرد، ئەسکەندەر پزیشکەکەی بە تاوانی گەمژەیی ئەفسەرەکەی لە سێدارەداو پاشان بۆ داپۆشینی قەرەبووکردنەوەی ستەمکارییەکەی هەموو خەڵکی شارێکی خستە بەردەمی شمشێرەوە. کاتێک سەماکەرێک کە ئەسکەندەری سەرگەرم کردبوو،داوای مەشخەڵێکی لێکرد تا لە کاتی گەڕانەوەیدا ڕێگاکەی پێ ڕووناک بکاتەوە، ئەسکەندەر دوودڵی نەکردو ئاگری لە تەختی جەمشید بەرداو هاواری کرد: وەرە ئازیزەکەم ئەم ئاگرە ڕێگاکەت باش ڕووناک دەکاتەوە.

3- **لۆژیکی ئەرستۆ**

با لە سەرەتاوە بپرسین ئەرێ لۆژیک چییە؟ لۆژیک لە بنەڕەتدا وشەیەکی ئەوروپاییەو لە وشەی لۆگۆسی یۆنانییەوە سەرچاوەی گرتووە،کە بە مانای ئەقڵ و هزر دێت هەندێکجاریش بە مانای ڕۆح و وشەشیان بەکارهێناوە.ئەرستۆ یەکەمین کەس بوو کە بەو ئاقارەدا فەلسەفییەدا چووە، واتا لقێکی دیکەی خستە سەر لقەکانی دیکەی فەلسەفە بە ناوی لۆژیکەوە، هەر لەبەر ئەوەش بووە بە ئەرستۆ دەوترێ مامۆستای یەکەم. دیارە کە باسی لۆژیک دەکەین، دەتوانین بڵێین لەوەتەی مرۆڤ هاتۆتە سەر زەوی، جۆرێک لە لۆژیکی هەبووە کە توانیویەتی بەهۆیەوە دەوروبەری خۆی بناسێت و شتەکان لە یەکدی جیا بکاتەوە، بەڵام ئەرستۆ بە یەکەم مامۆستاو یەکەم داهێنەری لۆژیک دادەنرێ کە توانی بە شێوەیەکی ورد لێیبکۆڵێتەوە. هەر بۆ نموونە ئەرستۆ بوو کە زانستی کرد بە دوو بەشەوە، بەشێکیان بریتین لە فیزییک و ماتماتیک و میتافیزیک، بەشەکەی تریشیان بریتییە لە ئاکارو سیاسەت و هونەرو...هتد.بەڵام دەبێ ئەوە بزانرێ لۆژیک بەشێک نییە لەم زانستانە،واتا لۆژیک زانستێکی سەربەخۆ نییە بگرە هەر

زانست نییە، بەڵکو لۆژیک بریتییە لە  سەرەتاو پێشەکی دەستپێکردنی هەموو زانستێک و گرنگی بە فۆرم و رووخساری زانست دەدات و مادەکە پشتگوێ دەخات.واتا لۆژیک مەرجی پێشینەی هەر جۆرە تۆژینەوەیەکە، هەر وەک ئەرستۆ دەیوت هەندێک کەس هەوڵی بەدەستهێنانی راستیدەدەن، بەڵام بەبێ زانینی شیتەڵکاری-لۆژیک. (ئەرستۆ لە سەردەمی خۆیدا ناوی لۆژیکی نەهێناوە بەڵکو لەبری لۆژیک،زاراوەی (ئەنالوتێکا— شیکردنەوە) زۆر جاریش چەمکی ئۆرگان (ئامیر)لەجیاتی لۆژیک بەکار هێناوە، چونکە لە سەردەمی ئەرستۆ ئەم زاراوەیە (لۆژیک باو نەبووە تەنانەت هەر بەکاریش نەهاتووە، بەڵام دواتر  شیشەرۆن لە جیاتی وشەی دیالەکتیک، لۆژیکی داناوە، چونکە پێشترو لەسەردەمی یۆنانی کۆن زاراوەی دیالەکتیک زۆر بەکار هاتووە، دوای شیشەرۆن، ئەسکەندەری ئەفرۆدیسی و جالینۆس لە سەدەی دووەمی زایینیدا ئەم وشەیە-لۆژیک-یان بەکارهێناوەو ئیتر بووەتە باو).واتا لۆژیک ئامرازێکە لە یاساو رێساو بنەما رووخسارییەکانی هزرو بیر دەکۆڵێتەوە،بەڵام ئەو ئامرازو وەسیلەیە چییە کە هزرو بیر دەردەخات، بێگومان زمانە، زمان راپەڕێنەری ئەقڵ و هزری مرۆڤە، واتا تا لە ئەقڵەوە رێگای پێ نەدرێ، زمان ناتوانێ دەریببڕێ. کەواتە  زمان ئامرازێکە بۆ دەربڕین و لەیەکترگەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروباوەڕو هەست و نەست.بنەما یاساو رێساکان ئەقڵ دایدەڕێژێت  لە زەین و مێشکی مرۆڤەکان، زمانیش دەریدەبڕێت و دەبێتە رەنگدانەوەی ئەو بنەما یاساو رێسایانەی کە ئەقڵەکە دایڕشتووە.زمان ئەوکاتانەی دەکەوێتە دەربڕین ، ئەوە رێک دەربڕینی ئەوکاتەی ئەقڵەکەیەو پێچەوانەی ئەقڵ هیچ دەرنابڕێ. هەر ئەو زمانەشە وەک ئەرستۆ ئاماژەی بۆ کردووە، کە مرۆڤ لە هەموو بوونەوەرەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، تەنانەت بە هۆی ئەم

زمانەشەوەیە توانای ئەقڵی مرۆڤەکانیش لە یەکدی جیا دەکرێنەوە. کەواتە لۆژیک زانست نییە بەڵام گرنگی بە فۆرم و یاساو رێساکانی ئەقڵ دەدات، واتا زانستێکی سەربەخۆ نییە، بەڵام پێی ناوەتە ناو جیهانی زانستەوە، چونکە بە هۆی لۆژیکەوە  لە رێگای رووخساری ئەقڵ و بیرکردنەوەوە دەتوانین بگەین بە کرۆکی بیرکردنەوەو ئەقڵ، لە لایەن مرۆڤەکانەوە.

ئەرستۆ لە زۆر بواردا کارگەری گەورەی هەبووە، بەڵام لە بواری لۆژیکدا زۆرترین کاریگەری هەبووە،بە رادەیەک هێشتا ئەفلاتون لە فەلسەفەدا خاوەنی یەکەمین پێگە بوو، کەچی ئەرستۆ لە بواری لۆژیکدا بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرا، ئەم پێگەیەش بە درێژایی ماوەی سەدەکانی ناوەڕاست درێژەی هەبوو، تا قۆناخی رێنیسانس لە ئیتالیا سەریدەرهێناو ئیتر وردە وردە ئەرستۆش ئەم پێگەیەی لەدەست دا. ئەگەر چی کاتۆلیکەکان تا ئێستاش لێرەو لەوێ سەرسامی خۆیان بۆ لۆژیکی ئەرستۆ نیشاندەدەن، بەڵام لە چوار چێوەیەکی تەسکدایەو زانستی نوێ قەتیسی کردو خستییە مۆزەخانەیەکی گەورەوە.

گرنگترین کارەکانی ئەرستۆ لەبواری لۆژیکدا تیۆری پێوەری لۆژیکییە (Syllogism) پێوەر بریتییە لە بەڵگەنامەیەک کە پشتی بە سێ بەش بەستووە، پێشەکی درێژ و پێشەکی کورت و ئەنجامەکە، بۆنموونە:

سوکرات مرۆڤە (پێشەکی کورت)

هەموو مرۆڤێکیش دەمرێ (پێشەکی درێژ)

کەواتە سوکراتیش دەمرێ (ئەنجام). ئەم بەشە ناوی لێنراوە (باربارBarbara).

یان

هەموو مرۆڤێک دەمرێ

هەموو یۆنانییەک مرۆڤە

کەوابوو هەموو یۆنانییەک دەمرێ.

ئەرستۆ ئەم دوو نموونەیەی سەرەوەی لەگەڵ یەک بەستۆتەوە:

لە بەشێکی دیکەیدا دەڵێت:

هیچ ماسییەک ئاقڵ نییە

هەموو نەهەنگێکیش ماسییە

کەوابێ هەموو نەهەنگێک بێ ئەقڵە. ناوی ئەم بەشە (سلارێنت Celarent)ە.

یان ئەم نموونەیە :

هەموو مرۆڤێک ئاقڵە

هەندێک بوونەوەر مرۆڤن

کەوابێ هەندێک بوونەوەر ئاقڵن. ناوی لەم بەشە (دارییDarii)ییە.

یان ئەم نموونەیە:

هیچ یۆنانییەک رەش نییە

هەندێک لە مرۆڤەکان یۆنانین

کەوابێ هەندێک لە مرۆڤەکان رەش نین. ئەم بەشە ناوی (فریۆFerio)

لێرە بە پێی لۆژیک کاتێ دەوترێ هەموو مرۆڤێک دەمرێ، هەموو یۆنانییەک مرۆڤە، کەوابوو هەموو یۆنانییەک دەمرێ، زۆر ئاڵۆزترە لە نموونەی یەکەم کە دەڵێت: سوکرات مرۆڤە، هەموو مرۆڤێکیش دەمرێ کەواتە سوکراتیش دەمرێ.

دەبێت ئەو راستییە لەبەرچاو بگرین ، راستە ئەرستۆ بەهۆی داهێنانی لۆژیک لە فەلسەفەدا ناوی لێنراوە مامۆستای یەکەم/ بەڵام نابێ ئەوە لە

بیر بکرێت کە فەیلەسووفانی پێشووتر بە تایبەت هیراکلیتس، پارمەندیس، وینۆن،هەروەها سۆفستاییەکانیش وەکوو گۆرگیاس، ئینجا سوکرات و ئەفلاتونیش هەر یەکەیان بەشدارییەکی جیاواز لە ئەویدیکەیان بۆ دانانی بنەمای لۆژیک کردووەو هەوڵەکانیان دیارە، بەتایبەت هیراکلیتس ئەگەر دامەزرێنەری رێبازی دیالەکتیکیش نەبووبێت، ئەوا یەکێک لە رابەرە هەرە زیندوو پێشکەوتووەکانی رێبازی دیالەکتیکە، لە سەرەوەش ئاماژەمان بۆ ئەوە کردبوو کە لۆژیک بەر لەوەی بەکار بهێنرێت لە یۆنانی کۆن دیالەکتیک لە بری لۆژیک بەکار دەهێنرا.تەنانەت بوون و نەبوون کە هیراکلیتس بۆ یەکەمجار لێیدواوەو پێیوابووە بوون و نەبوون یەک شتن، هەموو شتێک لە یەک کاتدا هەیەو نییە،یان ئەو رێگایەی پێی سەردەکەوی، هەر بە هەمان رێگا لێی دێیتە خوارەوە،ئەمانە ببوونە هەوێنی فەلسەفەی دیالەکتیک لای ئەفلاتون و ئەرستۆ. ئەفلاتون جگە لە بابەتی فەلسەفی فیزیک و ئاکارو بڕوا بوون بە خودا کە میتافیزیکاکەی لێ پێکهێناوە، لە تەک ئەو بابەتە فەلسەفیانەشیدا دیالەکتێک بابەتێکی بنەڕەتی فەلسەفەکەی بووە.بەڵام ئەرستۆ زیاتر بە ناخی ئەو پرسە فەلسەفییەدا چووەتە خوارەوە.بۆیە ئەوە باوە کە ئەفلاتون دوو قۆناخی لۆژیکی وەک بنەمایەک دانابوو، قۆناخی یەکەمی بریتی بوو لە باسکردنی دیالەکتیک، ئەویش لە رێگای دیالۆگەکانییەوە بووە، قۆناخی دووەمی رێکخستنی بنەماکانی دیالۆگ بووە بە شێوەی میتۆد، قۆناخی سێیەمیش بۆ ئەرستۆ دەگەڕێتەوە کە دانانی لۆژیکەکە بوو، بەڵام هەوێنی ئەم دیالەکتیکەی ئەقلاتون بۆ داهێنانی هیراکلیتس دەگەڕێتەوە. بۆیە هیچ زوڵمێک لە ئەرستۆ و ئەفلاتون ناکەین ئەگەر هیراکلیتس بە سەرەتای بیرکردنەوە لە دیالەکتیک و لۆژیک ناو ببەین.بەڵام سەردەمەکانی هەر

یەک لە هیراکلیتس، ئەفلاتون، ئەرستۆ تەواو لە یەکدی جیاواز بووەو ئاستی ئەقڵی مەعریفیش بە هەمانشێوە جیا بووە.

**4- فەلسەفەی سروشت(فیزیک)ی ئەرستۆ**

پێش ئەوەی باسی فەلسەفەی سروشت و دواییش کەمێک لەسەر میتافیزیک بوەستین کە ئەمانە لای ئەرستۆ چۆن بوون، دەبێ ئەو راستیە باسبکەین کە ئەرستۆو هەموو ئەوانەی پێش ئەرستۆ هاتبوونە سەر زەوی لە دۆخی بیرکردنەوەیەکی یەکجار سەقەتی ناو کۆمەڵگاکانیانەوە چاویان کردبۆوە، هەموو فەیلەسووفەکان لە سەردەمی منداڵیانداو لەناو کۆمەڵگای ئەو سەردەمدا گوێبیستی ئەوە دەبوون کە مانگ و خۆر خوداوەندن، ئەناکساگۆراس خرایە ژێر لێکۆڵینەوەیەکی زۆر توند چونکە پێیوابوو خۆرو مانگ گیانیان لەبەردا نییە.بۆیە ئێمە کاتێ باسی هەر یەک لەو فەیلەسوفانە بە تایبەت ئەفلاتون و ئەرستۆ دەکەین، نابێ قۆناخ و سەردەمی خۆیان لە بیر بکەین، ئەوەتا بەشێک لە فەیلەسووفانی سەدەی بیستەم واتا دوای زیاتر لە (2000)ساڵ نووکی رەخنەیان خستۆتە سەر ئەرستۆو ئەفلاتون، لەکاتێکدا لە ماوەی ئەو زیاتر لە(2000) ساڵە زۆر گۆڕانکاری گەورە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا تەنانەت لە سروشتیشدا روویداوەو زانست بە زۆر ئەنجامی باش گەیشتووە، لە کاتێکدا لە سەردەمی ئەفلاتون و ئەرستۆ زانست هەر بوونی نەبوو.

دیارە ئەرستۆ لە شتە سرووشتییەکاندا مەبەستی ئەو شتانەیە کە یۆنانییەکان پێیاندەوت(فۆزیسPhisisیان Phusis) کە مەبەست سرووشت بووە.ئەگەرچی سرووشت رێک ئەو مانایەی فۆزیس ناگەیەنێت بەڵکو

فۆزیس زیاتر مانای نەشونما دەگەیەنێت.ناوکی فەلسەفەی سروشت لای ئەرستۆ بریتییە لە جوولە، لە پاڵ جوولەشدا ئەم سێ رەگەزە یارمەتیدەرن کە: (کات، هۆ، گەردوون)ن. ئەم فەلسەفەیە هەر لە سەردەمی ئەرستۆوە تا سەرهەڵدانی گالیلۆ، واتا بە درێژایی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست بەردەوامبوو، بەڵام گالیلۆ گورزێکی کەمەرشکێنی لە فەلسەفەکەی ئەرستۆ داو، بە تەواوی هەڵیوەشاندەوە، کە بۆ ئەوکات هەزمکردنی زۆر سەخت بوو.

ئەرستۆ لەسەر بنەمای پرسیارە جۆراوجۆرەکانی فەیلەسوفانی پێش خۆی سەرچاوەی گرتووە، بۆنموونە: جیهان چۆن دروستبووە، هۆی لەناوچوونی بوونەوەران بۆ چی دەگەڕێتەوە،ئەمانەو پرسیارگەلێکی دیکە ئەرستۆیان بە تەواوی سەرقاڵ کردبوو. ئەرستۆ پێیوابووهەموو شتەکان بەردەوام لە دۆخی لەناوچووندان، شتێک دەبێت بە شتێکی دیکە،ئینجا لەناودەچێت .بەڵام پاڵنەری ئەم لەناوچوونە چییە، ئەرستۆ پێیوایە ئەو پاڵنەرە جوولەیە.

ئەرستۆ سەقاڵی باسێک بووە کە جێگای سەرنجە، بۆ نموونە:کاتێک باسی کات دەکات، پێیوایە کەسانێک لەو بڕوایەدان کە کات بوونی نییە، چونکە کات لە رابردوو هەروەها داهاتوو پێکهاتووە، لەمەشدا یەکێکیان بوونی نەماوەو بەسەر چووە، ئەویدیکەش هێشتا پەیدا نەبووە. بەڵام ئەرستۆ ئەم بۆچوونە رەتدەکاتەوەو دەڵێت: کات جوولەیەکە کە پێش ژماردن دەکەوێت. ئینجا زیاتر ورد دەبێتەوەو دەڵێت ئایا کات بە بێ بوونی رۆح بوونی هەیە؟ چونکە ئەگەر شتێک بۆ ژماردن بوونی نەبێت،ژمارەش بوونی نابێت، بێگومان ئاشکراشە کات بە ژمارەوە بەستراوە.تا لەوەش

زیاتر دەڕوات و دەڵێت هەندێک لە شتەکان لە چوارچێوەی کاتیش نین بەڵام نەمرن، بێگومان لەمەیان مەبەستی ژمارەیە.

ئەرستۆ لە بۆچوونێکی دیکەیدا دەربارەی سرووشت پێیوابووە هەموو ئەو شتانەی کەوتوونەتە خوارەوەی مانگ لەناودەچن، چونکە لە رەگەزی خۆڵ و ئاو و ئاگرو هەوا پێکهاتوون.بەڵام ئەوانەی لە سەرەوەی مانگن واتا لە ئاستی بەرزی مانگ بەرزترن لەناوناچن و نەمرن،چونکە شوێنی سەرەوە لە شوێنەکانی دیکە مەعنەویترە.شتە جێگیرەکان واتا هەسارەکان کە لەسەرەوەی مانگن لە رەگەزێکی تر پێکهاتوون ئەویش بازنەییە، هەموو هەسارەیەکیش بازنەییە، وەک چۆن زەویش بازنەییە.بەڵام ئەو چوار رەگەزەی کە لە خوارەوەی مانگن وەک خۆڵ و ئاو و ئاگرو هەوا لەناو دەچن، چونکە ئاگر سووکەو رووی لە سەرەوەیە،خاکیش گران و قورسە، هەوا تا رادەیەک سووکە و ئاویش قورسە. ئەم تیۆرەی ئەرستۆ لە سەدەکانی ناوەڕاست گرفتێکی دروستکرد کاتێ بینیان ئەستێرە کلکدارەکان دەکەوتنە خوارەوەو لەناودەچوون لەکاتێکدا ئەو ئەستێرە کلکدارانە لە فەلەکی بەرز بوون نەک لە خوارەوەی مانگ.لە سەدەی حەڤدە ئەوە خرایە روو کە ئەو ئەستێرانە بە قەد مانگ لە زەوی نزیک نین بەڵکو دوورترو بەرزترن لە مانگ ، بە شێوەیەکی بازنەییش بەچواردەوری خۆر دەسووڕێنەوە، هەروەها ئەرستۆ پێیوابوو ئەگەر تیرێک بە شێوەیەکی ئاسۆیی بەربدرێتەوە بۆ ماوەیەک بە شێوەیەکی ئاسۆیی دەجوولێتەوە بەڵام دواتر لەناکاو بە شێوەیەکی ستوونی دێتە خوارەوەو بەردەبێتەوە، بەڵام گالیلۆ لەمەشیاندا دەریخست کە ئەمە راست نییە بەڵکو تیر لەسەر هێڵێکی کەوانەیی دەجوولێتەوە. پێڕەوانی ئەرستۆ لەمەشدا سەرسام بوون. ئینجا کە ئەرستۆ وتی زەوی بازنەییەو چەقی جیهانیشە.لەمەشیاندا

گالیلۆو کۆپەرنیکۆس کێپلەر  دەریانخست ئەرستۆ لەمەشیاندا بە هەڵە چووە چونکە زەوی چەقی جیهان نییە، بەڵکو لەماوەی شەوو رۆژێکدا تەنیا جارێک بەدەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە، لە ساڵێکدا یەکجار بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە. بەمە تەواوی فەلسەفەکەی ئەرستۆ رووبەڕووی گەورەترین شکست بووەوە.

دەبێت ئەو راستییە بزانین کە تیۆری نەمری و لەناونەچوونی تەنە ئاسمانییەکان لە رۆژگاری ئەمڕۆدا کە زانست پێیگەیشتووە، بەتەواوی رەتیدەکاتەوە، کە تەنە ئاسمانییەکان با زۆریش بەرز بن هەر لەناودەچن،راستە تەمەنی خۆرو ئەستێرەکان زۆر درێژخایەنە، بەڵام تا ئەبەد نییە , ئەمانە لە هەور پەیدا بوون و سەرەنجام یان دەتەقنەوە یان بەهۆی سەرماوە لەناودەچن،هیچ شتێکیش لەدەرەوەی گۆڕان و نەمریدا نییە.

### 5- میتافیزیکای ئەرستۆ

وشەی میتافیزیک لە زاراوەی یۆنانی Meta ta Physikaوەرگیراوە کە رێک مانای ئەودیو شتە سرووشتییەکان دێت. وشەی Physis یانPhusisچەند وشەیەکی یۆنانین و بە مانای سروشت Nature دێن و هانز گیۆرگ گادەمێر 1900-2002 لە کتێبی سەرەتاکانی فەلسەفەدا نووسیویەتی کە بۆ یەکەمین جار لە دیالۆگی فیدۆی ئەفلاتوندا سروشت خستراوەتە روو. میتافیزیکای ئەرستۆ لەو کاتەوە سەریهەڵدا کە کتێبێکی بەناوی فەلسەفەی یەکەم، ئیلاهیات هەندێکجاریش بە حیکمەت Sophia ناویدەبات،ئەم دەستەواژەیەی نووسیوە Ta Meta ta Physika biblia واتا: کتێبگەلێک لە دوای پەرتووکەکانی دەربارەی سروشت.دواتر کتێبەکە

ناوی لێنرا میتافیزیکا.واتا ئەرستۆ خودی خۆی بە هیچ شێوەیەک ناوی میتافیزیکی بە باڵای کتێبەکەیدا نەبڕیوە، بەڵکو فەیلەسوفانی دوای ئەرستۆ کە هی سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست بوون وایان لێکدایەوە کە ئەو باسانەی ئەرستۆ نووسیویەتی بریتین لە باسی(لە دوای شتە سرووشتییەکانەوە)چونکە لە سەرووی تێگەیشتنی هەستی ئێمەوەن بۆیە تێگەیشتن لێیان دژوارە.چونکە فەیلەسوفانی سەدەکانی ناوەڕاست و تەنانەت فەیلەسووفانی دوای سەدەکانی ناوەڕاستیش میتافیزیکیان بە مانای ئەو شتانە داناوە کە لە دەرەوەی سرووشتن، بەڵام بوونیان هەیە. ئیتر دوای ئەرستۆ فەیلەسووفەکان هاتوون ئەم ناوی میتافیزیکایەیان لە کتێبەکەی ئەرستۆ ناولێناوە. ئەرستۆ لەم کتێبەیدا لێکۆڵینەوەکانی بریتییە لە فەلسەفەی یەکەم و ئیلاهیات و ئەو زانین و زانستەی کە خۆی مەبەستیەتی بە حیکمەتی ناو دەبات.بەڵام ئەرستۆ روونکردنەوەیەکی نییە بۆ ئەو بابەتەی کە بەشوێنیدا دەگەڕێت و لێیکۆڵیوەتەوە، تەنیا ئەوە نەبێ لە هەندێک دەقدا ئاماژەی بە زانستی هۆکارە یەکەمەکان کردووە.

میتافیزیک باسی جیهان دەکات بۆ ئەوەی تاوتوێی ئەقڵ و هزری مرۆڤ بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی فەلسەفەکەی ئەرستۆ میتافیزیک پێشەکییەکەو بنەمایی و سەرەتاییە،چونکە ئەرستۆ کتێبەکەی تایبەت بە میتافیزیک ناونابوو فەلسەفەی یەکەم.

لە بنەڕەتدا میتافیزیک جەوهەری نامادییەو، بونی بابەتەکەی خۆی هەر وا بەسووک و سانایی گریمانە ناکرێت،چونکە پێویستی بە سەلماندنی جەوهەری نامادی هەیە بۆئەوەی لێکۆڵینەوەی لەبارەیەوە بۆ بکرێت. کەواتا میتافیزیک زانستێکە یان فەلسەفەیەکە لەبارەی بوون، بوون وەک ئەوەی هەیە لێیدەکۆڵێتەوە،بۆیە گریمانە هەڵناگرێ چونکە ئەو بوونە لە بنەڕەتدا

بوونی هەیە،بۆیە میتافیزیک شتەکان وەک ئەوە سەیردەکات کە بوونیان هەیە، بەڵام هەوڵدەدات ئەو نیشانەو تایبەتمەندییانە دەستنیشان بکات کە کە لە بوونی شتەکاندا هەیە.کەواتا میتافیزیک بەتەنیا گەڕان یان لێکۆڵینەوە نییە بۆ تێگەیشتن لە چەمکی بوون، بەڵکو گەڕان و لێکۆڵینەوەیە بۆ تێگەیشتن لە چەمکە تەواو گشتییەکانیش وەکوو هەموو ئەو شتانەی کە بوونەکە لە خۆ دەگرن و هەن وەکوو جیاوازی،بوون،خاوەنێتی،تاکەکان، شوناس، لەیەکچوون، لەیەکنەچوون، چینەکان، مادە، شوێن، کات،..هتد. لێرەوە ئەو قسەیەی دیکارت کە باوکی فەلسەفەی نوێیە دەهێنینەوە کە دەڵێت:فەلسەفە بە شێوەیەکی گشتی وەکوو دارێک وایە کە رەگ و ریشەکانی میتافیزیک بێت و، ناوقەدەکەیشی فیزیکە (واتا سروشتە)و، لق و پۆپەکانیش کە کە لە قەدی درەختەکەوە بوونەتەوە ئەوا زانستەکانی دیکەن. لێرە ئەوە روونە کە بنەماو رەگو ریشەی فەلسەفە میتافیزیکە.

میتافیزیک لەسەر دوو قاچ وەستاوەو هەردوو قاچەکە دروستکارو پێکهێنەری میتافیزیکان، یەکەمیان گەڕان و لێکۆڵینەوەیە بە دوای بوون و راستی و پێکهاتەکانی بوون، دووەمیشیان بڕوابوونە بە خواوەندو سروشتی جەوهەری خواوەند،بە دیوێکی قووڵتر میتافیزیک تەنیا لە بارەی بوون و سرووشتی خوداوە نییە، بەڵکو لێکۆڵینەوە لە جیاوازی نێوان هۆش و جەستە لە لایەک و پەیوەندی هۆش و جەستە لە مرۆڤدا لە لایەکی دیکەوە دەکات وهەروەها سروشت و رادەی ئازادی ویستیش لەخۆ دەگرێت.لەم روانگەیەوە بوو کاتێ هایدگەر رەخنەی لە فەلسەفەکەی ئەرستۆ و تەواوی فەیلەسووفانی دیکە گرتووەو دەڵێت:ئەرستۆ پرسیارکردنی لە بوون لەبیر کردووە.

با لێرەوە بە کورتی بچینە ناو پوختەی باسەکەمان و بپرسین کەوابێ میتافیزیکا چییە؟ئەی پەیوەندی بە فەلسەفەوە چییە؟ خۆ ئەگەر میتافیزیکا پەیوەندییەکی توندی بە فەلسەفەوە هەیە، خۆ لە پێش ئەرستۆ چەندین قوتابخانەی فەلسەفی و چەندین فەیلەسووف سەریانهەڵداوە،ئایا ئەم زاراوە فەلسەفییە پێشتر(پێش ئەرستۆ) بوونی هەبوو؟

لە راستیدا میتافیزیکا گەڕانە بەدوای هۆکارەکان، بە دیوێکی دیکەشدا ئەوە ئەرکی فەلسەفەیە هۆکاری شتەکان دەربخات و نیشانی بدات،کەواتە میتافیزیکا رەگەزو بنەمایەکی یەکجار سەرەکییە لە فەلسەفەدا، بەڵام ئەرستۆ وردترو زیاتر لە فەیلەسووفەکانی پێش خۆی لەسەر ئەم پرسە وەستاوە، دەنا فەلسەفە بەبێ میتافیزیکا، لە پێناسەو ماهییەتی خۆی رووتدەکرێتەوەو گرنگییەکی ئەوتۆی لەنێو کایەی فەلسەفیدا بۆ نامێنێت.

میتافیزیکا واتا هەموو ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی رووداو و دروستبوون.بۆیە فەلسەفەش دەبێتە زانینی هۆکارەکان.لەم روانگەوە ئەرستۆ دەڵێت: هەموو کەسێک حەزی لە زانینی شتەکانە، بەڵگەش بۆ ئەم قسەیەمان ئەو تامو چێژەیە کە لە کاتی کارکردنی هەستەکاندا پێمان دەگات.با وردتر بچینە سەر جەوهەری میتافیزیکا کە زانینی هۆکارەکانی رووداو و دروستبوونە.بۆ نموونە:ئاگر هەمیشە گەرم و سووتێنەرە،یان ئەو دەرمانە بۆ فلانە نەخۆشی باشەو چارەسەری دەکات...هتد. کاری میتافیزیکا ئەوەیە لە فەلسەفەدا بزانێ ئاخۆ بۆچی ئاگر گەرم و سووتێنەرە؟واتا هۆکارەکەی چییە؟یان لەبەرچی ئەو دەرمانە چارەسەری فلانە نەخۆشی دەکات؟هۆی چییە بۆ نەخۆشییەکی دیکە نابێ هەمان دەرمان بەکار بهێنرێتەوە؟ لێرەوەیە کە دەوترێ فەلسەفە سەرەتای هەموو زانستێکە، یان بە دیوێکی دیکەدا زانست لەنێو منداڵدانی فەلسەفەوە

هاتۆتە سەرهەڵدان. بۆیە دەتوانین بڵێین میتافیزیکا جەوهەرو بنچینەی فەلسەفەی ئەرستۆیەو تەنانەت قورسترین بەشی فەلسەفەکەشیەتی. بەڵام نابێ ئەوەمان لە یاد بچێ مادام فەلسەفە بەردەوامە بێگومان میتافیزیکاش بەردەوام دەبێت و لەوانەشە قەت نەگات بە کۆتایی.

میتافیزیکا لە دوای (کانت)ەوە زیاتر کەوتە نێو نووسینەوەو زیاتر بە مانای رامانێکی پێشەکی دەربارەی ئەو پرسیارانەی کە ناکرێت بە سەرنج و تێبینی زانستی و تاقیکردنەوە وەڵامیان بدەیتەوە، چونکە میتافیزیک باس لە شتێکی یەکجار زۆر ئاڵۆز دەکات کە تێگەیشتن لێی ئاسان نییە تەنانەت تا رادەیەکی زۆریش باسەکە تێکەڵاوی تیۆرەکان بووبێت. ئەم بۆچوونە لە سەدەی هەژدە تا رادەیەک باو بووو لە شێوەی بەکارهێنانی کەم کەم لێرەو لەوێی میتافیزیک بە مانای شتێک کە(بە ئاستەم هەستی پێدەکرێ)لە لایەن دەیڤید هیومەوە دەرکەوت.هەروەها زاراوەی میتافیزیک لەگەڵ چەند بابەتێکی رۆحی و ئایینی و تەنانەت غەیبانییەتیش تێکەڵ بوو. کەواتا ناوەڕۆکی میتافیزیک بریتییە لە چەمکەکانی بوون بە گشتی وەک ئەوەی لە سەرەوە ئامارژەمان بۆی کردووە، لە دوای سەدەی هەژدەوە میتافیزیک بووە ناوەڕۆک و جەوهەری فەلسەفەی نوێ، کە تا ئێستاش زۆرترین پرسیاری فەلسەفی و وەڵامی فەلسەفی بە هۆی میتافیزیکاوە دەورووژێنرێت.

### 6- ئاكار لای ئەرستۆ

ئەگەرچی میتافیزیکی ئەرستۆ کۆڵەگەی بنەڕەتی فەلسەفەکەیەتی، بەڵام فەلسەفەی ئاکارەکەیشی، پڕ گرنگییە، بەتایبەت کە یەکێکە لە دوا نووسینەکانی ئەرستۆ. ئەوەی کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێ بریتییە لە (ئەخلاقی نیکۆماخۆس)، چونکە بەپێی هەموو لێکدانەوەو شیکردنەوەکان ئەم نووسینە هی ئەرستۆیە،چونکە خودی ناولێنانەکەش پەیوەندی بە ناوی باوکی یان هەندێ سەرچاوەش ئاماژە بۆ یادکردنەوەی کوڕەکەی ئەرستۆ دەکەن،کە بە گەنجێتی مردو کاریگەریی لەسەر ئەرستۆ جێهێشتووە.جگە لەم تێزە (ئەخلاقی نیکۆماخۆس)دوو تێزی دیکەش هەن، بەڵام زۆربەی تۆژەران ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، ئەو دوو تێزە لە دوای مەرگی ئەرستۆوە لە لایەن قوتابییەکانی ئەرستۆوە نووسراوە، بۆیە ئێمەش لێرە جێگایان بۆ ناکەینەوە.

ئەرستۆ کاتێ دێتە سەر ئاکار،زیاتر هەوڵیداوە نوێنەرایەتی زۆرینەی ڕۆشنبیرو خاوەن ئەزموونەکانی سەردەمی خۆی بکات، بە پێچەوانەی ئەفلاتونیش بۆچوونەکانی خۆی تێکەڵ بە ئایین و عیرفانی ئایینییەوە نەکردووە، لەولایشەوە پشتگیری لە بۆچوونی نا ئایینی نەکردووە، بەڵکو میانڕەوانە سەیری ئاکاری کردووە.

ئەرستۆ لەم بابەتی ئاکارەیدا بە (10)بەش باسیکردووە،یەکەم بەشی کاری چاکە ئامانجی سەرەکییە،واتا چاکە لە ڕێگای ئیشکردنەوە دەتوانرێ ئەنجامبدرێ،ئەمەش لە دوا جاردا دەبێتە بەختەوەری، واتا چاکە ئەنجامەکەی بەختەوەری دەبێت. چاکەش لە فەلسەفەی ئەرستۆدا دوو جۆرە، ئەقڵی و ئەخلاقییە.هەموو چاکەیەکی ئەقڵی لە ئەنجامی فێرکردن و فێربوونەوە دێتە دی،واتا چاکەی ئەقڵی دروستبوون و فێرکردنی فیکری

پێویستە، ئەمەش پێویستی بە ئەزموون و کاتی زۆرە،بەڵام چاکەی ئەخلاقی، لە ئەنجامی کردەوەیەک یان چەند کردەوەیەکەوە دێتە دی، چاکەی ئەخلاقی ئەو شتەیە کە مرۆڤ خووی پێوە دەگرێ، واتا چاکەی ئەخلاقی لە رێگای خوو وەدەست دێت، هیچ کام لە چاکە ئەخلاقییەکان خۆڕسکانەو سرووشتیانە دروست نابن،چونکە هیچ کام لەو شتانەی سرووشتیانە بوونیان هەیە ناتوانین لە رێگای خووەوە لەناویان بەرین بۆ نموونە ئاگر سرووشتیانە رووی لە ئاسمانە، بەرد سرووشتیانە بەرو خوارەوە دەچێ، کەسمان ناتوانین ئاراستەی ئەم دوانە بگۆڕین، نە هی بەردەکە، نە هی ئاگرەکە..هتد.. . ئەگەر بێینەوە سەر چاکەو بەختەوەری ،بە ئەنجامدانی کاری دادپەروەریی مرۆڤ دەبێتە دادپەروەر،ئەمە بۆ چاکەکاریش هەر ئاوایە، بە ئانجامدانی کاری چاکە دەبێتە چاکەخواز یان بەختەوەر. بە دیوێکی دیکە روونتر باسی بکەین،

ئەرستۆ زانستی ئەخلاقی بەسەر دوو زانستدا دابەشکردووە،زانستی تیۆری و زانستی کرداری.ئامانجی زانستی تیۆری راستییە، ئامانجی تیۆری کرداریش کردارە، زانستە کردارییەکانیش دەکرێن بە دوو بەشەوە،ئاکارو سیاسەت،ئەرستۆ لە کتێبی ئەخلاقی نیکۆماخۆس ئاکارو سیاسەتی ناوناوە فەلسەفەی پرسە مرۆڤایەتییەکان، روونتریش قسەی کردووە دەڵێت مەبەستمان لەم پرسە تیۆرییەکی رووت نییە وەکوو ئەوەی لە باسەکانی پێشوودا کردوومانە بۆیە لێرە مەبەستمان کردارەو لێکۆڵینەوە لە بارەی کردارەوە دەکەین.

لە سەرەوە وتمان ئەرستۆ کاتێ باسی چاکەی کردووە چاکەی بە بەختەوەری گرێداوە، بۆیە ئەرستۆ رێک و رەوان دەڵێت بەختەوەری بەرزترین چاکەیە کە مرۆڤ پێیهەڵدەستێت و بە کردەوە ئەنجامی دەدات،

واتا بەهۆی هەڵسان بە کارو کردەوەیەک ئەو بەختەوەرییە دێتە دی، نەک بە ڕێگای تیۆری رووت. ئەگەر پیاوێک کارو کردەوەیەکی باشی ئەنجامدا ئەوا بە دڵنیاییەوە چاکەیەکی کردووە، ئەو چاکەیەش خۆی بەختەوەرییە.

ئەرستۆ بەهۆی ئەوەی هزرڤانێکی میانڕەو بووە، بۆیە هەمیشە جەختی لە کارو کردەوە تەنانەت بیری لە بیرکردنەوەی مامناوەندییانە کردۆتەوە، بۆنموونە بەلای ئەرستۆوە،هەر چاکەیەک ئاستی مامناوەندی زێدەڕۆییە، زێدەڕۆییش ڕەزیلەتە.ئازایەتی (رووخۆشی) لە نێوانی ترسنۆکی و بێباکی (یاخیبوون-تورەیی) یە ،بەخشندەیی ئاستی نێوان دەستبڵاوی و پیسکەیی (رەزیلی-بەخیلی)دایە،نەفس بەرزی ئاستی نێوان خۆپەرستی (خۆ بەگەورە زانین)و خۆ بەکەمزانینندایە،خۆپارێزی ئاستی نێوان بوودەڵەیی و وشکییە،هاوڕێیەتی (میهرەبانی)لەنێوان رق (دوژمنایەتی)و زمان لووسییە.......هتد.

ئەوەی جێگای سەرنجە کاتێک ئەرستۆ دێتە سەر چاکەخوازی و بە بەختەوەری لەقەڵەم دەدا، ئینجا پرسیارێک دەورووژێنێت کە ئایا کەسێک دەتوانێت لەگەڵ کۆیلەکەی خۆیدا هاوڕێ بێت، لە وەڵامدا دەڵێت: هەردوو لا خاڵی هاوبەشیان لە نێواندا نییەو یەکناگرنەوە، کەس ناتوانێ ببێتە هاوڕێی کۆیلە،بەڵام لەبەر ئەوەی کۆیلەش مرۆڤە، بۆیە لە روانگەی ئەوەی کە هەردووکیان مرۆڤن تا رادەیەک دەکرێ.لێرە هەستدەکەیت ئەرستۆ نەرمییەکی زۆری نواندووە، چونکە وەک پێشتر باسمان کرد ئەرستۆ کۆیلەی بە ئامێرێکی زیندوو ناوبردووە.بەڵام لێرەش جەختی لەوە کردۆتەوە کە وێڕای هاوڕێیەتی بوون دەبێت کەسی ژێردەستە خۆشەویستی و هاوڕێیەتی زیاتر لە خۆی بۆ خاوەنەکەی بنوێنێ. چونکە چاکە خۆی لە خۆیدا خۆ بەدوور گرتنە لە کاری خراپ و لە گوناهکاری.

له راستیدا فەلسەفەی ئەخلاقی ئەرستۆ وەک زانستێکی ورد دانەڕێژراوە وەک ئەوەی باسی لە میتافیزیکا کردووە، بەڵام ئەرستۆ مەبەستی بووە خەڵک بۆ کاری چاکەو بەختەوەری ئاراستە بکات.

## بەشی حەفتەم:

- بەگومانەکان
- ئەپیقۆرس
- ڕەواقییەکان
- سان ئۆگۆستین
- تۆماس ئەکوینی

**بەشی حەفتەم: بە گومانەکان**

گومانکاران یان بە گومانەکان، ئەمانە قوتابخانەیەک بوون لەدوای مردنی ئەرستۆ سەریانهەڵدا، بەڵام رابەرانی ئەم قوتابخانەیە،بەتایبەت پیرۆن Pyrrhon کە لە دەوروبەری سالآنی 365-275 پ.ز ژیاوەو، پێش دانانی فەلسەفەکەی کە گومانکردن Skepticismبووە، لە لای فەیلەسووفی گەورە(ئەرستۆ) بووە،بە دامەزرێنەری قوتابخانەی بە گومانەکانی یەکەمین دادەنرێ، پیرۆن لەسەر دەستی ئاناخسارشوی ئەبدێرا Anaxarchus of Abderaخوێندوویەتی و قوتابی ئەو بووە. دیوجنیس دەڵێت پیرۆن لەگەڵمدا گەشتی زۆری کردووە تا گەیشتووە بە زانایانی هیند و فارس.

بەڵام لەناو سوپای ئەسکەندەری مەکدۆنیشدا سەرباز بووە، هەر بۆیە لەگەڵ هێرشە بەردەوام و یەک لە دوای یەکی ئەسکەندەر (پیرۆن)یش لەگەڵیدا بووە، تا گەیشتوونەتە هیند،لەماوەی ئەو رێگا دوورو درێژەدا (پیرۆن) زۆر وڵات و رووداوی سەرنجراکێش و بیروبۆچوونی لەیەک جیاوازیشی بینی، لەو ماوەیە سەرنجی ئەوەی دا، لەهەر شوێنێک کە جۆرێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی یان ئایینی یان ئەوەی خەڵک لە شوێنێکی جوگرافی بڕوای پێیەتی ، دەیبینی خەڵکێکی دیکە لە شوێنێکی دیکەی جیاواز، بەهەمانشێوە بڕوای پێی پێی هەیە ، خەڵکانی هەردوو شوێنەکەش پاساو بۆ راست و دروستی خۆیاندەهێننەوەو لەوانەشە هەردووکیان راست

بن یان هەڵە بن، لێرەوە بیرۆکەی بەگومانکردن لە هزری پیرۆن دروستبوو، بۆیە کە گەیشتە لە هیند لەوێ ئاشنایەتی لەگەڵ مامۆستا بەناوبانگەکانی بیرکاری دروستکردووەو لەژێر ڕێنماییەکانی ئەوانەوە خۆی بە فەلسەفە سەرقاڵ کردووە .

**پیرۆن** یەکێک بووە لەو فەیلەسوفانەی کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەنێوان ژیان و مردندا نەدەبینی، چونکە بە راوبۆچوونی ئەو جیاوازی لە نێوان ژیان و مردندا نییە .

پیرۆن ئەو ماوەیەی کە لە هیند بووە، کاریگەری ژیانی خەڵکە هەژارەکەی ئەوێی زۆر بەسەرەوە بووە، بۆیە دوای مردنی ئەسکەندەر ئەویش لە هیند گەڕاوەتەوەو ژیانێکی یەکجار زۆر سادەو هەژارانەی بەسەر بردووە، بەڵام خەڵکیشی فێری زانین و مەعریفە دەکرد، بۆیە دوای مردنی پەیکەریان بۆ دروستکردووەو ڕێزیان لێگرتووە .

پیرۆن لەدوای خۆی هیچ نووسین و بەرهەمێکی جێنەهێشتووە، تەنیا ئەوەنەبێ کەقوتابیەکانی لێیەوە باسیدەکەن،بەتایبەت (تیمۆن (Timon) کە خەڵکی فلیوسFlius بووەو لە نێوان ساڵانی 320-230 پ.ز ژیاوە، بەرگرییەکی زۆری لە بیروڕاکانی پیرۆن کردووەو، زنجیرەیەک نووسینی لەسەر بڵاوکردۆتەوە، کە پێگەو گرنگی بیروراکانی پیرۆن ی بردە ئاستێکی باڵاترەوە .

پیرۆن لە هەموو شتێک گومانی هەبوو، تاکە شتێک کە گومانی لێ نەبووە، خودی گومان بوو.چونکە بە بڕوای ئەو ناتوانرێ بیروڕایەک یان کردەوەیەک لە بیروڕایەکی دیکە یان لە کردارێکی دیکە باشترە، چونکە ئەوەتا هەردوو لا پاساوی بەجێ بۆ راستی بیروراکەی خۆیان یان بۆ کردەوەکەی خۆیاندەهێننەوە . کەواتا ئەقڵ لەو ئاستەدا نییە بتوانی زانستی

دڵنیاکەرەوە بدەن بە ئێمە.چونکە ئەقڵ لەژێر رکێفی خواستدایەو راستیش لە کەسمان دیار نییە.بۆیە چ پێویست ناکات خەفەت بۆ ئەمڕۆو ئایندەمان یان بۆ رابردوومان بخۆین، چونکە ئارەزووی مرۆڤ لە چوارچێوەی خەیاڵەکانیدایە و لەناو خەیاڵەکانیا بەپێی خواستەکانی گەشەدەکەن.ئاخر زۆرجاری وا هەیە، مردن نیعمەتەو ژیانیش نەگبەتییە، خۆشی و ناخۆشیش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، مەرج نییە ئەوەی من پێمخۆش بێت، هەموو کەس پێیخۆش بێت، یان ئەوەی من پێمناخۆش بێت، هەموو کەس پێیناخۆش بێت.ئەقڵی مرۆڤیش تەنیا پشت بە هەست دەبەستێ، کە ملکەچی خواستەکانێتی.بیروراکانی پیرۆن لەوەدا چڕ دەبێتەوە:هەموو پرسێک دوو وتە هەڵدەگرێت، لەوانەیە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ بن بە هێزێکی هاوسەنگ. پێیوابوو هیچ پێویست ناکات خەم لە سبەینەیەک بخۆی کە هێشتا نەهاتووەو ناشزانی چۆن دەبێت، باشتر وایە خەم لە ئێستا بخۆیت.چونکە سبەی نادیارە.

**ئەپیقۆرس** 341-270 پ.ز

شەش ساڵ بەسەر مردنی ئەفلاتون تێپەڕیبوو کە ئەبیقۆرس لە دوورگەی ساموس لە ساڵی 341پ.ز چاوی بۆ ژیان کردەوە،ئەم دوورگەیە بەشێک بوو لە ئیمپراتۆریای ئەسینای ئەوکات. باوکی مامۆستای قوتابخانە بوو، دایکیشی پزیشکێکی درۆزنانە بوو خەڵکی بۆ ئەوە بانگێشت دەکرد کە بە سیحرو جادوو چاکدەکاتەوە.بۆیە ئەپیقۆرس هەر کە چاویکردەوە، کەوتە نێوان دوو جیهانی دژ بەیەک، یەکێکیان ئەقڵانیەت و ئەویدیکەشیان خورافاتی ئاینی بوو. ئەمە جگە لەوەی قۆناخی لاوی ئەپیقۆرس قۆناخی شەڕو کوشتاری لە ژمارنەهاتووی ئەسکەندەری مەکدۆنی بوو،چونکە کە

ئەسکەندەر مرد، تەمەنی ئەپیقۆرس 18 ساڵ بوو.لە ئەنجامی شەڕە توندەکانی ئەسکەندەر، ئەپیقۆرس لەگەڵ دایک و باوک و سێ براکەی پەراگەندەو سەرگەردان بوو، لەم وڵات بۆ ئەو وڵات، تا ئەپیقۆر لە تەمەنی 18 ساڵییەوە چۆتە ئەسیناو لەوێ سەرسام بووە بە هیراکلیتۆس ی سرووشتی و ئەرستۆی داهێنەر، هەروەها بە ئەناکساگۆرس و ئەرخیلاوس کە مامۆستای سوکرات بووە، سەرسام بووە. لە ئەسینا گیرسایەوەو خانوویەکی بچووک و باخچەیەکیان کڕی.ئەپیقۆرس ژنی نەهێناوەو لە ساڵی 307-306 پ.ز کە ئەوکاتە نزیکەی 35 ساڵ دەبوو، گەڕاوەتەوە ئەسیناو خۆی بە ئەسینی زانیوە. لە ژیانیدا بەردەوام نەخۆش بووەو ئازارێکی زۆری بەهۆی نەخۆشییەکانییەوە چەشتووە، بۆیە فەلسەفەکەی لەسەر چێژ چڕ کردۆتەوە، چونکە بە خەیاڵ و بیرکردنەوەی خۆی لەو ئازارانە بدزێتەوە کە رووی تێکردبوون، تا بە هۆی میزگیرانەوە لە تەمەنی 72 ساڵیدا گیانی لەدەستدەدات و بۆ یەکجاری لە ژیان دادەبڕێ.ئەو رۆژەی گیانی بە کۆتا هات، هەر ئەو رۆژە بۆ یەکێک لە هاوڕێکانی نووسیبووی، ئەمڕۆ دوا رۆژی ژیانی پیرۆزی منە،چونکە بەدەم نەخۆشی میزڵدانەوە ژیانم زۆر دژوارو پڕ لە ئەشکەنجەیە،ئیتر بۆ من زەحمەتە چیدی ناتوانم بەرگەی بگرم، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو ئازارەشمدا، هەر بە یادی ئەو فیکرو بۆچوونانەی رابردووم دڵم خۆشە.

ئەپیقۆرس ئەو رێباز یان ئەو قوتابخانە فیکری و فەلسەفییەیە کە بەناوی خۆی (ئەپیقۆر)ناونراوە.واتا کە دەڵێی قوتابخانەی ئەپیقۆر، تەنیا داهێنانی فیکری ئەپیقۆرس دەگرێتەوە،ئامانجی سەرەکی ئەو قوتابخانەیەش رزگارکردنی مرۆڤ بووە لە ترس.ترس نەک تەنیا لە مردن، بەڵکو ترس لە ژیانیش.کەواتا بۆئەوەی ترس لە دڵی مرۆڤەکاندا نەڕوێ،

ئەپیقۆرس هاتووە باسی ئاسوودەیی و بەختەوەری کردووەو مرۆڤی بەو ئاراستەیە هانداوە،هاندانێک پێچەوانەی هەموو شتە نەریت و باوەکانی ئەو سەردەم، کە مرۆڤیان بۆ ناوبانگ و ژیانی شەرەفمەندانەو..هتد هاندەدا، بەڵکو ئەپیقۆرس بە پێچەوانەی ئەم ژیانە شەرەفمەندانەو ئەو ناووناوبانگ وەدەستهێنانە، فەلسەفەکەی خستە روو، واتا بڕوای بەوە هەبوو کە مرۆڤ بە نەناسراوی بژی...هەڵبەت هەر ئەو ئاراستەی کارکردنەیشی بوو، لە دوای خۆی هیچ کتێبێکی بەجێ نەهێشت، چونکە بڕوای بە ناوو ناوبانگ پەیداکردن نەبوو، تەنیا سێ نامەی لەدوای خۆی جێماوە.ئەگینا لە بنەڕەتدا ئەپیقۆرس نووسینی زۆری هەبوو،کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی (لە سروشتدا)بەپێی هەندێک سەرچاوە ئەم کتێبەی ئەپیقۆرس لە (37)بەش پێکهاتبوو،بەڵم ئەم بەرهەمە زۆرەی ون بوون و لەبەردەستدا نین.

قوتابخانەی ئەپیقۆرس هاوکات بوو لەگەڵ قوتابخانەی رەواقییەکان،کە هەردووکیان بە سەردەمی هێلینی ناسراون. دامەزرێنەری هێلینییەکان (زێنۆ)بوو، کە هاوتەمەنی ئەپیقۆر بوو،تا رادەیەکی زۆریش رەواقییەکان تۆمەتی ناڕەوایان داوەتە پاڵ ئەپیقۆرس، بۆنموونە دەڵێن دایکی ئەپیقۆر جادووگەر بووە، بەڵام لە راستیدا ئەو قسەیە تەنیا تۆمەت هەڵبەستنێکی بێسەروبەرەو هیچی دیکە،چونکە دوورە لە راستی.بەڵام باوکی ئەپیقۆرس یەکێک بووە لە کۆچەرییە بێدەسەڵاتەکانی ئەسینا، کە دانیشتووی سامۆس بووە.

ئەپیقۆرس زۆر کەوتبووە ژێر کاریگەری بیروڕاکانی (دیموکریتۆس)و لە تەمەنی (20)ساڵی بە دواوە وردە وردە فەلسەفەکەی خۆی بونیاد نا. فەیلەسووفێکی گەورەی وەکوو(کارل مارکس)یش ستایشی دەکات و

لەکتێبی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی نووسیویەتی کە ئەپیقۆرس هەوڵیداوە مێشکی خەڵک رووناکبکاتەوە.کاریگەری ئەپیقۆر بە دیموکرتۆس، ئەپیقۆرسی بەرەو بواری ئەتۆمی و گەردیلە پەلکێش کرد، ئەوەتا ئەپیقۆرس پێیوایە هەموو شتێک جا مادە بێ یان رۆح بێتنلە شتی وردیلە پێکهاتووە، ئەو شتە وردیلانە پێیاندەوترێ ئەتۆم.

ئەپیقۆرس لە تەکماڵەکەیدا باخچەیەکی هەبوو، ئەو باخچەیەی کردبووە مەیدانی گوتاردان و کۆڕ بەستن، کە فەلسەفەکەی خۆی لەوێ ئاشکرادەکرد، سەرەتا ئەوانەی گوێیان لێیدەگرت و ئامادەی کۆڕبەستنەکەی دەبوون، سێ برای بوون، لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە کە ژمارەیان زۆر کەمبوون،بەڵام دواتر خەڵکێکی زۆر بوونە قوتابی قوتابخانەکەی ئەپیقۆرس و بەتامەزرۆییەوە گوێیان لێی رادەگرت.بەپێی توانای ئابووریان هەر یەک لە قوتابییەکان بە بڕێک پارە بەشداریان لە قوتابخانەکە دەکرد، کە ئەمە یەکەمین قوتابخانەی فەلسەفی بوو کە بە هەرەوەزو هاوکاری و هاوبەشی قوتابییەکان بەردەوامبوو.تا وای لێهات ئەم باخە بەناوی (باخی ئەپیقۆرس)ناووناوبانگی بڵاوبووەوە.نەیارانیشی بەگاڵتەوە ناویان لێنابوو (کۆمەڵی خراپکاران).

ئەپیقۆرس ژیان و گوزەرانی زۆر سادەو ساکار بووەو باری ئابووریشی زۆر خراپ بووەو زیاتر بە نانی رووت و ئاو، ژیانی بردۆتە سەر، بەڵام لەناخەوە ئەپیقۆر بەختەوەر بووە بەو ژیانە سادەو ساکارە. بەڵام ژیانی بە نەخۆشی و ئازاری بەردەوامەوە بردۆتە سەر، ئەگەرچی ئەپیقۆر یەکەمین کەسە کە وتوویەتی مرۆڤ با لەناو ئێش و ئازاریشدا بژیت، بەڵام دەتوانێت بەختەوەر بێت.

ئەپیقۆرس وێڕای ئەوەی بە ئاراستەی گومانکردن فەلسەفەکەی خۆی داڕشتووە، هاوکات دواتر فەلسەفەکەی بە ئاراستەی ئارامی دەروونی داڕشتووە،پێیوابوو چێژ سەرەتاو کۆتایی هەموو ژیانێکی ئاسوودەو بەختەوەرانەیە.تەنانەت ئەوەندە هۆگری چێژ ببوو، بەشێوەیەک پێیوابوو هەموو رەنگ و وێناکانی چاکەکاری و باشەکاری، خۆی لەناو چێژ بینیندا دەبینێتەوەو ئەگەر چێژ نەبێ، چاکە لە کوێ دەدۆزینەوە. پێیوابوو چێژ وەرگرتنی رۆح بریتیە لە بیرکردنەوە، بەڵام چێژ وەرگرتنی جەستە ئەوەیەلەجیاتی بیر لە ئازار بکەینەوە با بیر لە خۆشی و ئاسوودەیی بکەینەوە.بۆیە فەزیلەت واتای وشیاری گەڕانە بە دوای چێژ.

ئەپیقۆرس بڕوای وابوو، بەهەشت لەسەر زەویدایە، نەک لە ئاسمان،بەڵام پێویستە بگەڕێین بۆ دۆزینەوەی ئەم بەهەشتە.واتا لە بنەڕەتدا دانی بە بوونی خودا هەبووە، بەڵام بە مانا رەوشتییەکەی نەک بە مانا فیزیکییەکەی.

ئەپیقۆر بەردەوام ژیانی خۆی بۆ تێرکردنی سکی بە نانە رەق و قومێک ئاو تێردەکرد، چونکە بە بڕوای ئەو حەزو ئارەزووەکانی مرۆڤ بەتایبەت لە بارەی تێرکردنی ورگ، بێ کۆتایین و لە جیاتی ئەوەی ئارامبەخش بن بۆ مرۆڤ، بە پێچەوانەوە ئۆقرەت لێ هەڵدەگرن. بۆیە ئەپیقۆرس زۆر گرنگی بە وشیاری دەداو پێیوابوو لە رێگای وشیارییەوە دەتوانین بەختەوەری وەدەست بێنین و ئارامی لە ناخمانا بنوێنین، هەموو کارێکی چاکەش باشترین وشیارییە، وشیاری بەهای لە فەلسەفەش زۆرترە.بۆیە بە توندی دژی پرەنسیپی پارە کۆکردنەوە بوو،چونکە بە رای ئەپیقۆرس هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی موڵک و سامانی دونیا هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی ناووناوبانگ.

ئەپیقۆرس دەیوت باشتر وایە مرۆڤ لەدەست ژیانی کۆمەڵایەتی را بکات و دوور بکەوێتەوە، بۆ ئەوەی دڵ و دەروونێکی ئارام بۆخۆی بەرجەستە بکات، چونکە مرۆڤ کە ناوو ناوبانگی پەیدا کرد، ئیتر خەڵکانێکی زۆر، ئیرەییت پێدەبەن و بەربەرەکانیت دەکەن و زیانت پێدەگەیەنن. بۆیە پیاوی ئاق ئەو کەسەیە کە هیچ ناووناوبانگی نەبێت، تا کەسیش دوژمنی نەبێت. واتا بە دیوەکەی دیکە هیچ گرنگییەکی بە سیاسەتکردنیش نەدەداو لە بەشداریکردنی هەموو چالاکییەکی سیاسی خۆی بەدوور دەگرت،لەم رووەوە دەیوت: پێویستە خۆمان لە زیندانی کێشەو سیاسەت بەدوور بگرین.

بە بڕوای ئەپیقۆرس ئەوکاتانەی جەستەی مرۆڤ بێ ئازارە، ئەوکاتانە باشترین چێژ بەخشە بۆ مرۆڤ،بۆیە ئەپیقۆرس بڕوای وابوو کە پەیوەندی سێکسی ئەوەندە چێژ بەخش نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، سوودی بۆ کەس نەبووە، ئەگەر زیانی نەبووبێ، بۆیە ژنهێنان و منداڵبوونی بە پاشگەزبوونەوە لە بۆچوونە فیکرییەکانی خۆی دەزانی.لە بری ئەوە ئەپیقۆرس بروای بە هاوڕێیەتی هەبوو، کە پێیوابوو بوونی هاوڕێیەتی باشترین چێژ بەخشە،بۆیە کاتێک لەناو باخچەکەی خۆی وانەی فەلسەفەی دەوتەوە بۆ هاوڕێیانی،دەیوت ئەم گردبوونەوەیەی ئێمە پیرۆزە. ئەپیقۆرس دەیوت نان کەم بخۆن بۆئەوەی ژانە دڵ نەتانگرێ، ژن مەهێنن بۆئەوەی منداڵتان نەبێت،چونکە کە منداڵتان بوو ئیتر دەبنە دیلی دەستی بەخت و قەدەر.

ئەپیقۆرس پێیوابوو ئاین و مردن، دووشتن ئازار بەخشن بۆ مرۆڤ، بەڵام ئەپیقۆرس لە خەمی ئەوەدا بوو کە ئەگەر مرۆڤ بیر لە ئاسوودەیی و بەختەوەری بکاتەوە، ئیتر ئازاری پێناگات، راشکاوانەش پێیوابوو، کە رۆح

لەناو جەستەدایە، کە جەستە مرد، ئیتر رۆحیش دەمرێ و زیندوو نابێتەوە،بۆیە خوا دەستوەردناداتە کاروباری مرۆڤەکان،با کەس ئەو ترسە لە دڵی خۆی نەچێنێت. چونکە بە رای ئەپیقۆرس ئایین بووەتە ترسێک لە دڵی مرۆڤەکان و بەردەوام بیر لەو ترسە دەکەنەوە، بۆیە ئەپیقۆرس هەوڵیدەدا فەلسەفەیەک بونیاد بنێ، هەموو ئەو شتانەی پەیوەندیان بە ترس و نیگەرانی هەیە لای مرۆڤ ئەو بیکات بە مایەی بەختەوەری. چونکە ئەو بڕوای وابوو ئەوە ئایینەکانن ترس دەخەنە ناو دڵی مرۆڤەکان، نەک خودا،زۆربەی ئایینەکان بۆ هەڕەشەکردن لە مرۆڤ هاتوونەتە ئاراوە. سەبارەت بڕوا بوونی بە خوادا یان بڕوا نەبوونی ، ئەپیقۆرس لەو پرسەدا تا رادەیەک خۆی بەدوور گرتووە، چونکە لەو سەردەم ئاسان نەبوو یەکێک بە ئاشکرا بڕوانەبوونی بۆ خواکان رابگەیەنێت، چونکە تووشی گرفت و دەردەسەری زۆر دەبووەوە، بەڵام ئەپیقۆرس دەڵێت، خواوەندەکان لە ئێمە زۆر دوورن، چونکە ئەوان خواوەندن،حەزیشیان لە خۆتێهەڵقورتاندن لە کاروباری مرۆڤ نییەو، حەز بە ئازاردانی کەسیش ناکەن،بۆیە کە ئەوان تێکەڵ بە کاروباری ئێمە نەبن، ئێمەش نابێت چاوەڕوانی هیچ شتێک لەوان بکەین و هەروەها ناشبێت لێیان بترسین، چونکە ئەوان بەرامبەر بە ئێمە وەک ئەوە وایە کە بوونیان نەبێت.ئەم ژیانەی بۆ مرۆڤ رەخساوە پێویستە بقۆزرێتەوە کە بە باشترین شێوە بیباتە سەرو، دووربکەوینەوە لە چەرمەسەری ژیان کە مرۆڤ خۆی دروستکەری چەرمەسەرییەکانە.ئەمە لە کاتێکدا لە سەردەمی سوقرات و ئەفلاتونەوە،لە ناو ئەسینادا ترسی سزادانی پاش مردن (رۆژی قیامەت) هەبووەو زۆریش باو بووە،ئەپیقۆرس لە هەوڵی ئەوەدابوو ئەو ترسە بسڕێتەوە لە دڵی ئەسینایییەکان. پێیوابوو ئەوانەی گومڕان ئەوکەسانە نین کە بڕوایان بە زیندووبوونەوەی مرۆڤەکان

نییە،یان بڕوایان بە پەرستنی هیچ شتێک نییە، بەڵکو ئەوانە گومڕان کە بڕوایان بە درۆ کردووەو بە قسەی پڕوپووچ و بێ مانا بڕوایانکردووە کە هیچ بنەمایەکی راستی تێدا نییە،نابێت لە کاروباری ئایینیدا بە درۆ بڕوا بۆ خەڵک دروستبکەین. بەڵام لە راستیدا ترس لە مردن و ترس لە دوای مردن لەناخ و لەناو غەریزەی مرۆڤی ئەسینایی رەگی زۆر قووڵ بوو، بۆیە ئاسان نەبوو فەلسەفەی ئەپیقۆرس لەوبارەیەوە (مردن و دوای مردن)قەبووڵبکرێت.بەڵکو فەلسەفەی تەنیا بۆ نوخبەی ئەوسەردەم مایەوە.

بۆیە کە ئایینی مەسیحیش سەریهەڵدا، بە چاوی دوژمنکارانە سەیری فەلسەفەکەی ئەپیقۆرس ی دەکرد، چونکە ئەپیقۆرس و پێڕەوانی، بڕوایان بەو هەموو ئازاردانە نەبوو کە ئایینەکان و دواییش ئاینی مەسیح بۆ مرۆڤی دروستکردبوو، کە دوای مردنیش مرۆڤ هەر دەبێت ئازارو ئەشکەنجە بدرێ، ئەپیقۆرس و هاوەڵانی لە هەوڵی ئەوەدا بوون، لە جیاتی ئەم ئازار بەخشینە ئارامی و دڵتەوایی ببەخشرێتەوە.

ئەپیقۆرس قوتابخانەیەکە تەنیا خۆیەتی، لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئایینی مەسیحییەتەوە ، بەتایبەت لە لایەن کڵێساوە دژایەتی زۆر کرا، بەڵام لە سەدەی چواردە تا سەدەی شازدە جارێکی دیکە گەڕایەوەو کاریگەری خۆی بەسەر زانست و مرۆڤایەتی بەخشییەوە.

لەبارەی ئاکاریشەوە،ئەپیقۆرس ئەوەی خستۆتە روو کە ئەزموونی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان، ئەوەی دەرخستووە کە هەمیشە بەدوای چێژ وەرگرتنەوە عەودالە.نەک هەر تەنیا مرۆڤ بەڵکو زیندەوەر بە گشتی بە ئاژەڵیشەوە بەبێ بیلێکردنەوە شەیدای چێژە.چێژیش جۆری زۆرە، بەڵام بەهۆی هەستەکانمان و ئەقڵمانەوە دەتوانین پێیبگەین،چێژیش دوو جۆرە یەکێکیان جەستەییە، ئەوکاتانەی لەشساخ و تەندروستیت، ئەویدیکەشیان

ئەقڵییە،خۆ بەدوور گرتن لە بیرکردنەوەی ترس و نیگەرانی.هەر لەبارەی چێژوەرگتنەوە بە لای ئەپیقۆرس چێژ وەرگرتن تەنیا شەهوەت و سێکس نییە یان تەنیا مەی خواردنەوە نییە، بەڵکو چێژ رزگاربوونە لە ئازاری جەستەو ئەو شتانەش کە بەختەوەری ئەقڵ تێکدەدەن.بۆیە ئاکار لای ئەپیقۆر تەوەری گرنگی فەلسەفەکەیەتی.

ئەپیقۆرس پێیوابوو هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی لەنێو مادەکاندە روودەدەن، واتا ئەو هەموو گۆڕانکاریانەی لە جیهاندا روودەدەن، ئەوە لە ئەنجامی بەریەککەوتنی گەردیلەکانە، لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەیە کە لە گەردیلەکاندا روو دەدەن،لەناوچوونی هەسارەو ئەستێرەو گیانەوەرو مرۆڤ و ماسی و..هتد هۆیەکیان لەپشتەوەیە ئەویش بەریەککەوتنی گەردیلەکانە کە لە ئەنجامدا ئەو گۆڕانکاریە مادیانەش روودەدەن.بۆیە ئەپیقۆرس بە روونی دەڵێت: سروشت تەنیا مادەیەو هیچی دیکە نییە، تەنانەت رۆحی مرۆڤیش هەر مادەیە،کە جەستە مرد رۆحیش کۆتایی دێت و دەمرێ، بەڵام گەردیلەکان بەردەوام دەبن لە گۆڕانکاری و بەردەوامن لە بەریەککەوتن.لە ئاسماندا پەرش و بڵاودەبنەوەو دواتر جارێکی دیکە دەگەنەوە بە یەک و گۆڕانکاری نوێ دەخولقێننەوە. ئەپیقۆرس بە رادەیەک بڕوای بەم بۆچوونە فیکرییەی خۆی هەبوو، تا ئەوەی دەیگوت:تەنانەتخواکانیش لە ئەنجامی بەریەککەوتنی گەردیلەکانەوە هاتوونەتە دروستبوون.

پوختەی فەلسەفەی ئەپیقۆرس ئەوەیە، لە کاتێکدا رق و کینە بەسەر مرۆڤەکاندا زاڵەو، ململانێیەکی نابەجێ کەوتۆتە ناویان، کە کارەساتی گەورەی لێدەکەوێتەوە، پێویستە هەموو ئەو رق و توڕەییانە لە هزرو دڵی

خۆمان لاببەین و لەجیاتی ئەمانە بە بەختەوەری و خۆشی و ئاسوودەیی دڵمان خۆشبکەین،هاوڕێیەتی شتێکی شیرینەو پڕە لە بەختەوەری.

ئەپیقۆرس لە رۆژگاری ئەمڕۆدا تەنیا سێ نامەی دەستاودەست دەکات و کتێبەکانی دیکەی کە نووسیونی ونن، سێ نامەکەش یەکەمیان ئاراستەی هیرۆدۆتسی کردووە کە لە بارەی سرووشتەوەیە، دووەمیان ئاراستەی پیتۆکلیس Pythocles ی کردووە لە بارەی فەلەک و شوێنەوارەوەیە، نامەی سێیەمیشیان ئاراستەی مینۆکیۆس Menoeceus ی کردووە کە لە بارەی ئاکارە.

فەلسەفەی ئەپیقۆر دابەشدەکرێتە سەر سێ (3) بەش یاسا، سروشت، ئاکار. لەبارەی یاساوە ئەپیقۆرس شێوازی گفتوگۆ رەتدەکاتەوە، بەڵکو بە تێڕوانینی ئەو هەست و تێگەیشتنی ئەقڵیمان باشترین پێوەرن بۆ راستی.واتا بە هەستیاری و درکپێکردنی راستەوخۆ بۆ شتەکان لە هەموو کارێکی ئەقڵی و بیرەوەری رووتدەکرێتەوە، چونکە کاری ئەقڵی و بیرەوەری پشت بە هەستیارییەکان دەبەستێ کە ناتوانێ ئەو هەستە بۆ شوێنێکی دیکە بسڕێتەوە یان دووری بخاتەوە هەموو چەمک و تێگەیشتنێکیش درێژ بووەوەی هەستەکانە..

## ڕەواقیەکان

فەلسەفەی ڕەواقیەکان تا ڕادەیەک هاوکات بوو لەگەڵ فەلسەفەکەی ئەپیقۆرس،بەڵام جیاواز بوون، چونکە فەلسەفەی ڕەواقییەکان نیشانەی پاشەکشێی یۆنان بوو،واتا لەشکرکێشی و هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆسەر یۆنان، کۆتایی بە فەلسەفەی یۆنان هێنا،دوای مەکدۆنییەکانیش ڕۆمانەکان دەستیان بەسەر شارەکانی یۆناندا گرتبوو،بۆیە مەکدۆنیاش کەوتە ژێر چنگی ڕۆمانەکان،لەڕاستیدا ئەمە تێکشکانێکی فیکری و تەنانەت ڕۆحی بوو کە هەموو یۆنانی گرتبووەوە،ئیدی ناچار بوون، لەگەڵ نەهامەتییەکانی ژیان کە بەسەریاندا هاتبوو خۆیان بگونجێنن، وەکوو ئەپیقۆرس بیریان لە بەختەوەری نەدەکردەوە، چونکە بە بڕوای ئەوان لەناو ژیانی پڕ لە نەگبەتی و نەهامەتی، بەختەوەری نایەتە دی. فەلسەفەی ڕەواقییەکان نزیکەی پێنج سەدە بەردەوامبوو، یەکەمین فەلسەفەش بوو، کە هەوڵیدا وردە وردە لەناو ئەسینای یۆنانی بێتە دەرەوەو فەلسەفە تەنیا بە ئەسیناوە نەبەسترێتەوە.ڕەواقیە سەرەتاییەکان زیاتر خەڵکی سوریا بوون،دواتریش ئەوانی دی خەڵکی ڕۆمانی بوون، نەک ئەسینایی.(زینۆن 336-264) بەدامەزرێنەری ڕەواقیەکان دادەنرێ،کە فینیقی بووەو،واتا ڕەواقیەکان لە دوورگەیەک بوون کە بەشێکی یۆنانی و بەشەکەی دیکە فینیقی بوول ە دوورگەی قوبرس.چونکە زینۆن لە(کیتیون Kition)ی قوبرسی لەدایکبووەو لەقوبرسیش بازرگانی کردووە،بە ڕەچەڵەک سوری بووە، باوکیشی بازرگانێکی قوبرسی بووە. بەڵام زینۆن وازی لە کاری بازرگانی و پارەکۆکردنەوە هێناو، بەدوای فیکرو فەلسەفەدا وێڵ و سەرگەردان بوو، زۆریش سەرسام بوو بە سوقرات، بەتایبەت شێوازی ژیانی سوقرات، کاریگەریی زۆری بەسەر زینۆن هەبوو،لە نووسینەکانیدا نە

پارەوپوول،نە ئایین، نەهاوسەرگیریی، نە یاسا، هەموو ئەمانە لەناو فەلسەفەکەیدا بوونی نەبوو.بەڵام دواتر کەوتە ژێر کاریگەری فەلسەفەی هیراکلیتۆس و فەیلەسوفێکی مادی بوو.واتا سوقرات و هیراکلیتۆس بنەماکانی فەلسەفەی (زینۆن)یان پێکدەهێنا.

زینۆن نزیکەی بۆماوەی 40 ساڵ لەبەرهەیوانێکدا وانەی بە قوتابیەکانی دەگوتەوە،ئەو کات خانووەکانی یۆنان زۆربەی زۆری بە شێوەیەک دروستکرابوون کە بەرهەیوانێکیان هەبوو. زینۆن ژیانێکی پڕ لە کولەمەرگی (مەمرەو مەژی)دەبردە سەر،تا رۆژێک لە رێگای نێوان ماڵەکەی و قوتابخانەکەیدا کە وانەی لێ دەگوتەوە، پێی وەرگەڕاو کەوتە سەرزەوی و ئازارێکی زۆری پێگەیشت، ئیتر کە گەڕایەوە ماڵ بەدەستەکانی خۆی،خۆی خنکاندو کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

رەواقییەکان یەک رەنگ و یەک جۆرو یەک قۆناخی فەلسەفی نین،بەڵکو بە سێ قۆناخی لەیەک جیاواز رەتبوونە، رەواقی کۆن، رەواقی ناوەڕاست، رەواقی رۆمانی،زینۆن دامەزرێنەری رەواقیەکانە،بەڵام لە دابەشکردنی قۆناخەکاندا زینۆن دەخرێتە قۆناخی کۆنی رەواقیەکان و لەپاڵ زینۆن، لە رەواقییە کۆنەکان کلینت 331-232پ.ز،خریسیپۆس 280-207پ.ز هەن، ئەوانەی پێیاندەوترێت رەواقی ناوەڕاست، بریتین لەپانتیۆس 185-110پ.ز، بۆزیدۆنیۆس 135-51پ.ز، پانتیۆس بەشێکی زۆری لە فەلسەفەی ئەفلاتونی خستە نێو فەلسەفەی رەواقیەکانەوەو پشتی لە مادی(ماتریالی)کرد، بۆزیدۆنیۆسیش کاریگەری لەسەر شیشرۆ هەبوو،شیشرۆ رۆڵی گەورەی هەبوو کە فەلسەفەی رەواقی بە رەواقییەکان بناسرێ. بۆزیدۆنیۆس کەسێکی یۆنانی سوریایی بوو،باری ئاڵۆزو تێکچووی سوریا وایلێکردبوو بەرەو یۆنان و رۆژئاوا کۆچبکات. ئەوانەی لە رەواقی

رۆمانیشن بریتین لەمارکۆس سێنیکا -65ز،ئاپیکتیتۆس 50-130ز،مارکۆس ئۆرلیۆس 121-150ز، سێنیکا کەسێکی ئیسپانی بوو، بەڵام باوکی خوێنەوار بوو لە رۆما دەژیا،بەهۆی تێکەڵبوونی بە سیاسەت و گرفت دروستکردن لەنێوان ئیمپراتۆر کلۆدیۆس و شا ژنەوە، ئیمپراتۆر سێنیکای بۆ دوورگەی کۆرس دوورخستەوە.بەڵام ژنی دووەمی ئیمپراتۆر، سێنیکای گێڕایەوەو کردی بە مامۆستای کوڕە یازدە ساڵانەکەی خۆی. ئاپیکتیتۆس یۆنانی بوو،کۆیلەش بوو،بەجۆرێک لەکاتی کۆیلەبوونی زۆر ئازاردراوە، بۆیە کە ئازادکراوە شەل بووە،لە رۆما ژیانی دەبردە سەر بەڵام ئیمپراتۆر دومیسین، خەڵکانی هزرڤانی دەردەکرد،ناچار ئاپیکتیۆسیش رۆمای جێهێشت و رووی کردە نیکۆپۆلۆس کە کەوتۆتە ئەپیرۆسەوەو دوای ماوەیەک هەر لەوێدا کۆچی دوایی کردووە. مارکۆس ئۆرلیۆس بەهۆی ئەوەی زڕکوڕی ئیمپراتۆر ئانتۆنینۆس بوو، هاوکاتمام و خەزووریشی بوو،دواتر لە تەمەنی (40)ساڵیدا بووە جێنشینی و ئەوکاتەی فەرمانڕەوا بوو هەوڵی خوێندنەوەی فەیلەتی رەواقیەکانی دەدا، بەڵام ئێمە لێرە زیاتر تیشک دەخەینە سەر(زینۆن) کە دامەزرێنەری رەواقییەکانە. بەشێوەیەکی گشتیش فەلسەفەی رەواقییەکان بریتی بووە لە ئەقڵ، سروشت، ئەخلاق،ئەمە بە مانا فراوانەکەیان، دەنا کێشەی دەوڵەت و یاساو سیاسەت و ..هتد لەناو فەلسەفەکانیاندا رەنگیداوەتەوە. بۆنموونە چارەنووس لای رەواقیەکان پێچەوانەی تێڕوانینی ئەپیقۆرس بوو، چارەنووس لای رەواقیەکان ببوو بە یاسایەکی سروشتی و بە پیرۆزیاندەزانی، چونکە بە لای رەواقیەکان چارەنووس لەگەڵ خوا یەکدەگرێتەوە، واتا یاسای سروشتی وەک زینۆن رای وابووە کە دەبێتە مایەی دروستکردنی هێز،بۆیە ئەخلاقیش لای رەواقیەکان لەژێر کاریگەری ئەو یاسا سرووشتیەدایە. مرۆڤیش

ئەوکاتانەی خۆی دەداتە دەست یاساکانی سروشت،چارەنووسی مرۆڤ دیاریدەکات، چونکە ئاشنا بوونی مرۆڤەکانە بە یاساو ئەقڵ .پیاوی ئاقڵیش لە هەموو خراپەکارییەک دووردەکەوێتەوە، ئەوە پیاوە ستەمکارەکانن پشت بە ئەقڵ نابەستن، بەڵکو پشت بە حەزو ئارەزووە لەبن نەهاتووەکانیان دەبەستن وستەمکاری ئەنجامدەدەن لەپێناو وەدیهاتنی حەزو ئارەزووەکانیان.

زینۆن قوتابخانەیەکی کردبووەوەو وانەی فیکری و فەلسەفی تێدا دەگوتەوەو بەرهەمی نووسینەکانی خۆیشی لەو قوتابخانە فیکرییە گەشەی کرد،یەکەمین کتێبی خۆی بەناوی (کۆمار) لە کاتی قوتابخانە فیکرییەکەیدا نووسی و بنەمای سەرەکی فەلسەفەکەی ئەوەیە، کە فەلسەفە تێکەڵەیەکە لە (رۆح و مادە)،بەڵام رۆح لە مادە جیا ناکرێتەوە،واتا رۆح خۆی مادەیە،گەردوونیش وەکوو مرۆڤ تێکەڵەیەکە لە (رۆح و مادە)مرۆڤ جیهانە بچووکەکەیەو گەردوونیش جیهانە گەورەکەیە.جیاوازییەکی ئەوتۆش لەنێوانیاندا نییە. زینۆن قوتابخانە فیکرییەکەی ناونابوو (بەرهەیوانی رەنگاوڕەنگ Stoapoecile) لەو رۆژەوە ئیتر بەو قوتابخانە فیکرییە دەوترێ قوتابخانەی بەرهەیوانەکان واتا رەواقیەکان.

فەلسەفەی رەواقییەکان بریتی بوو لە ئەقڵ، ئەمەش بە سوودوەرگرتنیان بوو لە فەلسەفەی هیراقلیتۆس، لە دەرەوەی ئەقڵ هیچ دەسەلاتێکی دیکەی بەرزتر بوونی نیە.بەهۆی ئەقڵەوە دەتوانین لە گەردوون بگەین .سرووشت، راستی، هەموو ئەوشتانە ئەقڵ پەی پێدەبات. هەموو رەواقیەکان سەرسامبوون بە ژیانی سادەو هەژارانەی سوقرات، بۆیە سەختی و ناخۆشی و نەهامەتییەکانی ژیان لە ژیانی رۆژانەیاندا رەنگیداوەتەوە، بەڵام وەکو ئەپیقۆرس نەبوون، لەناو ئازارەکانا بیر لە

بەختەوەری بکەنەوە، بۆیە دەیانویست بە رێگای ئەقڵ (نەک بیرکردنەوەیەکی خەیاڵئامێزانە) مرۆڤ بەبێ ئازار کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت،زۆربەشیان وایانکرد، بە خۆکوشتن کۆتاییان بە ژیانی پڕ لە ئازاریان دەهێنا.

ئەقڵانیبوونی زینۆن لە ئاستێکدا بوو کە بڕوای بە رێکەوت و قەدەر نەبوو، بەڵکو پێیوابوو رەوتی کاروبارە سرووشتییەکان بەتەواوەتی ملکەچی جەبری یاسا سرووشتییەکانە، یەکەمینجاریش ئاگر هەبووە ئینجا هەواو ئاوو خاک پەیدابوون. بەڵام رۆژێک هەر دێت جیهان ئاگری تێبەرببێت و هەموو جیهان جارێکی دیکە ببێتەوە بە ئاگر...چونکە ئاگر خۆی دروستکاری جیهانەو جارێکی دیکە ئیدی جیهان نوێدەبێتەوەو ژیان بەردەوامدەبێتەوە.

رەواقیەکان خۆیان لە ململانێی سەختی ژیان(ژیان بە مانا فراوانەکەی) بەدوور دەگرت، هەروەها خۆیان لە هەموو هەستێکی سۆزو عاتیفیش بە دوور دەگرت، چونکە لە بنەڕەتدا رەواقیەکان خۆیان لەگەڵ نەهامەتییەکانی ژیان دەگونجاند.کاتێکیش دەکەوتنە ژێر ئازارو نەخۆشی سەخت، یان کاتێک تەواو لە ژیان بێزار دەبوون، پەنایان دەبردە بەر خۆکوشتن، بۆئەوەی بەتەواوی رزگاریان ببێ لەدەست ئەو نەهامەتی و ئێش و ئازارە سەختانەی تووشی هاتوون.

زینۆن لەبەرئەوەی کەوتبووە ژێر کاریگەری هیراقلیتۆس و فەیلەسووفێکی مادی بوو، نەک میسالی، بۆیە لەناو فەلسەفەکەیدا هیچ گرنگیەکی بە میتافیزیک نەدا، چونکە بە بڕوای زینۆن هەموو شتێک لە مادە پێکهاتووە، تەنانەت دادپەروەری و فەزیلەت و خوداش، ئەمانە

هەمووی لە مادە پێکهاتوون، شتێک نیە لەم جیهانە بوونی هەبێت و لە مادە پێکنەهاتبێ.

چۆن ئەفلاتون بەر لە ڕەواقیەکان پێیوابوو، پێویستە حوکمڕانی بدرێتە دەست فەیلەسوفەکان، بۆئەوەی ژیانی فەزیلەت جێگیرو بەرقەرار بێت و ئاشتی و ئارامییەکی دوور لە چەوساندنەوەی یەکدی بێتە ئاراوە، ڕەواقیەکانیش پێیانوابوو، ئەگەر هەموو خەڵکی ببن بە فەیلەسوف، ئیدی پێویست بە دەوڵەت و یاساو سنووری نێوان دەوڵەتەکان نامێنێت،تەنانەت لە دۆخێکی وەهادا جیاوازی چینایەتی و چەوساندنەوەو ئیستیغلالکردن و کۆیلەداری کۆتایی دێت. بۆیە ڕەواقیەکان کاریان بۆ ئەوە دەکرد،بنەمای فەلسەفەکەیان زیاتر بنەمایەکی ئەقڵانییانە بێت بۆ دۆزینەوەی ئەخلاق، ئەخلاق بە مانا فراوانەکەی کە پێوەرێک بێت بۆ ژیان، بۆ ڕاستی، بۆ چاکە، ئەخلاق بەو مانایەی تیۆرێکی نوێ و گونجاو بێتە بەرهەم بۆ شیکردنەوەی ژیان و تیۆرێک بێت بۆ جیهان، کە مرۆڤەکان تێیدا دەژین. هەر لەمڕوانگەیەوە بوو، زینۆن پێیوابوو،فەلسەفە باخێکەو لۆژیک پەرژین (دیوار)ەکەیەتی،شتە سرووشتیەکانی ناو باخەکە دارەکانن، بەڵام ئەخلاق بەری دارەکانە، واتا میوەکەیەتی.یان هێلکەیەک، توێکڵەکەی لۆژیکەو سپێنەکەیشی شتە سرووشتیەکانێتی و زەردێنەکەشی ئەخلاقە.

ڕەواقیەکان دەربارەی سیاسەتکردن لەگەڵ ئەپیقۆرسەکان تەبا نەبوون، تێڕوانینی ڕەواقیەکان جیاواز بوو لەگەڵ تێڕوانینی ئەپیقۆرسەکان،چونکە ڕەواقیەکان پێیانوابوو،بەر لە هەموو شتێک سیاسەتکردن نابێت ببێتە ئامانج، بەڵکو سیاسەتکردن ئامرازێکە بۆ ڕزگاری، بەڵام تەنیا بۆ ڕزگاری نیشتمان نییە، بەڵکو پێویستە بۆ ڕزگاری (جۆری مرۆڤەکان) بێت.ئەوەی

لای ڕەواقیەکان ببوو بە ئامانج فەزیلەت بوو، فەزیلەت ئامانجێکی گرنگی ڕەواقیەکان بوو.

ڕەواقیەکان توانیان لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی فەلسەفەکەیان، بناخەیەکی وەها بچەسپێنن، بە شێوەیەک کە تا ئەم دواییانەش لە ئەوروپا جێگەی گرنگی هەبوو، بۆنموونە،لە قوتابخانە هەرەباشەکانی زۆربەی وڵاتان ئەوروپا،ئەوانەی بەرنامەی خوێندنی لاتینییان هەبوو، هەندێک لەو بەهایانەی کە ڕەواقیەکان بڕوایان پێی هەبوو، بۆ ئەو قوتابخانانەش گواسترابوونەوەو چەندین نەوەیان بەو بەهایانە پەروەردە دەکرد،وەک بەهای نەبەزی ،خۆڕاگری، ڕاستی، ڕزگاری و..هتد.

بە گشتی فەلسەفەی ڕەواقیەکان ، هەمیشە جەختیان لەسەر چەند پرسێک کردۆتەوە، کە بەلای ئەوانەوە زۆرترین گرنگی هەبووە، لە سەرووی هەموویانەوە ئەخلاق یەکێک لەو پرسە گرنگانە بووە کە ڕەواقیەکان زۆرترین گرنگیان پێداوە،لەپاڵ ئەخلاقیشدا تیۆری زانین وتیۆری یاسای سروشتی جێگای گرنگی ئەوان بوون، ئەمە جگە لە ڕاستی و چاکە، چونکە ڕەواقیەکان ڕایانوابوو، ئەوان ناتوانن ئازار لە جەستەیان هەبێت و کەچی بە خەیاڵ خۆیان بەختەوەر بکەن، وەک ئەپیقۆرس کە بۆچوونی ئاوابوو، بەڵام ڕەواقیەکان دەیانوت ئێمە کە ناشتوانین بەختەوەر بین، خۆ دەتوانین چاکە بکەین، دەبا هەموومان چاکە بکەین. ئەو تیۆری سرووشتیەی کە لای ڕەواقیەکان جێگای گرنگیپێدان بوو، جارێکی دیکە دوای نزیکەی 20 سەدە، وردتر بڵێین لە سەدەی شازدەو حەڤدەو هەژدە، دەرکەوتەوەو بە لەبەرچاوگرتنی هەندێ جیاوازی و گۆڕانکاری کە لە فەلسەفەی یاسای سرووشتی ڕەواقییەکانیان کرد. بە کورتی و بە پوختی ڕەواقیەکان گرنگیان بە ئەخلاق، ئایین، ئەقڵ، دەداو نووسینەکانیان بە زۆری لەم تەوەرانە

دەخولانەوە، ئینجا پرسی چاکەو سروشت و بەختەوەری و ...هتد جێگای گرنگیپێدانیان بوون.

**سانت ئۆگوستین** 354- 430ز

سانت ئۆگوستین له بنەڕەتدا ناوی خۆی ئۆرێل ئۆگوستین Aurelius augustinus بووه، له کات و ساتێکدا هاتۆته ژیان که فەلسەفەکەی به باشترین فەلسەفەی ماوەی نێوان ئەرستۆ و تۆما ئەکوینی دادەنرێ و له هەموو ئەوانەش بەناوبانگتر بووه که له دوای ئەرستۆوه هاتوونەته ژیان، چ ئەپیقۆرس، چ قوتابخانەی ڕەواقیەکان، چ ئەفلوتینه نوێکان وبه فەیلەسووفەکانی ئەندەلووس و..هتد، که نزیکەی شازده 16 سەده دەگرێتەوه .

ئۆگوستین ساڵی 354ز له باکووری ئەفریقا له شاری Tagasteکه ئێستا جەزائیری پێدەڵێن له دایکبووه، هەر لەو شارەش دوای 76 ساڵ ژیان بەسەر بردن مردووه.ئۆگوستین پشتی به فەلسەفەی مەسیحیەت بەستبوو،چونکه ئینجیل و نووسراوەکانی مەسیحییەت له یۆنان کرابوون به زمانی لاتینی، بۆئەوەی به ئاسانی خەڵک تێیبگات و گرفتێک بۆ تێگەیشتنی نەبێت،بۆیه هەر له ناوەڕاستی سەدەی سێیەمی زایینییەوه زۆربەی نووسین و گوتارو وەعزو ئامۆژگاری و نوێژی مەسیحییەکان هەر به زمانی لاتینی بووەو تا وایلێهات ئەو زمانه لاتینییەی که خرابووه خزمەتی ئاینی مەسیحییەت تەواوی ئەوروپای گرتەوه.ئیتر ئۆگوستین تا ڕادەیەک

باوەڕی بەو ئایینی مەسیحییەتە هەبوو، هەرچەندە باوکیشی بتپەرست بوو،بەڵام دایکی بڕوای بە ئایینی مەسیحیەت هەبووە. ئۆگوستین لە قۆناخی هەرزەکاریدا زۆر بە لای ئایینی مەسیحییەتدا نەشکابۆوە، بەڵکو زیاتر سەرسام بوو بە شیشرۆی فەیلەسووف، لە تەمەنی 18-19 ساڵیدا بە تەواوی سەرقاڵی خوێندنەوەی نووسینەکانی شیشرۆ بووبوو، بۆیە شیشرۆ بە یەکەمین فەیلەسووف دادەنرێ کە ئۆگوستینی پەلکێشی ناو دونیای فەلسەفەو بیرکردنەوە کردبێ. بەڵام زۆری نەبرد گەڕایەوە سەر ئایینی مەسیحی و بە سەرنجدان لە فەلسەفەی شیشرۆ و بە کارتێکردنی ئایینی مەسیحی  فەلسەفەیەکی نوێی لێ دروستکرد، کە مۆرکی ئایینی و لاهوتی بە روونی پێوە دیارە.بێگومان ئەوەش بە کەوتنە ژێر کاریگەری فەیلەسووفەکانی دوای ئەرستۆ بەتایبەتی ئەفلۆتین، سەرسامبوونی ئۆگوستین بە ئایینی مەسیحی لە لایەک و کەوتنە ژێر کاریگەری ئەفلۆتینەکان لە لایەکی دیکەوە وای لە ئۆگوستین کرد کە بۆ بەرزڕاگرتنی ئەفلۆتین، ئەفلۆتین بکات بە مەسیحی.

ئۆگوستین وێڕای ئاشنابوونی بە نووسینەکانی شیشرۆ،یەکێک لە لایەنگرانی مانیزم بووە، واتا زوو پەیڕەوی لە ئاینی پێغەمبەری فارسەکان کردووە کە ئایینی مانی بووە، گەوهەری ئەم ئایینە بریتییە لەوەی کە جیهان بەسەر دوو بەرە دابەشکراوە، باش و خراپ، رووناکی و تاریکی، مادە خراپەو رۆح باشە. بەڵام زۆری نەبردووە، ملی داوەتە خوێندنەوەی فەیلەسووفەکانی دوای ئەرستۆ، بەتایبەت ئەوانەی بە قوتابیانی ئەفلاتون، واتا ئەوانەی بە قوتابخانەی (ئەفلۆتین) ناسرابوون. بەڵام لە تەمەنی (32)ساڵی بەو پاشخانە فەلسەفییەی کە ماوەیەک سەرقاڵی خوێندنەوەی فەلسەفەی دوای ئەرستۆ بوو بوو، ئیدی گەڕاوەتەوە سەر ئایینی مەسیحی

و، هەوڵیداوە لە نێوان ئەو فەلسەفەیەی ساڵانێک سەرقاڵی بووبوو، لەگەڵ ئایینی مەسیحی ، فەلسەفەیەکی نوێ دابرێژێ کە ڕەنگدانەوەی بەسەر هەموویدا پەخش بکات، ئۆگوستین لە کتێبی (دانپێدانەکان)یدا، باسی لەو کاریگەرییانەو لەو فەلسەفە نوێیە کردووە کە دایهێناوە. ئەم کتێبە گرنگییەکەی لەوەدایە زۆر بە وردی ڕاستییەکانی ژیانی خۆی باسکردووە، واتا خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە، ئۆگوستین بە وردی دەناسێت، چ لە ڕووی ڕەفتارەکانی، چ لە ڕووی فەلسەفەکەی.تەنانەت شەهوەتبازییەکەیشی وەکوو خۆی باسکردووە، کاتێک نووسیویەتی خودایە لەم شەهوەتبازییە ڕزگارم بکە بەڵام پاش ماوەیەکی دیکە نەک ئێستا. ئۆگوستین ئەم کتێبەی بەناوی دانپێدانان لە ساڵی 400ز نووسیوەو گەشتێکی پڕ لە جەنجاڵی تێدا بەرجەستە کردووەو ڕاستگۆییەکی بێوێنەی لەو کتێبەیدا تۆمارکردووە، تا ئەو ڕۆژەی بووەتە مەسیحییەکی عەیار بیست و چوار. واتا ئەوەی خوا پێی ناخۆش بووە ئەوەی کردوە،تا گەیشتۆتە تەمەنی (30)ساڵی، ئینجا بەتەواوی بڕوای بە ئاینی مەسیحی و خودا هێناوە. بە دیوێکی دیکەدا ئۆگوستین تا گەیشتووەتە 30 ساڵی چەند جارێک بیروبڕواکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووەو لە یەک سەرچاوەی فیکریدا ئۆقرەی نەگرتووە، سەرتا وەک خۆی لە دانپێدانەکەیدا باسی کردووە هیچ دین و مەزهەبێکی پەسند نەکردووە، بەڵام زوو لایەنگری بۆ فەلسەفەی دوای ئەرستۆ پەیداکردووە، لایەنگری ئەفلۆتینیزمی نوێ و فەلسەفەی ڕەواقییەکان و شیشرۆن و، ئینجا کاریگەری مانی فارس Manichaismus کە ڕەنگدانەوەی تاریکی و ڕووناکی ،چاکەو خراپە،..هتد بووە لە دوای ئەمانە (ئەمبرۆسییوس)ی ناسیوە، کە یەکەمین کەس بوو نووسینەکانی ئایینی مەسیحییەتی

لێکداوەتەوەو راڤەی کردووە، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری خستۆتە سەر ئۆگوستین،تا وایلێهات ئەم ئایینەی هەڵبژاردو پەیڕەوی لێکرد.

ئۆگوستین لەو دانپێدانەیدا کە زۆر راستگۆیانەو راشکاوانە باسی قۆناخی گەشەی فیکری و هەروەها باسی لەو کارو کردەوە ناشیرین و ناپەسندانەیشی کردووە کە کردوویەتی، بە گشتی باسی قۆناخی پێش مەسیحی بوونەکەی و قۆناخی بڕواهێنانی بە ئایینی مەسیحی کردووە،کە بەهۆی خوداوە بووە پەیڕەوی لەو ئایینە کردووە.خودایەک کە تواناکانی یەکجار بێ سنوورن.

باوکی ئۆگوستین حەزی دەکرد کوڕەکەی ببێت بە مامۆستا،بەڵام دایکی حەزیدەکرد ببێت بە قەشە. ئۆگوستین رۆژانی منداڵی زیاتر خەریکی یاری وەرزشی بوو، ئینجا کەوتە نێو خوێندنەوەی فەلسەفەو جیهانی بیرکردنەوە. لەم قۆناخەیدا ئۆگوستین لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ئەوکاتەیدا، دەست بۆ هەرمێیەک دەبات کە بە درەختیماڵە دراوسێکەیانەوە بوو، لێیدەکاتەوە، ئۆگوستین بەم کارەی تووشی بارودۆخێکی سەختی دەروونی هات، هەمیشە بیری لەو دزینە دەکردەوە، چونکە دزینی هەرمێکە لەبەر ئەوە نەبوو کە دەمێکە هەرمێی نەخواردووە، هەمیشە دایک و باوکی هەرمێی زۆر باشتریان بۆ کڕیوەو هێناویانەتەوە ماڵەوە، بەڵکو دزینەکە بۆ ئەوە بووە گوناهێک بکات، ئەم دۆخە کاریگەرییەکی نەرێنی بەسەر دەروونی ئۆگوستین جێهێشت، بۆیە لە نووسینەکانیشیدا ئەم هەڵەیەی نەشاردۆتەوەو خۆی سەرکۆنە کردووە. ئەمە وای لە ئۆگوستین کرد، کە ئیتر بە جیدی پەشیمان ببێتەوەو تۆبە بکات و رێگای خودا بگرێتە بەر، بۆئەوەی بەر ئاگری دۆزەخ نەکەوێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئۆگوستین کەسێک بووە زۆر سەرقاڵی رابواردن بووەو تا رادەیەک داوێن پاک

نەبووە،چەندین ساڵ بوو لەگەڵ ژنێک خۆشەویستی دەکرد بێ ئەوەی مارەی بکات و تەنانەت منداڵێکی ناشەرعیشیان بوو، دوای ئەم ژنەی لەگەڵ دوو ژنی دیکە خۆشەویستی کردووە لە کاتی جیاوازدا، بەڵام لەگەڵ هیچکام ژیانی هاوسەریی بە مارەکردنی پێکنەهێناوە، بۆیە سەرئەنجام بە رەبەنی ماوەتەوەو هیچ ژنێک تا سەر لەگەڵی نەژیاون، بۆیە ئۆگوستین بە یەکێک لە فەیلەسووفە شەهوەتبازەکان دادەنرێ. بەڵام لە فیکریشدا توانی لەبارەی نهێنی خوداو ئەبەدییەت و کات، فەلسەفەیەک رەنگرێژ بکاتک ە فەیلەسەفەکانی دوای خۆی بەتایبەت کانت و سپینۆزاو دیکارت سوودی لێ وەربگرن.

ئۆگوستین پێیوابوو، کات و شوێن هیچ بوونێکی نەبووە، تا ئەوکاتەی کە خودا ئەم جیهانەی بۆمان دروستکردووە، واتا کات و شوێن ئەوکاتە هاتنە بوون، کە جیهان دروستبوو،خودای گەورەش ئەم گەردوونەی لە هیچەوە دروستکردووەو لە نەبوونەوە هێناویەتیە بوون،ئێمە ناتوانین بڵێین ئەم جیهانە لە چ کات و شوێنێکا دروستکراوە، چونکە بەرلەوەی خودا دونیا بهێنێتە بوون، نە کات هەبووە نە شوێن،بە دروستکردنی دونیا لە لایەن خوداوە، ئیدی کات و شوێنیش دروستبوون.

هەڵبەت ئۆگوستین بە یەکەمین فەیلەسووف دادەنرێ کە فەلسەفەی ئەفلاتونی کردە کالایەک و کردیە بەر ئایینی مەسیحیەت و هەوڵیدا بەهۆی فەلسەفەوە شتە نادیارەکان بسەلمێنێت.

ئۆگوستین هەر تەنیا فەیلەسەووفێکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو کاریگەری لە دوای خۆی بۆ سەر چەندین فەیلەسووفی گەورەش جێهێشتووە، بۆ نموونە کاریگەری بۆسەر کانت و شۆبنهاوەر و دیکارت و زۆریدیکە هەبووە. تەنانەت بۆ ئایینی مەسیحیش ئۆگوستین لەوە تێگەیشتبوو، کە ئەو ئایینە

زیاتر ئامۆژگاری و گێڕانەوەو قسەی باشە، بەڵام لایەنێکی لاوازی تێدایە کە ئەویش فەلسەفەیە، واتا ئایینی مەسیحی ئەوەندە فەلسەفی نییە، بەقەد ئەوەی ئامۆژگاری و سەربردەو شتی لەمجۆرەیە، بۆیە بە پێویستی زانی گرنگی بەم لایەنە بدات، ئەوەبوو هات هەموو ئەو فەلسەفەیەی هاتبوونە ئاراوە، بە تایبەت پلاتۆیزم و پلاتۆیزمە نوێکان، هات لەگەڵ ئایینی مەسیحی تێکهەڵکێشێکی کردو هێزێکی دیکەی نوێی بە ئایینی مەسیحی بەخشی،چونکە ئۆگوستین گەیشتبووە ئەو بڕوایەی زۆر پرسی فەلسەفی کە گرنگیان بۆ ژیان هەیەو لەلایەن پلاتۆیزم و پلاتۆیزمە نوێکانەوە خراوەتە روو، کەچی لە ناو ئایینی مەسیحی (ئینجیل)دا،ئەم هزرانە نەخراونەتە روو، بۆیە هات فەلسەفەیەکی نوێی وەها هێنایە ئاراوە کە تێکەڵەیەکە لە هەردووکیان.

بۆنموونە بە رای ئۆگوستین هەموو ئەوکەسانەی دەنێردێنە دۆزەخەوە، ئەوە ئەوکەسانەن کە خودا ویستوویەتی یارمەتیان نەدات و ئارەزووی ئازاردانیانی هەبووە، دەنا ئەگەر خودا بیەوێت یارمەتی کەسێک بدات، ئەوا قەدەری ئەو کەسە، دۆزەخ نابێت، واتا قەدەر لە لایەن خواوە بۆمان دیاریدەکرێت، ئەم هەڵوێستە فیکرییەی ئۆگوستین، دواتر لەلایەن کڵێساوە قۆزرایەوەو هەموو ئەو توندوتیژی و سووتان و زمانبڕین و کوشتنانەی بەرپایان کردبوو، پاساوەکەیان ئەوەبوو ، خودا نەیویستووە یارمەتی ئەو کەسانە بدات بۆیە رەوانەی دۆزەخیان دەکات.

بێگومان قۆناخی لەدایکبوون و گەشەکردنی ئۆگوستین کاریگەری هەبووە بەسەر فەلسەفەکەیدا، بەتایبەت ئەوکاتە بوو کە ئیمپراتۆریای رۆما هەرەسی هێنابوو، جیهانی شارستانێتی بە تەواوی رووخابوو، هێرشی بەربەرییەکانیش لەولاوە بوەستێ کە مانایەکیان بۆ ژیان نەهێشتبۆوە، ئەو

شارەی ئۆگوستین لێی لەدایکبووبوو لە جەزائیر بە تەواوی کەوتبووە ژێر ڕەحمەتی بەربەرییەکانەوە، ئیدی ئەم ڕەشبینییەی ئۆگوستین بەسەر فەلسەفەکەیدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەم سەردەمەش بە سەردەمە تاریکەکان ناودەبردرێت، چونکە ژیان بەتەواوی کەوتبووە بەر ڕەشەبای لەناوچوون.

داهێنانی ئۆگوستین لەوەدابوو کە وتی فەلسەفەو ئایین بە هیچ جۆرێک دژی یەکتر نین،ئەوەتا فەلسەفە لەگەڵ ئایینی مەسیحییەتدا دێتەوە،چونکە فەیلەسووفی ڕاستەقینە شەیدای ئەو خودایەیە کە جیهانی بەهەشت و دۆزەخی داهێناوەو توانای بەسەر هەموو گەردوون و بوونەوەریشدا هەیە.بۆیە ئۆگوستین نەیشاردۆتەوە، هەر لە سەرەتای تەمەنیشییەوە ئەگەرچی کەسێکی بڕوادارو لەخوا ترس نەبووە، بەڵام نەیشاردۆتەوە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان بڕوای بە خودا هەبووە،چونکە هەستی بە توانای لە ڕادەبەدەری خوا کردووە، بەڵام ڕێگاو شێوازێکی تەندروستی بەدی نەکردووە بۆئەوەی بیر لە بنەماو بنچینەی توانای خواوەند بکاتەوەو بە تەواوی بڕوای پێبهێنێت.بۆیە دواتر دانی بەوە ناوە کە هەموو ئەوانەی خواوەندیان نەناسیوەو بڕوایان پێینەهێناوە ئەوە گومڕان و هەر لە تاریکیدا دەمێننەوە،

ئۆگوستین یەکێک لەو پرسیارانەی ورووژاندوویەتی ئەوەیە، باشە خودا هەمیشە مایەی چاکەو خێروبێرە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی و حەزیشی لە کاری باشە، ئەی کەواتا بۆچی خراپەکاری دروستبووە،باشە دەبێت خراپەکاری لە چییەوە هاتبێ و بۆچی دروستبووبێ، تۆ بڵێی خودا لە پرۆسەی دروستکردنی مرۆڤەکاندا مادەیەکی خراپ و گوناهکارانەی لەگەڵ پرۆسەی دروستبوونەکەدا نەچاندبێ، ئەی باشە هۆی چییە کە خودا هەموو ئەو شتانەی دروستیکردووە هەمووی تەنیا بریتی نییە لە کاری چاکە، زۆر جار

خراپەکاریشی تێدا تێکەڵ بووە؟ ئۆگوستین کەوتۆتە ناو شیکردنەوەی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە قووڵانە.لە ئەنجامدا ئەو بڕوایەی بۆ دروستبووە،کە ئەوە لادانە لە کارەچاکەکانی خودا، خراپەو گوناهی لێدروستدەبێت، واتا ئەگەر مرۆڤ پەیڕەوی تەواوی کارەکانی خودا بکات، نە گوناە نە خراپە رووناداتـ تا ئەوکاتەی تووشی لادان لە فەرمانەکانی خودا دەبیت. بۆیە بە لای ئۆگوستین ئەوانەی تووشی بێ بڕوابوون بە خودا هاتوون، ناتوانن ئاسوودەیی لەسەر زەوی دابمەزرێنن، چونکە بێ ئیمانن و تووشی خراپەکاری و گوناە هاتوون، ئۆگوستین باس لە نەرگسیبوونی مرۆڤەکان دەکات، ئەوانەی زیاد لە پێویست خۆیان خۆشدەوێ، بە بڕوای ئۆگوستین ئەو جۆرە مرۆڤانە بەهۆی زیاد لە پێویست خۆشویستنی خۆیانەوە ئیدی خوا لە یاد دەکەن و کار وا دەکەن کە خودا پێیخۆش نییە،ئیدی جیهانێک بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی خۆی لەسەر ئەم زەمینە دروستدەکات، وەک ئەوەی چۆن ئیمپراتۆرو بەڕێوەبەرانی دەوڵەت و دەسەڵاتداران دەیکەن.

**تۆماس ئەکوینی** 1225- Thomas Aquinas 1274

تۆماس ئەکوینی لە نزیک (ناپۆل)لە گوندی ئەکوینو کە کەوتۆتە نێوان رۆماو مۆنت کاسینو لە ئیتالیا لە دایکبووە.باوکی یەکێک لە دەرەبەگە گەورەکانی ئیتالیا بوو.یەکێک لە قوتابییە هەرە زیرەکەکانی ئەلبێرتی گەورە بوو،ئەلبێرتی گەورە لە نزیکەوە ئاگاداری فەلسەفەی (ئیبن سینا،ئیبن روشد،ئیبن رازی، ئیبن مەیمونی جوولەکە)بوو ئەوەندە لە فەلسەفە قووڵ بووبووەوە بۆیە زۆرجار بە ئەرستۆی سەدەکانی ناوەڕاست ناویاندەبرد. تۆماس ئەکوینی قوتابی ئەو مامۆستایەی فەلسەفە بوو.. تۆماس ئەکوینی لە سەدەی سێزدە چاوی بە دونیا هەڵهێنا کە فەلسەفەی ئەرستۆ باڵی بەسەر تەواوی دونیای فەلسەفەدا کێشابوو، بۆیە تۆماس ئەکوینی هەوڵیدا ئەرستۆ لەو چەقبەستنە بێنێتە دەرەوەو لەگەڵ ئاینی مەسیحییەت ئاشتیبکاتەوە.چونکە تا ئەکوینی نەهاتبووە ژیان فەلسەفەی

مەسیحییەت زیاتر فەلسەفەی ئەفلاتونیزم و ئەفلاتونە نوێکانی بەکاردەهێناو ئەو ئایینە بەمجۆرە گەشەیدەکرد،بەڵام تۆماس ئەکوینی هەستی بە گەورەیی ئەرستۆ کردبوو کە ئەو واتا ئەرستۆ مامۆستای یەکەمە، زۆرترین زانیاری و شارەزایی لەسەر ئەرستۆ پەیداکردبوو، زۆر بە قووڵیش بەناو فەلسەفەی ئاییندا ڕۆچووبوو. لەبەر ئەوە بوو تۆماس ئەکوینی لە پەیوەندی ئایین و فەلسەفەو سرووشت لە لایەک و هەروەها زانین و بڕواو بەڵگەی بوونی خودا و مرۆڤ و دەروون و ڕۆح سەرباری فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، توانایەکی زۆری هەبوو.بەتایبەت زۆر ئاگاداری پاراستنی هێڵی جیاکەرەوەی نێوان فەلسەفەو ئایین و بەڵگەی ئەقڵانی و باوەڕ بوو. ڕاستە باوکی دەرەبەگێکی گەورە بوو، منداڵێتی تۆماس ئەکوینی  تا ڕادەیەک بەرگریکردن بووە لەو سیستەمە دەرەبەگییە، بەڵام ئەم ماوەیە کورت بوو، دونیابینی تۆماس ئەکوینی وایکرد ببێتە ڕابەرێکی دیاری دۆمینکان،ڕوونتر ساڵی 1243 چووەتە ڕیزی دۆمینکان و ناردوویانە بۆ کارکردن لەژێر سەرپەرشتی ئەلبێرت ئۆف کۆلۆن کە یەکێک لە گەورەترینی ڕێبازی دۆمینکان بوو لە کۆلۆن،چەند ساڵێک لەگەڵ ئەلبێرت دەبێت لە کۆلۆن و پاریس تا ساڵی 1257 تۆماس ئەکوینی بڕوانامەی دوکتۆرا وەردەگرێت.لەژێر دەستی ئەلبێرت شارەزاییەکی باشی لەسەر لۆژیکی ئەرستۆ پەیدا کردو، ئینجا ئاگادارییەکی باشیشی لەسەر قوتابخانەی ڕەواقییەکان هەبوو، بەتایبەت شیشرۆن کە سانت ئۆگۆستین زۆر لەژێر کاریگەریدابوو. ئەو قۆناخەی ئەکوینی وانەی لە پاریس دەخوێند، بەریەککەوتنی فیکری و مشتومڕی نێوان ئایین و فەلسەفە لەوپەڕیدابوو، زانکۆی پاریس پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیبوو، بەتایبەت کاتێک چوار کۆلیژی لێ کرابووەوە،کە بریتیبوون لە کۆلیژی

ماف،کۆلیژی پزیشکی،کۆلیژی ئەدەبیات، کۆلیژی خوداناسی،دواتر وڵاتانی دیکەش هەمان رەوت و رێگای زانکۆی پاریسیان گرتە بەر، ئەکوینی لەناو ئەو کۆلیژانەو لەناو ئەو مشتومڕانەی لەبارەی خوداناسی و فەلسەفەوە دروستدەبوون، ئەکوینی دروست بوو، بۆیە توانیبووی زۆرترین شارەزایی و زانیاری لەسەر ئەرستۆو هەروەها لەسەر ئایینی مەسیحییەت کۆبکاتەوە. ئەو شارەزاییە بێوێنەیەی ئەکوینی لەسەر ئەرستۆی پەیداکردبوو، ناچاری کرد، سنووری سانت ئوگۆستین ببەزێنێ، کە زۆر سەرسام بوو بە ئەفلاتون و ئەفلۆتینە نوێکان، ئەکوینی بیری بۆ ئەوەچوو ئیدی کاتی ئەوە هاتووە ئەرستۆ لەگەڵ ئایینی مەسیحی ئاشت بکەینەوە، نەک ئەفلاتون کە سانت ئوگوستین وایکردووە.

ئەو کلێسایەی ئەکوینی بڕوای پێی هەبوو، لەوکاتدا لایەنگرانی کلێسای هەندەدا کە ئەوەندە عەودالی ماڵی دونیا نەبن، چونکە ماڵی دونیا هیچ نییە، باشتر وایە ژیانێکی پڕ لە هەژاری ببەنە سەر.بۆیە لە پرسی کۆیلایەتیشدا، پێیوابوو ئەوانەی کۆیلەن، ئەوا لەبەهەشت دەرپەڕێنراون بۆسەر زەوی و سەر زەویش یەکەمین وێستگەی سزادانی گوناهەکانە،بۆیە ئامۆژگاری کۆیلەی دەکرد کە کۆیلەییبوونەکەیان قەبووڵبکەن، چونکە بە قەبووڵکردنەکە بەسەر نەفس و رۆحی خۆیاندا زاڵدەبن. تۆماس ئەکوینی هەر لە سەرەتاوە کە پەیڕەوی لە ئایینی مەسیحییەت دەکرد، ئەگەرچی کەسێکی گۆشەگیرو دوورە پەرێز بوو، بەڵام ئەو گۆشەگیرییەی لای خەڵک گوزارشتی بەهێزی لێدەکرا،بۆیە بە (مانگای سڕ)ناویاندەبرد. تۆماس ئەکوینی خاوەنی چەندین کتێبی پڕ بەهایە، چونکە بە تەواوی قووڵببووەوە بەناو دونیای ئیلاهیات و فەلسەفەو مەعریفەدا، بۆ یەکەمینجار فەلسەفەی مەسیحییەتی کورتکردەوەو فەلسەفەی ئەرستۆی تێکەڵ بە

فەلسەفەی مەسیحییەت کرد، بەمەش سیستەمێکی نوێی بۆ ئایین کێشاو فەلسەفەی ئەرستۆشی بە شێوەیەکی نوێ داڕشتەوە. بە بۆچوونی تۆماس ئەکوینی ئایینپەروەری گرنگە، چونکە ئایین جۆرێکە لە (بیرکردنەوەیەکی بەرزتر لە هی مرۆڤ) ئاخر ئەوکاتانەی ئەقڵی مرۆڤ توانای بیرکردنەوەی زیاتری نابێت ، ئەوا ئایین تواناکانی باڵاترو بەرزترن و راستەوخۆ لەگەڵ مرۆڤ دەدوێ. بۆیە بە بڕوای ئەکوینی فەلسەفە بۆ نیشاندانی راستییەو لە راستیشەوە بەرەو خودا دەچێت.چونکە ئیلاهیات فەلسەفەکەی لە خوداوە بەرەو راستییەکانی دەبات.چونکە زۆر شت لە ئیلاهیات و لە ئایینی مەسیحییەتدا هەیە، ناتوانرێ ئەزموون بکرێت، یان بەڵگە بۆ سەلماندنی راستییەکەی بهێنرێتەوە،ئەمەش لەبەرئەوەیە ئەقڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤ ئەوەندە بەرز نییە ، بەڵکو  بیرکردنەوەی بەرزتر لە هی مرۆڤ،ئەوە ئیلاهیات و ئایینە کە خودا بۆ مرۆڤایەتی دایناوە. فەلسەفەش لە لایەن مرۆڤەکانەوە داهێنراوە بۆ ئەوەی لە خزمەتی ئایین و خودا بێت ، مەبەستی ئەکوینی لە خزمەتکردنی خودا ئەوەیە فەلسەفە بتوانی بگاتە ئەودیو پەردەی خودا.بۆنموونە بە بۆچوونی تۆماس ئەکوینی مرۆڤ ناتوانێ بە بەکارهێنانی ئەقڵ یەکلای ئەو پرسە بکاتەوە کە ئاخۆ گەردوون سەرەتای هەبووە یان نا، ئەی کۆتاییشی هەیە یان نییەتی؟ واتا ئەقڵی مرۆڤەکان ناتوانن بگەنە وەڵامێکی راست و دروست.

هەموو ئەوکارە داهێنەرانەی ئەکوینی کە لە پێناو ئایین و بەرزڕاگرتنی خودا خستییە نێو نووسین و کتێبەکانییەوە، کەچی دوای ماوەیەکی زۆر لە مردنی، ساڵی 1323 واتا دوای زیاتر لە نیو سەدە پاپای مەزن، تۆماس ئەکوینی بە تۆماسی پاک واتا پیاوچاک و پیرۆز، ناوبردووە.

گرنگترین بەرهەمەکانی تۆماس ئەکوینی ئەو کتێبانەن کە راڤەی حیکمەتەکانی خوایان کردووە،لەوێدا باسی بیروبۆچوونەکانی خۆیشی کردووە. بەڵام هەر لەنێو بەرهەمە گرنگەکانی ئەو بەرهەمەیەتی کە هەوڵیداوە فەلسەفەی ئەرستۆ بە ئایینی مەسیحییەت گرێبدات، رەنگە ئەوە بەرزترین کارو بەرهەمی ئەکوینی بووبێت.کەواتا ئەکوینی هەوڵیدا خۆی لە تەپ و تۆزی فەلسەفەی میسال ئەفلاتونی بە دوور بگرێت و هات فەلسەفەی مادی و ئەقڵانی ئەرستۆی لەگەڵ ئایینی مەسیحی تێکهەڵکێشا. ئەگەر ئەکوینی هەر درێژەی بە ئەفلاتونییەت بدابایە، بێگومان بەرهەمێکی وەها چڕو دەوڵەمەندی لێ وەبەرنەدەهات، بەڵام ئەکوینی هات ئایین کە پڕاوپڕی میسالییەت و نا ئەقڵانییەتە، هات لەگەڵ مادییەت و ئەقڵانییەتی تێکەڵکرد.

ئەفلاتون و ئەرستۆ باسیان لە دەروون (نەفس)و جەستە کردووە، بەڵام ئەکوینی هاتووە لەگەڵ ئەوەی نەفس بە هەمیشە زیندوو ناودەبات، بە پێچەوانەی فەیلەسووفەکانی پێش خۆی، بە بڕوای ئەو جەستەش لە رۆژی دواییدا زیندوو دەبێتەوە، واتا چۆن دەکرێ رۆح بە تەنیا هەتا هەتایە زیندوو بێت و جەستەش هەتا هەتایە مردوو بێت، رۆح دەبێت لەناو جەستەی خۆیدا بە هاوشێوەی خۆی زیندوو بکرێتەوە.

ئەکوینی دژی چەوساندنەوەی مرۆڤەکان بوو، بە پێچەوانەی ئەرستۆوە کە پێیوابوو مرۆڤی ئاقڵ و بێ ئەقڵ هەیە، مرۆڤە ئاقڵەکان مرۆڤە بێئەقڵەکان بەڕێوە دەبەن، بە بڕوای ئەکوینی کۆیلایەتی کە قورسترین جۆری چەوساندنەوەی مرۆڤەکانە، کارێکی نەشیاوو ناسروشتیانەیە،چونکە هەموو مرۆڤەکان نموونەیەکی خوداییین، نابێ مرۆڤ مرۆڤێکی دیکە بکاتە کۆیلەی خۆی، تەنیا ئەگەر هات و گوناهێکی گەورە لەو مرۆڤە روویدابێت.

بۆیە بە بۆچوونی ئەکوینی سیستەمی سیاسی ئەوکاتە دەبێتە سیستەمێکی سیاسی کۆمەڵایەتی تەندروست کە هەر چینێک لە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیدا بێت، دوور لە خۆسەپاندن بەسەریدا. هەر حکومەتێکیش ئەوکاتە دەتوانێ حکومەتێکی لۆژیکی و جەماوەری و پڕ بەها بێت کە هەموو ئامرازو رێکخراوەکانی خۆی بۆ خزمەتی مرۆڤ و ئاسانکاری بۆ مرۆڤەکان دابین بکات لە پێناو خۆشەویستی بۆ ژیانی هەتا هەتایە. کە باسی ژیانی هەتا هەتایەم کرد، پێویستە باسی ئەو ماف و یاسایانەش بکەم کە بەلای ئەکوینی زۆر گرنگ بوون، ئەکوینی پێیوابوو ماف و یاسا بەیەکەوەن و هەرگیز لەیەکدی جیا نابنەوە،ماف واتا ئەوەی رەوایەو پێویستە ئەنجامدەدرێت، یاساش ئەو شتانە روونەدەکاتەوە کە دەبێت ئەنجام بدرێن،چوار گرووپی سەرەکیش هەن کە یاساکان لە یەکدی جیا دەکاتەوە،یاسای هەتا هەتایە،یاسای خودایی، یاسای سرووشتی، یاسای مرۆیی.یاسای خودایی ئەو یاسایەیە لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ باس لە باڵادەستی ئەو یاسایە دەکرێت و ئەقڵ بە پێی پێویست نەیگەیشتووتێ، یاسای سرووشتیش ئەو یاسایەیە کە زیاتر لە یاسای خوداییەوە سەرچاوەی گرتووە، یاسای مرۆییش دەبێت لەگەڵ یاسای سرووشت گونجاو بێت. یاسای خودایی هەر تەنیا پەیوەندی بە مرۆڤەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە هەموو ئەو شتانەوە هەیە کە خودا دروستیکردووەو خولقاندوویەتی،واتا هەموو دیاردەو گیانلەبەرو بێ گیان ، ئاقڵ و بێ ئەقڵ ،تەنانەت هەموو مادەیەکیش دەگرێتەوە، بەردێک کە بە پێی یاسای هەتا هەتایە دەکەوێتە خوارەوەو دەنکە رووەکێکیش بە پێی ئەم یاسایە گەشەدەکات و گووڵ دەگرێت، هەمووی دەگرێتەوە. ئەکوینی لەو یاسا هەتا هەتاییەدا بێ ئەقڵ کە مەبەستی رووەک و ئاژەڵ و زیندەوەرەکانە، جیایدەکاتەوە لەگەڵ

مرۆڤەکان کە ئاقڵەکانن،بێ ئەقڵەکان بە پێی سیستەمی هەتا هەتایە دەڕۆن و هیچ پێشێلکارییەک ناکەن، بەڵام مرۆڤ هەندێکجار سەرکێشی دەکات و لەگەڵ ئەو یاسایانە کۆک و تەبا نابێت. بەڵام بە بڕوای ئەکوینی مادام مرۆڤەکان حەزیان بە چاکەیەو گەورەترین چاکەش ئەوە خودایە، کەوابێت مرۆڤەکان دەبێت هەموو هەوڵێک بدەن بۆئەوەی بگەن بە خودا،تا پاک ببنەوە بۆ هەتا هەتایە، ئەوە گەورەترین هەوڵی مرۆڤ دەبێت چونکە دەگاتە پاکبوونەوەیەکی هەتا هەتایی.کەواتە بە بڕوای ئەکوینی کاری یاسای سرووشتی گەیشتنە بە خودا، هەموو کاروبارەکانی دیکە کە لە لایەن مرۆڤەوە بەڕێوە دەچێت، دەبێتە کاری خوارووتر کە جۆرێکن لە دەستووری دونیایی و جیهانی مەعنەوی.بۆیە سامانی مادی نابێت ببێتە مایەی شانازی و حەزو خۆشویستن لای مرۆڤەکان، چونکە ئەگەر وایلێهات ئەوا ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبێتە دەستوورێکی شەڕخوازانەو بە جۆرێک کێشە بۆ سیستەمی سرووشتیش پەیدا دەبێت.لەم ڕوانگەوە تۆماس ئەکوینی زیاتر بڕوای بە مافی تاک هەبوو، بەو مەرجەی لەگەڵ یاسای سرووشت ناکۆک نەبێت، بۆیە پێیوابوو مافی گشتی هەموو مافەکان دابین ناکات، چونکە مافی گشتی کۆمەڵێک مەرج و یاسای بەخۆوە گرتووە کە لە یاساکانی سرووشتدا بەرهەمیهێناوە،بەڵام مافی تاک زیاتر ئازادی دەستەبەر دەکات. لە ڕوانگەی ئەکوینی ئەو کۆمەڵگایانەی پێوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی سرووشتی لێنێو چین و توێژەکانی هەر کۆمەڵگایەکدا هەبێت،ئەوا لە جەوهەردا ڕێسایەکی سرووشتی فەرمانڕەوایە، بەڵام ئەکوینی پێیوایە یاساکانی حکومەتە جیاوازەکان، وەکوو یەک نین و جیاوازیان تێدایە،ئەم گۆڕانکاری و جیاوازیانەش لەوانەیە تا ڕادەیەک گرفت و کێشە بۆ ئارامی و تەناهی

کۆمەڵگاکان دروست بکات. بێگومان یاساکانی سرووشت، دەستنیشانی ئەوەیان نەکردووە بە کام رەنگ و شێوە بەڕێوە ببردرێت، بەڵام بەگشتی یاساکانی سرووشت لەگەڵ ئەوەدان کە ئاراستەکانی فەرمانڕەوایی روو لە چاکەو باشە بێت.

تۆماس ئەکوینی بە توندی دژی رەوشتی خراپ دەبێتەوەو پێیوایە ئەو کۆمەڵگایانەی تووشی بەد رەوشتی بوونەتەوە مافی ئەوەیان نییە خۆیان فەرمانڕەوایی خۆیان بکەن، واتا مافی هەڵبژاردنیان نابێ کە بەڕێوەبەرو سەرۆک و بەرپرسەکان هەڵبژێرن، بەڵام ئەو کۆمەڵگایانەی کە تووشی رووخانی رەوشت نەهاتوون، مافی ئەوەیان هەیە خەڵکەکە ماف و ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێبکەن، چونکە بە بڕوای ئەکوینی ئەو کۆمەڵگایەی تووشی بەدڕەوشتی هاتبێت، ئەوا بە خراپ سوودی لە ئازادییە سیاسییەکان وەرگرتووەو بڕیارەکانیشیان ئەقڵانی نییە بەڵکو نا ئەقڵانییە. ئەم بۆچوونە پێشتریش سانت ئۆگوستین تا رادەیەک بۆچوونێکی هاوشێوەی هەبووە.

ئەکوینی پێیوابوو دەسەڵاتی حکومی و دەسەڵاتی پاپا (کەنیسە)، باشتر وایە تەواوکەری یەکتری بن، بێ ئەوەی ئەم دوو دەسەڵاتە تێکەڵ بە یەکدی ببن. تەواوکارییەکەش لەوەدا دەبێت، ئەگەر هاتوو دەسەڵاتی حکومەت بەرەو ملهوڕی هەنگاوی ناو، گوێی بە کۆمەڵگا نەدا، ئەوا ئەوکاتە کەنیسە بۆی هەیە سنووری بۆ دابنێ و بوار نەدا حکومەت لە قەبارەی خۆی زیاتر هەنگاو هەڵگرێ، چونکە پیاوانی کەنیسە پیاوانی ئایینی و ئاقڵن و خەریکی کاروباری رۆحی و ئایینین، دەکرێ ئامۆژگاری حکومەت بکەن، بەڵام دەستوەرنەدەنە ناو کاروباری حکومەت وەک ئەوەی دەسەڵاتەکان تێکەڵ نەکرێت، مەگەر حکومەتەکە زیاد لە پێویست پێی

لەبەرخۆی راکێشا. ئەکوینی زۆر لەگەڵ کاری بازرگانیدا نەبوو، مەگەر بۆ وەدەستهێنانی پێداویستییەکان نەبێت، بۆیە زیاتر لەگەڵ شارێکی کشتوکاڵیدا بوو، کە لەگەڵ گوندەکانی دەوروبەری شاردا ململانێ بۆ زیادکردنی بەرهەمەکەیاندەکەن و ئابوورییەکی سەربەخۆ بەرهەمدێنن کە ژیانی خۆیانی پێ مسۆگەردەکەن.

لەبەر ئەم چەند خاڵەی خوارەوە ئەکوینی لەگەڵ کاری بازرگانیدا نەبوو، بەکورتی ئەمانەن:

1- ئەکوینی پێیوابوو، بەهای کاڵاکان دیارە، بەڵام کاکی بازرگان لە رێگای ململانێوە بە ئارەزووی خۆیان بەهاکان بەرزدەکەنەوەو سامانێکی زۆر بەهۆیەوە کۆدەکەنەوە، کە لە بنەڕەتدا گونجاو نییە.

2- نابێ ئەوانەی بڕوایان بە ئایینی مەسیحییەت هەیە، بەهۆی کاری بازرگانییەوە، بیروباوەڕەکانیان لاواز ببێت ، یان بیروباوەڕەکانیان بشێوێنرێت.

3- وەک لە سەرەوە باسمان کرد ئەکوینی زۆر کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئەرستۆو زۆر زانیاری و شارەزاییشی لەسەر هەبوو،بەو بۆچوونەی ئەرستۆ سەرسام بوو کە ئەرستۆ بڕوای وابوو بەهۆی کاری بازرگانییەوە بێگانەکان دێنە ناو وڵات و ئەو بێگانانە زۆر جار کاریگەرییان بەسەر شێوازی بیرکردنەوەی هاووڵاتیان دەبێت و لە ئەنجامدا، شیرازەی کۆمەڵگا وردە وردە بەرەو لەیەکترازان دەبات.

ئەوانەی بەردەوام کاری بازرگانی دەکەن و وەک پیشە رەفتاری لەگەڵدا دەکەن، رۆحی نیشتمانپەروەری و خەبات و تێکۆشان و بەرەنگاربوونەوە لەناخیاندا دەکوژێت. باشترین نموونەش ئەو شارانەن کە لە رۆخی دەریاکانن، بەهۆی پیشەی بازرگانیکردنیانەوە ئەوەندە خەڵکی بێگانە

روویانی تێکردوون، بە جۆرێک بووەتە مایەی بڵاوکردنەوەی گەندەڵی، بۆیە بازرگانیکردنیش سنووری هەیە، نابێ بە شێوەیەکی ڕەها بکرێت.

**بەشی هەشتەم:**

- **فەلسەفەی نوێی ئەوروپا**

- **مایکاڤیلی** (3/5/1946 – 1527)
- **دیکارت**(1596 – 1650)
- **کانت** (1724 – 1804)
- **هیگل**(1770 – 1831)
- **مارکس**(1818 – 1883)

## **مایکاڤیلی** 1469-1527

### **کوڕی شەیتان و فەیلەسووفی دەسەڵات**

سەدەی پازدە لە ئەوروپا بریتی بوو لە پێکدادان و بەریەککەوتنی فیکری و هەڵگیرساندنی راپەڕین و وردە وردە کەوتنی سیستەمی دەرەبەگایەتی،واتا ئەوروپارووی لە گۆڕانکارییەکی گەورە کردبوو،کە هەموو لایەنەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری و زانستی گرتبووەوە . بەگرتنی شاری گەورەی قوستەنتینییە و رووخانی ئیمپراتۆریای رۆمای رۆژهەڵات، هۆکارێکی زۆر بنەڕەتی و سەرەکی بوو، ئیدی ئەو رۆشنبیرییەی لەو شارە (قوستەنتینییە)دا هەبوو، لەگەڵ کۆچبەراندا بگوازرێتەوە ئیتالیا،هەر لەوساڵەی قوستەنتینییە گیرا، چاپەمەنیش داهێنرا،فەرەنسییەکانیش لە جەنگی سەد ساڵەیاندا بەسەر بەریتانیەکاندا سەرکەوتن دوای ئەوەی ئەو شەڕە هەردوولای تەواو شپرزە کردبوو،ئیتر دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکا لە لایەن کۆلۆمبس هەروەها غەرناتە لەدەست ئیسپانییەکان دەرهێنراو ، هەروەها سەرهەڵدانی مارتن لۆتەری پرۆتستانت و ،زۆر رووداوی دیکەی گرنگ و مێژوویی ،ئەو تەکانە گەورەیەیان دروستکرد کە بە گشتی ئەوروپا بەخۆیەوەی بینی و بە تایبەتیش ئیتالیا.هەرچەندە هێشتا ئیتالیا لەژێر پەیڕەوکردنی سیستەمێکی دەرەبەگیدا بوو،ڤاتیکان حوکمڕانی یەکەم و کۆتایی بوو،خەڵک داد و

بێدادی بوو، لەدەست کڵێسا،فلۆڕەنساش ئەو شارەیە کە مایکاڤیلی تێیدا لەدایکبووە، بازرگانە زەبەلاحەکانی ئەو شارە لەگەڵ پاپا رێککەوتبوون و بازرگانیان دەکردو، خانەوادەی مەیچی بەم کاری بازرگانییە هەستابوون، کە تەواوی ئەو شارەی بێزار کردبوو، کە دانیشتوانی ئەو شارە (فلۆرەنسا)ئەوکاتە سەدهەزار کەس دەبوون.لە ئەنجامدا بەریەککەوتنی گەورە دروستبوو، بەڵام ئێمە ناچینە ناو ئەو وردەکاریانە، بەڵکو زیاتر لە ژیانی فیکری و سیاسی مایکاڤیلی دەکۆڵینەوە.

ماکیاڤیلی رێککەوتی 3/5/ 1469 لە شاری فلۆڕەنسا لە ئیتالیا لەدایکبووە.ئەوکاتە ژمارەی دانیشتوانی فلۆڕەنسا هەر سەدهەزار (100000) کەس دەبوو، تا رادەیەک فلۆڕەنسا دیارترین کۆمارەکانی ئیتالیا بوو، بەتایبەت لە رووی بازرگانییەوە، لە ئاستێکی بەرزدا بوو،رەچەڵەکی مایکاڤیلی کە ناوی (تۆسکانی)بووە، بە یەکێک لە خانەوادە ناودارەکانی ئیتالیا ناویاندەرکردبوو.ئیتر پلەو پۆستی جۆراوجۆریان بەدەستەوە بووە.باپیرە گەورەی ساڵی 1260ز بەهۆی کاری سیاسییەوە لەو شارە دوور خراوەتەوەو یەکێکی دیکەشیان زیندانی کراوە.کەواتە بنەماڵەی مایکاڤیلی لە سیاسەت دوورە پەرێزو گۆشەگیر نەبوونە بەڵکو بە پێچەوانەوە، زۆرجار بەشداریان لە دروستکردنی بڕیارە سیاسییەکاندا کردووە.هاتنە دونیای مایکاڤیلی لەنێو خانەوادەیەکی لەمجۆرە ئاسانکاری زۆری هەبووە کە مایکاڤیلیش بەو جۆرەی کە خۆی دەیویست بچێتە ناو سیاسەتەوە، بەتایبەت کە باوکێکی پارێزەر و، دایکێکی شیعر دۆستی هەبووە. ئەوەی لەسەر مایکاڤیلی باسدەکرێ،باڵای مامناوەندو دوو چاوی دووربینی هەبووە.کەسێکی رەوانبێژ بووەو بە خێرایی کاریگەریی دەخستە سەر دەوروبەری خۆی، چونکە بیرتیژ بووەو هەمیشە هەوڵیداوە لەبەرچاوی

خەڵک شیرین بێت، بۆیە به زوویی خۆی لەگەڵ هەموو توێژە کۆمەڵایەتییەکان دەگونجاند. بەڵام رووخانی کۆماری فلۆرەنسا له ساڵی 1512 لەسەر دەستی بنەماڵەی میدتچی و وێرانبوونی ئیتالیا بەهۆی دەستبەسەرداگرتنی پاپاوە، کە هەم ئایین و هەم سیاسەتی بۆ بەرژەوەندی خۆی تەواو کۆنترۆڵکردبوو، تەنانەت بۆ دامرکاندنەوەی هەر گرووپێکی ناڕەزایی پشتی بە سووپای بێگانەش دەبەست بۆ کوژاندنەوەی هەر ئاگرێک کە رووبەرووی بچووبا، بۆیە ئیتالیا کەوتبووە نێو دەسەڵاتێکی ئایینی و سیاسی ملهوڕ،کە تیایدا بەهایەک بۆ ئەخلاق نەمابووەوەو گەندەڵی وەکوو مۆرانە ئەم وڵاتەی رزاندبۆوە، مایکاڤیلی زۆر سوودی لەو دۆخە ناجێگیرو ملهوڕییە وەردەگرت،چونکە بیرتیژ بوو، بە خێرایی هەزمی گرێکوێرەکانی ناو دەسەڵاتی دەکرد.بەتایبەت مایکاڤیلی تەواوی ئەو گۆڕانکارییانەی بینی کە لە سیستەم و حوکمڕانی وڵاتەکەی دەهاتنە دی، بۆنموونە بنەماڵەی میدتچی تا ساڵی 1469ز حوکمڕانی خۆیان کرد،واتا سەرکردە میدیتچی کە فلۆڕەنساییەکان ناویان نابوو(لۆرێنزۆی گەورە)،کە سەروکاری لەگەڵ ئەدەب بە گشتی و شیعردا باش بوو،توانایەکی باشیشی لە بەڕێوەبردندا هەبوو، بەهۆی ئەو سەرکردەوە پێنج دەوڵەتە بچووکەکەی ئیتالیا تا رادەیەک شەڕ لە نێوانیان نەبوو،لەماوەی حوکمڕانییەکەیدا کە ساڵانی 1469-1492 بوو، برایەکی کوژراو خۆیشی بریندار بوو،پێنج هەرێمەکەش ئاژاوەو شەڕو ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوەو دۆخێکی تەواو نا ئارام و ئاڵۆز تەواوی ئیتالیای گرتەوە،ساڵی 1492 ئیدی لۆرینزۆ میدیتچی مرد،بیرۆ میدیتچی شوێنی گرتەوە، بەڵام تەنیا دوو ساڵ توانی حوکمڕانی بکات،فلۆرەنسای بەجێهێشت،بەتایبەت دوای ئەوەی ئەو شارە رووبەڕووی هێرشی گەورەی پاشای فەڕەنسا شارلی هەشتەم بووەوەو قەشەی

دۆمینکان ساڤۆنارۆلا توانی حکومەتێکی تیۆکراتی دابمەزرێنێت، بەڵام ئەویش زۆری نەخایاند، قەشەی دۆمینکان (ساڤۆنارۆلا)،توانی سوود لە هێرشی شارلی هەشتەم وەربگرێت کە بەهۆیەوە پەیڕەوی دووەم کە لە بنەماڵەی میدیتچییەکان بوو هەڵات ئەمە لە ساڵی 1494 روویدا، ئیدی فراجیرۆ لامۆ ساڤۆنارۆلا بە هاوکاری ئەو خەڵکانەی کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ئایینەوە، توانی دەسەڵات بگرێتە دەست و (کۆماری عیسا)یی رابگەیەنێت.بەڵام لە لایەک یەکگرتنی لەگەڵ فەڕەنساییەکان و پچڕاندنی پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ پاپا، لە لایەکی دیکەیشەوە ئەو نەرمونیانییەی لە دەسەڵات بەڕێوەبردندا هەیبوو، هۆکاری بنچینەیی بوون کە زوو خەڵک لێی رابپەڕن و لەناوی بەرن.بۆیەش زۆر جار بە ساڤۆنارۆلا دەوترێ پێغەمبەری بێ چەک.کە فەڕەنسییەکان کشانەوەو پاپا ئەلکسەندەری شەشەم ساڤۆنارۆلای تەکفیر کرد، ئیدی رێگای لەناوبردنی ئاسان بوو، چونکە زۆر نەرمونیانیش بوو، ئیدی لە 24ی مایسی 1498 بە زیندوویێتی سووتاندیان.ئیدی لە ساڵی 1498دوای سووتاندنی قەشە سیستەمی کۆماری راوێژکاری فلۆڕەنسا دامەزرا، کە مایکاڤیلیش توانی لەنێو ئەو کۆمارەدا رۆڵێکی یەکجار بەرزو کاریگەر بنوێنێت. ئەم رووداوە دژوارو ئەم هەموو گۆڕانکاریانە بوونە هۆی ئەوەی لە ساڵی 1498 تا ساڵی 1512 سیستەمێکی کۆماری لە ئیتالیا دروستببێت، دوای ئەو مێژووە، جارێکی دیکە بنەماڵەی میدیتچی، دەسەڵاتیان گرتەوە دەست. ئەم هەموو رووداوە گرنگانە مایکاڤیلی وا لێکرد، جگە لەوەی بیریان لێ بکاتەوە، لەگەڵیشیدا دەست بە خوێندنەوەی کتێب بکات،هەر چەندە بە وردی ئەفلاتون و ئەرستۆی خوێندبووەوە، بەڵام رووداوەکانی فلۆڕەنسا و شەقامەکانی ئەو شارە باشترین وانەیان فێری مایکاڤیلی کرد، بۆیە مایکاڤیلی ئەوەندەی

گرنگی به دەسەڵاتی سیاسی و شێوازی حوکمڕانی دا، نیو ئەوەندەش گرنگی به فەلسەفە نەدا.کتێبی (میر)کە بەناوبانگترین کتێبی مایکاڤیلییە، باشترین و زیندووترین نموونەی ئەم بۆچوونەمە کە لە نووسینەکانیدا زۆر واقیعبینانە کتێبەکانی خستۆتە روو. نووسینەکانی نەک هەر بە دەوری حوکمڕانیدا خوولی خواردۆتەوە، بەڵکو لەناو واقیعی سیاسیدا بەرهەمیدەهێنان. زۆرترین نووسینیشی دەربارەی هێزو سیاسەت بووە.هەر ئەم گرنگیدانەی بە سیاسەت و شێوازی حوکمڕانی بوو، مایکاڤیلی توانی بۆ ماوەی 12 ساڵ پۆستی راوێژکاری راوێژکاری گشتی دەوڵەت وەربگرێت و واتا لە ساڵی 1502 تا ساڵی 1512 دەستە راستی سۆدێرینی Soderiniبوو،تەنانەت گوتارەکانیشی بۆ سۆدێرینی دەنووسی و تا رادەیەکی زۆر بەرپرسیارێتی بەهێزی لای سۆدێرینی بۆخۆی دروستکردبوو، لەگەڵ رووخانی کۆماری فلۆرەنسا لە 1512 ئەویش ناچارکرا واز لە پۆستەکەی بهێنێت و لە دەسەلات دووربکەوێتەوە، ئیدي هاتنەوەی جارێکی دیکەی بنەماڵەی میدیتچی بۆ سەر حوکم لە ساڵی 1512 مایکاڤیلیش ئەو پۆستەی لەدەست چوو. بەڵام ئەو ماوەیە بۆ مایکاڤیلی لە ژیانی سیاسیدا یەکجار گرنگ بوو،توانی نەک هەر لە گرفتی خەڵک و داخوازی خەڵک تێبگا، بەڵکو بە تەواوی لە ئاست و شێوازی بیرکردنەوەی خەڵک تێگەیشتبوو،پێشتریش پەیوەندییەکانی چ لەسەر ئاستی ناوەخۆو چ لەسەر ئاستی دەرەوەش بەهێز کردبوو،بۆنموونە (4)جار سەردانی پاشای فەڕەنسای کردبوو،هەروەها سەردانی ئیمپراتۆری ئەڵمانیاو (پاپا) و هەروەها چەند جارێک بۆ لای قەیسەر (سیزار بۆرگیاCaesar Borgia)چووە لە ئەربینۆ، هەروەها سەردانی چەندین سەرۆک و سەرکردەی دیکەی کردووە.ئەمە رێگای بۆ مایکاڤیلی خۆش کردبوو، کە هەر رێگایەک تاریک

بێت بتوانێ مۆمێکی لێ دابگیرسێنێ،به وردی شارەزایی له پێچاوپێچی ڕێگاکانی سیاسەت هەبوو، و،ئیدی دەستی به نووسینی چەندین کتێبی زۆر گرنگ کرد. به تایبەت سوودی زۆری له (سیزار بۆرگیا)وەرگرتبوو، چونکه بۆرگیا، بۆئەوەی بگاته ئەوپەڕی دەسەڵاتەکەی که دۆک(میر)بوو، براو زاواو خزم و دۆسته نزیکەکانی خۆی کوشتن، چونکه ئەوانەی به بەربەست بۆ گەیشتن به میر دەزانی،ڕەفتاری شەیتانئامێزانەی هەبوو، تا بڵێی ستەمکار بوو،بەهۆی ئەو ستەمکارییه بێ وێنەیەی توانیبووی دەست بەسەر شاردا بگرێت،کاتێ لەباوەشی دەگرتی ئامادە بوو خەنجەرێکت له (10) پشتی بدات، کاتێک وەکوو میوانێکی ئازیزی خۆی داوەتی دەکردی ئامادە بوو خواردنەکەت پڕ بکات له ژەهر. ئەم ڕەفتارانەی بۆرگیا سەرنجی تەواوی مایکاڤیلی دابوو، بۆیه چەندجارێک سەردانی کردبوو، تا ڕادەیەکی زۆریش پێی سەرسام بوو.تا وایلێهات بۆرگیا بوو به پاڵەوانی فەلسەفەی مایکاڤیلی. بیرتیژی مایکاڤیلی لەوەدابوو، دەیزانی فەلسەفەی ئەفلاتون و سوقرات و ئەوانی دوای ئەو هاتوون، دادی گرتنه دەسەڵات و حوکمڕانی نادەن، بۆیه سەرسام ببوو به بۆرگیا، چونکه دەیزانی بۆرگیا هەموو ڕێگایەک دەگرێته بەر تەنیا بۆئەوەی بگات به دەسەڵات، مایکاڤیلیش بیری لەوه کردەوه، کتێبێک دابهێنێت، که باشترین ڕێگا بێت بۆ گرتنه دەسەڵات.ئەمەش تەنیا به فریودانی خەڵک و له خشتبردنی دەورووبەری خۆی و کوشتنی ئەوانەش که کۆسپن بۆ گەیشتنی به دەسەڵاتەکە، دەتوانرێ دەسەڵات وەربگیرێ.ئەمەش بنەمایەکی نوێ بوو له سیاسەت و فەلسەفەدا که مایکاڤیلی دایهێنا، ئەویش بریتی بوو له جیاکردنەوەی ئەخلاق له سیاسەت، هەروەها بنەمایەکی نوێی ستەمکاری و فریوکاری، له جیاتی ڕێزگرتن و پرەنسیبەکانی ئاکار.بۆیه مایکاڤیلی لای گەلانی

ستەملێکراو بۆتە مایەی نەفرەت لێکردن و بەشەیتانی دەسەڵات و بە ئیبلیسی سیاسەت ناوی دەبردرێ.بەڵام مایکاڤیلی وەک زۆر نووسەرو فەیلەسووفی دیکە، ژیانیان لە ئاوارەیی و دوورخراوەیی بردۆتە سەر، مایکاڤیلیش دوای گەڕانەوەی بنەماڵەی میدیتچی بۆسەر حوکم، ئیتر مایکاڤیلی پازدە ساڵی دوایی،کە لە رووخانی کۆمارەوە دەستپێدەکات تا رۆژی مردنی، بە دەستبەسەری و گۆشەگیری ژیانی بردە سەر ،تا مردنی هەر لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوو، کە بنەماڵەی میدیتچی حوکمڕان لێی خۆش بن،واتا بیگەڕێننەوە ناو کاروباری سیاسەت و رۆڵی بەرچاوی هەبێ،بەڵام ئەو ئاواتەی هەر نەهاتە دی تا ساڵی 1527 بۆ یەکجاری دونیای بەجێهێشت و میراتێکی گەورەو دەوڵەمەندی بۆ سیاسەتمەدارانی دوای خۆی بەجێهێشت،کە سەدان سیاسەتوان و تەنانەت هەندێک لە فەیلەسووفەکانیش بەو فەلسەفەی مایکاڤیلی سەرسام بوون، بۆ گەیشتن بە دەسەڵات.

مایکاڤیلی بە توندی بەربەرەکانێی تێکەڵکردنی کڵێساو دەسەڵاتی سیاسی دەکردو پێیوابوو نابێت و ناکرێت ئایین و دەوڵەت تێکەڵ بەیەک بکرێن،بۆیە بەرامبەر بە دەسەڵاتی پاپاش هەڵوێستی جیدی هەبوو. هەرگیز بڕوایشی بەوە نەبوو کە سیاسەت شتێکی چەسپاوو جێگیر بێت، چونکە مایکاڤیلی تەواو بڕوای بەوە هەیوو، کە سیاسەت جێگیر نییە، چونکە ژیان و واقیعی سیاسی هەمیشە لە گۆڕاندان،بۆیە سیاسەتیش دەبێ بەرهەمی ژیان و واقیعەکە بێت، کەواتە سیاسەتیش بەردەوام بە پێی هەلومەرجەکان دەگۆڕێت. راستە سرووشتی مرۆڤ وەکوو یەکە، بەڵام سیستەمی سیاسی دەتوانێ کاریگەری بخاتە سەر سرووشتی مرۆڤەکان و ئاراستەکانیان بەرەو باشتر ببات.دەنا مرۆڤ لە بنەڕەتدا و لە ناخیداخۆپەرست و دوودڵ و

دڵپیس و سپڵەیە.ئەمە خواست و ئارەزووی مرۆڤە، ئەگەر پابەندی سیستەمێکی سیاسی نەکرێت.بەڵگەش پاوانکردنی حوکمڕانی و دەسەڵاتخوازی و هەژموونخوازی مرۆڤەکان، راستی ئەو بۆچوونەی سەرەوە دەسەلمێنێت. بە بڕوای مایکاڤیلی سپڵەیی خەڵک لەوەدایە- تا سوودت لێ ببینن، ئەوا ئامادەن بتپارێزن و پشتگیریشت بکەن، بەڵام کاتێ ئەو سوودپێگەیاندنە نەما، ئەوان پێش هەموو کەس ئامادەن بتڕووخێنن و لەناوت بەرن.

بە بڕوای مایکاڤیلی مرۆڤەکان بە گشتی لە ناخەوە خۆیان بە زڵ دەزانن، هەروەها چاو برسی و چاوچنۆکن و چاو لە سامانی خەڵکانی دەوروبەری خۆیان دەبڕن و دەستدرێژی دەکەنە سەریان و ئەوەی بەهێزە ماڵ و سامانی بێ هێزەکان لوول دەدات و زەوتی دەکات. مایکاڤیلی بڕوای وایە بۆ مرۆڤ زۆر ئاسانترە لە بکوژی باوکی خۆش ببێت و تەنانەت لەبیرخۆیشی بباتەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانێ ئەوکەسە لە بیرخۆی بباتەوە کە موڵک و ماڵی داگیرکردووەو سامانی لێ زەوتکردووە،بۆیە دەستبەسەرداگرتنی موڵک و سامانەکەی زۆر ئازار بەخشترە لە کوشتنی باوکی.واتا لەدەستدانی موڵک و سامانەکەی زۆر بە قرستر دەزانێ لە مردنی باوکی.لەبەر ئەوە مایکاڤیلی بڕوای وایە میر ی ئاقڵ خەڵک دەکوژێ، بۆئەوەی بیانترسێنێ، نەوەک رۆژێک لە رۆژان زەفەری پێببەن و لە بەرامبەری راپەڕن، بەڵام هەرگیز میری ئاقڵ دەست بەسەر موڵک و ماڵ و سامانی خەڵکدا ناگرێت، چونکە ئەم دەستبەسەرداگرتن و داگیرکردنە زۆر زۆر مەترسیدارترە لە کوشتنەکە. لە دۆخێکی وەهاشدا کە سیستەمی سیاسی ئاڵۆزبێت و داگیرکردن و چاوتێبڕین و دەسەڵاتخوازی پەرەیسەندبێت،بێگومان جگە لە نائارامی و ناجێگیری سیاسی و دەسەڵات،

هاوکات گەندەڵیش بڵاودەبێتەوە، بۆ ئەمەش نموونەی زیندووی سیستەمی سیاسی ناو حکومەتە بچووکەکانی ئەوکاتی ئیتالیا دەهێنێتەوە کە چەندە سیستەمێکی خراپ و گەندەڵ بوون.تەنانەت بە بڕوای مایکاڤیلی کۆمەڵگای ئیتالی زۆر زۆر گەندەڵترو خراپتر بووە لەچاو کۆمەڵگای فەڕەنسی یان ئیسپانی. ڕاستە لە فەڕەنساو ئیسپانیاشدا گەندەڵی و ناعەدالەتی هەیە، بەڵام بەو ڕادەو بەو ڕێژەیەی ئیتالیا نییە، ئیتالیا نغرۆی ناو گەندەڵی بووە،ئەم جیاوازییەی نێوان خەڵکی فەڕەنساو ئیسپانیا لەگەڵ خەڵکی ئیتالیا لەوەدا نییە کە خەڵکی ئیتالیا خوانەخواستە بە سرووشت خراپن، بەڵام خەڵکی فەڕەنساو ئیسپانیا بە سرووشت باشن، هەرگیز نەخێر، سرووشتی مرۆڤەکان جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە جا لە هەر کوێیەک بێت، مرۆڤ هەر مرۆڤە، بەڵکو جیاوازییەکە لە خودی میر و پاشاکانە،میرو پاشاکانی فەڕەنساو ئیتالیا بەتەنگ یەکپارچەیی و حوکمڕانی باشترن، بەڵام لە ئیتالیا وانییە.ئەوەتا ئیتالیا بەسەر پێنج هەرێم یان پێنج دەوڵەتی بچووک بچووک دابەشکراوە، دەوڵەتی شانشینی ناپۆلی لە باشوور،دەوڵەتی دۆقیەی میلانۆ لە باکووری خۆرئاوا، دەوڵەتی کۆماری ڤینیسیا لە باکووری خۆرهەڵات، دەوڵەتی کۆماری فلۆڕەنساو دەوڵەتی پاپا لە ناوەڕاست، کە مەبەست لە دەوڵەتی پاپا دەوڵەتی ڤاتیکانە کە تا ئێستاش خۆی پاراستووە.ئیدی ئەوە ئیتالیایە چەندین دەوڵەتی بچووکی لێ دروست بووە،کە تەواو لەگەڵ یەکدیدا دژ و ناکۆکن. بۆیە مایکاڤیلی پێیوایە میر یان حوکمڕان لەسەریەتی ڕێگە لە هەموو کارێکی پشێوی و نائارامی بگرێت و هەموو هەوڵێکی خراپەکاری سەرکوت بکات و کۆمەڵگاش لە پشێوی و نائارامی قورتار بکات، ئەگەر میر یان حوکمڕان ئەوەی پێنەکرا، ئەوا

نائارامی و هەستی دوژمنکارانە لەناو مرۆڤەکاندا پەرەدەسێنێت و ئیدی بە هێزەکان دەستبەسەر موڵک و سامانی بێهێزەکان دەگرن.

ئەم واقیعەی ئیتالیا وای لە مایکاڤیلی کرد بیربکاتەوە، کە ئەوە کێیە لەم دۆخە سیاسییە ئالۆزەی ئیتالیا بەرپرسیارە،مایکاڤیلی بەهۆی ئەو بیرتیژییەی بۆی دەرکەوت، بەڵێ ئەوە پاپا و کڵێسای مەسیحییە ئەم هەموو نەهامەتییەی بەسەر کۆمەڵگای ئیتالیدا هێناوە، چونکە پاپا لە ئیتالیا وێڵی هێزو دەسەڵاتی دونیاییە،نەیتوانیوە رۆڵی دادوەرێکی عادیلانە ببینێت.

مایکاڤیلی دژی ئایینی مەسیحی بوو، دژایەتیکردنەکەی لەبەر ئەوە نەبوو، کە پیاوێکی بێ دینو ئیمان و دژی خوایە، بەڵکو مایکاڤیلی لەبەرئەوەبوو دژی ئایینی مەسیحی بوو، چونکە بە بڕوای ئەو ئایینی مەسیحی بریتییە لە خۆبەدەستەوەدان و ملکەچکردن و، فەزیلەت لە ئایینی مەسیحیدا، تەنیا گوێڕایەڵی و ملکەچکردنە،هیچ شکۆیەک بۆ مرۆڤ ناگێڕێتەوە، تەنانەت هێزیشت پێنادا، بۆیە ئایینی مەسیحی ئەگەر تێکەڵ بە سیاسەت بکرێت، بێگومان ئەوکاتە سیاسەتێکی داماوو دەستەمۆو ملکەچکارانە بەرهەمدێت، کە ناتوانێ سیستەمێکی سیاسی باش بەڕێوەببات.ئەمە مانای ئەوە نییە بە سووک تەماشای ئایین بکەین،چونکە بۆ ناو سوپا ئەم ئایینە زۆر گرنگە کە سووپایەکی ملکەچت بۆ دروستدەکات، چەند لە خواش بترسن، ئەوەندە دەوڵەت لە شەڕو خراپەکاری دەپارێزێت و هەروەها گەورەیی دەوڵەتەکەش دەپارێزێت. واتا بە بڕوای مایکاڤیلی ئایین بۆ کۆمەڵگاو بۆ دەوڵەت، پێویست و گرنگە، بەڵام تا ئەوەندە گرنگە کە تێکەڵ بە سیستەمی سیاسی نەکرێت و پاپا نەبێتە حوکمڕان .

مایکاڤیلی بەهۆی ئەوەی لەناو دەسەڵاتی کۆماری فلۆرەنسا راوێژکار بووەو رۆڵی گرنگی لەو سیستەمە کۆمارییە هەبووە، هەمیشە لە نووسینەکانیدا ستایشی سیستەمی کۆماری کردووەو دژی سیستەمی پاشایەتی و میرنشینی بووە.چونکە بە بڕوای مایکاڤیلی سیستەمی کۆماری توانای نوێبوونەوەو گەشەکردنی بەردەوامی هەیە، بەڵام سیستەمی پاشایەتی ئەو توانایەی نییەو چەقیبەستووە و تەنانەت دژایەتی هەموو جۆرە نوێبوونەوەیەکیش دەکات.بەڵام سیستەمی کۆماری وا نییە دەرگا لەبەردەم تواناو بەهرەی مرۆڤەکان واڵا دەکات ودادپەروەریش بەرقەرار دەکات.بەڵام سیستەمی پاشایەتی هەموو بەهرەیەک دەکوژێ و بۆماوەییەو رێگا بە پێشکەوتنی مرۆڤ نادات و دەسەڵات هەر تەنیا بۆ بنەماڵەیەکە.بەرژەوەندی میرو پاشاکان بە هیچ جۆرێک لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵکی گشتی یەک ناگرێتەوەوخانەدان و میرو پاشا هەر خەریکی کەڵەکەکردنی سامانی زیاترن و خەریکی تێرکردنی حەزو ئارەزووەکانیانن کە حەزێکی زۆر چڵێسیان هەیەو بە هیچ شتێک تێر نابن،ئەم پاشاو میرانە لە ئەنجامدا بنەماڵەیەکی تەمبەڵ و تەوەزەل بەرهەمدەهێنن، کە تەنیا لەسەر رەنج و ماندووبوون و سامانی خەڵک ژیان بەسەردەبەن، بێ ئەوەی بتوانن بچووکترین سوود بە کۆمەڵگاکەیان بگەیەنن، بە پێچەوانەوە دەبن بە ئەرک و بە قورسایی بۆسەر کۆمەڵگاکانیان.

## ئاكارو سیاسەت لای مایكاڤیلی

گرنگترین كاری فیكری مایكاڤیلی ئەوەیە كە قسەی لەسەر ئاكارو سیاسەت كردووە، بە درێژایی مێژووی فەلسەفەی سیاسی هەر لە ئەفلاتونەوە تا مایكاڤیلی، هەمیشە سیاسەت و ئاكار پەیوەندییەكی پتەویان بەیەكەوە هەبووە، كە مایكاڤیلی هات ئەو پەیوەندییە پتەوو توندوتۆڵەی پچڕاندو سیاسەتی بە تەواوی لە ئاكار جیا كردەوە. ئەمەش لەوەدا خۆی دەبینییەوە، بۆ راگرتن و بەردەوامبوونی حوكمڕانی و درێژەدان بە سیاسەتی حوكم، گرنگ نییە سیاسەتەكە راست و دروستە یان ستەمكارو زاڵمە، بەڵكو هەموو رێگاو هەوڵێك لەپێناو بەردەوامبوونیدا بخرێتە گەڕ.ئەو رێگاو هەوڵانەش گرفت نییە بە درۆ یان بە ترس یان كوشتن و سیاسەتی دیماگۆجیانە درێژە بە حوكمڕانییەكە دەدەی، بەڵكو گرنگ ئەوەیە لە حوكم بمینێیتەوە.كەواتە ئەگەر میر یان پاشا هەموو رێگایەكی ناشەڕعی و نا ئەخلاقی و بۆ پاراستن و مانەوەی لە حوكمدا گرتە بەر ، ئەوا شەڕعییەو پەسندیشە.بەڵام لەكاتی بەكارهێنانی ترس و درۆو پێچاوپێچكردن و...هتد پێویستە میر یان پاشا بە وردی ئەقڵی بەكار بهێنێت و لێزانانەو نهێنیانە رەفتار بكات.لێرەیە مایكاڤیلی بڕوای بە دەستەواژەی (الغایة تبرر الوسیلة)هەبووە، لێرە ئاكارو سیاسەت بە تەواوی لەیەكجیا دەبنەوەو ئایین و ئاكارو هەستی مرۆڤانە بەهای پوولێكی قەڵپیان نییەو لە جێگەیدا، پاراستنی ئامانج كە دەسەڵات و حوكمڕانییەكەیە، جا بە هەر رێگایەك بێت، تەنانەت ئەگەر لەسەر حیسابی خوێنی مرۆڤەكانیش بێت، ئەوا مایەی ستایشكردنە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە مایكاڤیلی زۆر بە حەسرەت دەسەڵاتی سیاسییەو حوكمڕانییەوە بووە، بۆیە سیاسەت لای

مایکاڤیلی خۆی ئامانجە، دوور لە هەموو پێوەرو پێودانگێکی دیکە، بۆ گەیشتن بەو ئامانجەو درێژەدان پێی هەموو دەرگاو رێگایەک کراوەیەو شەرعییە.بۆ گەیشتن و پاراستنی ئەم ئامانجەش کە دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانییە،زیادکردنی هێزی سیاسی دەوڵەت زۆر گرنگە، بۆئەوەی هیچ گرووپێکی نەیار زەفەرت پێ نەبات.بۆیە مایکاڤیلی دەنووسێت وەی بە حاڵی میری بێدەسەلات، لەم دەربڕینە کورتەدا مایکاڤیلی زیاتر نموونەی قەشەی دۆمینکی فراجیرۆ لامۆ ساڤۆنارۆلا Savonarole بوو،چونکە لەکاتی سووتاندنی ساڤۆنارۆلا تەمەنی مایکاڤیلی 29 ساڵ بووە، بەچاوی خۆیشی رووداوەکەی بینیوە، بۆیە زۆر پەندو وانەی لێ وەرگرت، یەکێم لەو وانانەی کە لە ساڤۆنارۆلا وەریگرت ئەوەیە لە نامەیەکیدا نووسیویەتی: هەموو پێغەمبەرە چەکدارەکان سەرکەوتوون و پێغەمبەرە بێ چەکەکانیش شکستیان خواردووە. ئەم قەشەیە ویستی بە نەرمونیانی حوکم بکات، کەچی حوکمەکەی زۆری نەخایاند لێی راپەڕین و گرتیان و سووتاندیان و کۆتاییان بە حوکمەکەیشی هێنا، ئەوە نموونەیەکی زۆر زیندوو بوو بۆ مایکاڤیلی کە میر دەبێ خاوەن هێزێکی لەبن نەهاتوو بێت. مایکاڤیلی دەیشیزانی ئەو بۆچوون و بیرو بڕوایەی بۆی دروستبووە لەو روانگەیەوەیە کە ئەوەتا بە چاوی خۆی دەیبینی ئیتالیا چۆن تووشی ئەم دابەشبوونە سیاسییە بۆتەوەو چەندین دەوڵەتی بچووکی لێ دروست بووە، هەموو ئەو دەوڵەتە بچووکانەش یەکجار زۆر گەندەڵن، میر یان پاشای حوکمڕانیش خەریکی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیەتی و بە هانای ئیتالیاوە نایە، بۆیە مایکاڤیلی پێیوابوو، میر یان پاشایەکمان پێویستە زۆر بەهێز بێت، گوێش بە سۆزو عاتیفە نەدات و خەڵک هەندێکجار خۆشی بوێن، هەندێکجاریش لێی بترسن،بۆئەوەی بتوانێ کۆمەڵگەی رووخاوی ئیتالیا

راستبکاتەوە، کە زۆر خراپ رووخاوە.لێرە هیچ تەحەفوزێکی بۆ میر نەهێشتۆتەوە، بۆئەوەی میر بتوانێ ئیتالیا رزگار بکات و بیکاتەوە دەوڵەتێکی هاوشانی ئیسپانیاو فەڕەنسا.بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش گرنگ نییە بە هەر ڕێگایەک بێت، تەنانەت ئەگەر دوورکەوتنەوە لە ئاکارو ئایینیش بێت. بەڵام میر نابێت دەستدرێژی بکاتە سەر نامووس و شەرەفی خەڵک، وەک چۆن نابێت دەستدرێژی بکاتە سەر موڵک و سامانیشیان، ئەم دوو لایە نامووس و سامان، دوو دۆخی زۆر جیاوازن و پەسند نین. مایکاڤیلی مەترسی ئەوەیشی خستۆتە روو نابێت میر رێگا بدات خەڵکانێکی دیکە ببنە خواد پێگەو هێز و دەسەلات، چونکە ئەگەر ئەو رێگایەی دا، ئەوا گۆڕ بۆ خۆی هەڵدەکەنێنت،چونکە زەفەری پێببەن دەیڕووخێنن، نموونەیشی ساڤۆنارۆلا Savonarole بوو کە بەچاوی خۆی بینیبووی کاتێک لە ساڵی 1498 بە تاوانی ئەو بیرورایەی هەیبوو خستیانە ناو ئاگرو سووتاندیان، مایکاڤیلی یەکێک بوو لەنێو ئەو خەڵکەی کە ئەم رووداوە مەرگەساتئامێزەی بە چاوی خۆی بینیبوو دەتوانم بڵێم ئەو رووداوە شێوازی بیرکردنەوەی مایکاڤیلی بە تەواوی گۆڕی.پرسی راستگۆیی و دیماگۆجییەت و فرت و فێڵی سیاسی و بەهێز بوونی میر هەمووی لەم رووداوەوە سەریانهەڵدا، بۆیە مایکاڤیلی بە دەنگی بەرز دەیوت نابێت میر سۆزو میهرەبان و بەزەیی بێت، بەڵکو پێویستە خودان هێزێکی لەبن نەهاتوو بێت، دەنا دەیڕووخێنن و گەل هەر دەرفەتێک ببینێ دەیقۆزێتەوەو لە دژی رادەپەڕن، لەبەرئەوە پێویستەمیر بیروبۆچوون و هەڵوێستەکانی بۆ خەڵک بەجۆرێک روون و ئاشکرا بن و لە رەفتاری سیاسیدا رۆژانەشیدا رەنگبداتەوە، کە خەڵک پشتگیری لێبکات،واتا بە رووکەش دەبێت وا خۆی نیشانبدات کە میرێکی ئیماندارو بەزەیی و نەرم و نیان و راستگۆیە

لەگەڵ خەڵکیدا.چونکە هەر میرێک بۆئەوەی خەڵک رێزی لێبگرن و بۆ ئەوەی درێژە بە هەژموون و دەسەلاتی سیاسی خۆی بدات، دەبێت بەمجۆرەی باسمکرد خۆی نیشان بدات، دەنا ناتوانێ حوکمڕانی خەڵکی بکات .چونکە ئەوەی لە هەموو شت گرنگترە ئەوەیە :پێویستە میر تەنیا بیر لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و هەروەها دەوڵەتەکەی بکاتەوە. بۆیە لە سیستەمی میرنشینیدا کە سیستەمێکی بۆماوەییە، پاشا یان میر هەموو دونیا لە روانگەی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەوە دەبینێت، تەنانەت هەر بەڵێننامەو رێککەوتننامەیەکیش ئەگەر هات و میر زانی لە بەرژەوەندیدا نییە، لەو بەڵێننامەو رێککەوتننامەیە هەڵدەگەڕێتەوەو جێبەجێی ناکات، تەنانەت ئامادەیە لەپێناو جێبەجێنەکردنی شەڕیش هەڵبگیرسێنێتەوە.بۆیە لە روانگەی مایکاڤیلییەوە سیستەمی کۆماری باشترین سیستەمی حوکمڕانییە،بەڵام سیستەمی کۆماری بۆ هەموو نەتەوەو میللەتێک ناشێت، بەڵکو تەنیا بۆ ئەو نەتەوەو میللەتانەیە کە خاوەن ئاکاری بەرزن و پابەندن پێوەی.میللەتی داروخاوی ئیتالیا، تەنیا بۆئەوە باشە سیستەمێکی ستەمکار حوکمڕانی بکات.چونکە بەهۆی ستەمەکانەوە، بە گورزی هێز ئاکار لەناویاندا دەچێنێت و ئینجا وردە وردە بەرەو سیستەمێکی کۆماری هەنگاو دەنێت.نموونەی ئەو سیستەمە کۆمارییەی کە مایکاڤیلی پێی سەرسام بوو، بریتی بوو لە نموونەی سویسراو چەند هەرێمێک لە ئەڵمانیا، باقی سیستەمەکانی دیکەی بە ستەمکار ناوزەد کردووە .بە درێژایی مێژووش کاتێک مێژووی هەموو سەرۆک و میرو پاشاکان دەخوێنیتەوە، بۆتدەردەکەوزێت، پاشایەک نادۆزیتەوە بەدەر بووبێ لە خراپە،ئەمە وەک ئەوە وایە کە دەوترێ مرواری لە بیاباندا نادۆزرێتەوە.

راسته مایکاڤیلی لە کتێبە زۆر بەناوبانگەکەیدا داکۆکی لە بەردەوامبوونی سیستەمی پاشایەتی کردووە، بەڵام یاساش ڕۆڵی هەرە گرنگ دەبینێ لە باشبوون یان خراپبوونی حوکمڕانییەکەدا،کۆمەڵگایەک کە گەندەڵ بوو، زۆر ئەستەمە بتوانێ خۆی باش بکات و چاکسازی لەناوخۆیدا بەرپا بکات، چونکە خودی چاکسازییەکە ڕێگایەکە بۆ لەناوبردنی خۆی کە گەندەڵی بەرپاکردووە،لێرەوەیە ئاکارو فەزیلەت لە یاساوە سەرچاوە دەگرن و دروستدەبن.بۆیە مایکاڤیلی بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا لە نوێوەو بەرپاکردنی چاکسازی ، جگە لە یاساو سیستەمی سیاسی ، ئاکاریش ڕۆڵی بنچینەیی دەبینێ.

لای مایکاڤیلی شێوازەکانی دەسەڵات وەرگرتن چوار(4)جۆرە:

1- هێزو تواتای مرۆڤ خۆی.
2- بەخت یاوەری بێت.
3- بە ڕێگای ستەمکاری و ململانێیەکی دژوار دەگاتە سەر تەختی دەسەڵات.
4- ڕەزامەندی هاووڵاتی لەگەڵدایە.

زۆربەی لێکۆڵەرەوان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە راستە مایکاڤیلی ناوبانگی بەوە دەرکردووە، کە داکۆکی لە سیستەمی ستەمکارو سیاسەتی درۆزنانەو ریوی ئاسایانەو هەروەها گوایا دژی کۆمەڵگا بە گشتی بووەو، تەنانەت دژی ئاکارو دیموکراسی و ئازادی هاووڵاتیانیش بووە، وە ئەم ناووناوبانگەش تا ئەمڕۆکەش زیانی زۆری بە مایکاڤیلی گەیاندووەو چینی هەژارو بندەست بە نوێنەری خۆی نازانن، تەنانەت بە پیاوێکی دیماگۆجی و

دژی گەلانی بندەستی دەزانن و هیچ ئاكارێكی  مرۆڤانەی لێ بەدیناكەن، بەڵام لە بنچینەدا مایكاڤیلی زۆر ئیشقی دیموكراسی و سیستەمی دیموكراسی بوو، بڕوای بە ئازادی گەلان و بەرزڕاگرتنی یاسا هەبوو، بەڵام ئەو دۆخەی ئیتالیا تێیكەوتبوو، كە پارچە پارچە بووبوو، مایكاڤیلیش دڵی لەگەڵیدا پارچە پارچە بووبوو، بۆیە هەموو هەوڵی بۆ ئەوە دەدا كە بتوانێ قەناعەت بە میر بهێنێت بۆ ئەوەی ئیتالیا یەكبخاتەوەو هێزێكی بێوێنە بە ئیتالیا ببەخشرێتەوە، وەک نموونەی فەڕەنساو ئیسپانیاو سویسراو هەندێک هەرێم لە ئەڵمانیا،لە خەمی ئەوەشدابوو بگەڕێتەوە سەر ئەو پۆستەی كە لەگەڵ رووخانی سیستەمی كۆماری لەدەستیدابوو، وەریبگرێتەوە، لە پێناو خزمەتكردنی ئیتالیا،ئەمانە هۆكاری بنچینەیی بوون كە مایكاڤیلی بیر لەوە بكاتەوە كە كتێبی میر بۆ بنەماڵەی میدیتچی بنووسێ، بەڵكو ئەو واقیعییەتەی نووسیویەتی ئەو بنەماڵەیە  بڕوای پێ بكەن، بەڵام ئەوەش دادی مایكاڤیلی نەداو كتێبەكەیان سووتاند.

بەهەر حاڵ لەگەڵ هەموو ئەو تێڕوانینە جیا جیایانەی كە لەسەر مایكاڤیلی هاتوونەتە ئاراوە، مایكاڤیلی مەشخەڵی رێگای رێنیسانسی ئەوروپا بە گشتی و ئیتالیا بەتایبەتییە،یەكەمین كەس بووە كە نوێترین میتۆدی لە سەدەكانی ناوەڕاست، بۆ وشیاركردنەوەی خەڵک خستۆتە روو، بە درێژایی مێژووی فیكرو سیاسەت، تا هاتنی مایكاڤیلی كەس نەیتوانیوە وەكوو مایكاڤیلی ئەوەندە بیرتیژ بێت لە بواری واقیعی سیاسیدا.بە دیوەكەی دی مایكاڤیلی نەیویستووە ببێتە ئەرستۆیەک بۆ سیاسەت، یان ئەفلاتوونێک بۆ كۆمەڵگاو ..هتد، بەڵكو مایكاڤیلی زۆر بە باشی دركی بەوە كردووە كە لەبواری واقیعی سیاسیدا، تیۆری سیاسی ئەوەندە گرنگ نییە، بەقەد ئەوەی بیرتیژی بۆ خوێندنەوەیەكی وردی واقیعەكە گرنگە.واتا

مایكاڤیلی هەوڵیدا نووسینەكەی پەیڕەو بكرێ و لە پرۆسەیەكی سیاسیدا بهێنرێتە دی.دوور لە فەنتازیاو خەون و تیۆرەكانەوە. كاتێک مایكاڤیلی جەخت لەسەر بوونی هێزێكی پتەوی سەربازی دەكاتەوە بۆ مانەوەی میر لە دەسەڵات، ئەوە تەزوویەكی كارەبا ئاسایە كە لە میری وەشاندووە،بۆیە مایكاڤیلی بەو كتێبەی میر مەبەستی بووە تواناكانی خۆی بۆ میر دەربخات كە زۆر بە تواناو بیر تیژەو ئەگەر لە میر نزیک بێتەوە بە دڵنیاییەوە سوودی زۆری بۆ میر دەبێت و ئیتالیاش لەو پارچەپیبوونە دەپارێزێت، بەڵام بەخت یاوەری مایكاڤیلی نەبوو، مایكاڤیلی دوای رووخانی سیستەمی كۆماری فلۆرەنسا بە هەژاری و نەداری و بە دڵێكی پڕ لە كەسەر ژیا تا رۆژی مردنی.

خوێنەر كاتێک سەیری كتێبی دەخوێنێتەوە، وێنایەكی وای بۆ دروستدەبێت، كە مایكاڤیلی دوور بووە لە هەموو ئاكارو بەهایەكی گرانی مرۆڤایەتی، بەڵام لە راستیدا پێچەوانەكەی راستترە، چونكە مایكاڤیلی لە ژیانی خۆیداكەسێكی خراپ یان بێ ئاكار نەبووە، بەڵكو تەنانەت لێیدەگێڕنەوە كە كەسێكی بەزەیی بووەو رێزی لە هەموو شتێكی جوان و باش گرتووە، بەتایبەت لە هاورێیەتیشدا راستگۆ بووەو بە قووڵیش لە مانای خۆشەویستی گەیشتووەو بە كردەوەش پەیڕەوی لێكردووە، دوور لە هەڵخەڵەتاندن و درۆكردن.بەڵام دەبێت ئەوەش بوترێ مایكاڤیلی ژیانی خۆی بۆ خزمەتكردنی دەوڵەت و یەكخستنەوەی ئیتالیا خەرجدەكرد، نەک بۆ پرسی ئایین و ئاكارو شتی لەمجۆرە. بۆیە لە روانگەی مایكاڤیلی دەبێت ئایینیش بۆ خزمەتی دەوڵەت و كۆمەڵگا بێت، نەک بۆ خزمەتكردنی بنەماڵەیەكی دیاریكراو.لەبەرئەوەش بوو هێرشی كردۆتە سەر ئایینی مەسیحی و كڵێساكان و زۆر ئازایانە لەبەرامبەریان وەستاوەتەوە.بە بڕوای

ئەو ئایینی مەسیحی لەجیاتی ئەوەی ورەو هێزمان بداتێ، کەچی زیاتر ملکەچماندەکات و هەموو ورەو هێزەکەش بۆئەوەیە بەرامبەر بە ئێش و ئازارە بەسوێکان خۆمان رابگرین،ئایین لەم سەردەمەدا زیاتر خزمەتی کەسانێکی ناپووت و بوودەڵە دەکات کە هیچ ئایندەیەکیان نییە بۆ کۆمەڵگاو بۆ دەوڵەت.

لە راستیدا مایکاڤیلی ئەو کتێبانەی لە دوای خۆی بەجێیهێشتن، ئاسۆیەکی نوێی بۆ هزرڤان و سیاسەتوان و فەیلەسووفەکانی سەردەمی خۆی و دوای خۆی والآکرد، تۆماس هۆبزو لۆک و رۆسۆو تا دەگاتە نیچە و چەندین فەیلەسووفی دیکە سەرنجیان بۆ مایکاڤیلی چووەو سوودی زۆریان لێوەرگرتووە،ئەگەر مایکاڤیلی نەبوایە، دوور نییە گرێبەستەکەی هۆبز بەو شێوەیە نەبوایە کە بوو، لەولایشەوە ناپلیۆن و هیتلەرو مۆسۆلینی و زۆریدیکە پێی سەرسام بوونە، کەسێکی وەکوو هیتلەر شەوان کتێبەکەی میر ی لەگەڵ خۆی دەبردە سەر جێگای نووستن و چەند لاپەڕەیەکی لێ دەخوێندەوە، مۆسۆلینی نامەی دوکتۆراکەی لەسەر کتێبی میر بوو.کاتێک دوو پاشاکەی فەڕەنسا هێنری سێیەم و هێنری چوارەم کوژران، هەردووکیان کتێبی میر ی مایکاڤیلیان لەناو گیرفاندا بوو، ستەمکارێکی گەورەی فەڕەنساش لەسەردەمی لویسی سێزدە کە ناوی ریشیلیۆیە، زۆر سەرسام بووە بە کتێبەکانی مایکاڤیلی.فریدریکی مەزنیش کتێبی میر ی خوێندۆتەوەو پەندو وانەی لێ وەرگرتووە.

**فەلسەفەی مایکاڤیلی**

فەلسەفەی مایکاڤیلی فەلسەفەیەکە بۆ چۆنێتی وەرگرتنی دەسەڵات، دوورە لە میتافیزیکاو لاهوت و باوەڕداری.نەچۆتە سەر ئیمان و کوفرو دوارۆژی مرۆڤایەتی، واتا مردن و زیندووبوونەوە، هیچ کاریگەرییەکی لەسەر مایکاڤیلی بەجێ نەهێشتووە، بەڵکو واقیعی سیاسی ، باشترین مامۆستای مایکاڤیلی بووە، لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی وردی خۆیەوە،بۆ واقیعەکە، کە بیرێکی زۆر تیژی هەبووە، ڕێگاکانی گەیشتن بە دەسەڵاتی روونکردۆتەوە، دوور لە هەموو سۆزو عاتیفەیەک، یان دوور لە هەموو داب و نەریت و دوور لە هەموو ئاکارێک.ئەوەی لای مایکاڤیلی یەکجار گرنگ بووە، ئەوەیە کە چۆن دەتوانی دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگریت و دەوڵەتێک دابمەزرێنیت و هەروەها چۆنیش دەیپارێزی، بۆئەوەی بەسەرهاتێکی وەکوو ساڤۆنارۆلا روونەدات، واتا دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات چەند گرنگە، پاراستنەکەی ئەوەندە گرنگە، ئەگەر گرنگتریش نەبێت. بۆیە دەبینین مایکاڤیلی زمانی نووسینەکەیشی زمانێکی زۆر سادەو گشتییە، ئەمەش لەبەر ئەوەبووە، ویستوویەتی هەموو کەس تێیبگات ، دوور لە بەکارهێنانی زمانێکی فەلسەفی کە تەنیا نوخبە سەروگوێی بشکێنێت، مایکاڤیلی تەنیا بۆ نوخبەی نەنووسیوەو نوخبەیشی بە تەنیا مەبەست نەبووە، بەڵکو هەموو ئەوانەی مەبەست بووە کە سیاسەت دەکەن، تەنانەت ئەوانەی لە کاروباری سەربازیشدان و پۆستی جیاوازیان هەیە.

فەلسەفەی مایکاڤیلی گرنگترین شت دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات و پارێزگاریکرنیەتی، دوور لە هەموو بنەمایەکی ئاکاری و نەریتی و ئایینی. حەزیشی بەو خەڵکانە نەهاتووە کە لە سیاسەتکردندا نەرمن یان ئازا نین، چونکە بە بڕوای مایکاڤیلی ئەوە ئازایەتییە ئاشتی دروستدەکات، نەک نەرمی و ترسنۆکی.نەزانترین گێلترین کەسیش ئەوانەن کە حەزدەکەن دەوڵەتێکی بەهێزی دراوسێی هەبێت،چونکە ئەو وڵاتە دراوسێیەی هەر کاتێک بۆی رێکبکەوێت دەست بەسەر وڵاتەکەیدا دەگرێت و دەیرووخێنێت.

لە روانگەی مایکاڤیلییەوە، کۆمەڵگا بە گشتی کۆمەڵگایەکی ساختەو درۆزنە، پڕە لە فرت و فێڵ و هەمیشە لە هەوڵی مل شکاندنی یەکتریدان، بۆیە دەبێت دەسەڵاتێکی بە هەژموون و ترسێنەر حوکمیان بکات، واتا کۆمەڵگا لەو حوکمە بترسن، دەنا لێی رادەپەڕن و لەناویدەبەن، وەک ئەوەی کە بەسەر ساڤۆنارۆلا هات. بۆیە لە روانگەی مایکاڤیلییەوە پێویستە میر لە یەککاتدا هەم شێر بێت و هەم رێوی،رێوی بێت بۆئەوەی تەلەو داوەکان لە پێش خۆی نەهێڵێت، شێریش بێت بۆئەوەی گورگەکان لێی بتۆقن،چونکە شێر بەهێزە، بەڵام فێڵی نییە بۆیە پێویستە میر رێویش بێت.

دەوڵەتیش لای مایکاڤیلی بریتییە لە هێز، ئەو هێزەی لە سەربازو پۆلیس و میرێکی ئازاو بە زەبرەوە دێتە دی. لە پێناوی رێکخستنی کۆمەڵگاو دانانی یاساو رێسایەک کە هاووڵاتیان پەیڕەوی لێبکەن. هەر لەم روانگەیەوە بوو، کە مایکاڤیلی سەرسام بوو، بە حکومەتەکانی رۆما و ئەو سیستەمە سیاسییانەی هەیانبوو. مایکاڤیلی پێیوابوو دەبێ رێز لەو دروشمانە بگیرێت کە میر بەرزیدەکاتەوە، چونکە ئەگەر خۆی رێز لەو دروشمانەی خۆی نەگرێت، ئەوا خەڵک هەر گوێی پێنادەن،ئەوانەی شایانی

ستایشکردنیشن ئەوانەن کە ئایینیان دامەزراندووە، دوابەدوای ئەوانە ئەوکەسانە دێنە پێشەوە کە کۆمارو میرو حکومەتی پاشایی دادەمەزرێنن، دوای ئەمانەش ئەو گەورە پیاوانەن کە رابەرایەتی سوپا دەکەن و سامانی ولآت زۆر دەکەن،هەموو ئەوانەی دژی حکومەتی کۆماری و پاشایی دەوەستنەوەو هەوڵی لەناوبردنی دەدەن، ئەوانە بە دڵنیاییەوە دژی فەزیلەت و کاری باشەن و ئەنجام تەنیا شەرمەزارییان بۆ دەمێنێتەوە، چونکە بەر نەفرەتی خەڵک و مێژووش دەکەون.

مایکاڤیلی پیاوێکی بێ دین و ئیمان نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئایینی مەسیحیش ناکۆک بووە، چونکە بە رای مایکاڤیلی ئایینی مەسیح جگە لەو هەموو نەرمونیانییەی نواندوویەتی هاوکات تەنیا گرنگی بە ئاسمان داوە، هیچ گرنگی بە زەوی نەداوە،هەروەها بڕوای وابووە کە پیاوانی ئایانی دوور لە چاوی خەڵک و لەودیو دیوارە ئەستوورەکانەوە خۆشترین ژیان بەسەردەبەن و خەریکی رابواردن و خۆ دەوڵەمەندکردن و ..هتد یین، کەچی خەڵکیش لە قاتو قڕی و نەبوونیدا دەناڵێنێ، بەم بیرکردنەوەیەی مایکاڤیلی خەڵک وشیار بۆوەو گەورەترین گورز بەر کڵێساو پیاوانی ئایینی کەوتن.واتا مایکاڤیلی یەکەمین کەس بوو توانی ئایین لە دەسەڵات و ئەخلاق لە سیاسەت جیا بکاتەوە.

- **دیكارت** (1596 – 1650)

رۆژی له دایكبوونی دیكارت بۆ 1956/3/31ز دەگەڕێتەوە كە له خێزانێكی دەوڵەمەند، له (لاهای) باشووری رۆژئاوای پاریس چاوی كردۆتەوە.تەمەنی 13 مانگ بووە كە دایكی مردووە.ئیتر داپیری بەخۆیەوەی گرتووە. دیكارت بە بەردەوامبوونی لە خوێندن لە قوتابخانەیەكی تایبەتی وەكوو (لافلیش)ئەو قوتابخانەیە هنری چوارەم دروستیكردبوو،یەكێك لە بەناوبانگترین قوتابخانەكانی ئەوروپا بووە. دیكارت لەو قوتابخانەیە دوای سێ ساڵ خوێندنی دەستی بە خوێندنی فەلسەفە كردووە،بەتایبەتیش خوێندنی فەلسەفەكەی ئەرستۆ،ئیتر وردە وردە لاهوت و زمانی لاتینی و یاسا و لۆژیك و بیركاری و فەلسەفەی تێدا

خوێندووه،توانی ببێت به پارێزەر، بەڵام ساڵی 1618خۆبەخشانه بوو به ئەفسەر له سوپای مۆریس دی ناسۆی پرۆتستانتی هۆڵەنداو هاوپەیمانی فەرەنسا ،لەو ماوەیەیدا دیکارت(ئیسحاق بیکمان)ی ناسی و کەوته ژێر کاریگەریی بیروبۆچوونەکانی بیکمان به جۆرێک وەک دیکارت خۆی باسیدەکات و له چەند رستەیەکیدا که بۆ بیکمان ی نووسیوه دەڵێت:تۆ تەنیا کەسێک بوویت که منت له خەوی بێئاگایی بێدار کردەوه،گەڕامەوه بۆ دەروونی خۆم و هۆشم هاتەوه بەر خۆ....هتد.تەنانەت دیکارت یەکەمین کتێبی که نووسیویەتی به ناوی (پوختەی مۆسیقا)بوو، پێشکەشی ئەو هاوڕێیەی خۆی(بیکمان)ی کردووەو تکای لێکردووه که پارێزگاری له کتێبەکەی بکات مادامەکی به راستی و به کردەوه هاوڕێیەکی خۆشەویستی ئەوه .

بەڵام ورده ورده دیکارت لەنێو جیهانبینیدا قووڵ بووەوەو توانی چەند بەرهەمێکی وا بنووسێ که ببنه گۆڕین له هزرو بیرکردنەوەو فەلسەفەی ژیان، به گشتی و به کورتی دیکارت بەردەوام له سەفەری نێوان فەڕەنساو هۆڵەنداو دوا سەفەریش بۆ سوید بوو، که هەر لەوێش بەهۆی سەرماو سۆڵەوه تووشی نەخۆشی کوشنده هات و مرد، زۆر گەڕاوەو تا رادەیەکی زۆریش گۆشەگیر بووەو حەزی نەکردووه دۆست و هاوڕێیانی خۆی شوێنەکانی پێبزانن، زیاتر سەرقاڵی خوێندنەوەو نووسین بووه، له چەندین بواری زۆر گرنگ، لێره تەنیا ئاماژه بۆ کتێبه بەناوبانگەکانیان دەکەین که دەتوانین ئەمانەی خوارەوه دەستنیشان بکەین:

أ- چەند رێساو بنەمایەکی رێنماییکردنی ئەقڵ ساڵی 1629ز

ب- وتارێک لەبارەی میتۆد ساڵی 1637ز

ت- رامانێک لە میتافیزیک ساڵی 1641ز

ث- بنەماکانی فەلسەفە ساڵی 1644ز

ج- کاردانەوەکانی دەروون ساڵی 1649

بێگومان دیکارت چەندین کتێبی دیکەیشی لە بارەی ئەندازەو بۆشایی(فضاء)و شکانەوەی رووناکی و ئەخلاق و تەنانەت شانۆنامەیشی نووسیوە، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەو کتێبانەی ئاماژەمان بۆکردووە لە بەناوبانگترینی ئەو کتێبانەن کە لە بواری فەلسەفیدا نووسیویەتی.

دیکارت لە تێکڕای دەرخستنی فەلسەفەکەیدا، جەختی لەسەر چەند بابەتێکی گرنگ و نوێ کردۆتەوە، وەک گومان،نەفس و جەستە، میتافیزیک یان بونی خودا، ئاکار، ئەقڵ یان ئەقڵانییەت.چونکە ئەقڵی دیکارت دەیویست گومان و پشکنین و رەخنەو هەموو شتێک لە سەرەدو بێژنگ بدات،بۆ ئەوەی رووی راستییەکان وەک خۆیان نیشانبدرێن، بۆیە خاڵی گرنگ لە فەلسەفەکەی دیکارت ئەوەیە ئەقڵ بەنرخترین سەرمایەیە بۆ مرۆڤ، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە مرۆڤەکان ناتوانن ئەو ئەقڵە بە شێوەیەکی تەندروستانە بەکار بهێنن، بۆ ئەوەی مرۆڤ ئەقڵێکی تەندروست بۆ خۆی بەکار بهێنێت، دیکارت ناچار بوو کتێبی(چەند وتارێک لەبارەی میتۆد)ەوە بنووسێ.

دیکارت یەکەمین فەیلەسووفە بۆ دانانی فەلسەفەکەی بەشێوەیەکی قووڵ پشتی بە ئەقڵ بەستووە.تیۆری مەعریفەی دیکارت یان با بڵێین میتۆدی دیکارتی میتۆدێکی نوێ بوو لە فەلسەفەدا،بۆیە دەوترێ دیکارت

له بنەڕەتدا تایبەتمەندی سەدەی حەڤدەیەمە،چونکە پێش دەرکەوتنی دیکارت ماوەیەکی زۆر درێژ بوو فەلسەفە کەوتبووە خەوێکی قووڵەوە. راستە کۆپەرنیکۆس سووڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆر ی دۆزییەوەو گالیلۆ(1564-1642)ش زانستێکی نوێی خولقاند،واتا راستە پێش دیکارت گالیلۆ لە نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا شۆڕشێکی زانستی گەورەی خولقاند،کە بریتی بوو لە دۆزینەوەی فیزیای نوێ، کۆپەرنیکۆسیش بە شۆڕشە زانستییەکەی سەلماندی کە زەوی چەقی جیهان نییە بەڵکو خۆر چەقی جیهانەو زەویش بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، نەک ئەوی بە چاو هەستی پێدەکەین کە خۆر بە دەوری زەویدا دەسووڕێتەوە، بەڵکو پێچەوانەی ئەوەی دەیبینین و هەستی پێدەکەین ئەوە راستە. توانیان لە رووی زانستەوە بۆچوونەکانی ئەرستۆ کە نزیکەی دووهەزار ساڵ بوو باڵی بەسەر دونیادا کێشابوو هەڵیبگێڕنەوەو سەلماندیان کە زەوی چەقی جیهان نییەو خۆر بە دەوری جیهاندا ناسووڕێتەوە، بەڵکو زەوی بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، لەم هەڵگەڕانەوەیەدا نەک هەر کڵێیساو ئەرستۆ شکستیان خوارد بەڵکو ئینجیلیش گورزێکی کەمەرشکێنی بەرکەوت کاتێ لەو بڕوایەدابوو زەوی پان و تەختاییە. فەلسەفە لەسایەی زوڵم و خۆسەپاندنی کڵێیساو بە درێژایی زیاتر لە هەزار ساڵ لە چەقبەستوویی فەلسەفە کە بە سەدەکانی ناوەڕاست ناسراوە، دیکارت توانی ئەو چەقبەستنە بشکێنێت و یەکەم شۆڕشی فیکری و فەلسەفی بەسەر یەکەم مامۆستادا بکات کە ئەرستۆ بوو،بۆیە دەوترێ دیکارت باوکی فەلسەفەی نوێیە، چونکە دیکارت بۆ یەکەمجار توانی لەلێکۆڵینەوە فەلسەفییەکانیدا وردەکاری زۆر ورد بەکاربهێنێت، کە پێشتر ئاراستەیەکی ئاسۆیی وەرگرتبوو، نەک ستوونی.بۆیەش دەوترێ دیکارت فەیلەسوفی

ئەقڵانییەتە،نەک فەیلەسووفی ئەزموونگەرایی، چونکە یەکەمین فەیلەسووف بوو توانی ئەقڵ بخاتە کار،ئەویش بە بەرجەستەکردنی گومان لە فەلسەفەکەیداو جێگیرکردنی من بیر دەکەمەوە کەواتە هەم. راستە پێش دیکارت کۆپەرنیکۆس و گالیلۆ شۆڕشێکی زانستییانەیان مەشخەڵی هەڵدابوو... بەڵام دیکارت توانی لە فەلسەفەکەیدا تێڕوانینێکی دیکە بۆ ژیان دیارییکات، کە زۆرجار لێکۆڵەران پێیانوایە دیکارت جیاوازییەکەی لەگەڵ سەردەمەکانی پێش خۆی ئەوەیە دیکارت هزرو بیری کردووەتە بنەماو،ئەقڵ و سیستەم و ئەلکۆجیتۆ تێڕوانینێکی نوێ بوون بۆ جیهانێکی نوێ،لە فەلسەفەی دیکارت دا. لەسەرووی هەموو ئەو سیستەمانەشدا دیکارت خودای لەسەر سیستەمە فیکرییەکەی دانا..بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیکارت ناچارکرا وڵاتەکەی خۆی جێبێڵێت و تەنانەت ماوەیەک لە زانکۆشدا ناوهێنانی تا رادەیەک قەدەخە بوو، چونکە وەک چۆن فەلسەفەکەی خۆی لەسەر بنەمای گومان بونیادنا، ئاوەهاش لە دیکارت کەوتبوونە گومانەوە.

لەم ڕوانگەی سەرەوە دیکارت فەلسەفەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست و هەروەها فەلسەفەی ئەرستۆیی پارچە پارچە کردو هەڵیوەشاندەوە، ئەمە لە کاتێکدا هەر کەسێک فەلسەفەیەکی نوێی دژ بە فەلسەفەی مەسیحی-ئەرستۆیی بخستایەتە روو، دەبوو چاوەڕێی مەرگی خۆی بکات،بەڵام هێشتا دیکارت لە رێکخستن و دامەزراندنی سیستەمێکی ئەقڵانی و فەلسەفی ترسی لە کڵێسا هەر هەبوو، هەمیشە خۆی لە هەر پێکدادانێک لەگەڵ کڵێساو لاهووتی مەسیحی بەدوور دەگرت، بەتایبەت کاتێک بیستبوویەوە کە چۆن گالیلۆ بەهۆی ئەو کتێبەی (Treastise on the world)کە چوار ساڵ سەرقاڵی نووسینی بوو،کەچی ساڵی (1633)لەسەر ئەو کتێبەی

پەلکێشی دادگای لاهوتی مەسیحی کراوەو پەشیماننامەی خۆی دەربڕیوە، دیکارت یش ترسی ئەوەی لێ نیشتبوو بە هەمان دەردی گالیلۆ و خراپتریش لە گالیلۆ وەک (جیۆردانۆ)ی لێبێت، بۆیە سەرچاوەیەکی زۆر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن تەنانەت دیکارت نەیوێراوە یەکەم کتێبی خۆی لەکاتی خۆیدا بڵاویبکاتەوەو بۆ ماوەیەکی زۆر دوای خستووە، ئینجا کە کتێبەکەی بڵاویشیکردەوە (چەند وتارێک لەبارەی میتۆدەوە)کە ساڵی 1636 چاپی کردووە، نەیوێراوە ناوی خۆی لەسەر کتێبەکە بنووسێ. بێگومان هەر دیکارت وای بەسەر نەهاتووە، داهێنەرێکی گەورەی وەکوو سپینۆزا لە ساڵی (1670ز) لە ترسی کوشتنی، ناوی خۆی لەسەر باشترین کتێبی خۆی (چەند وتارێک لەبارەی لاهوتی سیاسییەوە)نەنووسی، کە بڵاویکردەوە، سپینۆزا نەک هەر ناوی خۆی لەسەر کتێبەکەی نەنووسی تەنانەت لە ترسی جولەکەو مەسیحییەکان بەردەوام خۆی دەشاردەوەو ژیانی تا رادەیەک بە نهێنی دەبردە سەر.هەموو گوناهەکەی سپینۆزاش لای کڵێسا ئەوەبوو سپینۆزا دەیویست خوێندنەوەیەکی ئەقڵانی بخاتە شوێن خوێندنەوەی میتافیزیکاوە، دەیویست بنەمایەکی پتەو بۆ سیستەمێکی ئەقڵانی دابمەزرێنێت و ئەقڵی باو کە لەناو کڵێساوە دەهاتە دەر بیداتە بەر زریان و تۆف.... سپینۆزا پێیوابوو ئایین تا ئەوەندە پێوەیستە کە لە چوارچێوەی باوەڕی غەیبانی و موعجیزەو رێنماییە ئەخلاقییەکاندا بێت و لەوە زیاتر نەچێتە ناو کۆی جومگەکانی ژیان و بیرکردنەوەو ئەقڵی مرۆڤەکانەوە. چونکە لێکدانەوەی سرووشت و مێژوو...هتد ئەمانە هیچ پەیوەندییەکیان بە خوداوە نییە بەڵکو ئەوە توانای ئەقڵی مرۆڤەکانە لێکدانەوەی بۆ دەکات بۆیە سپینۆزا بە یەکەم فەیلەسووفی ئەقڵانی دادەنرێ کە هەنگاوی تیۆری و پراکتیکی نابێت بۆ بە عەلمانیکردن و

دیموکراتی و ئازادی رادەربڕین و مۆدێرنە..بەڵام سپینۆزا ماوەی دووسەدەو نیو زەریبەی ئەو ئەقڵە عەلمانیەتەی خۆی دا،دوو سەدەو نیو نەفرەتیان لە سپینۆزا دەکردو قسەی نامرۆڤانەو ناشیرینیان بۆ هەڵدەبەست.. کاروانی زانست و ئەقڵ و مەعریفەت ئاوا دروستبوون و رێگا سەختەکانی ژیانیان بڕیوە.. نموونەی دیکەش زۆر هەن کە بە دەردی دیکارت و سپینۆزا چوون و لە باشترین بەرهەمی خۆیاندا ناوی خۆیان نەنووسیوە وەکوو ڤۆلتێرو زۆری دیکە... دەڵێن لایبنتیس هەمان لێکدانەوەی فەلسەفی دیکارتی هەبووە، بە دیوەکەی تر فەلسەفەکەی ئەرستۆی هەڵگێڕاوەتەوە، بەڵام نەیوێرابوو لەبەر شمشێری کڵێسا بیخاتە روو، بەڵام دیکارت وێڕای دەربڕینی بە ئایینپەروەری بۆ خودا، بەڵام توانی بانگی کۆتایی بەسەر فەلسەفەی مەسیحی-ئەرستۆیی بدات کە هەزار ساڵ بوو، خۆی سەپاندبوو. دیکارت ساڵی 1641 کتێبی (چەند رامانێک لە فەلسەفەی یەکەم)ی چاپ کردوو بە دیاری پێشکەشی ئەمیرە (ئەلیزابێس)ی کرد کە ناوەڕۆکی کتێبەکەی لە دەوری میتافیزیقاو و گەیشتن بە گومان و یەقین دەخولێتەوە. ساڵی 1644یش کتێبی (بنەماکانی فەلسەفە)ی نووسی. راستییەکەی دیکارت چەندین کتێبی فەلسەفی زۆر گرنگی نووسیوە، کە دەتوانین بڵێین کتێبەکانی بە شێوەیەکی گشتی لە دەوری گومان و بوونی خوداو دەروون و جەستەو ئاکارو ئەقڵ و سرووشت دەخوولێنەوە، جگە لە بابەتە زانستییەکانی دیکەی کە مماتماتیک و فیزیاو...بەخۆوە دەگرێ.بێگومان هۆسرێل دیارترینی ئەو فەیلەسووفانەیە کە زۆرترین بەرگری لە میتۆدی فەلسەفەکەی دیکارت دەکرد.

**گومان**

دامەزراوەیی بیرکردنەوە لای دیکارت بەگومان گرێدراوە،واتا ناوی دیکارت بە بابەتی گومانDubito بەستراوەتەوە،چونکە بە بڕوای دیکارت گومان بۆ بیرکردنەوە دەتبات،بۆیە گومان بنچینەی دیکارتیەتە کە بەهۆیەوە بیرکردنەوەیەکی ئەقڵانی داهێناوە.دیکارت زۆر جەختی لەسەر گومان کردۆتەوە، بەڵام گومان لای دیکارت ئامانج نەبووە، بەڵکو ئامرازێک بووە بۆ گەیشتن بە راستییەکان. بەناوبانگترین وتەی دیکارت لەوبارەیەوە ئەو وتەیە کە دەڵێت(من بیردەکەمەوە، کەواتا من هەم). مرۆڤ لەکاتی هوشیاریدا گومان دەکات نەک لە بێئاگایی،واتا چالاکییەکی ئەقڵییە،لای دیکارتیش گومان مانای بوونی هوشیاری و مەعریفە دەگەیەنێت.بەڵام نابێت گومان بەو مانایە لێکبدرێتەوە کە مرۆڤ بۆ دروستبوونی گومانەکەیدا، بریاری پێشوەختەی هەبێت، نابێت هیچ کاریگەرییەکی پێشوەختەت لەسەر بێت، تەنانەت هیچ جۆرە کاریگەرییەکیشت لەسەر بێت، بەڵکو پێویستە رەفتار لەگەڵ ئەو دەقە بکەیت کە گوێت لێی دەبێت، یان دەیخوێنیتەوە. ئەم گومانەش گومان نییە لە پێناوی گوماندا واتا مەبەست و ئامانج نییە بەڵکو گومانە بۆ گەیشتن بەراستی و دڵنیایی، کەوابوو گومان ئامرازە. گومان جوولەیەکی ئەگەر سادەو ساکاریش بێت بەڵام جوولەیەکی ئەقڵی و فیکرییە،راستەوخۆ وات لێدەکات بیر بکەیتەوە، واتا بەهۆی گومانەوە بیردەکەیتەوە،واتا گومانەکە بووە بە مەرجی بوون، دەشتوانین وا بڵێین تۆ هەی چونکە بیردەکەیتەوە،بیردەکەیتەوە بە تێگەیشتنە دیکارتییەکە کە گومانە. بەڵام بۆ ئەوەی بتوانم بیر بکەمەوە پێویستە من خۆم هەبم. ئیتر من بیردەکەمەوە کەواتا هەم، ئەمە بووە بە

یاساو ڕێسایەک لە فەلسەفەی گومان لای دیکارت. کەواتا گومانی دیکارتی میتۆدێکی نوێ و داهێنەرانەیە کە توانی چەمکی ئەو میتۆدە پێشبخات. دیکارت هەوڵیدا جیهانی هەستی بە گومان بڕووخێنێت و بە تێڕوانینێکی نوێوە سەرلەنوێ دروستیبکاتەوە.

### دەروون و جەستە

دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە دیکارت شوێنکەوتەی یاسای لێکۆلینەوەو هۆکاری مەعریفەیە نەک ئەو یاساو بابەتانەی دەخوێندرێن.لێرەش مەبەستی دۆزینەوەیەکی دیکەی فەلسەفە بووە. کاتێک باسی نەفس لای دیکارت دەکەین، یەکسەر زاراوەی کۆژیتۆ خۆی قووتدەکاتەوە، کۆژیتۆ زاراوەیەکە دیکارت لەسەر بەڵگەی گومان دایهێناوە بۆ جێگیرکردنی بوونی نەفس. بوونی کۆژیتۆ لەڕێکخستنی لۆژیکدا یەکەمین دۆزینەوەیە لە فەلسەفە، چونکە دیکارت لەبیروبۆچوونی کۆژیتۆدا دەروون و جەستەی لەیەک جیاکردەوە،جیاکردنەوە بە مانای سەربەخۆیی تەواوی دەروون لەجەستە. دەروون، لەهزرو بیرکردنەوەی دیکارت دا بریتییە لە هوشیاری و بیرکردنەوە ، کەوابوو پەیوەندییەکی کارلەیەکتریکردن لەنێوان دەروون و جەستەدا هەیە،بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە جیاواز نین، بەڵکو دوو سرووشتی تایبەتی و جیاواز بە خۆیان هەیە.دیکارت دەڵێت:جیاوازییەکی زۆر لە نێوان زەین و جەستەدا هەیە، چونکە جەستە لەسەر بناخەی ماهیەتی خۆی هەمیشە قابیلی دابەشبوونە، بەڵام زەین بە هیچ جۆرێک دابەشبوون قەبووڵ ناکات،کاتێک من زەین وێنا دەکەم واتا خۆم وەک مرۆڤێکی بیرکەرەوە وێنا دەکەم/هیچ پارچە پارچەبوونێک لە خۆم بەدی ناکەم،ئەگەرچی واهەستدەکەم کە جەستەم

لەگەڵ زەینمدا بەیەکەوەنووساون و یەکیانگرتووە،بەڵام کاتێک قاچێک یان دەستێک یان ئەندامێکی دیکەی جەستەم لێبکرێتەوە، هەرگیز هەست بەوە ناکەم کە شتێک لەزەینم کەمبۆتەوە. دەروون لای دیکارت چالاکی بیرکردنەوەیە، بەڵام جەستە قەوارەیەکی کشاوەو مادەیە، دوورو جیاوازە لە بیرکردنەوە. بۆ ئەوەی باشتر بچینە ناو قووڵایی بابەتەکە ، پەیوەندی دەروون بە لەش چییەو ئەو کارلەیەکتریکردنە چین لە نێوان دەروون و لەشدا هەیە، بەتایبەت کە دوو سرووشتی تایبەتی و جیاوازن؟ دەروون وەک لەش سەربەخۆیە، بەڵام سرووشتەکەی ئەوەیە بیردەکاتەوە،بەڵام لەش گەوهەرێکی کشاوی درێژبووەوەیە ، مادەیە، کەواتا دوو گەوهەر هەیە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە،ئەو دوو تایبەتمەندییە لە یەکتریان جیادەکاتەوە.جەستە بە سرووشتی خۆی بە دابەشبوون رازیبووە، واتا خۆم وەکوو شتێک کە بیردەکاتەوە، ناتوانم لە نێو خۆمدا شتەکان لە یەکتری جیا بکەمەوە، بەڵکو خۆم وەکو یەک شتی تەواو دەبینم، ئەگەرچی پێدەچێت دەروون یەکگرتوو بێت لەگەڵ هەموو جەستەدا، بەڵام باش دەزانم هیچ شتێک نییە لە یەکتریان جیا بکاتەوە ئەگەر دەستێک یا قاچێک یا ئەندامێکی جەستە دابرێت. بەڵام بە هیچ شێوەیەک نەفس و رۆح دابەش ناکرێت، چونکە بەرگەی دابەشبوون ناگرێت. لێرەوە دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین دیکارت یەکەمین فەیلەسووفە کە زۆر بە روونی و بە رێگایەکی نوێ لە کێشەی نێوان دەروون و جەستەی کۆڵیوەتەوە.چونکە پەیوەندی سایکۆڵۆژی نێوان دەروون و جەستە ئیمڕۆ یەکێک لە کێشە گەورەکانە کە فیکری نوێ پێشکەشی دەکات.چونکە ئەم گرفتە زیاتر مەعریفییە لەوەی فەلسەفییەکی رووت بێت.

**بوونی خودا**

دیکارت به زیرەکایەتی خۆی به گرنگی دەزانی بابەته فیزیاییەکانی خۆی به میتۆدێکی مادیانه پێشکەش بکات نەک میتافیزیکی و میسالیانه، ئەگەرچی دەیشیزانی ئەو سەردەمەی ئەوی تێدا دەژی،پێکدادان و بەریەککەوتن له بەرامبەر فیکرو پێشکەوتنی زانستیدا هەیەو باش دەیزانی و دەیبینی که چۆن کڵێسا خەڵک دەسووتێنێت و به کافرو بێباوەڕی لەقەڵەم دەدا، له پرسی گالیلۆش فێرببوو که ساڵی1633 (بێگومان ساڵی 1600 واتا به 33 ساڵ پێش دادگاکەی گالیلۆ، دادگای پشکنین فەرمانی زمانبڕین و سەربڕین و ئینجا سووتاندنی بەسەر فەیلەسووفی ئیتاڵی- جیوردانۆ برۆنۆBruno دا،چونکه دژی ئاراستەی فەلسەفەی قووتابخانەیی- ئەفلاتونی و ئەرستۆیی- بوو)هەروەها دیکارت ئاگاداربوو کەچۆن گالیلۆیان لەبەردەم دادگای لاهووتی پەشیمانکردەوە، لەوکات و ساتەدا بوو دیکارت له نامەیەکیدابۆ یەکێک له هاوڕێ هەره خۆشەویستەکەی خۆی (مێرسین) دەنووسێ:ئەگەر هاتوو جوولەی زەوی درۆ بوو یان هیچ بنەمایەکی زانستی نەبوو، کەواته هەموو بنەما فەلسەفییەکانی منیش درۆیەو بێ بنەمایەو هیچ نییه، بەڵام نامەوێ قسەیەک له منەوە دەربچێ که پێچەوانەی بۆچوونەکانی کڵێسا بێت.دیکارت بڕوای به بوونی خودا هەبووەو ئەم بیروباوەڕەشی نەشاردۆتەوەو ئاشکرا دەریبڕیوە. دیاره فیکرەی بوونی خودا لەو رامان و روانگەیەوە دروست بووە، که خودایەک هەیه بێ کەم و کووڕییەو هێزێکی شاراوەو نەشاراوەی یەکجار زۆر له توانایی تێدایه که پڕە له زانین و زانیاری و توانایشی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت. هەر خۆیشی دروستکاری ئەم گەردوون و سرووشتەیه.لەو لایشەوە ئێمه کەبیر لەخۆمان دەکەینەوە له بوونمان هەڵگری زۆر کەم و کووڕین و زۆر گومان و

فێڵ و کاری ساختەیی لە بیرکردنەوەماندا هەیە.دیکارت وایدەبینێت کە خودا دروستکاری ئەقڵ و مادەیە،بەڵام دیکارت دوالیزمانە سەیری ژیانی کردووە، بۆنموونە کاتێک باسی رووەک و سەوزایی دەکات فەیلەسووفێکە مادیانە بیردەکاتەوە،بەڵام کاتێک دێتە سەر مرۆڤ میسالیانەیە. ئەم بیرکردنەوەیەی دیکارت بۆ مرۆڤ بەسە لە دەروونی خۆماندا لەسەر ئاراستەیەکی راستەوخۆ بۆ گەیشتن بە بیرکردنەوە لە بوونەوەرێکی کامڵ و تەواو کە بپرسین باشە ئەو بیرکردنەوەیەمان لە کوێوە بۆ هاتووە،ئەگەر ئەوە بێت کە لەمەوپێش باسکرابێت، بێگومان دەروون هۆکارەکەی نییە،چونکە دەروون ناتەواوو سنووردارو کۆتایی هاتووەو خاوەن بوونەوەرێکی بێ کۆتاو بەتوانای وا نییە کە خۆی بەفیکرەیەکەوە بنوێنێت، ناشگونجێت دەروون هەر خۆی بە تەنیا هۆکاری بیرکردنەوە لە بوونەوەرێکی کامڵ بێت.ناشگونجێت بڵێین ئێمە ئەو کەسەین کە فیکرەی بێ کۆتاییمان دروستکردووە، چونکە ئەو ئەقڵەی مرۆڤ هەیەتی ئەوە خودا پێیبەخشیوە. دیکارت دەڵێت ماوەتەوە لەسەر ئەوەی بڕوانینە ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بە خوداو سروشتی منەوە هەیە،بوونی خوا لەنێو زەینی مندایە،وەکوو ئەو یەقینەی تا ئێستا لەبارەی حەقیقەتە ماتماتیکییەکانی ژمارەو شێوەوە هەیە. ئەگەر نەتوانم بوونی خودا لەزەینی خۆمدا بکەم بێئەوەی بوونی هەبێت،یان نەتوانم زەینی شاخێک بکەم بە بێ دۆڵ،ئەوە زەینکردنی من بۆ شاخ و دۆڵ هەرگیز ناخوازێت کە دەبێت بە راستی لە دەرەوە شاخ و دۆڵ هەبێت.بێگومان ئەوە بۆ زەینکردنی من بۆ خواش راستە. باشە من دەتوانم خەیاڵی ئەسپێکی دوو باڵ لە مێشکما بکێشم؟ لە کاتێکدا ئەسپی دوو باڵ بوونی نییە؟، کەواتە من رەنگە بتوانم زەینی بوونی خودا بکەم ئەگەرچی بە راستیش بوونی نەبێت؟ راستە زەینکردنی

من بۆ بوونی شاخێک بێئەوەی دۆڵێک هەبێت ناخوازێت کە دەبێت بە راستی لە دەرەوە شاخێک و دۆڵێک بوونیان هەبێت، بەڵام خۆ دەخوازێت کە ناکرێت شاخ لە دۆڵ جیا بکرێتەوە جا بوونیان هەبێت یان نەبێت. بۆ ئەوەش گوایە من ناتوانم زەینی خودا بکەم تەنیا ئەگەر بوونی هەبێت، ئەوە دەخوازێت کە دەبێت بوون دابڕاو نەبێت لێی، کەواتا دەبێت بە راستی بوونی هەبێت، چونکە من ناتوانم زەینی خوایەک بکەم کە بوونی نییە.وەڵامی دیکارت هەمیشە ئەوەبووە کە خودا مسۆگەرکاری راستییەکانەو بیری مرۆڤایەتی کۆتایی دێت بەڵام خودا بێ کۆتاییە، بەڵام دیکارت خودای بە مانا مەعریفییەکەی ناو بردووە کە دەڵێت بێ کۆتاییەو هەرگیزکۆتایی نایە.دیکارت پێیوایە مرۆڤ مەلەکە (ملکة)ی فەرمانڕەواییە، دیکارت لە تێڕامانی چوارەمیدا رەخنە لە فەرمانڕەوایی دەگرێ، بەڵام رەخنە لە مەلەکە (ملکة)ی فەرمانڕەوایی ناگرێ، هەروەک (کانت)یش وایکردووە.مەلەکە لە بنەڕەتدا بە مانای دوو مەلەکە دێت کە یەکەمیان زەین (الذهن)و دووەمیشیان خواست (ئیرادە)یە.

دیکارت بڕوای وابوو، فەلسەفە درەختێکە رەگو ڕیشەکەی میتافیزیکایەو ناوقەدی (جەستەکەی) فیزیک (سرووشت)ەو لق و پۆپەکانیشی هەموو زانستەکانی دیکە بەخۆوە دەگرن. ئەم فەلسەفەی دیکارت پێچەوانەی فەلسەفەکەی ئەرستۆ بوو کە فەلسەفەکەی لە (سرووشت)ەوە دەستپێکردو بە میتافیزیکا کۆتایی پێهێنا.

دیکارت بڕوای وابوو هەموو شتێکگوماندارە، تەنیا شتێک کە گومان نەبێت، خودی گومان خۆیەتی،بۆیە کە گومانی کرد واتا بیردەکاتەوە، ئەمە بوو (دیکارت)ی گەیاندە ئەو هەڵوەستە فیکری و فەلسەفییەی بڵێت (من

بیردەکەمەوە کەواتا هەم‌Cogito ergo sum). ئەمە سنووری زانستێکی ڕەهاو دڵنیاکەرەوەیە بۆ پێشکەوتن لە سنووری میتافیزیکا.

ئەگەرچی بیرۆکەی بوونی خودا بەزۆر بە خەیاڵمدا نەهاتووە، بەڵام من هەر کاتێک بیرم لە بوونێکی باڵا کردەوەو لە زەینی خۆمدا کێشام، ئەوە من خۆم ئامادەم هەموو جۆرە سیفەتەکانی کامڵبوونیشی پێ ببەخشم، ئەگەر هەموویشی نەژمێرم و بە وردی لە هەریەکێکیان نەکۆڵمەوە، ئەو پێداویستییە بەسەو منیش بۆم ڕوونبووەوە بوون مانای کاملبوونە، بۆئەوەی وام لێبکات بڵێم ئەو هەبووە باڵایەی یەکەم بە ڕاستی بوونی هەیە. کەواتا جیاوازییەکی زۆر لە نێوان گریمانە هەڵەکان و ئەو گریمانەی دوایی هەیە، لەگەڵ ئەو بیرو بۆچوونە ڕاست و دروستانەی کە لەگەڵ مندا لەدایکبوون، کە لەپێش هەموویان و گرنگترینیشیان فیکرەی بوونی خودایە.

لە زۆر لایەنەوە بۆم سەلمێنراوە کە ئەوفیکرەیە شتێک یان داهێنراوێک نییە کە تەنیا پشت بە هزری من ببەستێت،بەڵکو وێنەی سرووشتێکی ڕاستەقینەو جێگیرە.لەبەرئەوەی من ناتوانم لە خودا زیاتر هیچ شتێکی تر لە مێشکی خۆما لەسەر شێوەی ئەو زەین بکەم، ئەگەر ئێستا دان بەوە دابنێین کە خودایەک هەیە، ئەوە دیارە دەبێت هەر لە ئەزەلەوە هەبووبێت و هەتا هەتایەش هەر دەمێنێتەوە،جا لەبەرئەوەی من لەنێو خودا کۆمەڵێک سیفەتی دیکەی باش دەبینم، ناشتوانم کەمیان بکەمەوە یان بیانگۆڕم. هیچ شتێکیش نییە بە تەواوی قەناعەتم پێ بهێنێت تەنیا ئەو شتە نەبێت کە زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی زەینی دەکەم.ئەگەرچی لەنێو ئەو پرسانەی بەو شێوەیە زەینیان دەکەم هەندێک شت هەیە لای هەموو کەسێک مەعریفەکەی ڕوونە، هەندێکی تریش هەیە تەنیا لەلای ئەو کەسانە ڕوون و

دیاره کە لێی رادەمێنن و بە وردی دەیپشکنن، بۆیە هەر کاتێک دۆزرایەوە دەردەکەوێت هەموو ئەو پرسانە راست و رەهاو یەقینن.بۆنموونە با سێگۆشەیەکی لاکێشەیی وەربگرین، ئێمە ئەگەرچی یەکەمجار بە روونی ئەوە نابینین چوارگۆشەی بنەوەی یەکسانە بە چوارگۆشەی دوو لایەکەی تری، وەکوو ئەوەی دیارە چوارگۆشەی ژێرەوەی بەرانبەر گۆشە گەورەکەیەتی، هەر کاتێک بۆ یەکجاریش ئەوەمان زانی، بڕوا بە حەقیقەتی شتەکەی تریش دەکەین.با وردتر بچینە ناو باسەکەوە، ئێستا کاتێک سەیری سرووشتی سێگۆشە دەکەم(هەندێک شارەزاییشم لە بنەماکانی ئەندازە هەیە)، سێگۆشەیەک یەکسانە لەگەڵ دوو لاکەی وەستاوەکەی، کاتێک خۆم ماندوو دەکەم تا بیسەلمێنم، ئەستەمە بڕوام بە شتێک بێت پێچەوانەی ئەو بۆچوونە بێت،بەڵام ئەگەر خۆم لێی لاداو گوێم پێینەدا (لەکاتێکدا من بە روونی هەستم پێیکردوە) چونکە 2+2= 4 ئیتر من بڕوای پێ بێنم یان نەهێنم هەر دەکاتە (4).واتا من لە لەوانەیە گومان لە راستییەکەی بکەم ئەگەر بزانم خودا بوونی نییە، من توانام هەیە بە ئاسانی بڕوا بەخۆم بێنم کە فێری هەڵەکردن بووم، تەنانەت لەو شتانەش کە پێموایە بە ئاسانی دەزانم راست و یەقینن، باشە ئەی من چەندین جار وام بەسەر نەهاتووە پێموابێت شتێک بە تەواوی راست و یەقینە، دواتریش لەبەر هەندێک هۆکاری دیکە، بۆم دەرکەوتووە بە تەواوی پووچ و بێ بنەمایەو راست نییە؟ بەڵام ئەو بیرۆکەیە بیرۆکەیەکی زگماکە لە مندا،ئەگەر من دروستکراوی خودا نەبووبام، ئەستەم بوو بمتوانیبایە بیرۆکەیەکی ئاوەها لەمندا بوونی هەبوایە.تا دەگاتە ئەو رادەیەی دیکارت بڵێتک خودا کە مرۆڤی دروستکردووە، بەشێک لە ئەقڵی خودایی خۆی لە ناخی مرۆڤەکانیشدا جێگیر کردووە، ئینجا دەڵێت: ئێمە ناتوانین زانین و

مەعریفەیەکی دڵنیاکەرەوەمان بە هیچ شتێک هەبێت، ئەگەر هاتوو هەر لە سەرەتاوە نەزانین کە خودا هەیە. ئەم بۆچوونە فیکرییانەی لای دیکارت هیچ گومانێکی لە بوونی خودا نەهێشتۆتەوە، بەڵام چ لە سەردەمی خۆیداو چ دوای خۆی رەخنەو تێبینی زۆری لەسەر گیرا، گرنگترین رەخنە ئەوەبوو ئەقڵی مرۆڤ وەک دیکارت و دواتریش کانت جەختیان لێکردۆتەوە، رەهاو بێ کەموکورتی نییە، بەڵکو ئەقڵی مرۆڤ بە گشتی سنووردارە، بۆیە ئەقڵی مرۆڤ ناتوانێ بە رەهایی باس لە بوونی شتێک بکات کە رەهایەو بێ سنوورەو کامل و کەماڵە، کە ئەویش خودایە.

**داڤید هیوم** (1711-1776)

داڤید هیوم ئەگەرچی فەیلەسووفێکی یەکجار گرنگە، بەڵام لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا، لە ناسراوە بەناوبانگەکان نییەو تا رادەیەک لایەکی جیدی لێ نەکراوەتەوە، بۆیە بە پێویستمان زانی هەوڵبدەین، لە بیرو هزری هیوم وردبینەوە، بۆئەوەی باشتر بیناسین.

داڤید هیوم لە رۆژی 1711/4/17)لە ئەدێنبەرەی ئیسکۆتلەندا لەدایکبووە،لە تەمەنی سێ (3)ساڵیدا بوو کە باوکی مرد.ئیدی لای مامی زیاتر درێژەی بە ژیانداوە،لە ژیانی خۆی هەمیشە وەڕس و بێتاقەت بووە، چونکە لە رووی جەستەییشەوە سەرەتا مرۆڤێکی لەڕو لاواز دواتر بەهۆی هەندێک نەخۆشییەوە تووشی قەڵەوی هاتبوو، پزیشکەکانیش چەندین رێنمایی تەندروستیان بۆی کردبوو، بەڵام هیوم لێکدانەوەکانی بۆ ژیان و بێ باوکی و نیگەرانییەکانی بۆ ئەو نەخۆشیانەی رووی تێکردبوون لەگەڵ چەندین ئازاری دیکە، بەجۆرێک وای لێهاتبوو نەخۆشییەکەی خۆی بە (نەخۆشی سەگیی)ناو دەبرد، کە ئەمەش ئەوپەڕی بێزاری و بهیوایی بوو بۆ نەخۆشییەکەی کە پێیوابوو ئیدی ئەو نەخۆشییە لەکۆڵی نابێتەوە تا مردنی، پێشیوابوو، هەمیشە پیاوە مەزنەکان رووبەڕووی نەخۆشی و ئازاری سەخت دەبنەوە، واتا هیوم لەکاتێکدا نەخۆشی رووی تێکردبوو، بەڵام

هیواکانی هێزی مانەوەی پێدەدان، ئەم هێزی مانەوەیە بوو،وایان لە هیوم کرد تەنیا بە فەلسەفە بتوانێ قەرەبووی ئەم دۆخە دژوارەی پێبکاتەوە، هەر لە منداڵیشەوە حەزی لەبواری فەلسەفە بووە، بۆیە توانی ببێتە رابەری قوتابخانەی ئەزموونگەرایی ئینگلتەراو ناوبانگێکی گەورە بۆخۆی دروستبکات.هیوم بەهۆی تامەزرۆیی بۆ فەلسەفەو خۆ خەریککردنی پێوەی،توانی لە بوارەکانی فەلسەفەو مەعریفەدا ناوبانگ دروست بکات، ئەو ئیشقەی بۆ فەلسەفە وایکرد بتوانی لە تەمەنی (28)بیست و هەشت ساڵی گرنگترین شاکاری بنووسێتەوە کە ناوی (A Treatise of Human Nature پەیامێک دەربارەی سرووشتی مرۆڤ)بوو کە لە ماوەی ساڵانی 1739-1740 بڵاویکردۆتەوە، ماوەی نزیکەی هەشت ساڵ خەریکی نووسینی ئەم کتێبەی بووە، کە تا ئەمڕۆش لە شاکارە هەرە بەناوبانگەکانی هیومە. لەم کتێبەیدا هیوم ویستوویەتی بنەماکانی ناسینی مرۆڤایەتی بە وردی بنووسێتەوە. لەم کتێبەیدا درێژەپێدەری قوتابخانەی ئەزموونگەراکانەو پێیوایە تەواوی ناسینی ئێمە بەهۆی ئەزموونەکانمانەوەیە. ئەگەرچی داڤید هیوم لە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەی هەر وەکوو نیچەو زۆریدیکە نەیتوانی سەرنجی خوێنەران بۆ خۆی رابکێشێت، بۆیە هیوم جارێکی دیکە بە دوو بەش کتێبەکەی بڵاوکردەوە،ناونیشانەکەشی گۆڕی و کردی بە (تۆژینەوەیەک لەبارەی ئەقڵی مرۆڤەوە) بەڵام دیسان دڵی خوێنەرانی بەلای خۆیدا پێ رانەکێشرا، لەبەرئەوە بوو هیوم وتی: چاپخانە کتێبەکانمی بە مردوویی بڵاوکردەوە.. ئیدی ئەمجارە جگە لە فەلسەفە چووە ناو دونیای دیکە و بەردەوام بوو لەسەر بەخششە بیۆێنەکانی و ،دەستی بە نووسینی (مێژووی ئینگلتەرا)کرد، کە لە شەش بەرگ پێکهاتووە، لەو کتێبە ئەستوورەیدا، بۆت دەردەکەوێت کە هیوم خوا ناس نییەو بیروهزری

دژ به خوداپەرستی و ئایینپەروەرییە،ساڵێک تێپەڕبوونی بەسەر ئەم کتێبەی کەنیسەی کاتۆلیک بڕیاری قەدەخەکردنی بۆ ئەو کتێبەو هەموو کتێبەکانی هیوم دەرکرد.هیوم کتێبی (مێژووی ئینگلتەرا)ی ساڵی 1762 تەواو کر. هەروەها لە نووسینی کتێبی Dialogues Concerning Natural Religion دیالۆگ دەربارەی ئایینی سرووشتی)کە لە ساڵی 1779 نووسی و دوای مردنی خۆی ئینجا بڵاوکرایەوە.ئەم کتێبەش بە وەرچەرخانێک دادەنرێ لە بیرکردنەوەی داڤید هیوم دەربارەی ئایین، چونکە هیوم تەواوی ئەو بەڵگانەی هەبوون سەبارەت بە خوا پەرستی، هیوم هەڵیوەشاندبوونەوە. هەروەها کتێبی مێژوو(Mc Cauley)نووسی کە پێنج بەرگە.ئەم کتێبانەی دەنگدانەوەیەکی گەورەی دروستکرد. هیوم ئیدی نووسینەکانی لە چوارچێوەی ئەخلاق و سیاسەت)بە مانا فراوانەکەی برەو پێداو تا رادەیەکیش ناوبانگی بۆ دروست بوو،داڤید هیوم بەهۆی تامەزرۆیی بۆ فەلسەفەو بۆ زانین، لە تەمەنی 16 ساڵیدا گەیشتە زانکۆو توانی بە زوویی فێری زمانی لاتینیش ببێت،ئیتر داڤید هیوم توانی زۆر بە وردی بەناو بوارەکانی فەلسەفەو ئابووری و یاسا و سیاسەت و ئایین و چەندین بواری دیکە بچێتە خوارەوە.بەڵام هیوم نەیتوانی پلەو پۆستێکی زانکۆیی وەدەستبهێنێت، یان هەر خۆی نەیویستووە لەناو زانکۆ پلەو پۆستێکی بەرزی هەبێت.هەڵبەت هیوم لە شێوازی نووسینو دەربڕیندا، هەوڵیداوەنووسینەکانی بە شێوازێکی سادە بنووسێ، ئەگەرچی بابەتەکانی زۆر قووڵ بوون، چونکە بابەتی قووڵ ئەگەر زمانەکەیشی قووڵ بێت، ئەوا پەکی خوێنەر دەخات، بۆیە بۆئەوەی خوێنەر بە سانایی تێیبگەن، ئەوا زمانێکی سادەی بەکارهێناوە.بە سوود وەرگرتن لە هەردوو فەیلەسووفی پێش خۆی(جۆن لۆک و بێرکلی)کە دامەزرێنەری قوتابخانەی

ئەزموونگەرایی بوون، هیوم توانی گەشەی زیاتر بەو قوتابخانە فەلسەفییە بدات و تەنانەت لە لۆک و بێرکلی تێپەڕاند، چونکە لە خەمی ئەوەدا بوو ئەم قوتابخانە ئەزموونگەرییە بگەیەنێتە ئەنجامێکی لۆژیکی پتەو.ئەویش بەوەی بگەن بە دۆخێکێکی نوێ یان قۆناخێکی نوێ لە تێگەیشتنی ئەم جیهانە.جیهانی ئایینی و جیهانی زانستی.هەردوو جیهانەکە بە هۆی ئەزموونەکانەوە، نەمانتوانیوە بەتەواوی بیانسەلمێنین، ئایین جۆرێکە لە غەیبانییەت و نادیارە، زانستیش هێشتا پەی بە هەموو زانینەکانی نەبردراوەو بەردەوام شتی نوێمان بۆ دەدۆزرێتەوە.مرۆڤ کە زانستێکی نوێ دەدۆزێتەوە، کەچی پاش ئەوەی ماوەیەک بەسەریدا رەتدەبێت، زانستێکی دیکە دەدۆزرێتەوەو ئەو زانستەی پێشوو دەکەوێتە بەر رەخنەی توندەوە،ئێستا وەکوو جاران ئاگر بە تەنیا هۆکاری تەقینەوەکانی بارووت نییە، بە بڕوای هیوم ناتوانرێ درێژە بە ژیانێک بدرێ، ئەگەر هەموو ژیانەکە هەر ئەوەبێ کە لەبەردەستدایەو تێیگەیشتوون، چونکە بە بڕوای هیوم ژیان یان جیهان هێشتا زۆر لایەنی شاراوەی هەیە، کە هێشتا کەس پەی پە نەبردووە،هەروەک چۆن بە درێژایی ژیان مرۆڤ توانیویەتی لەم جیهانە شتی نوێ بدۆزێتەوە. کەواتە چ ئایین چ زانست هێشتا نەمانتوانیوە بە تەواوی هیچ کامیان بسەلمێنین، ئەوە نەبێ دەزانین کە هەردوو زانستەکە لە ئەنجامی کارلێک(تفاعل)ەوە، پەرچەکرداریان دەبێت.کەوابێت زانست رێگای ئایندەی مرۆڤەکانە.

هیوم رەخنەی توندی لە تیۆریست و هزرڤانانی پێش خۆی گرتووە، تەنانەت لەوانەیشی گرتووە کە دامەزرێنەری قوتابخانەی ئەزموونگەرایی بوون، وەکوو(جۆن لۆک و بێرکلی)، بەڵام تا رادەیەک رێزی لە شێوەی ئەزموونی نیوتن گرتووە، ئەمەش بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە، سوودی زۆری لە

کتێبی (تیشکناسی)نیوتنەوە وەرگرتبێت. رەخنەکانی هیوم بۆ هەمان رابەرانی قوتابخانەی ئەزموونگەرایی ، لەبەرئەوەبوو دوو دیدی تەواو جیاوازیان هەبوو، بۆنموونە (بێرکلی) بڕوای بە خودا هەبوو، پێیوابوو بەهۆی بوونی خوداوە ئەم جیهانە ماوەتەوەو گرفتی نییە، بەڵام هیوم پێی لەسەر ئەوە داگرتووە، هەر شتێک مادە نەبێت کەواتە بوونی نییە، کەواتا خودا شوێنێکی نییە تا بڵێین ئەویش مادەیەو دیارە، کە مادەش نەبێت کەواتە بوونی نییە، کەوابێ مانەوەی ئەم جیهانە هیچ پەیوەندی بە بوونی خوداوە نییە، چونکە لە بنەڕەتدا بوونی خودا، هیچ بوونی نییە.

ئەوکاتانەی هیوم چەند کتێبێکی لەبارەی ئەخلاق و سیاسەت و مێژوو بڵاوکردبووەوە، پاڵێورا بۆئەوەی لە زانکۆی ئەدێنبەرە کورسی فەلسەفە بڵێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەو کتێبەی بەناوی پەیامێک دەربارەی سرووشتی مرۆڤ نووسیبوو، یەکێک کە ئەو کتێبەی خوێندبۆوە، وتی ئەم کتێبە هەڵگری پەیامێکی کافرانەیە، ئیدی لەو زانکۆیەش بێبەش کراو وانەی کۆرسی فەلسەفەیان پێ نەدا.بۆیە هیوم بە رقێکی گەورەوە جارێکی دیکە ئەدێنبەرەی بەجێهێشت.

هیوم بە وردی (هۆبز و لۆک)ی خوێندبۆوەو لەسەردەمی ئەویشدا رۆسۆ فەلسەفەکەی بڵاودەکردەوە، بۆیە لە نزیکەوە ئاگاداری پەیمانی کۆمەڵایەتی ئەو سێ فەیلەسووفە بوو، بۆیە هیوم هات بە توندی گرێبەستی کۆمەڵایەتی دایە بەر رەخنەو نووسینێکی توندی بەناوی (لەبارەی سەرچاوەی گرێبەست)ەوە،ئاراستەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی یان پەیمانی کۆمەڵایەتی کرد، چونکە بەرای هیوم زۆربەی هەر زۆری حکومەتەکانی دونیا لەسەر بنەمای هێز و توندوتیژی و سەپاندنی هەژموونی خۆیان بەسەر خەڵکیدا خۆیان دروستکردووە،حکومەتی بە وەفا یان حکومەتی

خەڵک ناتوانێ هەمیشە  بەردەوامی بە خۆی بدات و لە کەمترین ماوەدا دەبێتە حکومەتێکی ستەمکار،ئەم بۆچوونەی هیوم لەوەوە هاتبوو،تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی نەیتوانیوە شێوازی تێگەیشتنی خەڵک لە ئەرکە سیاسییەکانیاندا دروست بکات یان جێبەجێبکات، چونکە بە رای هیوم هەموو خەڵکەکە واتێگەیشتوون کە ئەرکێکی ئەخلاقیان لەسەر شانە کە مل بۆ ئەو حکومەتە بدەن کە هەیە، واتا خەڵک بیر لە گۆڕانکاری ریشەیی و تەنانەت شۆڕشیش نەکاتەوە.ئەم بۆچوونەی هیوم پێدەچێ هیوم لە لایەکەوە لە ئەزموونی ململانێی نێوان حکومەتی (هانۆڤێری)ییەکان لە بەرامبەر راپەڕینی (جاکۆبیت)ییەکان و لە لایەکیدیکەیشەوە، پێدەچێت زۆر سوودی لە بۆچوونە سیاسییەکەی مایکاڤیلی وەرگرتبێت، کە حکومەت لەسەر بنەمای هێز و توندوتیژی درێژە بە خۆیدەدات.بۆیە هیوم دەڵێت: هەموو حکومەتەکان کە لە رۆژگاری ئەمڕۆکەدا هەن، یان ئەوانەیش کە لە مێژوودا نووسراونەتەوە،لە بنچینەدا یان ئەوەتا لەسەر بنەمای داگیرکاری و پەلاماردان و زەوتکردن دروستبوون، یانیش ئەوەتا لەسەر هێرشکردن و پەلاماردان دروستبوون،بێ ئەوەی رەزامەندی خەڵک و خودایان لەسەر بووبێت.

هیوم لە ساڵی 1762 بوو بە سکرتێری باڵیۆزی ئینگلتەرا لە فەرەنسا،بۆ هیوم ئەو کارە زۆر گرنگ بوو بەتایبەت چونکە لە فەرەنسا بوو، بۆ هیوم گرنگ بوو لەو وڵاتەش ناووناوبانگێک بۆخۆی دروستبکات،تەنانەت لەکاتی کۆبوونەوەکانی باڵیۆزدا، هیوم بەشداری تێدا دەکردو بە وردی ئاگاداری بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کولتووری نێوان ئەودوو وڵاتە بوو.لە لایەکی دیکەیشەوە توانی ئاشنایەتی لەگەڵ بنەماڵەی پاشاکان پەیدا بکات و تەنانەت بە کوڕو کوڕەزاکانیشیان ناسێندرا.بۆیە

هیوم تا رادەیەکی باش سیستەمی پاشایەتی بە لایەوە پەسند بوو، بەڵام دەسەڵاتەکانی سنووردار بن و هاوسەنگیەکیش لەنێوان دەسەڵاتەکاندا هەبێت.بۆیە دژی دەسەڵاتی رەهای پاشاکان بوو، پێیوابوو کاتێ پاشاکان دەسەڵاتێکی رەها بەرهەمدێنن، ئەوکاتە دەستوورو یاسا هیچ گرنگییەکیان نابێ.لەمڕوانگەوە هیوم پشتگیری لە دەسەڵاتێکی دیموکراسی نەدەکرد، چونکە لە روانگەی هیوم دروستبوونی حکومەتێکی دیموکراسی یان میللی، هۆکارن بۆ لەتلەتبوونی یەکێتی نەتەوەیی و نیشتمانی و نەتەوەکانیش ئەوانەی بەرگەی دۆخێکی لەم جۆرە ناگرن وایان لێ بەسەر دێت، کۆمەڵگەش پارچە پارچە دەبێت.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیوم لایەنگری گۆڕان و نوێبوونەوە بووە،بە رای هیوم گۆڕانکاری ، حوکمڕانەکان بەرەو ئەقڵانیەت و دادپەروەری دەباتبۆیە لە هەندێ دۆخدا هیوم بڕوای بە هەڵگیرسانی شۆڕش هەبووە،بەتایبەت ئەوکاتانەی کە مەترسی دەکەوێتە سەر بەرژەوەندی گشتی و حکومەتیش نەیتوانیوە دادپەروەرییەکە جێبەجێبکات..لە رووی سۆزو عاتیفەشەوە، زۆر حەزی بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ژنان دەکردو شەیدای ئامێزی پڕ لە میهرو گەرمی ژنان بوو. رقی لە ژیانی تەنیایی بوو، تەنانەت حەزوو ئارەووی لەوەدابوو نان خواردنیشی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا بێت و پێکەوە نان بخۆن، نەک بە تەنیا نان بخوات، زۆر قەڵەوو ورگنیش بوو بوو بەهۆی زۆرخۆری و چڵێسی لە خواردندا، بەڵام هزرو فیکری هیوم تا دەهات گەشترو روناکتر دەبووەوە. هیوم

هیوم لەو رووەوە لەگەڵ بێرکلی تەبا بوو، کە بۆ دەستکەوتنی زانیاری زیاتر لە دەرەوەی خۆماندا، دەبێت پشت بە گریمانە ببەستین،چونکە بە بڕوای هیوم مرۆڤ نابێت بە شێوەیەکی رەها دڵنیا بێت لە جیهانێک کە

مادییە یان شتێکی دیکە بێت، بەڵکو پێویستە پشت بە گریمانەو ئەزموون ببەستین،چونکە ئێمە ناتوانین دڵنیاییمان لە پرسیارە راستییەکاندا وەدەستبێنین، بەڵکو باشتر وایە رەفتارمان بەجۆرێک بێت کە دوور بێت لە رەهایی، واتە بڵێین لەوانەیە وابێ، لەوانەیشە وا نەبێت.ئاوەها هیواکان باشتر و پتەوتر دەبن. ئەم گریمانەیە پەلکێشمان دەکات بۆ پرسی بڕواهێنان بە خودا یان بڕواپێ نەهێنانی،هیوم پێیوایە هەموو رووداوێک کە روودەدات، پێشتر رووداوی دیکە روویانداوەو بۆتە هۆی روودانی ئەم رووداوە، ئەم رووداوەش بەدوای خۆیدا رووداوی دیکە دەهێنێت، کەواتا چەندین دۆخی نامۆ و ئاڵۆز دەبینین بە یەکەوە نووساون و هەر وەرچەرخانێک لە یەکێکیاندا، چەندین وەرچەرخان لە ئەوانی دیکەشدا دروستدەکەن، ئەمە وا لە مرۆڤ دەکات، بە سووک و سانایی نەتوانێ پەی بە سەرەتای دروستبوونی رووداوەکان ببات و گرێی سەرەداوەکە بدۆزێتەوە، تا بەدوایدا بچێت.بەڵام ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکات کە بتوانێ لە دەوروبەری خۆی بگات.چونکە ئەقڵی مرۆڤ جیاوازە لە بوونەوەرو گیانەوەرەکانی دیکە، توانای شیکردنەوەو رامانی قووڵی هەیە بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامەکان.بەتایبەت زانایان و فەیلەسووفەکان بە بێ بەدواداچوون بۆ تێگەیشتن لە هۆکارو دەرئەنجامەکان واز لە پرسیارەکە ناهێنن.ئەمەش دوای تێگەیشتن لە پرسیارە واقیعییەکە.بۆنموونە کە شەو دەڕوات رۆژ بە دوایدا دێت، بەڵام نە رۆژ هۆکارە بۆ بوونی شەو نە شەویش هۆکارە بۆ بوونی رۆژ، بەڵکو هۆکارەکەسووڕانەوەی زەوییە بە دەوری خۆردا.واتا خۆر هەر ئەو خۆرەیە کە هەیە بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێک بەسەریدا دروست ببێت، چونکە چەقی جیهانە، بەڵکو گۆڕانەکە لە زەوییە کە لە سووڕانەوەی بەردەوامدایە. بە بڕوای هیوم راستە ئەو دنیایە بە شێوەیەکی رێک و پێک

دامەزراوە، بەڵام چ هێزێکی مەعریفی هەیە بتوانێ بۆمان بسەلمێنێ کە خودا دروستکەری ئەو جیهانەیە، خودایەک تا ئێستا نە کەس بینیویەتی، نە شوێنیشی دیارە، نە هیچ شتێکیشی لەبارەوە دەزانین، نە ئەزموونێکی راستەقینەشمان لەگەڵیدا هەیە. بە بڕوای هیوم لەوەتەی مرۆڤ مێشکی دەجوولێ و بیردەکاتەوە، واهەستدەکەن کە ئاو لە پلەی گەرمی 100 دەکولێ، بەڵام گەرمکردنەکە بەڵگە نییە بۆ کولاندنەکە، کێ دەڵێت ئەگەر هەمان ئاو بۆ جارێکی دیکە ئاوەکە گەرم بکەیتەوە، بەهەمانشێوەی پێشوو لە پلەی 100 دا دەکولێ، بێگومان لەوانەیە جاری دووەم بە جۆرێکی دیکە بێت. یان لە ئەوروپادا هەزاران ساڵە خەڵکی ئەوروپا وایان بینیوە کە قاز تەنیا رەنگیان سپییە، چونکە تەنیا قازی سپی لە ئەوروپادا هەبوون،بەڵام دواتر بینیان لە ئوستورالیا قازی رەش هەبوون، کەواتە ئەو رەهاییە گۆڕا.بە دیوەکەی دیکەدا بوونی تەنیا قازی سپی لە ئەورووپا، مانای ئەوە نەبوو کە تەنیا قازی سپی هەیە، ئوستورالیا ئەوبۆچوونەی بە تەواوی قووچکردەوە کە لە ئەوروپادا دروست بووبوو، .کەواتا نەک تەنیا قازی سپی و رەش لەوانە لە وڵاتانی دیکە قازی سوورو شین و...هتد هەبن. ئەمەوای لە هیوم کردبوو، گومان لە هەموو شتێک بکات و بە رەهایی بڕوا بە هیچ شتێک نەکات، تەنانەت ئەو سیستەمە زل و زەبەلاحانەی کە رێکخراون لای هیوم کەڵکێکی ئەوتۆی نییە، چونکە لە پاڵ هەموو سیستەمێکی باش، لەوانەیە سیستەمێکی دیکەی باشتر هەبێت، لەپاڵ هەر پێشبینییەک هی دیکەش هەیە، بۆیە نابێت بۆچوونەکانمان رەها بن، بەڵکو پێویستە نەرمونیان بن،لەسەرخۆ بن، لێبوردە بن، ئەو هەڵوێستانە تەنانەت لە رەفتاری رۆژانەی هیوم یشدا رەنگیدابۆوە. هیوم بڕوای وابوو، پەیوەندی مرۆڤ بە خودا ناسییەوە، پەیوەندی بە ژیری نییە، واتا مانای ئەوە نییە

ئەوەی بڕوای بە خودا هەیە ژیرەو ئەوەی بڕوایشی پێ نەهێناوە ژیر نییە، بەڵکو پرسەکە بە شێوەیەکی دیکەیە، ڕاستە هیچ کۆمەڵگایەک بێ ئایین نییە، بەڵام ئەوەتا هەر کۆمەڵگایەکیش جۆرێک لە ئایین کە پەیوەند بە خۆیانە هەیانە، واتا ئایینەکان لای مرۆڤەکان جیاوازن، بەو پێیە خوداش تەنیا یەک خودا نییە، چونکە مرۆڤ لە هەر کۆمەڵگایەکدا بە جۆرێک خودا دەناسێت کە لەگەڵ خودا ناسینی کۆمەڵگایەکی دیکە تەواو جیاوازە.بە بڕوای هیوم خودایەک بەو پێیەی پێمان ناسێندراوە، هەم جێگەی سۆزو خۆشەویستی و پشت پێبەستنە، هەم خودایەکیشە کە مایەی ترس و تۆقاندن و گورزوەشێنە، کەواتا نابێ خودایەکمان هەبێ لە یەککاتدا هەردووکیان بێت، لە لایەک ڕازونیازو هیوای دوارۆژمان بێت، لە لایەکی دیکەیشەوە، مایەی ترس و تۆقاندنمان بێت،ئەمە ئەگەر بۆ مرۆڤێکی ئاسایی ، سرووشتی و ئاسایی بن، بێگومان لە بواری فەلسەفەدا، ئەمە گرێکوێرەیەکەو پێویستی بە لێکهەڵوەشانەوە هەیە،چونکە ئەقڵ ئەمە قەبووڵ ناکات.بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا کە مرۆڤ توانای بەکارهێنانی ئەقڵی هەیە، بەڵام ئەقڵیش توانای ئەوەی نییە مرۆڤ بگەیەنێتە کەناری ئارامی و دڵنیایی، هەمیشە ئەو ئەگەرە بەهێزە، کە لەوانەیە ئەقڵ بکەوێتە هەڵەی گەورەوە،هەر ئەوەشە یاسایەکی وەکوو یەک نییە کە مرۆڤەکان وەکوو یەک بڕوایان پێی هەبێت،بەڵکو بە پێچەوانەوە هەر کۆمەڵگایەک بۆ خۆی سیستەمێکی بەڕێوەبردنی بۆخۆی دامەزراندووەو پەیڕەوی لێدەکات.کەواتا نە لای مرۆڤەکان نە لای خوداش سیستەمێک یان یاسایەکی جێگیرو چەسپاو و نەگۆڕ نییە.لە ڕێگای زانین و ئەزموونەوە یاساکان دەگۆڕدرێن بۆئەوەی کە باشترە.ئەم ئەزموونەش لە ئەنجامی پتەوبوونی پەیوەندییەکانەوە سەرهەڵدەدەن.ئەمە وەڵامێکی هەموو ئەو

فەیلەسووفانەش بوو کە پێیانوابوو، هەموو یاساکانی سرووشت بەهۆی ئەقڵەوە بەرهەمهاتوون. راستە ئایینی مەسیحی وای پێوتووین کە ئایین لە سەرووی هەموو شتێکەوەیەو هێزێکی لەبن نەهاتوو باڵای هەیە، بەڵام ئەزموون لەوبارەیەوە شتێکی دیکەمان پێدەڵێت. ئێمە پێویستیمان بەوەیە بە ئەزموون بوونی خودا بسەلمێنین،ئەمەش باشترین و زیندووترین بەڵگەی حاشا هەڵنەگرە، بەڵام ئەوەتا هەموو هێزی دونیاو هەموو ئەقڵی دونیا ناتوانێ بە ئەزموون ئەوە بسەلمێنێت، کەواتە ئەمە جێگای گومانە.هەموو ئەوشتانەی کە ئەزموون ناکرێن، کەواتا ناوەرۆکەکەی پووچەو بەتاڵەو ئەنجامێکی لێ ناکەوێتەوە. هیوم بەهۆی ئەم بڕوابوونەی کە بڕوانەبوونی بوو بە بوونی خودا، هەنگاوێکی زۆر کاریگەرو گەورەی نا ئەویش ئەوەبوو میتافیزیکی خستە لێژییەوەو، شوێنەکەی پێ لەق کرد.چونکە بە بڕوای هیوم هەر شتێک کە نەتوانرا ئەزموون بکرێ کەواتا نە بەهایەکی هەیەو نەراستیشە، ئەم بۆچوونەی لە کۆتایی نووسینێکیدا کە بەناوی پەیامێک دەربارەی سرووشتی مرۆڤ بوو نووسیویەتی: لە کتێبخانەیەکدا کتێبێک بەدەستەوە دەگرین، دەربارەی ئایین یان میتافیزیک یان زانستی بوونی خودایە،پێویستە ئەو پرسیارە بکەین، ئایا ئەو کتێبەی بە دەستمانەوەیەئەنجامێکی تێروپڕی لەبارەی چەندایەتی یان لەبارەی ژمارەوەتێدایە،یان ئایا لەبارەی راستیی بوون ئەنجامێکی پشتئەستووری بە پشتبەستن بە ئەزموون و شارەزایی لێکەوتۆتەوە، ئەگەر وەڵامەکان بە نێخێر بوو، کەواتا وا باشترە ئەو کتێبە فرێبدەیتە ناو ئاگردانێکەوە. چونکە بە بڕوای هیوم راستی دەبێ بەم دوو خاڵەی خوارەوە دەربکەوێ یان بسەلمێندرێ، یەکەمیان بە رێگای شیکاری بێت، وەک چۆن ئەوەی لە زانستەکانی ماتماتیک و ئەندازەدا هەن و راستیەکانیشی بە رێگای

شیکردنەوە سەلمێندراون،هەڵبەت هیچ شتێکی نوێ تایبەت بە دەوروبەر یان پابەندبوون بە شوێن نادەن بە دەستەوە، یان ئەوەتا بابەتی زانستی دیکەی وەک فیزیا بۆنموونە بۆ سەلماندنی راستی و چەوتییەکان پێوەری تایبەت بەو زانستە هەیەو هیچ گومانێکیش هەڵناگرن، بەدەر لەم دوو راستییە هەموو شتەکانی دیکە هیچ گرنگییەکی زانستیان نییەو پێویستە لە کتێبخانەکاندا نەهێڵدرێن.

هەر بە بڕوای هیوم ئەقڵ کۆیلەی خواست و ئارەزووەکانمانە، مەبەستی هیوم لەمەدا ئەوەیە،زۆر جار مرۆڤ کاتێک کارێک دەکات، مەرج نییە لە تێگەیشتنی تەواوییەوە بووبێت، بەڵکو لەوانەیە ئارەزووەکانی پەلکێشیان کردبێت بۆ ئەم کارە.ئایا ئاشق بوون، یان چێژوەرگرتن لە مۆسیقا، یان تێرکردنی ئارەزووەکانمان، بەتایبەت کاتێک نانخواردنێک کە حەزمان دەچیتێ، ئایا ئەوانە بەهۆی تێگەیشتنمانەوەیە، یان بە هۆی حەزو ئارەزووەکانمانەوەیە، بێگومان حەزەکانمانە وامان لێدەکان بۆی بچین و چێژیان لێوەربگرین، دواتر ئەقڵ بەدوایدا دێت. مەرجیش نییە ئەو شتانەی حەزمان بۆی دەچێت لەبەر ئەوە بووبێت کە سوودی زۆرە یان لە مردن دەمانپارێزێت بۆیە حەزمان بۆیدەچێت، بە پێچەوانەوە هەندێکجار حەزمان دەچێتە هەندێک شت کە ئەقڵ رەتیکردۆتەوە، چونکە دەزانرێ کە زیانبەخشەو لەوانەشە ببێتە هۆی مردنی ئەو کەسە، بەڵام دەستبەرداری نابێت، حەزی لێیەتی ، ئیتر ئەقڵ دەبێتە کۆیلەی حەزو ئارەزووەکانی.

هیوم پیاوێک بوو بە پیاوە بێ دینەکە ناسرابوو، تا ئەو رۆژەی مرد، بڕوای بە بوونی خودا نەهێناو ئایینیشی رەتدەکردەوە،لەناو خەڵک بە گشتی بەهۆی بێ دینییەکەی خۆشەویست نەبوو، بەڵام لە رۆژی مردنیدا، خەڵکێکی یەکجار زۆر بەو هەواڵە حەپەسان و وەئاگا هاتنەوە. هیوم

فەلسەفەیەکی لە دوای خۆی بەجێهێشت، فەیلەسووفێکی وەکوو کانت دەیوت هیوم منی لە خەوێکی قووڵ وەئاگا هێنا، نیچەی فەیلەسووف بڕوای وابوو، کە یەک لاپەڕە لە نووسینەکانی هیوم بەقەد هەموو کتێبە زلەکانی هیگڵ مانادارە.لەگەڵ ژان ژاک رۆسۆشدا، ژیاوە، بەڵام رۆسۆ متمانەی بە هیوم نەبوو، چونکە بە بڕوای رۆسۆ هیوم پیاوی دەوڵەتەو دوور نییە سیخوڕی بەسەرەوە بکات، بۆیە رۆسۆ هەمیشە خۆی لێدەشاردەوە، بەتایبەت ئەوکاتەی رۆسۆ لە ئینگلتەرا بوو، بەڵام ئەوکات رۆسۆ تووشی نەخۆشی دەروونی هاتبوو، چونکە لە دوای نووسینی کتێبی ئێمیل بەردەوام رووبەڕووی ئازاری دەروونی دەبووەوە تا وایلێهات نەخۆشی دەروونی تێکەڵ بە بیرکردنەوەکانی ببوو.. بە گشتی هیوم توانی بە توندی گوشاری گومانکارانە بخاتە سەر ئەقڵ، واتا هیوم ئەو بنەما سایکۆلۆژییەی هەڵتەکاند کە هەندێک لە هزرڤانان تیۆری مافی سرووشتی و پەیمانی کۆمەڵایەتییان بەیەکەوە گرێدەدا، هیوم بە جۆرێکی دیکە پێیوایە ئەگەر حکومەتێک بەردەوامبوو لە ملهوڕی و گوێی بە داخوازی خەڵک نەدا، ئەوکاتە نۆرەی راپەڕین و خەبات دێت.

**ئیمانۆییل کانت**(1724/4/22-1804/2/12)

کانت له شاره دێی (کۆنگسنبێرگ)ی پایتەختی پروسیای ئەوکات، که دەکەوێته سنووری باکووری رۆژهەڵاتی ئەڵمانیا سەر دەریای بەڵتیک له دایک و باوکێکی کەمدەرامەت لەدایکبووە، ئەوکات ژمارەی دانیشتوانی (کۆنگسنبێرگ) نزیکەی پەنجا هەزار کەس بووە،کانت پیاوێکی لەڕو لاوازی کەمێک پشت چەماوەی بەژن و باڵا کورت که به حاڵ مەترونیوێک بوو، له کاتێکیشدا چاویکردەوە،شۆڕشی گەورەی فەڕەنساو مەیله داگیرکارییەکانی ناپلیۆنی بەچاوی خۆیدەبینی.باوکی بەرەچەڵەک ئوسکوتلەنداییە،واتا لەکۆتایی سەدەی هەڤدەوە ئوسکوتلەندایان بەجێهێشتووە، سەدەیەک بەر لەدایکبوونی کانت له پروسیا نیشتەجێبوونه. دایکی زۆرترین کاریگەری بەسەرەوە هەبوو، تەنانەت پرسی ئایین و له خوا ترساندن و ..هتد له دەروونی کانت چاندبوو.بەگشتی له خانەوادەیەکی ئایینی چاوی کردبووەوەو کاریگەری بەسەر کانت دروستکردبوو. بۆیه کانت گرنگی به گەوهەره رۆحی و ئەخلاقییه بەرزو باڵاکان دەدا نەک رووکەش و رووخساره نمایشه دەرەکییەکان. کانت دایکی خۆی زۆر خۆشویستووەو وتویەتی: من ئەوکەسەم بیر ناچێ که پەروەردەی کردووم و زۆر میهرەبان و بەسۆز بوو، تۆوی چاکەی له دڵ و دەروونما چاندووە.

باوکی کانت پیشەی زین فرۆشی و دروستکردنی قامچی چەرمین بوو. کانت لە خێزانەکەیدا چوارەمین منداڵ بووە لە نێو ئەو یازدە منداڵەی کە هەیانبووە.بەو دەرامەتە کەمەوە ژیانیان سەخت بووە،دوو لە خووشکەکانی کانت لەبەر هەژاری پەنایان بردۆتە بەر خزمەتکاری و شوویان بە دوو پیشەگەر کرد، برایەکیشی بوو بە قەشەو خووشکێکی دیکەیشی بە گەنجێتی مرد. کانت کەسێکی گەڕیدە نەبووەو زیاتر ژیانی ئاسایی خۆی لەناو کۆنگسنبێرگ بردۆتە سەرو لەو شارە دوور نەکەوتۆتەوە تەنانەت بۆ گەشت و گوزاریش نەچووەتە دەرەوەی کۆنگسنبێرگ، حەزی بە ئارامی و سەقامگیری کردووە، تەنانەت سەردانی بۆ بەرلینیش نەکردووە، گوایا هەر بەهۆی سەرقاڵبوونی بە فەلسەفەوە بووە کە هاوسەرگیریشی نەکردووەو تا مردنیشی کە (80)ساڵی خایاندووە، هەر ژیانی تەنیایی هەڵبژاردووە. چونکە کانت پێیوابوو مرۆڤ ناتوانێ لە یەک کاتدا دوو کاری گەورە بکات، بۆیە هەر دەبێت یەکێکیان بە قوربانی ئەویدیکەیان بکات.

کانت هەر لە منداڵییەوە قوتابیەکی زیرەک بووە، بەڵام جەستەیەکی لاوازی هەبووە، ئاشنایەتییەکی باشی لەگەڵ ئاینی مەسیحی پڕۆتستانتی هەبووە بەتایبەت بزووتنەوەی لۆتەری لەوکاتەدا. هەشت ساڵ لە قوتابخانەی فردریک خوێندوویەتی کەهەفتەی شەش ڕۆژ و ڕۆژانەش لە کاتژمێر (7)بەیانی تا (4)ی ئێوارە سەرقاڵی خوێندنی لاتینی یۆنانی عیبری فەرەنسی بووە لەگەڵ ماتماتیک و لاهوتدا. هەر زوو سەرقاڵی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی (جۆن لۆک)و(دیڤید هیوم)بووە، ئەم دوو فەیلەسووفە چرایەکیان بە بیرکردنەوەی کانت هەڵگیرساندبوو، کە بتوانێ حەقیقەت باشتر بناسێ و ئەم دوو کەسە توانیان کانت بخەنە نێو دونیای

بیرکردنەوە لە حەقیقەت و گەیشتن پێی. کانت خۆیدەڵێت: دیڤید هیوم منی لە خەوێکی قووڵ وەئاگا هێنایەوە. هەر وەک چۆن دیکارت (ماڵبرانش)ی لە خەوێکی ئەبەدی راچڵەکاندو دونیایەکی نوێیتری پێبەخشی.

کانت لە پێناو بژێوی ژیانیدا دوای ماوەیەک لە کۆلیژی( Collegium Fredericianum) و دواتریش بۆ ماوەی شەش(6)ساڵ لە زانکۆی(کۆنگسنبێرگ)وانەی فیزیاو بیرکاری و فەلسەفەو خوداناسی خوێندووە، پاشان بۆ بژێوی ژیانی بۆ ماوەی نۆ(9)ساڵ بووەتە مامۆستای ماڵەوەی هەندێک لە منداڵە دەوڵەمەندەکان، دواتر وەک مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆی(کۆنگسنبێرگ) بۆ وانە وتنەوەی میتافیزیک و لۆژیک دامەزراوە.

لۆک کە دەیوت مرۆڤ کاتێ لەدایکدەبێت زهنی ئەو منداڵە تابلۆیەکی سادەو ساکارەو هیچی تێدا نییە، بەڵکو بەهۆی ئەزموونەکانمانەوەیە ئیتر ئەو تابلۆیە هیچ لێ نەنووسراوە پڕ دەکرێتەوە، واتا بە هۆی ئەزموونەوە زانیارییەکانمان وەدەستدەهێنین. لێرەوە بوو کانت کەوتە پرسیارکردنی ئەوەی ئێ باشە ئەگەر ئەو بۆچوونەی لۆک وابێت کە بەهۆی ئەزموونەوە زانیارییەکان وەربگرین، ئەی ئەوکاتە هەستی مرۆڤانە و ئەقڵی مرۆڤ چ رۆڵێکی هەیە، ئەی بە هۆی تێگەیشتنی غەریزییانەوە نییە کە دەزانین حەق لە ناهەقی باڵاترە. دیڤید هیومیش بە هەمانشێوەی لۆک پێیوایە ئەقڵ پێویستە بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوەوە چونکە بەهۆی ئەزموونەوە دەتوانین بگەین بە زۆر ئەنجام.ئەم دوو فەیلەسووفەو دواتریش جان جاک رۆسۆ وایان لە کانت کرد کە بە تەواوی نقومی ناو جیهانی بیرکردنەوەو توانای ئەقڵی بکەن ، بۆیە تا تەمەنی نەگەیشتە (57)ساڵی

شتێکی وەهای نەنووسی کە وەرچەرخانێک نیشان بدات. بەڵام پێش ئەوەی بێینە سەر داهێنانە مەزنەکەی کانت، با بزانین کانت ژیانەکەی چۆن بوو، چونکە تەمەنی کانت (13)ساڵ بوو کە دایکی دەمرێ،لە تەمەنی (21)ساڵیشیدا دەبێت کە باوکی دەمرێ.بۆیە بۆ بژێوی ژیانی توانای زیاتر خوێندنی نابێ بەڵکو دەبێتە مامۆستا وانەی تایبەت بەو مندالآنە دەڵێتەوە کە ئاستی بژێویان بەرزە. دواتر چووە ناو دونیای ئەخلاق و ئایین و سیاسەت، بەڵام لەناو ئەو خێزانە سادەو ساکارەیدا فێری نەبوو، بەڵکو کانت هەمیشە بەدوای لێکدانەوەی مەعریفیانە بووە بۆ سرووشت و ئاکارو ئایین و سیاسەت و..هتد کە هەمووشیان لەناو بازنەی ئەقڵدا وەرسووڕاونەتەوە.چونکە کانت یەکێک بووە لەو قوتابیانەی کە هەمیشە بە زیرەکی خۆی سەرنجی مامۆستاکانی بۆ لای خۆی راکێشاوە.ساڵی 1770 پاشا فریدریکی دووەم کانت ی وەک مامۆستای لۆژیک و میتافیزیکا لە زانکۆی کۆنگسنبێرگ دامەزراند، ئەم قۆناخە بۆ کانت زۆر گرنگ بوو چونکە بە قۆناخی پەرەسەندنی فیکری کانت دادەنرێ و تا رادەیەکی باشیش رزگاری بوو لە ژێر ئەو کارتێکردن و کاریگەریی فیکری و فەلسەفیانەی پێشتر لەسەری هەبوون.تەنانەت کەوتە رەتکردنەوەی ئەو بیرو فەلسەفەیەی کە پێشتر پێی کاریگەر بوون.

کانت و فەلسەفە

سەدەی 17 و 18 دوو سەدەی زۆر گرنگن لە مێژووی ئەورووپا،لە لایەک سیستەمی دەرەبەگی بە تەواوی ریشەکێشکراو لەگەڵیدا سیستەمی سەرمایەداری خۆی جێگیرکرد، لە لایەکی دیکەیشەوە فەلسەفە وردە وردە هەنگاوی بەرەو سەربەخۆیی دەناو لەو تێکەڵ و پێکەڵییە خۆی جیادەکردەوە کە بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست ئایینی کڵێسای

مەسیحی،فەلسەفەی گۆشەگیر کردبوو،زانستیش پێگومان بە هەمان دەردەوە چووبوو، تا گالیلۆو کۆپەرنیکۆس وردە وردە ئەوانیش شۆڕشێکی زانستیان هەڵکرد.

کاتێک کانت چاوی کردەوە، بینی فەلسەفەی رۆژئاوا جۆرە پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە دیوە، بە تایبەت لە لای (بیکون)و (دیکارت) کە بریتی بوون لە دوو ئاراستەی بنچینەیی و سەرەکی، یەکەمیان ئاراستەی ئەزموونگەرایی بوو، ئەزموونگەرایی وەک میتۆدێک بۆ زانستی سرووشتی،ئەم رەوتە بە (بیکون) دەستی پێکرد کە سوودی لە هەریەک لە (تۆماس هۆبز)و (جۆن لۆک)و ( دیڤید هیوم)و هەندێکی دیکەش لە فەیلەسووفانی ئینگلیز وەرگرتبوو، ئاراستەکەی تر ، ئاراستەیەکی ئەقڵی بوو کە (دیکارت)بنەماو بنچینەی بۆ داناو چەندین قوتابی دیکەی گەشەیان پێداو پێشیانخست، نموونەی (مالبرانش) و (ئیسپینوزا) و (لیبنتز)و چەندانی دیکە. وێڕای هەموو جیاوازی و ناکۆکییەکی نێوان ئەو دوو رەوت و ئەو دوو ئاراستەیەی هەبوو، بەڵام هەردوو ئاراستە فەلسەفییەکە خاڵێکی هاوبەشیان بەخۆوە گرتبوو، ئەویش ئەوەبوو تەواوی فەیلەسووفانی سەدەی حەڤدەو هەژدە شانازیان بە (بەهای ئەقڵ)و (بەهای زانست)دەکردو بڕواو باوەڕیشیان بە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی هەبوو، ئەو پێشکەوتنە مرۆییەی کە بەسترابۆوە بە ئاستی پێشکەوتنی ئەقڵ و زانست. بۆیە کاتێک کانت دەستی بە رەخنە کرد، زانی هێشتا فەلسەفەی ئەقڵانییەت کە لەلایەن دیکارت و لایبنتس خراونەتە روو،هێشتا جۆرە میتافیزێکیان خستۆتە روو کە تارمایی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستی بەسەرەوەیەو هێشتا تەپوتۆزی لاهوتی کڵێسای لێنەتەکیوەو پێویستی بە جوولەپێکردن هەیە. هەروەها داڤید هیوم و لۆک و بێرکلی کە بە قوتابخانەی

ئەزموونگەرایی ئینگلیز ناودەبردرێ، کاریگەری بەسەر کانتەوە هەبوو، بەتایبەتیش (هیوم) کە زۆر کاریگەری بەسەر کانت دروستکردبوو.لە پاڵ ئەمانەشەوە رۆشنگەری فەرەنسی و جیاوازی لە بیروبۆچوون بەرامبەر ئاکارو ئایین، بەتایبەت(جان جاک رۆسۆ) کاریگەری لەسەر کانت بە جۆرێک دروستدەکات، کە ئیتر کانت پرسی ئەقڵ بە شێوەیەکی قووڵ داڕێژێتەوەو میتافیزکاکەی لەبارەی ئازادی و نەمریی و خوداوەندەوە بە فەلسەفەیەکی قووڵەوە بە جۆرێک بنووسێتەوە، فەلسەفەکەی کانت بریتییە لە فەلسەفەیەکی هەویر ئاسا کە هەموو فەلسەفەکانی هۆبزو دیکارت و لۆک و هیوم و لایبنتس و رۆسۆو ڤۆلتێرو..و...و ..تێکەڵ بە یەکدی کردوو ئەم فەلسەفەیە نوێیەی لێ دروستکرد کە ماوەی دووسەد ساڵە فەلسەفەکەی گرنگی خۆی لە دەست نەداوەو هەر زیندووە، ئەوا دووسەد ساڵ زیاترە کانت کۆچی یەکجاری کردووە، بەڵام دەیان فەیلەسووفی مەزنی جیهانی خۆیان بە قوتابی کانت ناساندووە، تەنانەت ئەمڕۆش فەیلەسووفێکی وەکوو هابرماس زۆر لە تۆژەران بە کانت ی نوێی ناودەبەن. تەنانەت دەتوانین بڵێین کانت بێ رکابەرە،لە ئەقڵانیەتی رۆشنگەری، نیتشە ش بەهەمانشێوە بێ رکابەرە لە نائەقڵانییەتدا.بە واتایەکی دیکە کانت کە بیریکردەوە، دوو قوتابخانەی فیکری پێکناکۆک هەبوون، یەکێکیان بڕوای وابوو کە ئەقڵی میتافیزیکی دەتوانێت لە هەموو شتەکات تێبگات و توانای وەڵامدانەوەی هەموو پرسیارەکانیشی هەیە، واتا هیچ شتێک لە توانای ئەقڵ بەدەر نییەو ئەقڵ خۆی کەمالە، ئەم بیروبۆچوونە فیکری و فەلسەفییە لای (وۆلف) کە قوتابی (لایبنتز)بوو، بە روونی خۆی نیشاندا.بەڵام ئەویتریان بریتی بوو لە گومان، واتا بڕوای وابوو کە ئەقڵ و زانست نەیانتوانیوە بگەن بەراستییە یەکلاکەرەوەکان،

چونکە سنووری ئەقڵ لەهەندێک پرسیاردا سنووردار یان گومانکراوە، ئەم رەوتە فەلسەفییە (داڤید هیوم)ی ئینگلیز رابەرایەتی دەکرد. بەشێکی زۆر لە تۆژەرەوان دەڵێن (داڤید هیوم) توانی کانت لە گەرمەی خەودا وەئاگا بێنێتەوە،کانت خۆیشی دەڵێت من کەوتبوومە ناو خەوێکی قووڵەوە داڤید هیوم وەئاگای هێنام. بەڵام مەزنی کانت لەوەدابوو، فەلسەفەی لە دەستی دۆگمایی و گومانکردن رزگارکردوو لەسەر بنەما زانستییەکەی نیوتن دایمەزراندەوە. هەر بۆیەشە تۆژەران پێیانوایە ئەگەر نیوتن نەبوایە کانت یش نەدەبوو.بە کورتی فەلسەفەی کانت لە بەرامبەر هەردوو رێبازی گومانی و ماتریالی هاتە ئاراوە. کانت هات سنووری ئەقڵی دیاریکردو ئاشکرایکرد کە ئەقڵ هەموو شتێک نازانێت. ئەقڵ تەنیا لەو شتانە دەگات کە ملکەچی هۆو هۆکارن، نیوتن توانی پەی بەو یاسایانە ببات و بیاندۆزێتەوە کە فەرمان بەسەر دیاردەکانی سروشت دەکەن، بەڵام ئەقڵ نەیتوانیوە بگاتە جیهانی میتافیزیکا. ئەمە لە کاتێکدا پێشتر فەیلەسوفەکان بەتایبەت (لایبنتز) دەیوت ئەقڵ بە تێپەڕاندنی مادەو هەستپێکراوەکان دەتوانێت بگاتە حەقیقەتە رەهاکان، بەڵام کانت ئەم بۆچوونە فیکرییەی هەڵوەشاندەوەووتی ئەقڵ بەرامبەر بە بوونی خوداو دەستەوەستانە، بەڵکو ئەوەی دەتوانین پێیبگەین ئەو راستییەیە کە باوەڕمان بە بوونی خوداو بە نەمرییەکەی هەیە.چونکە کاتێک سنووری ئەقڵ و زانست کۆتایی دێت ئەوا سنووری باوەڕ دەستپێدەکات.

دەوڵەمەندی فەلسەفەی کانت کە توانیویەتی سوودی تەواو لە هەموو فەلسەفەکانی پێش خۆی وەربگرێت، ئیتر فەلسەفەیەکی وەهای پێبەخشیوە وەک (پاول رە) دەڵێت: ئەگەر بەرهەمەکانی کانت بخوێنیتەوە تێدەگەیت کە تۆ وا لە بازاڕێکدای خاوەنی بازاڕەکە زۆر زۆرزانە، تۆ

هەرچییەکی داوا لێدەکەیت لای دەستدەکەوێت، ماتماتیک و جەبر، توانای هەڵبژاردنەکان، ئایدیالیزم و هاودژەکەی،خودا پەرستی و خودا نەناسیشت لێی دەستدەکەوێت. تا دەڵێت کانت  لە شێوەی جادوگەرەکاندایە لە بەرامبەر ئەبلەقبووی چاوی تەماشاکەراندا، لە بن کڵاوەکەی سەری، هەموو شتێکی حەشارداوە، خودا ناسی و خودا نەناسی، مانەوەی خۆرو توانای هەڵبژاردن و هەموو شتێک لە بن کڵاوەکەیدا هەیە. بۆیە ئەوانەی میسالین و ئەوانەی میسالیش نین کانت بە گەورە فەیلەسووفی خۆیان دەزانن.چونکە فەیلەسووفانی مادی و عەلمانی نوێ پێیانوایە کانت خودای لە هزری خۆیدا کوشتووە، تەنیا لەناو دڵی خۆیدا هێشتوویەتییەوە.

کانت دەیزانی بۆچی ناوی کتێبە هەرە بەناوبانگەکەی خۆی ناودەنێ (نقد العقل الخالص – رەخنە لە ئەقڵی پەتی)،مەبەستی کانت لە ( العقل الخالص - ئەقڵی پەتی)ئەوەبو، کە پەنا بۆ هیچ ئەزموون و تاقیکردنەوەیەک نەبەیت، بەڵکو تەنیا پشت بە ئەقڵی خۆت ببەستیت، چونکە پێشتر هەموو ئەقڵەکان هەموو بیرکردنەوەو زانینێکیان لەسەر ئەزموون و تاقیکردنەوەی رابردوو بوو، بەڵام ئەقڵی پەتی، ئەوەیە کە هیچ پشت بەو ئەزموونانەی رابردوو نابەستێت و تەنیا بەهۆی ئەقڵی خۆیەوە داهێنانەکە دەخولقێنێت.ئەم میتۆدەی کانت بە (میتۆدی باڵا- الترنسندنتالی- Transcendentale ) ناودەبردرێ.

کانت ئەم کتێبەی لە تەمەنی (57) ساڵی نووسیوە، کە پێشتر مامۆستای زانکۆی کۆنیکسبێرک بوو، کەس لەو بڕوایەدا نەبوو کانت بەو جەستە لاوازو بەو دەنگە هێمن و لەسەرەخۆیەو بەو پشت چەماوەییەوە خاوەنی ئەو ئەقڵە گەورەیە کە هەموو مێژووی فیکری رۆژئاوا دەگۆڕێت، تەنانەت قوتابیانیشی ئەوەندە پێی شاد نەدەبوون، چونکە پێیانوابوو کانت

وشەر زۆر قورس بۆ وانەکانی بەکاردەهێنێت و قوتابیان باش لێی حاڵی نابن و زۆرجاریش لە وەڵامی پرسیارەکانیدا زوو کۆتایی پێدێنێت و لە کورتی دەبڕێتەوە. بۆچوونی کانت یش ئەوە بوو کە پێویستە زیاتر گرنگی بەو قوتابیانە بدرێت کە ئاستی زیرەکیان مامناوەندییە، چونکە ئەوانەی زۆر زیرەکن ئەوان هەرچۆنێک بێت دەتوانن بە زیرەکی بمێننەوەو دەتوانن رێگای خۆیان بدۆزنەوە، بەڵام ئەوانەی مامناوەندین پێویستە تواناکانیان پێش بخەین و گەشەی پێبدەین تا ئەوانیش بگەن بە ئاستی زیرەکی، بەڵام ئەو قوتابیانەی کە زۆر تەمبەڵن، زەحمەتە بتوانیت بیانگەیەنیتە قۆناخی زیرەکی بۆیە خۆ ماندووکردن لەگەڵ ئەو قوتابیانە بێ سوودە.

## فەلسەفەی کانت

### 1- کانت و رەخنەگرتن

لە کۆی فەلسەفەی کانت خاڵێکی گرنگ بەدیدەکرێ کە رەخنەگرتنە، کانت بۆ ئەوەی ئەم زاراوەیەی رەخنە بە تەواوی بە گوێچکەی هەموو کەسێکدا بدا، دڵی تەنیا بە رەخنەکان ئاوی نەخواردۆتەوە، بەڵکو ناوی کتێبەکانیشی هەر بە رەخنە دەستپێدەکات. بۆنموونە (نقد العقل الخالص)، (نقد العقل العملي)، (نقد ملكة الحكم)ئەم کتێبانە جگە لەوەی رەخنەیین بەڵکو لەماوەی دوو سەدەی رابردووشدا بە گرنگترین و مەزنترین کتێبی فەلسەفی دادەنرێن.ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت هیچ فیکرو فەلسەفەو زانستێک بە بێ رەخنە دروست نابێت و دەبێتە زانست و فەلسەفەیەکی موحافەزەکارو توانای داهێنانی سنووردارو دیاریکراو دەبێت. بۆیە رەخنە ئامرازێکی بنەڕەتییە لە فەلسەفەدا. بۆیە کانت دەیوت سەردەمی ئێستامان

سەردەمی رەخنە گرتنەو وا پێویستدەکات هەموو شتێک بگرێتەوە، تەنانەت ئایین و یاساش، ئایین بەهۆی پاکیزەییەکەی و یاساش بە هۆی شکۆمەندییەکەی.دوای کانت چەندین فەیلەسووفی دیکە ناوی کتێبەکانیان بە رەخنە دەستیپێدەکرد، هەر لە سارتەر تا ریجیس دۆبریەو تا محەمەد ئارگۆن و محەمەد عابد جابری و چەندین هزرڤانی دیکەی عەرەب.

کانت کە قسەی لەسەر رەخنەگرتن مانای ئەوە نەبووە رەخنە لە کتێب و مەزهەبەکان دەگرێت، بەڵکو کانت رەخنەی لە تواناکانی ئەقڵ گرتووە، واتا مەبەستی بریندارکردن و هێرشی بێ بنەما لە پێناو رووخاندن نەبووە،بەڵکو کانت هاتووە فەلسەفەکانی پێش خۆی وردکردۆتەوەو بە دیدو گیانێکی رەخنەگرانەوە لێیکۆڵیوەتەوە، لەبەر ئەوەیە دەوترێ (دیکارت) تا رادەیەک موحافەزەکار بووە، بەڵام (کانت) سنووری ئەو موحافەزەکارییەی شکاندو بە سەرەتای مۆدێرنەو بە سەرەتای فەلسەفەی ئەقلانییەت دادەنرێ.چونکە کانت موحافەزەکار نەبوو لە فیکردا بەڵکو دەیویست لۆژیکی ئەقڵ ئەوەبوو میانرەو و واقیعبین بێت، بۆیە کاتێ ئەو پرسیارەی دەکرد: ئەوە چییە کە دەبێ بیزانم؟ دەیویست ئەوەمان پێ بڵێت مرۆڤ هەرچەندە زاناو داناش بێت، بەڵام گەوهەری دیاردەکان ئەوەندە ئاڵۆزن لە سنووری تێگەیشتنی ئەقڵی مرۆڤ بەدەرە،لێرەوەیە کە کانت بێتوانایی ئەقڵ دەخاتە روو.

کانت بە هەمانشێوەی سوکرات و دیکارت تووشی گرفتی زانیاری بوو بوو،کەسێکی دۆگم و چەقبەستوو لە هزرو بیرکردنەوە نەبوو، بۆیە پێشوەختەش هیچ بڕیارێکی نەداوە، بەڵکو لەگەڵ ئەزموونەکانیدا هزرو بڕیارەکان گەشەیانکردووە،نموونەی سوکرات مان وەبیر دەهێنێتەوە، بۆنموونە کاتێک سوکرات دەیوت تەنها یەک شت دەزانم، ئەویش ئەوەیە کە

هیچ نازانم.واتا سوکرات ئامادە نەبوو بڕیاری پێشوەختە بدات، ئامادە نەبوو پێشئەوەی هەموو لایەنەکانی بابەتەکە تاوتوێبکات، بڕیارێک لە بارەی ئەو بابەتەوە دەربکات یان بابەتەکە پەسند بکات. کتێبی (رەخنە لە ئەقڵی پەتی)نموونەیەکە لەو رەخنە گرتنانەی ئەقڵ،رەخنە گرتن لە ئەقڵ لای کانت کەمکردنەوە نییە لە بەهای ئەقڵ، بەڵکو دیاریکردن و زانینی سنوورەکانی ئەقڵە، چونکە تەنیا ئەقڵی دۆگماو کوێرەوەری ئەقڵە بە بێ پێداچوونەوەو وردبینییەک متمانە بەخۆی دەکات. کانت نایەوێ کوێرانە متمانە بەخۆی بکات، خۆی لە ئاستی دۆگمایی ئەقڵ تەنانەت خۆی لە ئاستی سنووردارکردنی ئەقڵ گێل بکات، ئەم رەوتە فیکرییە جۆرە رەوتێکی ئایدیۆلۆژی کۆنکریتین وادەزانن کە حەقیقەتی رەها تەنیا لای ئەوانەو هیچ گوێ بە راو بۆچوونەکەی بەرامبەر نادەن.

بە کورتی ئەقڵی رەخنەیی کوێرانە شتەکان پەسند ناکات و پێیان رازی نابێت، کانت خۆیشی ئارەزووی لەگەڵ رۆشنگەریی بوو، رقی لە چەقبەستوویی ئەقڵ و دۆگمایی بوو،چونکە کانت لەو بڕوایەدا بوو، ئەقڵی دۆگمایی جگە لە زیان و زەرەر هیچ سوودێکی نییە،وەک چۆن دیکارت لە کتێبی (چەند وتارێک لەبارەی میتۆد)ەوە دەیوت: جیاکردنەوەی راست لە هەڵە لە کارەکانمدا ئارامییەکی زۆرم پێدەبەخشێت. کانت یش دەیوت: پێویستە قوتاب بۆ فێربوون و وەرگرتنی فیکرە ئامادەکراوەکان نەڕۆنە قەتابخانە، بەڵکو فێربن کە چۆن بیربکەنەوەو هەڵسوکەوت بکەن.

ئەو بۆچوونەی سوکرات رەنگرێژی کردو دیکارت بە گومانەکانی بە دوای دۆزینەوەی راستییەکانیدا ماندوو بوو، کانت هات ئاسۆیەکی گەورەو پڕ لە تیشکی خولقاندو پێی وتین نابێت تەنیا بە تەلقین خۆمان را بهێنین و ئیکتیفا بەو مەعریفەیە بکەین کە بەهۆی تەلقینەوە پێمان گەیشتووە،

بەڵكو ئیتر كاتی ئەوە هاتووە مرۆڤ لەسەر بیركردنەوەی سەربەخۆیی خۆی رابهێندرێ و پەروەردە بكرێ،چونكە ئەقڵی دۆگماو چەقبەستوو لە تەلقینەوە سەرچاوە دەگرێ. هەموو ئەو بیركردنەوە نوێیانەو ئەو پێشكەوتنە مەزنانەی لە كۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەدەستهاتوون، لە ئەنجامی رەخنەی ئەقڵانییەوە بووە.

كانت لە تەمەنی 57 ساڵیدا واتا لە ساڵی 1781 توانی كتێبی رەخنە لە ئەقڵی پەتی بنووسێ، كە ئەم كتێبە وەرچەرخان و دابڕانێكی ئەپستمۆلۆژی بوو لە هەموو فەلسەفەكانی پێش خۆی، رەخنە لە ئەقڵی پەتی لە بنەڕەتدا رەخنە بوو لە بنەماكانی زانست. بەڵام سەرهەڵدان و نەشونمای بیرۆكەی رەخنە لای كانت لە ساڵی 1769 وە دەستپێدەكات ، بەڵام دوای نزیكەی 12 ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی دروستبوونی ئەو بیرۆكەیە ئینجا توانی كتێبی رەخنە لە ئەقڵی پەتی(رەخنە لە پرەنسیپەكانی زانست) بنووسێ. دوای پێنج ساڵ لە كۆتاییهاتنی شەڕی سەربەخۆیی ئەمریكا، ئەمجارەیان كانت كتێبی (رەخنە لە ئەقڵی كردارەكی) نووسی كە تەنیا یەک ساڵ مابوو شۆڕشی گەورەی فەڕەنسی بەرپا ببێت،واتا ئەم كتێبەی ساڵی 1788 نووسی، دوای یەک ساڵ لە بەرپابوونی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسی ئەمجارەیان كانت كتێبی(نقد ملكة الحكم)ی نووسی كە بۆ ساڵی 1790 دەگەڕێتەوە، كە ئەم سێ كتێبە گرنگترین و بەناوبانگترین كتێبەكانی كانت ن.كتێبی رەخنە لە ئەقڵی كردارەكی هەوڵیداوە چارەسەری كێشەی ئازادی و یاسای گشتگیری ئەخلاق و ئەو بابەتانەی كە دەنگدانەوەیەكی سیاسی قووڵ لەوكاتدا لە ئەوروپاو ئەمریكا دروستكردبوو، كانت لێیان دواوەو چارەسەری بۆ دۆزیوەتەوە، بە پێچەوانەی كتێبی رەخنە لە ئەقڵی پەتی. ئەم دوو كتێبە

پێک ناکۆکن و دوو ئاراستەی فیکرییان بە خۆوە گرتووە، بەڵام لە کۆی هەردوو کتێبەکەدا هەستدەکەیت جیاوازییەکان لە بیرکردنەوەی کانت چ پێشکەوتنێکی گەورەیان بە خۆیەوە بینیوە. کانت لە کتێبی دووەمیدا رەخنە لە ئەقڵی کردارەکی رەهەندە ئایینییەکانی لەبیر نەکردووە، بە تایبەت جەختکردنەوەی لە بارەی یاساکانی ئیلاهییەوە، بۆیە هەندێکجار کانت بە فەیلەسووفێکی موحافەزەکار لەسەر مەیلی گومانکەرایی رەخنە گەریی ناوزەد دەکرێت. چونکە کانت بڕوای بە موعجیزەو دەستتێوەردانی خودا هەبوو، دەروون (نفس)یش لای کانت بریتییە لە جەوهەری بیرکردنەوە کە وەک بنەماو پڕەنسیپێکە بۆ ژیانی مادی.

واتا بە گشتی پێشکەوتنی فیکری کانت بە سێ (3)قۆناخدا رەتبووە:قۆناخی یەکەم وەک زۆربەی فەیلەسووفەکانی دیکەی ئەڵمان فەیلەسووفێکی ئەقڵانی بووەو تا رادەیەک لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی (لیبنتس و فۆلف)بووە . قۆناخی دووەمی فیکری کانت دەتوانین بڵێین لە ساڵی 1765 ەوە دەستپێدەکات، کە تا رادەیەکی زۆر کەوتبووە ژێر کاریگەری فەلسەفەی ئەزموونگەرایی بەریتانی. بەڵام ئەم قۆناخە ئەزموونگەرییە بۆ کانت خاڵێکی پڕ لە وەرچەرخان بوو بۆ بیرکردنەوەی زیاتر بەوەی چۆن بتوانین هاوسەنگییەک لە نێوان یەقین و رەهایی ماتماتیک و فیزیا لەگەڵ ئەو راستییانە بکەین کە دەڵێت هەموو زانیاری و مەعریفەیەکمان لە ئەزموونەوەیە. هەر لەم قۆناخەدا بوو لە بواری ئەخلاق کەوتبووە ژێر کاریگەری هەندێک لە فەیلەسووفەکانی ئینگلیز وەکوو (شافستیری،هاتشیسون،هیوم)، هەر لە کۆتایی ئەو قۆناخەشیدا بوو کە زۆر بە وردی جان جاک رۆسۆ ی دەخوێندەوەو هەر بە هۆی رۆسۆوە بوو بڕوای بەوە بوو حکومەتێکی کۆماری دیموکراتی باشترە لە سیستەمی

حکومەتێکی پاشایی. قۆناخی سێیەمی فیکریی کانت،کە دوا قۆناخی فیکریی کانتە به گشتی بریتییه له رەخنە.سەرچاوەی فیکری ئەم قۆناخەی بریتییه له کتێبی (رەخنە له ئەقڵی پەتی)کە ساڵی 1781 بوو کە پرسی ماتماتیک و فیزیا و میتافیزیکای بە وردی خستۆتە روو. ساڵی 1788 کتێبی (رەخنە له ئەقڵی کردارەکی)نووسی، کە بە شێوەیەکی ئەقڵانی گرنگی بە پرسی ئەخلاق و ئایین داوە، ساڵی 1790 کتێبی (نقد ملکة الحکم)ی نووسی کە تەنیا ساڵێک بوو شۆڕشی فەرەنسی بەرپابوو،لەم کتێبەشیدا گرنگی بە پرسی ئیستاتیکاو بایۆلۆژیا دابوو.

به واتایەکی دیکە کانت بە سێ کتێبە هەرە گرنگەکەی بەناوبانگە کە لە ناونیشانی هەر سێ کتێبەکەیدا رەخنەی جێگیرکردووە، کە بەمشێوەیەیە:

1- رەخنە له ئەقڵی پەتی..واتا (رەخنەله بنەماکانی زانست).
2- رەخنە له ئەقڵی کرداری..واتا (رەخنە لە بنەماکانی ئەخلاق).
3- نقد ملکة الحکم..واتا (رەخنە لە بنەماکانی چێژ)

کانت توانای مەعریفی (ملکة المعرفة) ی بۆ سەر سێ توانای لاوەکی (ملکات ثانویة) دابەشکردوو کە بەمشێوەیەی خوارەوەیە.

توانای هەستیاریی (ملکة الحساسیةSensibility)، توانای تێگەیشتن (ملکة الفهم Understanding)و تواناکانی ئەقڵ (ملکة العقل Reason )

لە پاڵ ئەم سێ کتێبە زۆر بەناوبانگەیدا کانت چەندین کتێب و نووسینی دیکەیشی هەیە کە بەناوبانگترینیان بریتییە لەم دوو کتێبە: ئایین له سنووری ئەقڵی پەتی هەروەها کتێبی پرۆژەی ئاشتی هەمیشەیی.

ئەم کتێبەی کانت (ڕەخنە لە ئەقڵی پەتی) هەر زوو دەنگدانەوەیەکی گەورەی دروستکرد، (هێرتز) کە یەکێک لە زانا بەناوبانگەکانی ئەوکات بوو، کاتێک کانت ئەو کتێبەی بۆ دەنێرێت، دواتر بۆ کانت دەنووسێت:دەترسم هەموو کتێبەکە بخوێنمەوە شێت بم.

2- **کانت و میتافیزیکا**

دابڕانی مەعریفی بۆ یەکەمجار لە بواری فیزیایی و گەردوونیدا ڕوویدا،کە گالیلۆ و کۆپەرنیکۆس و کاپلەر ئەو دابڕانە مەعریفییەیان لە بواری گەردوون و مادەوە دروستکرد کە هەموو تێڕوانینەکانی ئەرەستۆو سەدەکانی ناوەڕاستیان بە درێژایی ئەو ماوە درێژە پێچایەوە، بەڵام لە بواری فەلسەفەوە دیکارت هات بۆ دابڕان لەو شۆڕشە زانستییەو لەو میتافیزیکایەی داهێنرابوو، میتافیزکایەکەی خۆی لەو دابڕانە مەعریفییەی دروستکرد، بەڵام لەماوەی دووسەد ساڵی ڕابردوودا کۆدەنگییەک هەیە کە (کانت) توانی هەموو سەدەی هەژدە بە فەلسەفەکەی خۆی سەرقاڵ بکات. کانت زۆر جەختی لەسەر ئەقڵ دەکردەوە، هەر بۆئەوەی باشتر میتافیزیکاکەی خۆی بگەیەنێت بە خەڵک ناوی کتێبە هەرە بەناوبانگەکانی خۆی ئەقڵی تێخستبوو، بۆنموونە: کتێبی ڕەخنە لە ئەقڵی پەتی، ئەم کتێبە سەرەتا تەنانەت هەموو هزرڤانەکانیش لەوکاتدا بە تەواوی لێی تێنەدەگەیشتن، بەڵکو تەنیا بەشێکی کەمیان لێی حاڵی دەبوون،ئەمە بووە وەرچەرخانێک لە توانای ئەقڵی مرۆڤ و قۆناخی مۆدێرنێتەی پێ دیاریکرا. ڕاستە دیکارت وەکوو بنەماو سەرەتاکانی سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە دەناسرێت و بەشێکی زۆری فەیلەسووفانیش لەسەر ئەو بۆچوونە کۆکن، بەڵام کانت مۆدێرنێتەی قووڵکردەوەو تواناکانی ئەقڵی باشتر

دەستنیشانکرد.بۆیە زۆر جار تۆژەران داهێنانە شۆڕشییەکەی کانت دەگەیەننە ئاستی داهێنانە شۆڕشییەکەی کۆپەرنیکوس و تەنانەت بەرزتریش دەینرخێنن.

میتافیزیکای کانت بە مانای گوازتنەوەو ملکەچبوونە بۆ پێوەری ئەقڵ، واتا میتافیزیکای کانت لەسەر بنەمای رەتکردنەوە بە رێگای ئەقڵانییەت دامەزراوە، کتێبی رەخنە لە ئەقڵی پەتی شۆڕشە هزری و ئەقڵییەکەی دەستپێکردوو ویستی بیگەیەنێتە شوێنێکی میتافیزیکی وەها کە بە ئایندەوە پەیوەند بێت، واتا رێگایەکی رووناک بکاتەوەو چیتر ئەو هەڵەو ناتەواوییانە بۆ ئایندە نەگوێزینەوە، بەڵکو ئایندەیەکی بێ هەڵە مسۆگەر بکەین، ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی توانای ئەقڵ. بوونی خودا، ئازادی، نەمری ....ئەمە ئەو سێ چەمکەن کە کانت هەموو هزرو فیکرو فەلسەفەکانی پێش خۆی بە جۆرێک رەتکردۆتەوە، کە توانای ئەقڵی لە بەرامبەردا دیاریکردووە. تا گەیشتە ئەو ئاستەی کانت لەوە بکۆڵێتەوەو بڵێت: چۆن دەتوانین میتافیزیکا بە زانست وەسف بکەین. کانت پێیوایە دەبێت رەخنە لە تواناکانی ئەقڵ بگیرێت، ئەو ئەقڵەی بە بێ ئەزموون هەوڵی وەدەستهێنانی مەعریفەیەک دەدات،واتا کانت پێیوایە دەبێت متمانە بەو زانستە ئەزموونیانە بکەین کە لە رێگای بەدەستهێنانی زانستی فیزیاو جێبەجێکردنی بەرنامەکانیانەوە بەسەر مادەدا (واقیعی دەرەکی و مەوزوعی)وەدەستهاتوون، بەڵام نابێت ئەو ئەزموونە بەسەر زانیارییە نامادییەکان و ئەو واقیعییەتەی لە پشت مادەوە هەیە، ئەوا ئەقڵی مرۆڤ چەندی بیەوێ و هەوڵبدات نایگاتێ.چونکە ناتوانرێ بەڵگەی زانستی لەبارەی ئەو جیهانی میتافیزیکایە بهێننەوە ، بەڵام زانایانی فیزیاو کیمیاگەران دەتوانن بەڵگەی تیۆریی زیندوو لەسەر هاوکێشەو یاساکانیدا

بهێننەوە. بۆنموونە کانت  لە کتێبی رەخنە لە ئەقڵی پەتی جیهانی دیاردەکانی کردووە بە دوو بەشەوە، بەشێکیان ئەقڵ بەسەریاندا زاڵە و ئەقڵ دەتوانێت هەستی پێبکات، وەک: دیاردە مادییەکان، بەرهەستەکان. بەڵام بەشەکەی دیکەیان کە بریتییە لە دیاردە میتافیزیکییەکان ئەقڵ لە ئاستیدا دەستەوەستانە، لێرە کانت توانی یاساکانی سرووشت بدۆزێتەوە. بەڵام پێیوایە مرۆڤ تەنیا بەهۆی ئیمان و بڕواهێنان بەو ئیمانەوە دەتوانی بگات بە شتە رەهاکان لە نێویاندا بوونی خودایە، لێرە کانت سنووری دین و ئیمانی لەگەڵ سنووری ئەقڵ جیاکردەوەو وتی بەهۆی ئەقڵەوە دەگەینە حەقیقەتی مادەوو واقیعی مەوزوعی و جیهانی دەرەوە، بەڵام بەهۆی دین و ئیمانەوە دەگەینە حەقیقەتی غەیبانی و میتافیزیک، بۆیە ئەو مرۆڤانەی ئەقڵ و ئیمان بەیەکەوە دەبەستنەوە دەتوانن لە هەردوو جیهانەکە سەرکەوتوو بن، کۆمەڵگای باش و تەندروستیش ئەوەیە پشت بە هەردووکیان ببەستی کە ئەقڵ و ئیمانە، کانت بە توندی رەخنەی لە رۆژئاوا گرت بەوەی کە رۆحانییەت و ئایینی فەرامۆشکردووەو تەنیا گرنگی بە ئەقڵ دەدات، ئەمەش کەموکورتییەکە لە مۆدێرنێتە.

لێرە پێویستدەکات  ئەوە بڵێین هۆکاری ئەوەی کانت ئەوەندە جەختی لەسەر ئەزموون کردۆتەوە ئەوەبووە، لە سەدەکانی ناوەڕاست فەیلەسووفە میسالییەکان هیچ نرخ و بەهایەکیان بۆ ئەزموون دا نەدەناو کاتی خۆیان تەنیا بە بیرکردنەوەی پووچ و دوور لە واقیعبینی دەبردە سەر،بەڵام فەیلەسووفانی دیکەی وەکوو جۆن لۆک و داڤید هیوم هاتن ئەقڵیان بە ئەزموون گرێداو پێیانوابوو ئەزموون خۆی تاکە سەرچاوەی زانستەو پێویستی بە ئەقڵێک نییە چاودێریبکات،بەڵکو واقیع باشترین ئەقڵە، بەڵام کانت هات روونیکردەوە کە واقیعە سادەکان و هۆکارە سادەکان لە

سنووری خۆیاندا بۆ ئەنجامدانی کارێک کۆڵەوارن، ئەگەر ئەقڵی مرۆڤ تاوتوێی نەکات و دەستنەخاتە ناو کارەکەوە، چونکە دیاردەکان نارێک و تا رادەیەکیش شێواون، بەڵام ئەقڵ رێکیدەخاتەوەو بەش بەشیدەکات و لە یاسای دیاردەکانیش دەکۆڵێتەوە، بەمە کارلێککردن (تفاعل)ی نێوان واقیعی مادە بەرهەستەکان و ئەقڵی مرۆڤ دروستدەبێت و لە ئەنجامیشدا زانیاری نوێ بەرهەمدەهێنرێت، چونکە مادە توانای بیرکردنەوەی نییە بەڵکو بەرهەمێکی سادەیە. بەڵام ئەقڵ بە لەبەرچاوگرتنی کات و شوێن کە هەردووکیان دوو بەشی بنەڕەتی و گرنگن لە ناو پێکهاتەی ئەقڵدا،دەتوانین بیر لە جیهان و دیاردەکانی بکەینەوە.

کتێبی (نقد ملكة الحكم)خۆی رەخنەیە لە تواناو حەزی مرۆڤ، فەلسەفەی میتافیزیک ناتوانێت زانیاری رەها بەدەستبهێنێت،خۆ ئەگەر توانیشی وەدەستیبهێنێ، بێگومان ئەقڵی مرۆڤ ناتوانێت بە هۆکارە تایبەتییەکانی خۆی لێیتێبگات، چونکە ئەقڵی مرۆڤ تەنیا دیاردە بینراوەکان و هەستپێکراوەکانی ئەم جیهانە دەزانێت، بەڵام ئەقڵی مرۆڤ توانای تێگەیشتنی نییە لە جیهانی ناواقیعی و غەیبیی. ئەمە رێک هەمان ئەو قسەیەی پاسکاڵ دەڵێتەوە کاتێک دەڵێت: دڵ هەندێک بەڵگەی خۆی هەیە، کە ئەقڵ توانای تێگەیشتنی لێی نییە.بەڵێ ئایین پەیوەندی بە دڵەوە هەیە، ئەقڵ هێشتا پەی پێ نەبردووە.بۆیە بە رای کانت ئەقڵ چەندی توانای هەبێت، کەچی هەر ناتوانێت وەڵامێکی یەکلاکەرەوەی پرسە میتافیزیکییەکان بداتەوە،بەڵام خۆ ئەقڵیش نابێت تەمبەڵ بکرێت و چالاک نەبێت،نموونەش بۆ ئەمە داهێنانەکەی گالیلۆیە، گالیلۆ بە پێچەوانەی ئەو دیاردەیەی کە دەبینرا، ئەوەی دەبینراو هەستی پێدەکراخۆر بە دەوری زەویدا دەسووڕایەوە، کەچی کۆپەرنیکۆس و گالیلۆ ئەو هەڵەیان

راتکردەوەو بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئێمە دەیبینین وتیان نەخێر خۆر سەنتەرو چەقە، زەویش بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە،ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت هەر وەک کانت جەختی لێکردۆتەوە دەڵێت نابێت بە تەنیا گرنگی بە واقیعی ئەزموونی بدەین، بەڵکو دەبێت گرنگی بە توانای رۆحیش بدەین.واتا زانیاری هەمیشە بەرهەمی رەنگدانەوەی دیاردە بینراوو هەستپێکراوەکان نییە،واتا دیاردەکان بە دەوری ئەقڵدا دەسووڕێنەوە نەک بە پێچەوانەوە.

کانت لەگەڵ ئەوەشدا کە پێیوابووە توانای ئەقڵ سنووردارە، ئەوە بەو مانایەی نەوتووە کە ئیتر ئەقڵمان نەخەینە کار، مادامەکی توانای ئەقڵ سنووردارەو ناتوانین بگەین بە شتە نهێنییەکان، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا کانت هەڵیداوە تەکانێک بە ئەقڵ بدات و تێگەیشتنی نوێ وەدەستبهێنێت، بۆنموونە کاتێک کانت بیر لە گەردوون دەکاتەوە، دەڵێت با وایدابنێین گەردوون کە هەبووە، سەرەتای نەبووە، واتە کاتێکی دیاریکراوی نەبووە، لەگەڵ دروستبوونی گەردوون ئیتر رووداوگەلێکی یەک بە دوای یەک هاتوون تا گەیشتوونەتە ئەم رۆژگارەی ئەمڕۆ،بە پێی ئەم بۆچوونە کەواتە گەردوون بە پێی کات بێ دەستپێک نەبووەو سەرەتای هەیە،ئەمە لە لایەک ئەی ئەگەر واشمان دانا ئەم جیهان و گەردوونە بێ سنوورە، ئەی خاڵی کۆتایی دەبێت لە کوێ بێت، هەموو شتێک خاڵی سەرەتاو کۆتایی هەیە،لێرە دەچینە ناو گەمەیەکی فیکری میتافیزیکی، باشە ئەگەر وامان دانا جیهان سەرەتای هەیە، ئێ هەموو سەرەتایەکیش کاتێکی هەیە، بەبێ کات سەرەتا چۆن دەستنیشاندەکرێ،کەواتە بەرلەوەی جیهان و گەردوون هەبووبێ کات هەبووە، کات لە پێش گەردوونەوەیە، بەڵام کاتێک هەبووە کە هیچ شتێکی تێدا نەبووە نە جیهان و نە گەردوون

نه هیچ شتێکی دی، کاتێکی بەتاڵ بووە، بەڵام وردە وردە لە ئەنجامی چەند زنجیرە شتێک ئیتر جیهان و گەردوون دوور لە کات و سەرەتا بووە .
لێرە مەبەستی کانت ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێت ئەقڵ بەکاربهێنێت و بە هەردوو دیوەکەیدا مشتومڕی میتافیزیکی تێدا بکات. چونکە بە بڕوای کانت ئەقڵ ئەو توانایەی هەیە دوو دەستەواژەی دژ بە یەک و ناکۆک بە یەکدی ساخ بکاتەوە، ئەم جۆرە ساخکردنەوەیە کانت بە ئەقڵی پەتی ناویدەبات. ئەمە بە پێچەوانەی ئەرستۆیە کە دەیوت ناکرێ دوو دەستەواژەی دژ بە یەک لە یەک کاتدا هەردووکیان راست بن یان هەردووکیان هەڵە بن.

ئەو دوو جیهانبینییەی کانت لە نێوان ئەقڵ لە لایەک و باوەڕو ئیمان لە لایەکی دیکەوەیە، کە بە تۆخی رەنگرێژی کردووە،بەڵام کانت پێیوایە ئەگەر مرۆڤ ئەقڵی بە هێز بێت کەمتر لە هێزو توانای باوەڕو ئیمان و ناخی دەروون بێبەش نابێت، بەڵام وەنەبێت کانت لەوە نەگەیشتبێت کە ئەو بابەتە دوو رەنگییە کە یەکێکیان زانست و ئەقڵە ئەویدیکەش باوەڕهێنان و ئیمانە ئەوەندە سووک و سانا بێت و هیچ ئاڵۆزییەکی تێدا نەبێت، بۆیە دەڵێت: ئەوکاتانەی دڵم بۆ باوەڕو ئیمان دەکەمەوە، زانست وەلا دەنێم و لێی دووردەکەومەوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت حەقیقەتی باوەڕ لە سەرووی تواناکانی بڕ کردن و پەی پێبردنی ئەقڵی مرۆڤەکانە. بەتایبەت لە بواری مەعجیزەوە کە ناتواندرێ شرۆڤەی بۆ بکرێت و لێکدانەوەی بۆ بکرێت.

به گشتی کانت لەو بڕوایەدا بووە کە هەموو هەوڵە فەلسەفییەکان بۆ سەلماندنی بوونی خودا پشتیان بە سێ بەڵگە بەستووە کە بە کورتی ئەمانەی خوارەوەن:

أ- بەڵگەی ئۆنتۆلۆجی .

ب- بەڵگەی کۆسمۆلۆجی-گەردوونی- (Cosmological).

ت- بەڵگەی لاهوتی – فیزیایی- (physicotheological) .

**هیگڵ** (1770/8/27 – 1831/11/14)

هیگڵ له ڕۆژی 27ی ئابی 1770 له شاری شتوتگارتی ئەڵمانی و له خێزانێکی بۆرژوازی پروسی لەدایکبووە .هەمان ئەو ساڵەی که مۆسیکژەنی بەناوبانگی ئەڵمانی (بیتهۆڤن)و هەروەها (ناپلیۆن)هاتوونەته دونیاوه . باوکی فەرمانبەرێک بووه له دەوڵەتی پروسیا،دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی،واتا دوای (10) ساڵ ڕوودەکاته خوێندنی لاهوت له (توبینێگن Tubingen)، بۆئەوەی خزمەتی کڵێسای پڕۆتستانتەکان بکات،تیایدا وانەی مێژوو و زمانی ئەڵمانی و ماتماتیکی دەخوێند .هەرلەوێ ئاشنای کتێبەکانی جان جاک ڕۆسۆو ئەمانۆیل کانت بوو له ژێر تیشکی ڕووداوەکانی شۆڕشی فەڕەنسا .هەر زوو دۆستایەتی لەگەڵ فەیلەسوفی ئایدیالی ئەڵمان شیلینگ پەیداکردووەو له بواری فەلسەفەداجۆرێک له ڕکابەری له نێوانیان دروستبووه .هەرچەنده سەرەتا له بواری فەلسەفەی به پێی وتەی مامۆستاکانی خۆی زیرەک نەبووه،بەڵام توانی ساڵی 1790 بڕوانامەیەک له بواری فەلسەفە وەربگرێت، بەم هۆیەوە توانی له شاری بێرن و فرانکفۆرت وانه بڵێتەوەو هەروەها له زانکۆی (یەینا) بۆ ماوەی پێنج

ساڵ وانەی دەوتەوە،ئیتر ناوو ناوبانگێکی باش لەبواری فەلسەفە پەیدا دەکات و لە چەندین زانکۆی وانەی وتۆتەوە بە زانکۆی (بەرلین) یشەوە.تەنانەت لە شاری بێرن لە سویسرا وانەی بە چەند منداڵێکی دەوڵەمەند وتۆتەوە.ساڵی 1795 واتا لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا بوو کە یەکەمین کتێبی بەناوی (ژیانی مەسیح)نووسی.هیگڵ لەو کتێبەیدا نەیوێرا دوای تەواوکردنی نووسینەکەی بڵاوی بکاتەوە،چونکە مەسیح لە روانگەو تێڕوانینی هیگڵ دا، زیاتر مامۆستایەکی ئەخلاقی بوو، واتا هیگڵ هەوڵیدابوو، مەسیح بهێنێتە سەر روانگە ئەخلاقی و ئەقڵانییەکەی کانت،نەک کەسایەتییەکی ئەفسانەیی بێت یان لە سەرووی مێژووەوە بێت،واتا مەسیح بە بڕوای هیگڵ ئیتر ئەو کەسە نییە کە مەعجیزە دروستبکات،ئەم کتێبەی هیگڵ وای لە هیگڵ کرد زیاتر بەناخی ئایینی مەسیحییەتدا قووڵ ببێتەوە، چونکە ئەو قۆناخەی هیگڵ تێیدا هاتە ژیان، قۆناخێک بوو زۆر گرنگی بە هزری ئەقڵانییەت دەدراو دژایەتی ئایین دەکرا، چونکە ئەو قۆناخە قۆناخی رۆشنگەریی بوو، بۆیە زۆربەی فەیلەسووفەکانی ئەو قۆناخە باسیان لە ئایین کردووە، هەر لە دیکارتەوە تا کانت و هیگڵ و ئەوانی دی، بەڵام کاتێ قۆناخی رۆشنگەری تەواو دەبێت ئیتر فەیلەسووفەکانیش ئەوەندە بەلای ئایینەوە ناچن، وەک دەبینین فەیلەسووفەکانی سەدەی بیستەم بە تایبەت ئەوانەی لە دوای نیچەوە هاتوون، هێندە باسی ئایینیان نەکردووە، یان هەر نەیانکردووە، بەڵام قۆناخی هیگڵ، قۆناخێکی دیکە بوو، بۆیە زۆر ئاوڕی لە ئایین و چۆنێتی رەفتارکردن و مامەڵەکردن لەگەڵیدا، خستراونەتە روو، بۆیە دەبینین هیگڵ ساڵێک دوای نووسینی کتێبی (ژیانی یەسووع)،کتێبێکی دیکەی بە ناوی (دۆگماتیزمی ئایینی مەسیحی) بنووسیوە،ئەم کتێبەی

هیگڵ شایانی خوێندنەوە رامان و شیکردنەوەیەکی وردە،هەرچەندە ئەو کتێبە لەسەردەمی ژیانی هیگڵ بڵاو نەکراوەتەوە، بەڵکو دوای مردنی هیگڵ بڵاوکراوەتەوە، بەڵام گرنگی و تایبەتمەندییەکی زۆری هەیە .ئیتر وردە وردە هیگڵ بەشێوەیەکی میتۆدی دەستی بە لێکۆڵینەوەی نووسینەکانی کانت و فیختە کرد لە شاری فرانکفۆرت لە نێوان ساڵانی 1797-1800. ساڵی 1801 دەچێتە زانکۆی فرانکفۆرت و دواتر لەسەر پێشنیاری شیلینگ چوو بۆ شاری (بیرن)کە زانکۆیەکی گرنگی لێبوو،شاعیری گەورە شیلەر لەو زانکۆیە مامۆستا بوو. تازەش شیلینگ چووبووە جێگەی فیختە لەو زانکۆیە، چونکە فیختە بەهۆی بێ باوەڕی Atheismئایینی لەو زانکۆیە دوورخرابۆوە .فیختە بەهۆی ناکۆکی و بەریەککەوتنی لەگەڵ پیاوانی ئایینی تووشی گرفتی زۆر هات، هەر ئەو ناکۆکیانەش بوو وای لە پیاوانی ئایینی کرد کە ساڵی(1799) لە زانکۆی (یینا)دەریبکەن ، ئەو زانکۆیە ئەوکات یەکێک لە زانکۆ هەرە پێشکەوتووەکانی ئەڵمانیا بوو، بەڵام پیاوانی ئایینی فیختەیان بە بێ ئایین و بێباوەڕ لەقەڵەم داو، لە زانکۆ دەریانکرد .ئیتر دوای دەرکردنی فیختە کە تا رادەیەک مامۆستای هیگڵ بوو، هیگڵ لەو زانکۆیە دادەمەزرێت .ئەم بەهرەمەندی و توانا زۆرەی لەوەوە هاتبوو هیگڵ کەسێکی تینووی خوێندنەوەبووە، دڵی تەنیا بەوەندە ئاوی نەخواردۆتەوە کە مامۆستاکەی لە کاتی خوێندن وانەی پێوتووە، بەڵکو خۆی هەوڵیداوە بە دوای سەرچاوەی دیکە بگەڕێت و شەن و کەوی بکات بۆ ئەوەی بچێتە بنج و بنەوانی پرسە فیکرییەکان، بۆیە ئاماژە بە جیدییەتی هیگڵ دەدرێ نەک هەر لە بواری خوێندنەوە، بەگرە لە بواری ژیانی رۆژانەیشییەوە .هەر ئەمەش بوو وای لە هیگڵ کرد شارەزاییەکی باش لە مێژووی ئایین و مێژووی شارستانیەت بزانێت. تەمەنیشی(13)ساڵان دەبێت کە لە سۆزی

دایکی دادەبڕێت و دایکی دەمرێ ، ئەو دایکەی پێچەوانەی دایکانی دی، زۆر زیرەک بووەو زۆریش حەزی لە زانست بوو ، لە (29)ساڵیشدا (ئەوکاتە هێشتا لە فرانکفۆرت بوو)کە هەواڵی مردنی باوکی پێگەییشت. هیگڵ ساڵی 1807 کۆتایی بە نووسینی کتێبی (فینۆمینۆلۆژیای رۆح)دەهێنێت و دەکرێتە سەرنووسەری رۆژنامەیەکی ئەڵمانی،بەڵام دوای ساڵێک لە سەرنووسەری بە هۆکاری سیاسی لە رۆژنامەکە دووریدەخەنەوە،ئیتر ساڵانی 1812-1816 کتێبێکی چەند بەشی لەژێر ناوی لۆژیک دەنووسێت، کە زۆرجار بە (لۆژیکی گەورە)ناویدەهێنن.. ساڵی 1811 هاوسەری پێکدەهێنێت و دوو منداڵی لەو ژنەی دەبێت، یەکەمیان دەبێتە مامۆستای مێژوو،دووەمیشیان دەبێتە قەشەی پرۆتستانتی.ساڵی 1816 دوای ئەوەی (زانستی لۆژیک)ی بڵاوکردەوە،کە ماندووبوونی ساڵانی (1812-1816)بوو، زانکۆی هایدلبێرگ داوای دەکات و پۆستێکی زانکۆیی پێدەدرێت و ساڵی 1817 ش کتێبی (ئینسکلۆپیدیای زانستی فەلسەفە)چاپکرد،کە هەندێکجار بە (لۆژیکی بچووک)ناوی ئەم کتێبە دەبردرێ.بەڵم کاتێک فیختە دەمرێ، فیختە لە زانکۆی بەرلین کورسیەکی هەبوو، ئیتر هیگڵ لە ساڵی 1818 دەچێتە شوێنی و ئەو کورسییەی پێدەدرێت، ئەمەش ئەوکاتە گەورەترین پلەو پۆست بوو کە هیگڵ لەوکاتەدا خەونی پێوە دەبینی. ساڵی 1821 هیگڵ کتێبی (بنەماکانی فەلسەفەی حەق)ی نووسی و ساڵی 1827 بۆ ناوچەی ڤایمار کۆچی کرد لەوێ گۆتە پێشوازی لێکرد، ئینجا کۆچی بۆ فەرەنسا کردو فیکتۆر کۆزات و کۆمەڵێک رۆشنبیرانی فەرەنسی پێشوازی و بەخێرهاتنیان لێکرد. ساڵی 1831 بەهۆی نەخۆشی کۆلێراوە لە تەمەنی (61)ساڵی کۆچی یەکجاری کرد. هیگڵ لە رووی مادییەوە تەنیا 1500 دۆلاری ئەمریکی لەدوای خۆی

جێهێشت، بەڵام ئەو فەیلەسووفە گەورەیە دوای مردنی خۆی دونیایەک لە فەلسەفەی قووڵی جێهێشت کە وەک هۆلگێت دەڵێت: زۆر ئەستەمە بتوانرێ ئەو فەلسەفە قورسەی هیگڵ کورت بکرێتەوە.

هیگڵ فەلسەفەی بە جۆرێک دەخولقاند کە لەگەڵ رووداوو بەسەرهاتەکانی قۆناخی یاخود سەردەمی ژیانی خۆیدا بووە، بەڵام جۆری خولقاندنەکەی لە هەر کەسێکی دیکە جیاوازتر و زۆر جیاوازتر بووە، بە رادەیەک زۆر جار نەیانزانیوە هیگڵ مەبەستی چیبووە. کتێبی فەلسەفەی حەق، فەلسەفەی مێژوو،میتافیزیک(ژیانی یەسوع)، لۆژیک، ئەمانە وەرچەرخانێکی فەلسەفی بوون لە ئەڵمانیا هاتنە ئاراوە، بۆیە هیگڵ وردە وردە بە ماوەیەکی کورت وەک قوتابخانەیەکی فەلسەفی خۆی ناساند و چەندین فەیلەسوفی بەناوبانگ دواتر کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو فەیلەسووفەو زۆر فەیلەسووفی دیکەش بە توندی رووبەڕووی وەستانەوەو بە قسەی بێ بنەماو پڕوپووچ ناوزەدیان کرد. هەموو فەلسەفەکەی هیگڵ بە گشتی دەکەوێتە نێو قوتابخانەی میسالی ئەڵمانی واتا ئایدیالیزمی رەها کە فەلسەفەکەی بریتییە لە لۆژیک، سرووشت، رۆح .ئەم سێ لقە هەموو فەلسەفەکەی هیگڵی داپۆشیوە .لەولایشەوە رووداوە سیاسییەکان کاریگەری زۆری کردە سەر هیگڵ و فەلسەفەکەی، وەک شۆڕشی فەڕەنسا کە هیگڵ تەمەنی نۆزدە ساڵ بوو کاتێ ئەو شۆڕشە هەڵگیرسا،ئینجا کەسایەتی نایلپیۆن، لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازی ئینگلتەرا کە لەپەڕی پێشکەوتنیدا بوو. بەمجۆرە هیگل گرنگترین سێ لایەنی فیکری لەناو فەلسەفەکەیدا رەنگڕێژ کردبوو کە، لۆژیک،سرووشت، رۆح بوون، هەروەها کەوتبووە ژێر کاریگەری گرنگترین سێ لایەنی سیاسیش کە شۆڕشی فەرەنساو کەسایەتی ناپلیۆن و شۆڕشی پیشەسازی ئینگلیز بوون.هەڵبەت کە دەڵێین لۆژیک

ئەوە بەو مانایەیە کە دیالەکتک لە دوا قۆناخی گەشەسەندنیدایە لای هیگڵ.دەتوانین بڵێین بە تەمەنێک نووسراون کە جگە لەوەی شۆڕشی فەڕەنسی کاریگەریی زۆری بەسەر هیگڵەوە هەبووە، هاوکات هیگڵ یش هەوڵیداوە، تیشک بخاتە سەر هەموو رووە تاریکەکانی بوارەکانی سیاسەت و مێژوو فەلسەفە . واتا هەوڵیداوە هەموو مەعریفەیەک لەناو مێشکی خۆیدا جێگەی بۆ بکاتەوە،واتا هیگڵ سوودی لە هەموو فەلسەفەکانی پێش خۆی وەرگرتووەو بە جۆرێکی دیکە دایڕشتوونەتەوە، واتا هیگڵ ئەو زەریایەیە، کە بەهۆی رژانە ناوی ئەو هەموو جۆگەو رووبارانەوە دروستبووە، کە تاڤگە ئاسا رژاونەتە ناوییەوە، زەریاکەش کەوابێ لەوان پێکهاتووە، واتا هیگڵ کۆی فەلسەفەکانی پێش خۆی لەیەکگرێداوەو ئەو فەلسەفەیەی لێبەرهەمهێناوە، کە ئەوە نزیکەی یەک سەدەو نیوە تانوپۆی بەسەر کۆی جومگەکانی بواری سیاسەت و پەروەردەو دەوڵەت و لۆژیک و میتافیزیکاو...هتد پەخشکردووە، زۆرترین موریدیشی بۆخۆی دروستکردووە، تەنیا فەیلەسووفێکیشە کە زۆرترین تەموومژاوی بەسەر فەلسەفەکەیەوە نیشتووە، بە جۆرێک بەشێک لە فەیلەسووفەکان پێیانوایە نەک هەر خەڵک نازانێ هیگڵ چی نووسیوە، بەڵکو هیگڵ خۆیشی نازانێ چی نووسیوە. پێموابێ ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە هیگڵ کەسێکی رۆمانسی نەبووە، بەڵکو گرنگی بە بواری ئەقڵ داوە، هەر ئەمەش بوو وای لە هیگڵ کردبوو بکەوێتە ژێر کاریگەری فەیلەسووفی گەورە (کانت)، دیارە مەبەستمان ئەوە نییە هیگڵ تەنیا لەژێر کاریگەری کانت فەلسەفەکەی نووسیبێت، چونکە هیگڵ جگە لە کانت کەوتۆتە ژێر کاریگەری زۆرانی دیکە، بەتایبەت ژان ژاک رۆسۆ، فیختە،مندلسۆن، ..جگە لە هاوڕێیەتی کەسایەتی وەکوو شلینگ، هوڵدرلین..هتد.

دیارە باسکردنی ژیانی گشتی و تایبەتی هیگڵ زۆر دەوڵەمەندە چونکە بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوکاتی ئەڵمانیاو ئەوروپا (بەتایبەت شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا)بەستراوەتەوە، کە کاریگەرییان بەسەر ئاراستەی بیرکردنەوەی هیگڵ هەبووە، بۆیە لێرە هەوڵدەدەین لەگەڵ ئەو هەموو تەمومژاوییە فیکری و فەلسەفییەیدا بتوانین فەلسەفەی هیگڵ لە بوارە جیا جیاکانەوە هەر لە سیاسەت و مێژوو میتافیزیکاوە تا ئەوانی دیکە بە جۆرێک تاوتوێ بکەین،وەک لە خوارەوە هەوڵمانداوە رۆشناییەکی کەمی بخەینە سەر.

**هیگڵ و فەلسەفەی سیاسی**

هیگڵ یەکێک بووە لەو فەیلەسووفانەی کە پێیوابووە، هەموو فەلسەفەیەک کە سەرهەڵدەدات، ئەوە ئەنجامی بارودۆخی سەردەمەکەیە، واتا ئەوە فەلسەفەیە سەردەمەکەی خۆی دروستدەکات، چونکە فەلسەفە هەمیشە تایبەتە بە سەردەم و کات و کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، چونکە فەیلەسووف رێک پزیشکی شارستانییەتە، ئەو فەیلەسووفەی نەیتوانی کێشەکانی سەردەمەکەی و کۆمەڵگاکەی چارە بکات، ئەوە بەهیچ شێوەیەک فەیلەسووف نییە.

کاتێک کە هیگڵ کەوتۆتە ژێر کاریگەری کانت لایەنە ئەقڵییەکەی کانت کاریگەریی تێکردووە، بۆیە هەمیشە هەوڵیداوە ئەقڵ و رۆح لە هەر تێڕوانینێکی فەلسەفیدا بکاتە بنەمای فەلسەفەکەی. بەهۆی ئەو ئەقڵەشییەوە بوو کە هیگڵ زیاتر بە ئایدیالیسم دەناسرێ، نەک بە ماتریالی، چونکە لای هیگڵ بە هۆی دیالەکتیکەوە توانراوە بۆشایی نێوان لۆژیک و میتافیزیک بچووکتر بکرێنەوە.

دیارە هیگڵ تینووی ئازادی سیاسی بووە، بۆیە کاتێ کە شۆڕشی فەڕەنسا ڕوودەدات هیگڵ ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر ئەو کاریگەری شۆڕشەوە، بە دیوەکەی دی شۆڕشی فەڕەنسا سەرچاوەیەکی گرنگ بووە بۆ فەلسەفەی هیگڵ.ئەمەش لەوەوە هاتووە هیگڵ هەوڵیداوە پانتاییەکی بەرفراوان لە فەلسەفەکەی پێشکەش بە ئازادی بکات.بەتایبەت لەوسەروبەندەی هیگڵ لێی هاتۆتە ژیان هەموو فەلسەفەی ئەڵمانی (دیارە ئەو قۆناخەی من باسی لێوە دەکەم هێشتا فەلسەفەی مەتریالی بنج و بنەوانی خۆی دانەکوتابوو، زۆری نەبرد فۆیرباخ ڕۆحی ماتریالی خستە ناو فەلسەفەی ئەڵمانی و بە هیگڵییە چەپەکان ناسراو رەخنەی توندی لە میسالییەتی هیگڵ گرت)، بەتایبەت لە لایەن فیختەو شیلینگ و ..هتد ئامانجیان لە فەلسەفە ئازادی بووە،تەنانەت ئەگەر بابەتی ئایین و ڕۆحیش لەناو فەلسەفەکەیاندا رەنگڕێژ کرابێت، ئەوا هەر بۆ مەبەستی ئازادی ئەو شیکارو شرۆڤەیان کردووە،هەڵبەت ئازادیش بەبێ قسەکردن و شرۆڤەکردنی سیستەم و سیاسەت نابێ، بۆیە ئاساییە شۆڕشێکی گەورەی وەکوو شۆڕشی فەڕەنسا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هیگڵ هەبووبێ.قووڵی فەلسەفەکەی هیگڵ گەیشتە ئەو ڕادەیەی دیارترین فەیلەسووفەکانی دوای خۆی بکەونە ژێر کاریگەری ئەوەوەو بە هیگڵییە چەپەکان ناو دەربکەن، لە سەرووی هەموویانەوە فۆیرباخ و مارکس، واتا ئەو هیگڵییە چەپانە لەناو ئایدیاو ڕۆحانییەتدا ماتریالیان خولقاندو ، هیگڵیان لە شوێنی خۆی بەرزەفت کرد.بەڵام (هیگڵ)یش بووە هۆی کاریگەریی بەسەر مارکس و فۆیرباخ دا.سەرەڕای ئەم هەموو تەمو مژییەی بەسەر زمانی دەربڕینی هیگڵ نیشتووە. هیگڵ لەو ڕوانگەوە کەوتبووە ژێر کاریگەریی شۆڕشی فەڕەنسا، چونکە ئازادی بەرهەمهێنا، سەرەڕای ئەو ئاراستەیە پێچەوانەیەی

که هەڵگیرسێنەرانی شۆڕش لە سەرووی هەموویانەوە ڕۆپسپێر شۆڕشیان بە ئاراستەیەکی دیکەدا برد، بەڵام ئەو کاریگەرییە بەسەر هیگڵ هەر ما، چونکە هیگڵیش پەرۆشی ئازادی بوو، ئازادییەک بە تێڕوانینی خۆی،کاتێک باسی لە بابەتێکی زیندووی سیاسی دەکرد، وەک سەرقاڵبوونی بوو بۆ بیری پەسندکراوی ئازادی و کەڵک وەرگرتن لێی. چونکە لە روانگەی هیگڵ نەک بابەتە سیاسییەکان بەڵکو خودی فەلسەفەش ڕێگایەکی گونجاوو پڕ بەهایە بۆ ئازادی و سەروەریبوونی دەوڵەت، چونکە هیگڵ سەروەری مرۆڤی تاک و ئازادی تاک لەناو سەروەریبوون و ئازادبوونی دەوڵەتدا دەدۆزێتەوە، بە واتایەکی دیکە لە روانگەی هیگڵ مرۆڤ کاتێک ئازادە کە ڕێنماییەکانی دەوڵەت جێبەجێبکات. ئەمەش کاریگەری فەیلەسووفی ئینگلیزی تۆماس هۆبز بەسەریەوە بووە، کاتێک ئازادی تاک بە پەیڕەوکردنی یاساو ڕێساکانی دەوڵەت دەبەستێتەوە.

دیارە دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت هیگڵ لە لایەک بۆیە ئەوەندە کەوتبووە ژێر کاریگەریی شۆڕشی فەڕەنسا، چونکە ئەو شۆڕشە مەزنە توانی دیواری ئەستووری دەرەبەگایەتی لە ئەوڕوپا بڕووخێنێ، لە لایەکی دیکەیشەوە، هیگڵ بۆیە ئەوەندە دەوڵەتبوونی بەرز دەنرخاندو تەنانەت ئازادی تاکی لەناو بەرگی پیرۆزی دەوڵەتدا تواندبۆوە،چونکە دەوڵەتی سەرمایەداری کۆتایی بە سیستەمی پاشایەتی هێنابوو، ئەم دوو کردەیە هەردووکیان هۆکاری بنچینەیی بوون کە هیگڵ بە بەرزەوە بڕوانێتە دەوڵەت و ئازادی دەوڵەت و پەیڕەوکردنی یاساو ڕێساو بنەماو ڕێنماییەکانی دەوڵەت لەلایەن تاکەکانی ناو کۆمەڵگاوە. واتا هیگڵ بێزار بوو لە مێژووی سیستەمی دەرەبەگایەتی لە ئەوروپا، هەر ئەم بێزاربوونەیشی بوو هەمیشە هەناسەیەکی ئازادی لە هەر لایەکەوە بوایە، هیگڵیش رووی لەو

لایەوە بووە، باشترین نموونە هیگڵ زۆرترین پشتگیری لە مەزهەبی پرۆتستانتییەت کرد لە بەرامبەر کاسۆلیکەکاندا. هیگڵ دەیزانی رووخانی سیستەمی دەرەبەگایەتی و هێنانەدی دەوڵەتی مۆدێرن بۆ ئەوکاتە ، خۆی لە خۆیدا باشترین دەستکەوتە بۆ ئازادی، بۆیە ئەبێ تاک پەیڕەوی لەو دەستکەوتە بکەن کە دروسبوونی دەوڵەتی نوێیە. هیگڵ پێیوابوو چۆن لەناو خێزانێکدا، ئەندامانی خێزانەکە هاوکاری یەکتری و لە خەمی یەکتریدان و توانیویانە بەهۆی ئەو یەکگرتوویەیانەوە خێزانەکە بپارێزن، ئەگەر ئەو یەکگرتوویی و هاوکارییەی نێوانیان نەبێ، ئیتر خێزانەکەش هەڵدەوەشێتەوە، هیگڵ پێیوایو پێویستە مرۆڤ (تاک)ەکانیش بە هەمانشێوە هاوکاری یەکدی بن و لە خەمی یەکیدیا بن، بۆئەوەی دەوڵەتەکە بپارێزن و سیستەمێکی سیاسی گونجاوی بۆ دابنێن و هەموو تاکەکانیش لە خەمی پاراستنی ئەو سیستەمە سیاسییەدا بن، بۆئەوەی بە هۆیەوە دەوڵەت گەشەی بەرچاو بکات، کە دەوڵەتیش گەشەی کرد، بێگومان تاکەکانیش ئەو گەشەیەیان بەردەکەوێت. چونکە تاک نابێ تەنیا لەناو چوارچێوەی تەسکی خێزانداریدا قەتیس بمێنێت، بەڵکو پێویستی بە جیهانێکی بەرفراوانترو گەشەسەندووترو پێشکەوتووتر هەیە، ئەویش دەوڵەتە، دەوڵەت بنەمای شارستانی مرۆڤایەتی تێدا بەرجەستە بووە. کەواتا دەوڵەت بۆ خزمەتکردنی تاکەو تاکەکانیش خزمەتکردنی ئەو دەوڵەتەیان پێدەسپێردرێ، کە ئامانجی بە شارستانیکردنی کۆمەڵگاکەیە. چونکە بە بڕوای هیگڵ تاک تا لەناو چوارچێوەی تەسکی خێزانی و بنەماڵەییدا قەتیس بمێنێ، ئەوا بەندو یەخسیری ئەقڵێکی نادیارن، واتا ئازاد نین،بەڵام کاتێک لەناو ئەو چوارچێوەیە دێنە دەرەوەو پێوەری ئەقڵ بەکاردەهێنن و پێکەوە گونجان لەگەڵ کەسانی دی دەڕەخسێنن، ئەوا خۆ

بینینەوەیە لەناو کۆمەڵگایەکی شارستانی ئەویش دەوڵەتە، واتا هیگڵ دەوڵەتی بە کۆمەڵگایەکی شارستانی زانیوەو بە پێویستی زانیوە تاک لە خزمەتی ئەو کۆمەڵگا شارستانییەتەدا بێت،سەرەڕای هەموو ئەو جیاوازی و ناکۆکی و ململانێیانەی لە نێو چوارچێوەی کۆمەڵگای شارستانیدا هەیە، بەڵام ئەمانە هەمووی خواست و ویستی مرۆڤایەتی رێکدەخاتەوەو مرۆڤ وشیاردەکاتەوە، ئینتیماشی بۆ دەوڵەتەکە بەهێزتردەکات. چونکە لە زۆر رووەوە ئەوەی تاک رۆژانە پێویستی پێیەتی دەوڵەت بۆی جێبەجێدەکات، بۆیە لێرەیە کە ئینتیما بۆ دەوڵەت بەهێز دەبێت.

هیگڵ لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا (فەلسەفەی هەق) نووسیویەتی: ئەو شتەی کە ئەقڵانییە واقیعییە، ئەو شتەی واقیعیشە ئەقڵانییە. ئەم دەستەواژەیەی هیگڵ مشتومڕی فیکری و فەلسەفی زۆری لێکەوتۆتەوە،بۆیە بۆچوونی جیا جیاشی لەسەر هەڵکەنراوە. هەر شتێک کە ئەقڵانی بوو واتا ئەقڵ پەسندی کرد، کەواتا راستەو واقیعیشە،خۆ ئەوەی راست و واقیعیش بێت کەواتا ئەقڵانییە. ئەم دەستەواژە فەلسەفییە بۆ دونیای سیاسەت زۆر لەبارە،چونکە ئەوەی دیارەو لەبەرچاوانە ئەوە ئەقڵیشە،ئەقڵ رێگایەکە بۆ ئەقڵانییەت،هیگڵ دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێت ئەوانەی هەن واتا بوونیان هەیە، بۆ نموونە دەوڵەت، ئەوە ئەقڵە دەوڵەتی داهێناوە،ئەقڵ بنەماکانی دەوڵەتبوونی پڕ ماناکردووە، مرۆڤ ئەقڵی ئەو توانایەی هەیە دەوڵەت دابمەزرێنێت و بە یارمەتی فەلسەفەشەوە بنەما سیاسی و ئەخلاقییەکانیشی بۆ دابنێت و لەسەر هەردوو قاچی ساخی خۆی بیوەستێنێت.بەڵام ئەوە کەمتوانایی ئەقڵی مرۆڤەکانە توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیان نییە.

دیاره که هیگڵ باسی کۆمەڵگای شارستانی کردووە،مەبەستی هیگڵ ئەو دەوڵەتەیە کە لەسەر پێداویستییەکانی خۆی وەستاوە، بەدیوەکەی دی مەبەستی هیگڵ ئەوەیە راستە کۆمەڵگای شارستانی وەک دەوڵەت وایە، بەڵام هەموو کۆمەڵگەیەکی شارستانی بێ بوونی دەوڵەت لە نزمترین ئاستی دەوڵەتدایە.کە تیایدا تاکەکان سەرقاڵی پێداویستییەکانی خۆیانن، ئەمەش جۆرێکە لە گرێبەستی کۆمەڵایەتی وەک چۆن (جۆن لۆک)ئاماژەی بۆ کردووە. چونکە هیچ تاکێکی ناو خێزانێک ناتوانێ دوور لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بژی، بەڵکو ئەوە پێداویستییەکانە وای لەتاک کردووە کە کارلێکی کۆمەڵایەتی دروستبکەن، بەڵام هەموو تاکەکان لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و شارستانیدا خولیای ئارەزووەکانی خۆیانن و بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوەن لەناو ئەوچوارچێوەیەی کە گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکەی تێدا کراوە، کە کۆمەڵگا شارستانییەکەیە.ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ هیگڵ دەیەوێ بڵێت لە هەر کۆمەڵگایەکدا ئەگەر هاتوو کۆمەڵگاکە لەسەر بنەمای لەخۆباییبوون و کەسێتی بە شەخسەنەکردن دامەزرابێ، ئەوە کۆمەڵگای شارستانی نییە، تەنانەت هەر کۆمەڵگاش نییە، چونکە ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتییەی تێدا نابینرێت و بنەما ئەخلاقییەکان پارچە پارچە دەبن و ئاژاوەگێڕی سەرهەڵدەدات و ئارامی لەدەستدەچێت.بەڵام لە کۆمەڵگای شارستانیدا تاکەکان بەرژەوەندییەکانیان لەسەر بنەماکانی ئەخلاقی ئاڵوگۆڕ دەکەن و داواکاری یەکدی بەرزدەنرخێنن.واتا لەناو خودی کۆمەڵگای شارستانیدا تاک باشتر پێدەگات و لە بواری پەروەردەشەوە تەندروستدەبێت. لێرە هیگڵ کاریگەری ئەرستۆی لەبارەی خێزانداری و دەوڵەتمەدارییەوە لەسەرە، بەڵام بیری هیگڵ فراوانتر بۆ ئەم پرسە چووە، چونکە هیگڵ دەوڵەت زۆر بە گەورەتر

دەزانێت لەوجۆرەی کە ئەرستۆ باسیکردووە. دیارە دەوڵەتیش چەندین جۆری هەیە کە سیستەمی سیاسییان تەواو لە یەکدی جیاوازە، بەڵام لە هەموویاندا جۆرێک رێکخستن هەیە کە بەهۆیەوە تاک خەریکی بژێوی و وەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیدەبێت. بەرژەوەندی هەر یەک لە تاکەکانیش بەهۆی دەوڵەتەوە دەپارێزرێ، واتا دەوڵەت رۆڵی پاسەوانکردنی لە موڵک و ماڵی تاکەکان دەبینێت. بۆیە هیگڵ پێیوایە رۆح ئەوکاتانە دەگات بە ئازادی کە تاک ملکەچبوونی خۆی بۆ دەوڵەت رابگەیەنێت، واتا تاک ئەوکاتە ئازاد دەبێت کە بچێتە ناو دەوڵەت و دەوڵەتەکە بپارێزێت. چونکە بە رای هیگڵ تاک ئازادە کام رێگا هەڵدەبژێرێت بۆ پاراستنی خۆی و موڵک و ماڵەکەی، بێگومان فرە رێگا هەیە ،بەڵام بە رای هیگڵ ئەو ئازادی تاک ئەوکاتانە دێنە دی کە تاک بە وریاییەوە رەفتار لەگەڵ هەڵبژاردنی رێگاکان بکات، واتا رێگایەک هەڵبژێرێ کە رێگای ئەقڵ بێت و دەستکەوتێکی ئەقڵی بێت، ئەقڵ و هوشیاریی پێکەوە دەتوانن مرۆڤ ئازاد بکەن و پێداویستییەکانیان مسۆگەر بکەن. بە بڕوای هیگڵ مێژووی مرۆڤایەتی کە بە نەهامەتییەکی دوورو درێژ تێپەڕبووە، سەرچاوەی نەهامەتییەکە لەوەدابووە پرسی بە ئەقڵ نەکردووە، زیاتر حەزو شەهوەت و هەوەس رۆڵی خۆیان بینیوە دوور لە ئەقڵ، راستە ئەقڵیش رێگایەکی دیکەیە بۆ وەدەستهێنانی ئارەزوو حەزو هەوەسەکانی مرۆڤ، بەڵام بە رێگایەک کە ئەقڵ نایەوێ بە هۆیەوە مێژوویەکی پڕ لە کوێرەوەری دروستبکرێ. چونکە هیگڵیش لەوە دڵنیایە کردەوەی گەورە بە بێ حەزو ئارەزوو هەوەس نایەتە دی،بەڵام بە رێگای ئەقڵ کە بنەما ئەخلاقییەکانی تێدا پارێزراوە.چونکە حەزو هەوەسی رووت و بە تەنیا دوورن تا رادەیەکی دیار نا ئەخلاقین ئەگەر بە ئەقڵ تێر نەکرێن. بۆیە دەوڵەت جگە لەوەی

سامانی هەموو تاکەکانیش دەپارێزێت و هەر کەسەو ئازادیشە چۆن بە ڕێگای ئەقڵانیەتەوە دەستکەوتی باشتر و زیاتر بۆ خۆی دەستەبەر بکات، هاوکات دەوڵەت جگە لەوەی خاوەن پێکهاتەو ڕێکخستنێکی گونجاوو باشە، هاوکات خاوەن هێزێکی دەروونیشە کە ویستی کەسایەتی هاووڵاتیان لەگەڵ ویستی گشتیدا هاودژو ناتەبا نەبێت. لێرە هیگڵ دەوڵەتی لەسەر بنەمای خێزان داڕشتووە، وەک چۆن ئەرستۆش هەر وایکردبوو، بەڵام هیگڵ دەوڵەت بە گەورەتر سەیردەکات ، چونکە هیگڵ پێیوایە ئەرکی کۆمەڵگای شارستانی زیاتر بواری پەروەردەو پێگەیاندن دەگرێتەوە، بۆئەوەی تاک ویتەکانی خۆی تێدا پێبگەیەنێت لە رووی توانــاوە، واتا کۆمەڵگای شارستانی لەسەر پێداویستییەکانی خۆی وەستاوە،بەڵام کۆمەڵگەی شارستانی پێویستی بە پاشایەک هەیە کە بە بوونی ئەم پاشایە کۆمەڵگەی شارستانی کە لە ئاستێکی نزمدا بووە، دەگاتە دەوڵەتبوون،واتا دەگاتە ئاستێکی بەرزتر. کەواتا لێرە دەوڵەتە لە کۆمەڵگای شارستانی جیا دەبێتەوە.چونکە ئەگەر دەوڵەت لە کۆمەڵگای شارستانی جیا نەکرێتەوە، ئەندامبوون لەناو دەوڵەتدا دەبێتە کارێکی ئارەزوومەندانە، بەڵام پەیوەندی دەوڵەت لەگەڵ تاک تەواو جیاوازە، لە دەوڵەتدا تاک ڕەسەنایەتی و بوونی خۆی هەیە،خاوەنی ژیانێکی ئەخلاقیانەیەو هاوچارەنووسی بە دەوڵەتەکەوە هەیە،ئەم هاوچارەنووسییەی تاک لەگەڵ دەوڵەت، تاک بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی دەبات، چونکە هیگڵ ئازادی تاکی لەناو دەوڵەتدا تواندۆتەوەو پێیوایەئازادی تاک تەنیا بەهۆی ملکەچبوونی بۆ دەوڵەت و پەیڕەوکردنی دەوڵەت دێتە دی.واتا هیگڵ ویتوویەتی خواستی تاک بۆ ئازادی و دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ بڕیار دەرکردن،بەیەکەوە بگونجێنێت و هاودژی نێوانیان زۆر بچووک بکاتەوە تا ئاستی نەمان.بۆئەمەش هاتووە باسی ئەقڵ

دەکات کە ئەوە ئەقڵە دەوڵەتی دامەزراندووەو ئەقڵ خۆی لەناو بەرگی دەوڵەتدایەو دەوڵەت نیشانەیە بۆ ئاستی بەرزی ئەقڵ، واتا دەوڵەت لە سەرەوەی خێزان و کۆمەڵگەیەکی شارستانییە،چونکە هەردووکیان (خێزان و کۆمەڵگای شارستانی)لەناو دەوڵەتدا ویستەکانی خۆیان وەدیدێنن و بنەماکانی دەوڵەت بەهێز دەکەن.دەوڵەت لە روانگەی هیگڵەوە ئامانجە نەک ئامراز، چونکە هێزی یەکبوونی کۆمەڵگە نیشاندەدات.هاوکان تاک و خێزان و کۆمەڵگاش رێکدەخاتەوە.واتا دەوڵەت نیشاندانی بوون و وجوودی تاک و خێزان و تەنانەت کۆمەڵگاشە، هەر ئەم بۆچوونە بوو وای لە هیگڵ کرد بگاتە ئاستی ئەو قەناعەتەی کە پێیوابێت، دەوڵەت حوکمێکی خودایيە لەسەر زەوی.دیارە هەموو حوکمێکی خوداییانەش ناکەونە بەر رەخنە و شرۆڤەی ئەقڵ، بۆیە پێیوابووە نابێ تاک رەخنە لە دەوڵەت بگرێت، بەڵکو تەنیا دەتوانێ ملکەچبوونی خۆی بۆ ئەو دەوڵەتە نیشان بدات و گوێڕایەڵی بڕیارەکانی بێت.چونکە لەبنەڕەتدا ئەو بڕیارانەی دەوڵەت بڕیاری تاکەکانە، بۆیە ملکەچبوونەکەیشی بۆ بڕیارو خواستەکانی دەوڵەت ملکەچبوونە بۆ خواست و ویستەکانی خۆی. لێرەدایە هیگڵ پێیوایە ویستی خوا هەمان ویستی دەوڵەتە، بۆیە دەوڵەت وێنەی خودایە لەسەر زەوی.

هیگڵ دەیزانی یۆنانییەکان پێش هەموو کەس بیریان لە ئازادی مرۆڤ کردۆتەوە، بەڵام بیرکرنەوەو تێگەیشتنیان بۆ ئازادی پڕ بووە لە کەموکورتی و عەیبە، ئەمەش لە فەلسەفەی ئەفلاتون و ئەرستۆوە بە خەستی خۆی نیشانداوە، هەموویشی لەبەر ئەوە بووە، لە یۆنانی کۆندا کۆیلە هەبووە، بۆیە فەلسەفەی یۆنانی کۆن نەیتوانیوە ئازادی بۆ کۆیلە دابهێنێت، بەڵکو هەر بە کۆیلەیی هێشتوویەتییەوە، هیگڵ پێیوابووە،

ئەگەر هەموو تاکەکان بچنە ناو دەوڵەتەوە واتا وەک ئەندام تێیدا بمێننەوە، ئەو دەوڵەتە خواستی تاک جێبەجێدەکات بۆیە پێویستە تاکیش ملکەچی بڕیارەکانی بێت، بۆیە هیگڵ زیاتر لە (30)ساڵ تەمەنی دوایی خۆی، خۆی بۆ بنەماکانی دەوڵەت و دامەزراندنی دەوڵەت تەرخان کردووە، بەتایبەت ساڵی (1802) یەکەم نووسینی خۆی بەشێوەی پاشکۆیەک بە ناوی دامەزراندنی ئەڵمانیا دەستپێکرد، تیایدا باسی لەو ئاڵۆزیانە کردبوو کە لەناو دەوڵەتدا تاک ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەڵام هیگڵ هەر خۆی چارەسەریشی بۆ دانابوو کە نووسیبووی تەنیا دەوڵەتیش دەتوانێ چارەسەری ئەو ئاڵۆزیانە بکات، واتا هەموو سەروەرییەکەی بۆ دەوڵەت بەخشیبوو..تا گەیشتە ئەو ئاستەی بڵێ دەوڵەت وێنەی خودایە لەسەر زەوی، بۆیە دەوڵەت دەتوانێ کۆنترۆڵی هەموو گرفتەکانیش بکات، مادام هەموو تاکێک ملکەچی فەرمان و بڕیارەکانێتی. خۆ ئەگەر لە نێوان دەوڵەتانیشدا کێشەکان بە جارێک ئاڵۆز بوون و ڕێگای ئاشتیانە بۆ چارەسەرکردنیان نەما، هیگڵ لەگەڵ ئەوەدایە بە شەڕ کۆتایی بە ناکۆکییەکان بهێنرێت و چونکە لە دواجاردا شەڕ بڕیار یان کردەیەکی ئەقڵانی و تەنانەت بە لای هیگڵەوە شەڕ کردەیەکی ئەخلاقیشە، بێگومان هیگڵ لێرە کەوتۆتە ژێر کاریگەری هیراکلیتس . بەڵام هیگڵ خۆی لەوە بە دوور گرتووە کە شەڕ جگە لە بەفیڕۆدانی ڕۆحی خەڵکانێکی زۆر، بەرژەوەندییە تایبەتییەکان لە شەڕدا گەشە دەکەن و هێزی چەکداری میلیشیا گەشە دەکات و یاسا نابوود دەکرێ و گەندەڵی پەرەدەسێنێت و رووی ناوەوەو دەرەوەی دەوڵەت بە تەواوی ناشیرین و قێزەون دەکرێت، لە راستیدا هیگڵ ئاماژەی بۆ هیچ کام لەمانە نەکردوەو خۆی لێ بواردووە.بۆیە ئەو چەند دێڕەی سەرەوە بۆچوونە ئەخلاقییەکانی هیگڵ

دەربارەی شەڕ هەرگیز پشتڕاست ناکەنەوە. هەر ئەم بیروباوەڕەش بوو هیگڵ ی گەیاندە ئەو بۆچوونەی کە سەرەڕای ئەوەی هیگڵ کەوتبووە ژێر کاریگەری شۆڕشی فەڕەنساو، هیگڵ پێیوابوو یان زۆری حەزدەکرد گڵپەی ئەو شۆڕشە بە هەمانشێوەی فەڕەنسا لە ئەڵمانیا گڵپە بدات،بەتایبەت لە پروسیاو هەرێمەکانی دی،هەر بۆیە دواتریش ئەوەندەی لە شان و شکۆی ناپلیۆن کەم نەدەکردەوە، دواتریش باشترین پەیوەندی لەگەڵ فریدریکی گەورە دروستکرد.. بەڵام پێیوابوو شکستهێنانی شۆڕشی فەڕەنسا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەوڵەتی فەڕەنسا سەربەخۆیی بە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری دابوو، واتا هیگڵ بە هیچ جۆرێک لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و جیاکردنەوەیان نەبوو، بەڵکو هیگڵ لەگەڵ ئەوەدابوو پاشا دەسەڵاتەکان بەڕێوە ببات. ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونەکانی مۆنتسکیۆ بوو کە دەسەڵاتەکانی بە تەواوی لەیەکجیا کردبووەوە،هیگڵ پێیوابوو دەسەڵاتی پاشای خستبووە جێگای دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەرییەوە، چونکە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لای هیگڵ بریتی بوو لە دەسەڵاتی کارمەندانی دەوڵەت بە وەزیرو پاشاوە، تەنانەت لە فەلسەفەی سیاسی هیگڵدا پاشا سەروەرییە بۆ دەوڵەت نەک ئەندامبوونی تاک. هیگڵ لەو بڕوایەشدا بوو، تاک یان گەل ناتوانن بەرژەوەندی راستەقینەی خۆیان دەستنیشان بکەن چونکە ئەمە پرسێکی وشیاری و ئەقڵییە تاک لە ئاستی ئەو وشیاری و ئەقڵییەتەدا نییە، هەر گۆڕانکارییەکیش کە لە پێکهاتەی دەوڵەتدا بکرێ، پێویستە بە فەرمان و بە پەسندکردنی پاشا بێت، چونکە پاشا لە هەموان زیاتر درک بە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت دەکات و هاوکات درک بە مەترسییەکانی سەر دەوڵەتیش دەکات، بۆیە لە گۆڕانکارییەکاندا دەبێت پاشا رۆڵی

ناوەند (مرکز)بگێڕێت و لەژێر راسپاردەو ڕێنماییەکانی پاشاوە بکرێت.دەنا حکومەتێکی بێسەروبەر دێتە دی کە ئایندەکەی هیچ روون و گەش نییە. هیگڵ بڕوای بە ئازادی رادەربڕین هەیە، بەڵام لە بنەڕەتدا نرخ و بەهایەکی ئەوتۆی بۆ دانەناوە، چونکە ئازادی تاک لە روانگەی هیگڵەوە خاوەنی وشیاریی و ئاگاییەکی تەواو نین و تاک لە روانگەی حەزو ئارەزوو و شەهوەتەکانی خۆیەوە دەڕوانێتە بەرژەوەندی دەوڵەت، بەڵام بەرژەوەندی دەوڵەت شتێکی جیاوازە. تاک بە دڵی خۆی و بە ئارەزووەکانی خۆی ئەوەی حەزی لێیە ئەنجامی دەدات، کە زۆرجار ئەو حەزو ئارەزوانە لەگەڵ بەرژەوەندی دەوڵەت یەکناگرنەوە.بەڵام پاشا بەرژەوەندی گشتی دەوڵەت لەبەرچاودەگرێت. بۆیە بوونی پاشا بەمانای بوونی دەوڵەت دێت، پاشای بەهێز مانای بوونی دەوڵەتی بەهێزە. کەواتا گەل بەبێ پاشا بوونێکی کاریگەریی نییە، چونکە ئەو گەلەی پاشای نەبێت دەوڵەتیشی نییە، گەلی بێ دەوڵەتیش وەک گەلێکی بێ قەوارەو پەرت و بڵاو وایە، کەواتا پاشا کۆڵەگەیەکی بنچینەیی و بنەڕەتی و سەرەکییە کە لە پێکهاتەی سیاسیدا هەموو ئۆرگانەکانی حکومەت یەکدەخات، بەڵام هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵ ناتوانن ئەو رۆڵە ببینن، چونکە ئەو کۆڵەگەیە سەرەکییە نین لە پێکهاتەی سیاسیدا.بۆیە هەر گۆڕانکارییەکیش لە پێکهاتەی سیاسی دەوڵەتدا بکرێت، پێویستە بە ڕێنمایی و چاودێری و تەنانەت بە فەرمانی پاشا بێت، دەنا هەموو جومگەکانی ئەو پێکهاتانە لەباریەکدەچن. چونکە دەوڵەت لە هزری هیگڵدا دروستکەری سەردەمێکی نوێیەو هاوکات نیشانەی دەستکەوتە مەزنەکانی ئەقڵە لە کاروباری مرۆییدا.بۆیە دەوڵەتی پاشایی لای هیگڵ دەوڵەتی خوداییە لەسەر زەوی.

له راستیدا ئەو فەلسەفەی هیگڵ کە تایبەتە بە فەلسەفەی سیاسی تەمەنی درێژ نەبوو، هەر زوو لە لایەن قوتابییەکانی کە بە چەپە هیگڵییەکان ناسراون، کەوتە بەر رەخنەی واقیعیانەترو بەڵام دەبێ ئەوە بڵێین ئەو فەلسەفە سیاسییەی هیگڵ بوو دەروازەیەکی نوێی بۆ ریفۆرمی سیاسی کردەوە لە تەواوی ئەڵمانیاو ئەروپاشدا. مارکس و ئەنگڵس بە توندی کەوتنە بەر رەخنەبارکردنی هیگڵ لەوەی دیالەکتیکەکەی و فەلسەفە سیاسییەکەی بەتەواوی سەرەوژێرەو پێویستە بیخەینەوە سەر دوو قاچی تەندروستی خۆیان، بۆ ئەمەش هاتن (هێزی بەرهەمهێنان)یان خستە شوێنی (رۆحی جیهانی)هیگڵ و، هەروەها (چینە کۆمەڵایەتییەکان)یشیان خستە شوێنی (دەوڵەتی تاک نەتەوەیی)هیگڵ، ئەو دیالەکتیکەی هیگڵیشیان بە شرۆڤەیەکی زانستی لێکدایەوە کە هۆکاری هێنانەدی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتییە کە دواجار دەبێتە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، ئەو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەی کە بە پێچەوانەی هیگڵەوە دەبێتە هۆی لەناوچوون و نابوودکردنی دەوڵەت، چونکە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کە سیستەمێکی ئازادانەو بێ چەوساندنەوەو بێ چین دێنێتە دی دوورە لە دەوڵەت، چونکە دەوڵەت خۆی دەزگایەکی کاریگەری سەرکوتکارییە.

## هیگڵ و ئایین

هیگڵ یەکەمین وتاری خۆی کە نووسیویەتی و بڵاویکردۆتەوە، ئەو وتارە بووە کە بە ناوی (رۆحی مەسیحییەت)نووسیویەتی، کە تیایدا هێرشێکی توندی کردۆتە سەر یەهوودییەت و ستایشێکی زۆری مەسیحییەتیشی کردووە. ساڵی (1795)یش واتا لە تەمەنی (25)ساڵیدا کتێبی (ژیانی یەسوع)ی نووسی،بەڵام ئەو کتێبەشی وەک زۆربەی کتێبەکانی دیکەی لە

ژیانی خۆیدا بڵاونەکرایەوە،بەڵکو لەدوای مردنی پەرش و بڵاوبوونەوە.هیگڵ زۆرترین بەرهەمی بۆ بابەتی ئایینی تەرخان کردووە،لەناو ئایینیشدا بۆ مەسیحییەت. ئەوەش لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی قووڵی فەلسەفەی یۆنانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەتایبەت ئەرستۆ، هیگڵ زۆر حەزیدەکرد ببێتە ئەرستۆی نوێ، کە چەند سەدەیەک ئایینی مەسیحییەت بەخۆیەوە سەرقاڵ بکات و کلێسای پرۆتستانت بیکاتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ خۆی، بەڵام ئەو ئاواتەی هیگڵ نەهاتە دی، ئەگەرچی زۆرێک لە تۆژەران و فەیلەسووفەکانیش بە ئەرستۆی سەدەی نۆزدە ناویدەبەن، بەڵام نەیتوانی وەکوو ئەرستۆ ئەو پانتاییە زۆرە داگیربکات، بەڵام توانی کاریگەریی خۆی بەسەر سەدەیەک کە سەدەی نۆزدە بوو پەخش و بڵاوبکاتەوە. هەوڵەکانی هیگڵ بۆ ئایین لەو روانگەیەوە بوو کە ئەگەر پەیوەندی فەلسەفە لەگەڵ رۆشنبیریی پەیوەندییەکی دیالەکتیکیان بەیەکەوە هەبووبێ، بێگومان پەیوەندی نێوان ئایین و فەلسەفە پەیوەندییەکی ناوەڕۆکی و ئۆرگانییە، چونکە ناوەڕۆکی ئایین دونیایی نییە بەڵکو ئاراستەیەکی بێکۆتایی (اللامتناهی)هەیە.بۆیە هیگڵ دەیویست بگات بەو بێکۆتاییە، هەر ئەمەش بوو وای لە هیگڵ کرد ئایین کەرتێکی بنەڕەتی لە هەیکەلی فەلسەفەکەی پێکبهێنێت. هەروەک ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام دەڵێت،هیچ گومان لەوەدا نییە کە هیگڵ بەشێوەیەکی ئاشکراو روون کەوتببوە ژێر کاریگەری تۆژینەوەی لاهوتی، بۆیە ئایین بابەتی گرنگی هیگڵ بوو بە درێژایی ماوەی ژیانی. بۆ ئەم مەبەستەش لە چەندین کتێبی بەناوبانگی خۆیدا هاتۆتە سەر ئەم بابەتە،لەسەرووی هەموویانەوە کتێبی (چەند وانەیەک لەمێژووی فەلسەفە)نموونەیەکی ناوەندییە بۆ چارەسەرکردنی دیالەکتیکی فەلسەفەی ئایین. لە فەلسەفەی ئایین لای هیگڵ خودا

وتەیەکی بنچینەیی و سەرەکییە لەو کتێبەی کە لە سەرەوەشدا ئاماژەمان بۆیکردووە هیگڵ دەڵێت:ئێمە دەزانین خودا بوونی هەیە، ئەمەش ئەو مەعریفەیەیە کە لە نێوماندا هەیە بوونی راستەوخۆ بە رادەیەک کە پاشایەکی لێدەرچووە، پاشایەک بۆ هوشیاریی ناوەخۆ.تا دەگاتە ئەوەی بڵێت: کەواتە خودا لە راستیدا نموونەیەک نییە بە خەیاڵ دروستمان کردبێت، بەڵکو ئایین کاردەکات بۆ تێگەیشتنمان لە ژیانێک کە بە رێگای تێگەیشتن و فیکر بەردەوام نابێت، بەڵکو ئایین ژیانێکی کۆتاییت نیشاندەدات کە بۆ ژیانێکی بێکۆتایی بەرزدەبیتەوە.تا دەڵێت(گەلان کە ئایینیان داناوە بیروباوەڕەکانیان خۆی لە خۆیدا دەربارەی بوونی جیهان و رەهایی بووە، بە رەچاوکردنی هۆکارو گەوهەرو بوون و گەوهەری سرووشت و رۆح و دواجاریش رای تایبەتیان لەسەر چۆنیەتی بەیەکەوە بەستنی رۆحی مرۆڤ و سرووشتی مرۆڤایەتی هەبووە بەو پێیەی ئەوە کاروباری نێوان خوداو راستییە. دیارە سالانی(1800) بەدواوە هیگڵ بە تەواوی نقومی نێو فەلسەفەی ئایینی بووە، ئەوەتا ساڵی (1802) گرنگترین تۆژینەوەی هیگڵ لەم ماوەیەدا ئەو تۆژینەوەیە کە ساڵی (1802)بەناوی ئیمان و مەعریفە)نووسیویەتی، تیایدا هەوڵیداوەهاوسەنگییەک یان جۆرێک لە گونجان لە نێوان مرۆڤی ئیماندارو کاری فەلسەفە بەرهەمبهێنێت. هەروەک چۆن بەرهەمدارترین و گرنگترین نووسینی فەلسەفیشی کتێبی (فینۆمینۆلۆژیای رۆح)ە،کە لە سەرەتای ساڵی(1807)نووسی.نووسینی ئەو کتێبە بەناوبانگەی لە کاتێکدا بوو کە سووپای ناپلیۆن دەستی بەسەر شاری(جینا)گرتبوو،کە هیگڵ ماڵەکەی لەو شارە بوو. لەم کتێبەیدا کە(فینۆمینۆلۆژیای رۆح)ە هیگڵ هەوڵیداوە مەعریفەی ئەزموونی بکات بە مەعریفەی فەلسەفی،واتا لە یەقینی هەستییەوە بمانبات بۆ مەعریفەی

رەها،ئەم کتێبەی هیگڵ بە خاڵێکی وەرچەرخان دادەنرێت لە ژیانی فەلسەفەی هیگڵدا.بەڵام لە کتێبی (ئیمان و مەعریفە)هیگڵ لەوبڕوایەدایە کە بڕوای ئایینی قابیلی بە ئەقڵانیەتکردنەو پێویستە گونجانێک لەنێوان شتە خودی و بابەتییەکاندا هەبێت. واتا ئایین و مەعریفە دێن سیفاتی خۆیان ئاڵوگۆڕدەکەن، ئایین مەعریفەی رەها دەداتە مەعریفە، لەولایشەوە مەعریفە دێت مەعقولییەت بە ئایین دەبەخشێ.مەعریفەو ناسینی حەقیقەتیش مانای مەعریفەو ناسینی خودایە،چونکە خودا بۆخۆی تاکە حەقیقەتە لەنێو گەردووندا،کە هیچ گومان و گفتوگۆیەکی یەکلاکەرەوە هەڵناگرێت.ئەمە لەکاتێکدا یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی فەلسەفە گومانە،بەڵام نابێت بچینە نێو پرسی بوون و نەبوونی خوداوە، چونکە بوونی خودا حەقیقەتێکی رەهایە. هیگڵ لە کتێبی ژیانی یەسوعیشدا هەوڵیداوە وێنەیەکی مێژوویی-ئەقڵانی بدات بە دامەزرێنەری مەسیحییەت و مەسیح لە فەلسەفەو تێڕوانینی (هیگڵ)زیاتر وەک مامۆستایەکی ئەخلاقی سەر بە رەوتی (کانت)دەردەکەوێت،

هیگڵ ئەگەرچی هەڵگری فەلسەفەیەکی نوێ بوو، بەڵام لە بنەڕەتدا کەسێکی ئەوەندە شۆڕشگێر نەبوو تا دونیا بگۆڕێت، وەک ئەوەی مارکس باسی لە گۆڕینی جیهان کردووە،راستە هیگڵ فەلسەفەیەکی وەهای خولقاند کە هەموو دونیای بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد، هەر بە هۆی (هیگڵ)یشەوە بوو،لە خاچدانی مەسیح و ژەهرخواردنەکەی سوقرات بوون بە گەورەترین دوو رووداوی جیهان بە گشتی و ئەوروپا بە تایبەتی کە تا ئێستاش ئەو دوو رووداوە گەورەترین و ناهەقترینیانن.چونکە هیگڵ زۆر خۆی بە فەلسەفەی یۆنانی کۆن سەرقاڵکردبوو.شیکردنەوەو تێڕوانینی خۆیشی بۆ هەردوو رووداوو و هەردوو کەسایەتییەکە خستۆتە روو.

هیگڵ بڕوای بەبونی خودا هەبوو، بەڵام بڕوای وابوو ئەو ئایینی مەسیحییەتە بەجارێک مرۆڤی کۆیلە کردووە، بەجۆرێک جگە لە کرنووش بردن بۆخودا هیچی تری لەدەست نایەت، بەڵام هیگڵ هەوڵیدا رۆحێکی شۆڕشگێڕانە بکاتە بەر مرۆڤی مەسیحی، بەوەی ئایین تەنیا دیاردەیەکی ئەقڵی نییە بەڵکو رووداوێکی واقیعیانەشە لە بارودۆخێکی دیاریکراوو بەپێی ئاستی وشیاری کۆمەڵگا. هیگڵ بەهۆی ئەو هێرشانەی بۆسەر ئایینی جوولەکەی بردووە، پریشکی ئەو هێرشانەی بەر ئایینی مەسیحییەتیش کەوتووە، کاتێک پێیوابووە زۆر لە توخمەکانی ئایینی جوولەکە لەناو ئایینی مەسیحیدا ماونەتەوە،هیگڵ رای وابووە کە دەبێت ئەو توخمانە لەناو ئایینی مەسیحیدا نەمێنن، چونکە زیانبەخشن بۆ ئایینی مەسیحی. هێرشی هیگڵ بۆسەر ئایینی جوولەکەو کەسایەتی حەزرەتی موسا تا ئەو رادەیەیە کە پێیوایە، موسا لە خاکی خۆی نەماوەتەوەو کۆچیکردووەو لە وڵاتی خۆی دابڕاوە، بە بڕوای هیگڵ ئەم دابڕانەی موسا لە نیشتمانەکەی هۆکارێکی بنەڕەتی و سەرەکی بووە کە هانا بۆ خواوەندێک ببات بۆئەوەی پشتی پێببەستێت و بیپارێزێت و خواوەندەکەش لە نەهامەتی بیپارێزێت. ئەمە لە کاتێکدا راستە مەسیح لە ئۆرشەلیم لەدایکبووە، بەڵام ئایینەکەی لە یۆنان سەریهەڵدایەوەو ئینجا بەسەر هەموو ئەوروپاو رۆژئاوادا پەخش بوو. بەڵام هیگڵ ئایینی مەسیحی بەتەواوی لە ئایینی جوولەکەو ئایینی ئیسلام دابڕیوەو بە شێوەیەکی قووڵ بیروبۆچوونەکانی خۆی لەسەر بونیاد ناوە. راستە ئایینی مەسیح هەموو ئەروپای گرتەوە، بەڵام رۆڵی (هیگل)نابێ نادیدە بگیرێت لەوەی کە توانی ئەو ئایینە لە ئەڵمانیا بەتەواوی دابکوتێ. بەڵام هیگڵ لەبارەی بوونی

خواوە، پێیوایە بوونی خوا راستییەکی کردارییەو بگرە بێگەردترین و بالآترین راستیی کردارییەو نابێت بخرێتە نێو گفتوگۆی ئایینەکانەوە.

هیگڵ کەوتبووە ژێر کاریگەریی فیختەو شیلینگ و هەوڵیدەدا میتافیزقاکەی بە جۆرێک بێت کە پێشتر باسی لێوە نەکرابێت، بۆیە هیگڵیش بڕوای وابوو ئەرکی فەلسەفە ناسین و پەیداکردنی مەعریفەیە لەسەر سرووشت و ئەقڵ و لۆژیک. چونکە هیچ شتێک لە بارێکی نەگۆڕدا نییە، بەڵکو هەمیشە بوون ریشەکەی لە نەبووندایە واتا لە هاودژەکەیدایە، بەلآم سروشت جگە لەوەی دژەکەی هەیە، هاوکات هەوڵیشدەدا بەسەر دژەکەیدا زاڵ بێت،لێرە لە ئەنجامی کارلێککردن دژەکان پێگەو ئاراستەیان دەگۆڕێت و رەنگە بەهۆی جوولەو گۆڕانکارییەکانەوە کە دەچێتە دۆخێکی دیکە هەمان ئەو دۆخەی پێشووی نەمێنێ کە دژ بووە. لێرە ئەمە کار و ئەرکی فەلسەفەیە شێوەی گۆڕین و جوولەو ئاڵوگۆڕی لە دۆخی دژەکان روونبکاتەوە.کەواتە وەک هیگڵ باسیکردووە هەموو جوولەیەکی پەرەسەندوو بریتییە لە تێکەڵبوونێکی بەردەوامی هاودژو بەرامبەرەکان.

**هیگڵ و دیالەکتیک**

تیۆری میتۆدی دیالەکتیک لە سەدەی هەژدە بە خەستی لەتەنیشت فەلسەفەی رۆژئاوا وردتر بڵێین ئەوروپا هاتە ئاراوە، ئەمەش بە تەواوی لە فەلسەفەی هیگڵ دا خۆی دەرخستووە. راستە دیالەکتیک سەرەتاکەی بۆ هیراکلیتس دەگەڕێتەوەو ئەرستۆش قووڵتری کردۆتەوە، بەلآم هیگڵ بەرگ و ناوەرۆکێکی زۆر نوێی بەبەردا کرد. دوای هیگڵیش مارکس هات دیالەکتیکی بە ئاراستەیەکی دیکە برد وەک مارکس دەڵێت دیالەکتیکەکەی هیگڵ سەرەوخوار بوو، واتا سەری لە زەوی بوو قاچی لە ئاسمان، مارکس

دەڵێت من خستمەوە شوێنی ئاسایی و دروستی خۆی واتا خستمەوە سەر هەردوو قاچی خۆی.واتا قلْپی کردەوە.ئەم میتۆدەی مارکس پێی دەوترێ ماتریالیزمی دیالەکتیک.

دیالەکتیک لە بنەڕەتدا وشەیەکە لە (دیالیغو)ی یۆنانی وەرگیراوە، واتاکەی گفتوگۆ و دەردەشەو مشتومڕ دەگەیەنێت. سەرەتا دیالەکتیک لە فەلسەفەدا بۆ گەیشتن بە راستییەکان و دۆزینەوەی ناکۆکییەکان بوو، وەک هیراکلیتس پێیوابووە کە دیالەکتیک هاوسەنگی و هاوگونجانی دژەکانە لە فیکرو شتەکاندا لەسەر یەک میتۆد.پێیوابووە کە جیهان دڵوستکراو نەبووە، بەڵکو هەر لە بنەڕەتەوە، واتا لە ئەزەلەوە هەر هەبووەو یەک جیهان بووە بۆ هەموان، هەروەها هیراکلیتس وایدەبینی کە ناکۆکی(التناقض) بنچینەی بوونە.

دیارە دیالەکتیک واتاکەی لە لای کەسانی دیکە بە جۆریدیکە هاتووە، لای زینون دیالەکتیک هونەری گفتوگۆیەو دیالەکتیک لە تێڕوانینی زینون دا کردنەوەی لاپەڕەیەکی نەرێنییە کە گفتوگۆکان دەکەونە ناکۆکییەوە. بەڵام بە تێڕوانینی سوقرات دیالەکتیک لەسەر میتۆدێکی فەلسەفی پتەو بۆ راستییەکانە،کە وردە وردە دەتگەیەنێتە راستییە رەهاکان کە فیکر لە کەسێتی رووت (المجرد)دەکرێن و هەروەها پێچەوانەکەشی هەر راستە،یان فیکرەیەکە لە گشتییەوە بۆ بەش دەچێت، پێچەوانەکەشی هەر راستە،ئەم دیالەکتیکە میتۆدی سوقرات بوو. بەڵام لای ئەفلاتون دیالەکتیک برتی بوو لە گفتوگۆی دەروون لەگەڵ خودی خۆیدا،بە واتایەکی دیکە بریتی بوو لە ژیانی دەروون لە هەستیارییەوە بۆ ئەقڵ. بەگشتی دیالەکتیک لای فەیلەسووفانی یۆنانی میتۆدێکی ئەقڵی بوو بۆ وەدەستهێنانی راستییەکان، لە رێگای ناکۆکییەکان.بەڵام لە راستیدا فەیلەسووفەکانی یۆنان

نەیانتوانیبوو بچنە بنج و بنەوانی دیالەکتیک، تا هیگڵ(1770-1830) هات و توانی بنەماکانی دیالەکتیک بە وردی بخاتە روو. چونکە هیگڵ یەکەمین کەس بوو توانی وێنایەکی پڕ لە وشیاری و بەرفراوان بۆ گرفتە گشتییەکانی بزووتنەوەی دیالەکتیک بخاتە روو. بۆیە یەکێک لە لقە هەرە بەناوبانگە فەلسەفییەکەی هیگڵ دیالەکتیکە. دیارە دیالەکتیک پێش هیگڵ جگە لە فەیلەسووفانی کلاسیکی یۆنان بگرە کانت و فیختەو شیلینگ و زۆری دیکەش لایەکیان لێکردۆتەوە،بەڵام هیگڵ هات بەناوەرۆکێکی قووڵ و بە ئاسۆیەکی گەشترو فراوانتر یاساو رێساکانی دیالەکتیکی جوانترو باشترو ئەقڵانیتر دانا.چونکە هیگڵ بوو بۆ یەکەمجار لەمێژووی دیالەکتیکدا تیۆری پێشکەوتنی ناکۆکییەکان(نظرية تطور التناقض)ی داناو چارەسەری لە پێکهاتەکەشیدا کرد.هەروەها هیگڵ توانی تێکەڵکردنی ئۆرگانی نێوان لایەنی ئەنتۆلۆجی و لایەنی مەعریفی لە دیالەکتیک وەدیبهێنێت. واتا هیگڵ بۆ یەکەمین جار تیۆری پێشکەوتووی بۆ دیالەکتیک دانا،لە هەردوو لایەنی لۆژیک و میتۆد، هەردووکیان (لۆژیک و میتۆد)ەکەی هیگڵ دیالەکتیکیان پێکهێنا.

هیگڵ کە باسی دیالەکتیک دەکات، واتا باسی ناکۆکییەکان و پێشکەوتن دەکات، چونکە بەلای هیگڵ ناکۆکی بنەمای هەموو بزووتنەوەیەکەو خودی فەلسەفەش لای هیگڵ لەسەر بنەمای دۆزینەوەی ئەقڵ و خوێندنەوە دێتە ئاراوە، وەک دەڵێت: هەموو ئەو شتانەی واقیعین ئەقڵین، هەموو ئەو شتانەی ئەقڵین واقیعین. تۆژەران هەندێکجار وایانلێکردووە، هەموو شتێکی ئەقڵی راستییە، هەموو شتێکی راستیش ئەقڵییە. بە دیوێکی دیکە هیگڵ کاتێ لە دیالەکتیک و سروشت و لۆژیک دەدوێ، هەموو ئەو میتۆدو فەلسەفەیەی پێکیهێناوە، لەناو قووڵی

مێژووییدا هەڵیهێنجاوەو دەریهێناوە، واتا هیگڵ بە وردی ئاگاداری مێژووش بووەو لەو رامانەوە فەلسەفەکەی داڕشتووە، بەبێ ئاگابوونی لە مێژوو، نەیدەتوانی دیالەکتیک بەرهەمبهێنێت. دیالەکتیکیش وەک ئەنگلس باسیدەکات بە سێ جۆر یاسای داناوە کە بریتین لە: پەیوەندی چەندێتی بە چۆنێتی،یاسای چوونە نێو دژەکان،یاسای نەفی نەفی.

بەڵام مێژوو لای هیگڵ ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ- مێژوو واتا بنەماو پرەنسیبی یەکێتی پرۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییە روحانییەکەی بە درێژایی مێژوو.

ب- مێژوو واتا یەکێتی (پێشکەوتن)و (هەستپێکراو)، یەکێتی بەمانای تێگەیشتن لە پێشکەوتن بۆ سەرکەوتن لەسەر پلە هەستپێکراوە زیادەبووەکان.

ت- بنەمای مێژوویی، بریتییە لە جیاوازییە جۆرییەکانی نێوان پلەکانی سەرەوە،کە پەیوەندی ئاڵوگۆڕییەکان و یەکێتییەکانیان روون و دیارە. بنەمای مێژوویی واتا نزیکبوونەوەمان لە قۆناخەکانی پێگەیشتن لە پێشکەوتنی رۆشنبیری رۆحی،کە لە تیۆرو رێبازە فەلسەفییەکاندا هەموویان گەورە دەبن و ناوەرۆکێکی پتەویان دەبێت،کە پێویستیان بە پاراستنە بۆ پێشکەوتنەکانی ئایندە.

ث- دیاردەکانی فیکری رابردوو لە روانگەی یاسای نەفی نەفی شایانی هەڵسەنگاندنەوەیە، چونکە پرۆسەی مێژوو جوولەدەکات و لێدەدا- تنبض- و بۆسەر چەندین قۆناخ دابەشدەکرێن،وەک ئەوەی جوولەیەکی ئیقاعی و مۆسیقی بێت.

کەوابێ لێکۆڵینەوەی مێژووی فەلسەفە یەکێک لە سەرچاوەکانی دیالەکتیکی هیگڵییە.چونکە هەر لە هیراکلیتس ئەفلاتون و ئەرستۆو ئەفلاتونە نوێکان تا دەگاتە سپینوزاو دیدرۆو ئەوانی دیکە،بۆیە راستە گەر بڵێین فەلسەفەی هیگڵ درێژبووەوەی زۆر لە مێژووی فەلسەفەی ئەڵمانیای سەردەمی نوێشە، کە لە لیبنیتز دەستپێدەکات تا دەگاتە هێردەر، گۆتە، فیختە.لەم روانگە مێژووییەوە هیگڵ زۆر کەوتبووە ژێر کاریگەری شۆڕشی گەورەی فەرەنسا، کە سیستەمی دەرەبەگی لە گۆڕناو دونیای سەرمایەداری بە تەواوی دەرگای بۆ کرایەوە، هەرچەندە شۆڕشەکە تووشی هەڵگەڕانەوەیەکی توند هات و سستەمی پاشایەتی جارێکی دیکە گەڕایەوەو بەشێک لە رابەرانی ئەو شۆڕشەش کە داوای مافی گەڵیان دەکرد، دژی بەرژەوەندی گشتی وەستانەوە، دیارترینیان رۆبسپێر بوو، کە ئەنجام بە دەستی خەڵک کوژرایەوە، بەڵام کاریگەری ئەو گۆڕانکارییانەی لە شۆڕشەکەدا روویدا، رەنگدانەوەی بەسەر دیالەکتیکی هیگڵ جێهێشت، سەرەڕای توانای لە رادە بەدەری ناپلیۆن کە هیگڵ زۆر پێی سەرسام بوو، هەر ئەو سەرسامییەشی بوو بە ناپلیۆنی دەوت رۆحی جیهان.ئەمە وای لێکرد هیگڵ بڵێت هەموو پێشکەوتنێکی مێژوویی چەند تایبەتمەندییەکی هەیە.

1- پەیڕەوی کاروانێکی حەتمییە، کە هەر دەبێت بێتە دی،بۆتێگەیشتن لە پێشکەوتنی مێژوویی لە هەر ناوچەیەک لە فیکر یان چالاکی مرۆیی،پێویستە واببینرێ کە لەبەرچی ئەو رووداوە بە زەروورەت ئاوەها روویدا.
2- هەموو پێشکەوتنێکی مێژوویی هەر تەنیا گۆڕانکارییەک نییەو بەس، بەڵکو پێشکەوتنێکێشیشە لەگەڵیدا.

3- هیگڵ گفتوگۆی کردووه هەر پێشکەوتنێک لە پێشکەوتنی مێژوویيدا تا رادەیەک بەرەو رووبەڕووبوونەوەو ئاڵوگۆڕی پێچەوانەو هاودژیت دەبات.

کەواتە بە کورتی لۆژیک یان دیالەکتیکی هیگڵ سێ لایەن دەگرێتەوە کە ئەمانەن: لۆژیک،سرووشت، رۆح (ئەقڵ).

لۆژیکیش سێ لایەن دەگرێتەوە کە ئەمانەن:

1- لۆگۆس: هەندێ جار لە هزری ئاینیدا بەو چەمکەش دەوترێ (وشە).
2- بوون یان بوونەوەر
3- گەوهەر یان ناوەرۆک

سروشتیش سێ لایەنی هەیە:

1- سروشتی میکانیکی
2- سروشتی فیزیایی
3- سروشتی ئۆرگانی

رۆح (ئەقڵ)یش سێ لایەنی هەیە:

1- رۆح (ئەقڵی خودی)
2- رۆح (ئەقڵی بابەتی)
3- رۆح (ئەقڵی رەها) عیرفانی

ڕۆح (ئەقڵی خودی) ئەمانەی خوارەوە بەخۆوە دەگرێت:

1- دەروون، ڕۆح Soul (مرۆڤناسی)

2- وشیاری (فینۆمینۆلۆژیا)

3- دەروونزانی (سایکۆلۆژیا)

ڕۆح (ئەقڵی بابەتی) ئەمانەی خوارەوەیە:

1- مافی ڕووت (الحق المجرد)

2- بنەماکانی ئاکار یان ڕێساکانی ڕەفتاری تاک

3- ژیانی ئاکاری

بەڵام ڕۆح (ئەقڵی ڕەها)لەمانەی خوارەوە پێکدێت:

1- هونەر (گوزارشتکردن لە ڕاستی)

2- ئایین (نواندنی ڕاستی)

3- فەلسەفە (بیرکردنەوە لە ڕاستی)

بە گشتی هیگڵ وا سەیری دیالەکتیکی کردووە کە ئەزموونێکە بەهۆی فیکرەیەکەوە بۆ فیکرەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە،واتا فیکر لەناوەوەیدا بەردەوامە لە ململانێ و ناکۆکی و هەموو شتێک بەهۆی ناکۆکییەکانەوەیە کە ڕوودەدات و گیان دەخاتە بەر گۆڕانکارییەکەو زیندووی دەکات. بە کورتی دیالەکتیکی هیگڵ لە بیرکردنەوەی ئەقڵ سەرچاوەی گرتووە، هەر گۆڕانکارییەک کە بە ئەقڵدا دێت و بیرکردنەوەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، لەلای هیگڵ ئەوە دیالەکتیکە، واتا لای هیگڵ دیالەکتیک لە بیرکردنەوەیەکی ڕووت سەرچاوەی گرتووە، کە بابەتەکە تەواو تیۆرییە. بە

پێچەوانەی مارکس کە دیالەکتیکی خستە واری واقیعەوەو لەناو چوارچێوەی تیۆری رووت دەریهێناو بۆ واقیعی کردارەکی گواستەوە.واتا مارکس دیالەکتیکی لە فیکر قورتارکردو گواستییەوە بۆ واقیع، بە واتایەکی دیکە لە بواری فیکری پەتی دەرهێناو بردی بۆ بواری واقیعی ماتریالی.

کەواتە دیالەکتیکی هیگڵ پشتی بە ئەقڵ و مێژوو بەستووە،دوو بواری بە رواڵەت تا رادەیەک جیاواز دیالەکتیکیان بەرهەمهێناوە، یەکەمیان:ئەو رەوت و ئاراستانەی مەودایەکی کاتی درێژخایەن لە مێژوو داگیردەکەن،دووەمیشیان:لە بواری داڕشتنی مۆدێلێک بۆ ئەو بیرو ئایدیایانەی کە لە رەوتی مێژوودا دەردەکەون. ئەمجۆرە مۆدیلە کە پێیدەوترێ دیالەکتیک لە ئەنجامی گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕی ئەندێشەو فیکردا دێتە دی،کە بە سێ (3)قۆناخدا رەتدەبێت،تێزTese،ئەنتی تێزAnti Tese ،سێنتێزSynteses، لێرە تێز لەگەڵ ئەنتی تێز رووبەڕوودەبنەوە، لە ئەنجامی ئەو رووبەڕووبوونەوەو بەریەککەوتنە سانتێز بەرهەمدێ.با بە شێوەیەکی روونتر باسی بکەین. تۆ ئەم وێنایە بێنە بەرچاوی خۆت،کاسک بۆچوونێکی هەیە و دەیخاتە روو، ئەمە (تێز)ە، کەسێکی دیکە دێت رەخنەی لەو بۆچوونەی کەسی یەکەم هەیە بە بەڵگەی پێویست رووبەرووی دەبێتەوەو رەخنەی لێدەگرێ، ئەمەی دووەم پێیدەوترێ (ئەنتی تێز)،لە ئەنجامدا هەردوولا لەسەر چەند خاڵێکی هاوبەش رێکدەکەون کە بەهۆی ئەو گفتوگۆیەوە بەرهەمهاتووە، ئەمەشیان پێیدەوترێ (سێنتێز).

یان با نموونەیەکی دیکە بێنینەوە، ئادەم و حەوا لە بەهەشت  ژیاون و لەوێ دوو درەخت هەبووە،درەختی ژیان و درەختی زانینی چاکەکاری بەدکاری،قۆناخی یەکەم کە قۆناخی چاکەکاری و بەدکارییە ئەمە (تێز)ە،قۆناخی دووەم جۆرە جیابوونەوەیەک روودەدات ئەویش ئەوەیە لەبەری رێگا پێنەدراوی زانینی چاکەکاری و بەدکاری دەخۆن،بەڵام کە وشیاردەبنەوەو هەست بەوە دەکەن کە رووتن،ئەمەیان (ئەنتی تێز)ەکەیە، قۆناخی سێیەم بریتییە لە گرتنە خۆی هەردوو قۆناخەکەی پێشوو کە قۆناخی سزادانیانە کە دەرکردنیانە لە بەهەشت، ئەمەش دەبێتە (سێنتێز). بە گشتی لۆژیک لە بنەڕەتدا زانستی فیکرە بە تەواوی یاساو رێساکانییەوە.

- **کارل مارکس**(1818-1883)

کارل مارکس له 1818/5/5 لەشاری تریيف(تريری ئێستا Trier)کە کەوتۆتە رۆژئاوای ئەڵمانیاو لە یەکێک لە ویلایەتەکانی راینلاند Rhineland سەر بە پروسیا چاوی کردۆتەوە. مارکس یەکێک بووە لەو حەوت برایەی کە لە باوکێکی جوولەکە بووە،هاوکات پارێزەرو خوێنەوار بووە بەتايبەت نووسینەکانی کانت و ڤۆلتێری دەخوێندەوە، ساڵێک پێش لەدایکبوونی مارکس دێنە سەر ئایینی پرۆتستانتی مەسیحی. باوکی هانی مارکسی منداڵی دەدا کە گرنگی بە خوێندن بدات، لە ساڵانی 1830-1835مارکس لە شاری لەدایکبوونی چووەتە خوێندن و هەر زوو لە بواری ماتماتیک و لێکۆڵینەوەی ئایینی نیشانەی زیرەکی پێوە دیاربووە.ساڵی 1835 دەچێتە زانکۆی(بۆن)،لەوێ وانەی مێژوو دەخوێنێت و گرنگیش بە بواری مرۆیی دەدات.ئینجا ساڵی 1836 دەگوازرێتەوە بۆ زانکۆی(بەرلین)لەوێ بە فەلسەفەی هیگڵ ئاشنا دەبێت و بە وردی دەست بە خوێندنەوەی هیگڵ دەکات،هەر لەوێ وانەی ماف و فەلسەفەو مێژوو دەخوێنێت.ساڵی 1839 ئاشنایەتی و ناسینی لەگەڵ ئەدۆڵف ریتنبرجA. Rutenbergی رۆژنامەنووس دەکات کە لە هیگلیە رادیکالەکان بوو،بەهۆی بیروباوەڕەکانییەوە ماوەیەک بوو خرابووە گرتووخانەوە، مارکسیش ساڵی 1842چووە ناو (هیگڵییە لاوەکان)پەیوەندیشی بە رۆژنامەی (دای راینیخ زایتونغ)کرد کە رۆژنامەیەکی لیبڕال بوو، سەرەتا وەک نووسەرێک کاری تێدا کرد بەڵام هەر زوو لە 15ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ توانی ببێتە

سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامەیە،بەڵام لە 1841/4/15 مارکس توانیبووی دوکتۆرا وەربگرێت کە لەسەر دیموکریتس و ئەبیقۆر تۆژینەوەی کردبوو. بەڵام لە 1843/3/18 بەهۆی ململانێی لەگەڵ سانسۆری دەوڵەت مارکس لەو ڕۆژنامەیە دووردەخرێتەوە، لە 6/12 هەمان ساڵ ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ (جینی دی وستفالی)پێکدەهێنێت،کە لە بنەماڵەیەکی دیار بوون، بەڵام گوزەراندنی ژیان لە ئەڵمانیا ئیتر بۆ مارکس زۆر ئەستەم دەبێت،بۆیە مارکس دەگاتە ئەو بڕوایەی کە ئیتر ناتوانێ لە ئەڵمانیا بژی، چونکە لەخۆی دڵنیا نییە، بەهۆی ئەو دەوروبەرەی کە دەبەنگ و دووڕوو درۆزنن لەگەڵیدا بۆیە لە کۆتایی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ روو دەکاتە پاریس و ئەڵمانیا جێدەهێلێت.لەماوەی هاتووچۆ یان کۆچکردنی مارکس لەنێوان پاریس و بەلجیکا چاوی بە جۆزیف برۆدۆن و هەروەها فریدریک ئەنگڵز دەکەوێت،ئەنگڵس تەنیا دوو ساڵ لە مارکس بچووکتر بوو، کەسێکی شۆڕشگێرو زۆر زیرەک بوو،باوکی خاوەنی کارگەی قوماش بوو لە خێزانێکی دەوڵەمەند بوو.ئیتر ساڵی 1844 ساڵی هاوکاری و بیروڕا گۆڕینەوەی نێوان فریدریک ئەنگڵز و کارڵ مارکس دەبێت، ئیتر چالاکییەکانی مارکس لە فەڕەنسا بە تەواوی دیارو کاریگەر دەبن، بۆیە ساڵی 1845حکومەتی پروسیا گوشار دەخاتە سەر فەڕەنسا بۆ ئەوەی مارکس لە فەڕەنسا دەربکات، ئیتر مارکس دەچێتە بەلجیکاو ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە.ئیتر مارکس لە لایەک خەریکی فیکرو تیۆری شۆڕشگێری دەبێت بۆ پرۆلیتاریا، لە لایەکی دیکەشەوە نەبوونی و قات و قڕی تەنگی پێ هەڵدەچنێ ،بەتایبەت کە نەیدەتوانی لە شوێنێکدا بگیرسێتەوەو هەمیشە کەوتبووە ژێر چاودێریکردنەوە.هەرچۆنێک بێت مارکس بۆ ساڵی 1846 کتێبی (ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی)بڵاودەکاتەوە، بەڵام کۆتایی ساڵی

1845 نووسینی ئەو کتێبەی تەواو کردبوو،ساڵی 1846 چەندین بابەتی دیکەی نووسی لەبارەی فۆیرباخ و..هتد. ساڵی 1847 کتێبی (کوێرەوەری فەلسەفە)ی نووسی کە وەڵامدانەوەیەکی برۆدۆن بوو کە بەناوی (فەلسەفەی کوێرەوەری)نووسیبووی،مارکس بە توندی بەناوی (کوێرەوەری فەلسەفە) وەڵامیدایەوە.لەو ماوەیەدا بەشداری چەندین کۆنگرەو کۆمەڵەی سۆسیالیستی کردووە.

مانیڤێستی کۆمۆنیزم کە مانگی یەکەمی ساڵی 1848 لە چاپدرا، مارکس و ئەنگڵز پێکەوە لە بەلجیکا نووسیویانە، ئەم مانیڤێستە وەک بە ناوەکەی دیارە سەرچاوەی فیکری پرۆلیتاری و سۆسیالیستی دەخاتە روو، کە تا ئەمڕۆش کاریگەری خۆی هەر پاراستووە. بەڵام مارکس ساڵی 1848 لە بەلجیکاش بەهۆی بەشداریکردنی لە شۆڕشەکانی ئەڵمانیاو فەڕەنسای ساڵی 1848 دەردەکرێ، ناچار دەگەڕێتەوە ئەڵمانیا بەڵام حکومەتی پروسیا بە هیچ شێوەیەک قەبوولی ناکات بمێنێتەوە، ناچار دەڕواتەوە فەڕەنسا بەڵام لەوێش هەمدیسان دەریدەکەن، ئیتر هاوڕێ و هاوفیکری مارکس ئەنگڵز کە لە ساڵی 1844 ەوە بیروباوەڕیان لەبارەی پرۆلیتاریاو سیستەمی سۆسیالیستی و گەیشتن بە کۆمۆنیزم گۆڕییوەتەوە، داوای لێدەکات روو بکاتە لەندەن و لەوێ بمێنێتەوە، ئیتر مارکس ناچار روو دەکاتە لەندەن و لەوێ نیشتەجێ دەبێت و بە هاوکاری و یارمەتی بەردەوامی هاوڕێکەی ئەنگڵز ژیانی خۆی و خێزانی دەگوزەرێنین چونکە مارکس لەبەر نووسین کاری نەدەکرد، ئەنگڵز یارمەتی گوزەرانی دەدا.ئیتر مارکس تا رۆژی مردنی هەر لە لەندەن مایەوە.

لە راستیدا مارکس ژیانێکی پڕ لە کوێرەوەری و دەربەدەری بردە سەر، ئەگەر ئەنگڵز نەبوایە کە لە خێزانێکی دەوڵەمەند بوو یارمەتی زۆری

ماركسی دا، بێگومان ژیانی مارکس بە جۆرێکی دیکە کە پڕ ئازارتر دەبوو، دەبوو بیباتە سەر، بەڵام ئەنگڵز توانی بەشێک لە مەینەتییەکانی مارکس لە کۆڵ بگرێ و لە مارکسی بکاتەوە تا رۆژی مردنی کە رۆژی 1883/3/14 بوو، کە تەنیا ساڵێک و چوار مانگ بوو هاوسەرەکەشی مردبوو.بۆیە دەتوانین بڵێین ئەوەی ئەفلاتون بۆ سوکراتی کردووە، ئەنگڵزیش بۆ مارکس کەمتری نەکردووە، نەک تەنیا لە یارمەتیدانی گوزەرانی ژیان، بەڵکو لە زۆربەی نووسینەکانیشیا پێکەوە نووسیویانەو تەنانەت بەناوبانگترین نووسینی مارکس کە (سەرمایە)کەیەتی، تا لە ژیاندا بوو، تەنیا بەرگی یەکەمی چاپ کردبوو، ئەنگڵز دوو بەرگەکەی تری بە غیابی مارکس بە چاپ گەیاند و بڵاویکردەوە، ئەمەش ئەنگڵز نەبوایە کە بیروباوەڕی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییان زۆر زۆر لە یەکتر نزیک بوو، ئەنگڵز نەبوایە کەسێکی دیکە نەیدەتوانی ئەو دوو بەرگەی (سەرمایە) کە بەرگی دووەم و سێیەمە، بیگەیەنێتە چاپ و ئاستی بەرزی ئەو کتێبە نەیەتە خوارەوە.

بنەماکانی فیکری مارکس بە کورتی ئەمانەی خوارەوەن:

1- ماتریالیزمی دیالەکتیکی
2- ماتریالیزمی مێژوویی (ململانێی چینایەتی)
3- تیۆری زێدەبایی (کەڵەکە بوونی سەرمایە)
4- حەتمییەتی شۆڕش (هەرەسهێنانی سیستەمی سەرمایەداری)

بەڵام سەرچاوەکانی فیکری مارکسی بریتین لەمانە: میسالییەتی ئەڵمانی،ئابووری بەریتانی،شۆڕشی فەڕەنسی...

هەڵبەت کە دەڵێین مارکسیزم ئەوا بە تەنیا مارکس ناگرێتەوە، بەڵکو مارکس و ئەنگڵز دەگرێتەوە، کە پێکەوە توانیان ببنە خاوەنی ئەو ڕێبازو قوتابخانەیە.

بێگومان کە باسی فیکرو فەلسەفەی مارکس دەکەین،دیارە مارکسیش وەک زۆر لە فەیلەسوفانی دیکە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی فیکریی چەند بنەماو چەند قۆناخێکی بەخۆیەوە دیوە ، کە دەکرێ بنەماکانی فیکری مارکسیزم لەمانەی خوارەوەدا چڕیان بکەینەوە:لەم سێ قۆناخەی خوارەوەدا کورتی بکەینەوە:

بەڵام قۆناخەکانی بەرەوپێشچوونی فیکری مارکسیزم، دەتوانین ئاماژە بۆ سێ قۆناخ یان سێ وێستگەی گرنگ بکەین لە پێگەیاندن و بەرەوپێشچوونی فیکری مارکسیزم کە بە کورتی ئەمانەن:

قۆناخی یەکەم،بریتییە لە سەردەمی لاوێتی مارکس تا ساڵی 1845، واتا ئەم ماوەیە خوێندنی دوکتۆراکەی تەواو کردووەو چەندین نامەیشی لەگەڵ ئەنگڵز گۆڕیوەتەوە لەسەر بارودۆخی کرێکارو سیستەمی سیاسی سەرمایەداری.بەڵام مارکس لەم قۆناخەی یەکەمیدا زیاتر بڕوای بە ڕێبازی دیموکراسی تاک هەبوو، تەنانەت داکۆکیشی لێدەکرد،لەم قۆناخەیدا بوو کە کتێبی(ڕەخنە لە فەلسەفەی ماف لای هیگڵ)و (پرسی جوولەکە)ی لەساڵی 1844 بڵاوکردەوە، نامە گۆڕینەوەکانیشی لەگەڵ ئەنگڵز هەر ساڵی 1844 بوون.بەڵام کتێبی(پرسی جوولەکە)بە گرنگترین کتێبی ئەم قۆناخەی دادەنرێت.ساڵی 1845 مارکس بە هاوکاری ئەنگڵز (خانەوادەی پیرۆز)و هەروەها کتێبی(ئایدیۆلۆژیای ئڵمانی)ی نووسی بەمەش بە تەواوی پەیوەندی لەگەڵ هیگڵییە لاوەکان پچڕا. دەکرێت بڵێین ئەمە قۆناخی دووەمی پێشکەوتنی فیکری مارکسیزم بووە.

قۆناخی دووەمی فیکری مارکس، لە کتێبی (خانەوادەی پیرۆز-العائلة المقدسة)ەو (ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی)ییەوە دەستپێدەکات،بەڵام بە بڵاوکردنەوەی (مانیڤێستی کۆمۆنیزم)کۆتایی قۆناخی دووەمی فیکری مارکس دێت و هەر واتە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی (مانیڤێستی کۆمۆنیزم) ساڵی 1848 کۆتایی بە قۆناخی دووەم دێت. تایبەتمەندی ئەم قۆناخە لەوەدایە،بەشێوەیەک سووربوونی خۆی لە سۆسیالیزمی میانڕەوەوە بۆ بەرەو سۆسیالیزمی زانستی بردووە،واتا کۆتاییهاتنی هەموو جۆرە سۆسیالیزمێکی دیکەی ئایدیالی و لە ریشە دەرهێنانیان و هەڵوەشاندنەوەی هەموو پرەنسیب و بنەماکانیانە بۆ هەنگاونانی جیدی و چڕ لە بەرەو چوون و چەسپاندنی سوسیالیزمی زانستیی کە کتێبی (کوێرەوەری فەلسەفە) رەتکردنەوەو لەناوبردنی هەموو جۆرە سۆسیالیزمێکی نا زانستی و ئایدیالییە لە پێناوی گەیشتن بە سۆسیالیزمی زانستی. بۆیە دەتوانین بڵێین کتێبی (کوێرەوەری فەلسەفە-بؤس الفلسفة)کە وەڵامدانەوەیەکی توندی کتێبەکەی برۆدۆن (فەلسەفەی کوێرەوەری-فلسفة البؤس)بوو، بە ناوەندی قۆناخی دووەمی فیکری مارکس دادەنرێت.

قۆناخی سێیەمی،لە بڵاوکردنەوەی (مانیڤێستی کۆمۆنیزم)ەوە دەستپێدەکات تا رۆژی مردنی.واتا لە ساڵی 1848 ەوە دەستێێدەکات.کە دوای مانیڤێست، ساڵی 1867 بەشی یەکەمی کتێبی (سەرمایە)ی چاپ کردو دواییش ئەنگڵز ی هاوڕێی ساڵی 1885 واتا دوو ساڵ دوای مردنی مارکس بەشی دووەمی سەرمایەی بەچاپ گەیاندو بەشی سێیەمیشی لە ساڵی 1895 چاپکرد، مارکس لەو قۆناخی سێیەمەیدا، وردتر بڵێین ساڵی 1864 هەڵسا بە دامەزراندنی بزووتنەوەیەک ، کە ئەنتەرناسیۆنالیزمی یەکەمین بوو لەژێر ناوی (فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی کرێکاران).قۆناخی

سێیەمی فیکری مارکس لە ساڵی 1848 ەوە تا رۆژی مردنی یەک ئاراستەی فیکری سیاسی بوو، ئەویش جەختکرنەوە بوو لەسەر سۆسیالیزمی زانستی و گەیشتن بە کۆمۆنیزم. مارکس لە کتێبی سەرمایەو ئەنگڵزیش لە چەندین دەقی نووسینیدا جەختیان کردۆتەوە کە: جیهانی ئایینگەرایی رەنگدانەوەی جیهانی واقیعەکەیە، بەڵام رەنگدانەوەکە ناڕاستەوخۆیە دوور لە رەکیزە مادییەکان.

### ماتریالیزمی دیالەکتیکی مارکس

ماتریالیزمی دیالەکتیکی گرنگترین داهێنانی فەلسەفی مارکسە، ئەوەش لەوەوە سوودی وەرگرتبوو، کە شارەزاییەکی زۆر باشی لەسەر هیراکلیتس هەبوو، بەوەی کە نامەی دوکتۆراکەی لەسەر هیراکلیتس و ئەپیقۆر هێنابووەوە، بۆیە بە وردی ئاگاداری دیالەکتیکی هیراکلیتس ببوو، بە هەمانشێوە دیالەکتیکی هیگڵیش بە وردی ئاگادار بوو،تەنانەت خودی هیگڵ تا دەگاتە ئەرستۆ هەموویان سوودیان لە دیالەکتیکی هیراکلیتس کردووە، بەتایەت کاتێ دەیوت هەموو شتێک لە گۆڕاندایەو ئەو ئاوی رووبارەی جارێک مەلەی تێدا دەکەیت ، ناتوانیت جارێکی دیکە لە هەمان ئاودا مەلە بکەیتەوە، چونکە هەم مرۆڤەکە گۆڕانی بەسەردا دێت و هەم ئاوەکەش دەگۆڕێت. کەواتە ئەو پرسیارە لە جێی خۆیەتی کە بەردەوام دەکرێ، ئەگەر مارکس دیالەکتیکی هیراکلیتس و هیگڵی زیندوو یا دوبارە

کردبێتەوە، کەوابێ چ داهێنانێکی کردووە؟ لە راستیدا ئەم پرسیارە زۆر بەجێیە، بۆیە ئێستا بە وردی روونیدەکەینەوە.

دیارە دوای ئەرستۆ دیالەکتیکی هیراکلیتس یان با روونتر بڵێین دیالەکتیکی یۆنانی کۆن، تووشی چەقبەستوویيەک ، کە تا هیگڵ نەهات دیالەکتیک کەوتبووە خەوێکی قووڵەوەو مەگەر بە نهێنی و شاراوەیی کاری خۆی کردبێت، بەڵام کە هیگڵ هات ئیتر دیالەکتیک بوو بە چەقی فەلسەفەو بوو بە ناوەندی بیرکردنەوەی فەلسەفی لای فەیلەسووفەکان، چونکە هیگڵ دیالەکتیکی تەنیا لە بواری فیکری و فەلسەفیدا بەرز راگرت،دوور لە واقیع یان روونتر بڵێین هیگڵ بنەماکانی فیکری خستە سەرەوەی واقیعبینی، بۆیە بە هیگڵ دەوترێ ئایدیالی-میسالی. واتا دیالەکتیکی هیگڵ لە بنەڕەتدا تایبەتمەندییەکی فیکریی پەتی هەبوو،چونکە هیگڵ تەنیا فیکری کردبووە بنەماکانی ئەو ململانێ و کارکردنە فەلسەفییەی،بە دیوێکی دیکەدا هیگڵ بە وردی ململانێکان و ئاڵوگۆڕکردنەکانی دەرخستبوو، بەڵام نەیگواستەوە بۆ سەر واقیع بەڵکو تەنیا لەناو فیکردا قەتیس مابوونەوە لە کاتێکدا باش باش دەیزانی واقیع وەستاو نییەو هەمیشە لە گۆڕان و پێشکەوتندایە.بەڵام مارکس هات ئەو دیالەکتیکەی هیگڵ لە بواری فیکرو زەیندا دروستیکردبوو، وەریگێڕا بۆ سەر پەرەسەندن و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی ،لەبەر ئەوەیە مارکس دەڵێت، دیالەکتیکی هیگڵ سەری لەسەر زەوی بوو قاچی لە ئاسمان، واتا سەرەوخوار(لینگەو قووچ) وەستێنرابوو، بەڵام من(مارکس)قلْپم کردەوەو خستمەوە سەر هەردوو قاچی خۆی. کەواتا مارکس نەهات هەمان تایبەتمەندی دیالەکتیکی هیگڵ بەرەو پێشەوە ببات، بەڵکو دیالەکتیکی هیگڵی قلْپ کردەوەو وەریگێڕا،مەبەستیش لەو قلْپکردنەوە ئەوەیە هیگڵ

فەیلەسووفێکی ئایدیالی و میسالی بوو، تەنیا لە چوارچێوەی فیکردا دیالەکتیکی خستبووە روو،بڕوای بە گۆڕان بوو بەڵام تەنیا لە فیکر، بەڵام مارکس وەریگێڕایە سەر کاری کۆمەڵگە، هەر لەبەر ئەوەشە ماتریالیزم درایە پاڵ دیالەکتیک، چونکە مارکس وەکوو هیگڵ ئایدیالی و میسالی نەبوو، بڕوای بە واقیعی شۆڕشگێڕی هەبوو، بڕوای بە گۆڕینی کۆمەڵگە هەبوو، بڕوای بە تیۆری شۆشگێڕانە هەبوو،بڕوای بەوە بوو کە مادە لە پێش فیکر هەر هەبووە، مارکس فەیلەسووفێکی واقیعبین بووەو تیۆرەکەشی لە واقیعی ئەوکاتی وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەت فەرەنسا، بەلجیکا، ئەڵمانیا، ئبنگلتەرای ئەوکات هەڵدەهێنجنی،لەکاتێکدا هەموو فەیلەسووفەکانی پێشتر خەیالئامێز بوون بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم و هەمیشە یۆتۆپیاییانە بیریاندەکردەوە، لەبەرئەوە بوو ئەنگلز بۆ ئەوەی ئەو سۆسیالیزمەی ئەوان دەیانەوێ جیای بکەنەوە لەگەڵ سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی کە ئەوکات زۆر لە برەودا بوو ناوی نا سۆسیالیزمی زانستی کە لە سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی-خەیالی- جیایکردەوە. بۆیە دەبینین بە توندی رووبەڕووی هەموو ئەوانە بۆتەوە کە لە پێناوی سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی خستنە روویەکی فیکرییان هەبوو، کەسیشی نەپاراستووە وەک دەڵێت (هەموو فەیلەسووفانی پێشوو تەنیا راڤەی جیهانیان کردووە، بەڵام کاری سەرەکی گۆڕینییەتی).کەواتا مارکس بڕوای بە حەتمییەتی گۆڕینی مێژوو هەبووە،لە رێگای ناکۆکی و ململانێکان، لە رێگای جیاوازی چینایەتی و بەرژەوەندییەکان،لە رێگای خەبات و تێکۆشینی شۆڕشگێڕانەو نەهێشتنی چەوساندنەوەی چینایەتی.هەر ئەمەش بوو وای لە مارکس کردبوو بە توندی زۆر بە توندی رووبەڕووی هەموو ئەوانە ببێتەوە کە بڕوایان بە سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی یان سۆسیالیزمێک بێ هەڵوەشانەوەی

موڵكایەتی هەبوو، لەسەرووی هەموویانەوە (شارل فۆرییە 1772-1837).

دەكرێ بڵێین ماركس یەكێك لەو فەیلەسووفانە بووە، كە لە پێناو چەسپاندن و زیاتر تێگەیشتن لە فیكری سۆسیالیستی رووبەڕووی زۆرترین لە فەیلەسووفەكانی پێش خۆی بە ماوەیەكی زۆر كورت یان ئەوانەی سەردەمی خۆی بووەتەوە، كە بە جۆرێكی یۆتۆپیایی یان بە هەڵە لێكدانەوەیان بۆ سۆسیالیزم دەكرد، نموونەی سان سیمۆن(1760-1825)،رۆبەرت ئۆین(1771-1858)،لۆیس بلانك(1811-1882)،لۆیس-ئۆگست بلانكی(1805-1881)،فیلهلم ویتیلینگ(1808-1871)و چەندانی دیكەی وەكوو جۆزیف برۆدۆن ،شارلس هال،...هتد.

ماركس لەوەدا لەگەڵ هیگڵ یەكیدەگرتەوە كەواقیع بەردەوام لە گۆڕاندایەو پڕسەیەكی مێژوویی بەردەوامیشە، ئەمەش دیالەكتیكە، بەڵام جیاوازی نێوان ئەو دوو فەیلەسووفە ئەوەبوو، هیگڵ پەنای نەبردۆتە بەر یاسایەك كە واقیعی شۆڕشگێڕییە،چونكە بڕوای بە رۆحانییەت هەبوو ، بەڵام ماركس بڕوای وابوو بنەمای سەرەكی واقیع رۆحیی نییە بەڵكو ماتەرییە،ئایدیالی نییە بەڵكو ماتریالییە،بۆیە هەموو گۆڕانكارییەك دەبێ لە لە روانگەی یاساو بنەمای ماتریالی بێت، چونكە بەر لەوەی فیكر و رۆح هەبێت مادە هەر هەبووە،جیهان لە مادە پێكهاتووە، هەر بۆیە لە پاڵ دیالەكتیكەكەی ماتریالیزم داناوە، لە پاڵ پەرەسەندنە مێژووییەكەیدا ماتریالیزمی داناوە، چونكە ماتریال سەرچاوەو بنەمای گۆڕانكارییەكانە. بۆیە ئەگەر ماتریالەكەی ماركس لە دیالەكتیك بكەینەوە، لە زۆر روانگەو دیدەوە ماركس و هیگڵ لە دیالەكتیكدا ئەوەندە ناكۆك نابن، بەڵام بەهۆی دانانی ماتریالیزمەكە گۆڕانكارییەكی ریشەیی لە نێوانیان دروستدەبێت، كە دوو قوتابخانەی فەلسەفی پێكناكۆك پێكدەهێنن. بۆنموونە هەموو

گۆڕانکارییەک بزووتنەوەیەکی سێ لایەنییە، تێز، ئەنتی تێز، سینتێز، بەڵام دەبینین لای هیگڵ و مارکس هەریەکەو بە ئاراستەیەکی تەواو جیاوازە ئەو گۆڕانکارییانە.لەبارەی نامۆبوونیشەوە هەردووکیان جەختیان لێکردۆتەوە، بەڵام لای هیگڵ نامۆبوونێکی میسالی رۆحانییە، لای هیگڵ نامۆبوونێکی ماتریالییە کە کرێکار لەگەڵ ئەو ئامێرانەی کاری پێدەکات رووبەڕووی نامۆبوونی دەکاتەوە.

نموونەیەکی دیکەی دیالەکتیک لای مارکس ، وەک وتمان دیالەکتیک گۆڕانە، پەرەسەندنی مێژووە،..هتد. بۆنموونە مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە هەوڵیداوە، ژیان و بژێوی خۆی باشتر بکات،بەمەش کلە کۆمەڵگای بێ چین کە کۆمەڵگای سەرەتایی بووە، کۆمەڵگای چینایەتی دروستبووەو لە کۆمەڵگای چینایەتیشدا ناکۆکی قووڵ دێنە ئاراوە،بۆیە وردە وردە لەگەڵ ململانێی نێو چینەکان هۆیەکانی بەرهەمهێنانیش گۆڕانکاری تێدەکەوێت، کەواتە پەیوەندی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان و جۆری ناکۆکی چینایەتییەکەیان گۆڕانکاری ریشەیی بەسەردا دێت،ئەم پرۆسەی گۆڕانکارییانە خۆی دیالەکتیکە.یان نموونەیەکی دیکەی زۆر روونتر،کاتێ ئەوروپا تازە پێی نابووە قۆناخی سەرمایەداری و پیشەسازییەوە، شارە پیشەسازییەکان لە نزیک رووبارو کەناری دەریاو دەریاچەکان دروستدەکران، چونکە هێشتا گوازتنەوەی کەرەستەی خاو بە شێوەیەکی سەرەکی بە پاپۆڕ بوو، هەروەها کارگەکان بۆ کارکردنیان پێویستیان بە ئاو هەبوو، بەڵام دوایی کە وزەی هەڵم گەشەی کردو، شەمەندەفەر دروستکرا کە بە وزەی هەڵمی کاریدەکرد، هەموو شارە پیشەسازییەکانی لەو مەرجە جەبرییە رزگارکرد کە هەر دەبێت لەسەر رووبارو کەناری دەریاکانەوە بێت،بۆیە ئەمجارە لە نزیک کەرەستە خاوەکان، یان بازاڕە

گەورەکان شاری پیشەسازییان دروستدەکرد، ئەم گۆڕانکارییە دیالەکتیکە،چونکە بینیمان گۆڕانکاری لە هۆیەکانی بەرهەمهێنان، بووە گۆڕانکاری لە بنەمای ئابووری و سیستەمە ئابوورییەکەش، کە بە هۆیەوە گۆڕانکاری لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیشی لێدەکەوێتەوەو شێوازی ململانێی چینایەتیش ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت.بە دیوێکی دیکە مارکس یەکەمین کەس بوو کە ئەوەی ئاشکرا کرد یاسا بزوێنەرەکانی ئابووری چۆن و هەر چییەک بن،کۆمەڵگە لە ژێر رۆشنایی ئەو شێوە ئابوورییە بونیاد دەنرێتەوە، ئابووری پێشبڕکێ و سوودگەرایی کۆمەڵگای سەرمایەداری بەرهەمدێنێ، ئابووری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی دێنێتە ئاراوە، ئابووری سۆسیالیستی کۆمەڵگای سۆسیالیستی دروستدەکات.بۆیە کاتێک مارکس دەیەوێ باسی پەرەسەندنی مێژوویی بکات دەڵێت:مێژووی کۆمەڵگا هەر لە سەرەتای پەیدابوونییەوە بریتی بووە لە مێژووی ململانێی چینایەتی. ئەگەر کۆمەڵگا لە چین و توێژی جیاواز و تەنانەت دژی یەک روستبووبێ، هەڵبەت خەباتی چینایەتیش لە نێوياندا دەبێتە واقیع و راستیی.

بەڵام ئەو ململانێیە ئابوورییە سوودگەراییە چینایەتییە هەر دەشبێ هەبن و بەردەوام بن، تا کۆمەڵگا دەگاتە کۆمەڵگایەکی بێ چین و بێ چەوساندنەوەن چونکە لە کۆمەڵگای دەرەبەگیدا، خاوەن زەوی(ئاغا) پێویستی بە جووتیار هەبوو، لە کۆمەڵگای سەرمایەداریشدا خاوەن سەرمایە پێویستی بە کرێکار هەبوو تا کارەکەی بۆ راپەڕێنێ، بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا، ئاغا و سەرمایەدار، تا ئەوپەڕی جووتیارو کرێکاريان دەچەوساندەوە، بۆیە چارەسەر تەنیا ئەوەیە ئەو موڵک و ماڵە بکرێتە

موڵکی گشتی و بە هۆیەوە خەڵکی پێ نەچەوسێنرێتەوە، ئەمەش تەنیا بە بەدیهاتنی سۆسیالیزم و ئینجا کۆمۆنیزم دێتە دی.

کەوابوو دیالەکتیک گۆڕانە، پەرەسەندنە، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییە لای مارکس،بۆیە زۆر جار دەوترێ مارکس لەبارەی دیالەکتیکەوە زۆرترین سوودی لە هیگڵ وەرگرتووە ، خۆیشی لە کتێبی بەشی یەکەمی سەرمایەکەی دانی بەوە ناوە کە قوتابییەکی هیگڵە.

مارکس و ئایین

مارکس زۆر بە راشکاوی بانگەشەی بۆ ماتریالی کردووەو دژی ئایین وەستاوەتەوە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە گرنگی بە ئایین نەدابێت، چونکە ئایین لای مارکس شێوەیەکە لە وشیاری، کە خەڵک بەو رێگایەوە پەیوەندی خۆی بە جیهان دروستدەکات، یان پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەکانی دروستدەکات.

مارکس زۆر بە وردی مێژووی فەلسەفەی خوێندۆتەوە، بۆیە باش پەی بەوە بردووە کە ئایین بەشێکی کارگەرو دانەبڕاوە لە فەلسەفە، میتافیزیکا لە فەلسەفەدا لەو بیروباوەڕەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە مارکس دەیزانی میتافیزیکای ئەرستۆ تا دەگاتە هیگڵ چۆن فەلسەفەیان پێ خولقاندووە، مارکس هات ئەو میتافیزیقایە تێکبشکێنێت و بە توندی رووبەڕووی بێتەوە. هەڵبەت ئەگەر مارکس ئەوەی نەکردبایە نەیدەتوانی شتێک بخاتە سەر دیالەکتیکەکەی هیگڵ و نەیشدەتوانی بەو فەلسەفەیەی کە خولقاندی زۆرترین دانیشتوانی سەرگۆی زەوی پەیڕەوی لێبکەن. چونکە ئەوەندەی خەڵک پەیڕەوی لە مارکسیزم کردووە- تا ئێستا هیچ فەلسەفەو ئایینێک جا ئایینەکە ئاسمانی بووبێت یان سەرزەوی بووبێت، نەیانتوانیوە بە قەد مارکس خەڵک پەیڕەویان لێبکات، بە ئایینی مەسیحیشەوە، کە تا ئەمڕۆش

بەرفراوانترین ئایینی ئاسمانییە.جگە لەوەش فەلسەفەی مارکسیزم تاکە فەلسەفەیەکە کە بە زووترین کات زۆرترین بڵاوبوونەوەی بەخۆیەوە بینی، ئایینی ئیسلام، مەسیحییەت، هیچ ئایینێک بەو خێراییە بڵاو نەبووەوە، مارکسیزم بانگەشەی(ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن)ی کرد، بەڵام نەک تەنیا کرێکاران، بەڵکو جووتیارو رۆشنبیرانی وردە بۆرژواو چەندین توێژی دیکە لە ژێر فەلسەفەی مارکسیزم کۆدەبوونەوە، بەڵام هەڵەی گەورە ئەوەبوو، دامودەزگای رۆشنبیری و چاپ و بڵاوکردنەوەی پێویست نەبوون کە مارکسیزم وەکوو خۆی بە خەڵک بگەیەن، بۆیە سەدەی بیستەم سەدەیەک بوو، زۆرترین خەڵکی لەژێر ئەو فەلسەفەیەی مارکسیزم کۆکردبووەوە، بەڵام بەهۆی جۆرێک لە تێنەگەیشتن لە مارکسیزمی راستەقینە ئیتر سیستەمی بەناو سۆسیالیزم و ئەو هەموو خەڵکەش کە بەناوی مارکسیزمەوە چووبوونە ریزی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمەوە، ئەنجامێکی ئەوتۆی لێ نەهاتە بەرهەم، جگە لە شێواندنی رووی راستەقینەی مارکسیزم.

مارکس هەر زوو لە نووسین و رەنگڕشتنی فەلسەفەکەی کە بۆ ساڵانی 1843-1844 دەگەڕێتەوە، بە رەخنەگرتن لە فەلسەفەی میسالی هیگڵ دەستیپێکرد، ئەمەش لە (رەخنە لە فەلسەفەی ماف لای هیگڵ)، (دەستنووسەکان- مخطوطات)،(پرسی جوولەکە)رەنگیداوەتەوە.تاکە رەخنەی راست و دروست لە ئایین لای مارکس ئەوەیە،بتوانی ئەو جیهانەی کە هەیە بیگۆڕی بۆ جیهانێکی باشتر، بەمە ئازاری راستەقینە لەناودەچێت یان زۆر کەمدەبێتەوە. بۆیە دەڵێت(ئایین وەکوو بەختیارییەکی خەیاڵییە بۆ میللەت، بەوە لەناو دەچێت، کە دەبێت داوای بەختیاری راستەقینە بکەین، لە بنەڕەتدا رەخنە گرتن لە ئایین ،رەخنە گرتنە لە فرمێسک هەڵوەراندن

که ئایین دەبێتە سەرچاوەی دانانی پەردەیەک بۆ نەبینینی هۆیە ڕاستەقینەکانی فرمێسک و خەمەکانمان)، کەواتە هەموو ئایینێک هیچ نین جگە لە ڕەنگدانەوەیەکی یۆتۆپیایی-خیالی- لە مێشکی خەڵکدا، کە بە هێزێکی دەرەکی بەسەر ژیانی ڕۆژانەیدا زاڵدەبێت .. لێرەوە دەچینە سەر گرنگترین ئەو خاڵەی کە مارکس وروژاندوویەتی و تا ئێستاش زۆرترین قسەو باسی لەسەر کراوە، کاتێک مارکس وتوویەتی:ئایین ئەفیونی گەلانە. با لە بنج و بنەوانی ئەم دەستەواژەیە بکۆڵینەوە کە ئاخۆ مارکس ڕێک وای وتووە؟ مەبەستی لە وتنی ئەم قسەیەی چی بووە کە زۆرترین هەڵای بەدوای خۆیدا هێناوە؟.

مارکس لە کتێبی (ڕەخنە لە فەلسەفەی ماف لای هیگڵ)ئەم قسەیەی کردووە، مێژووی ئەو نووسینەش بۆ هاوینی ساڵی 1843 دەگەڕێتەوە، کە تیایدا ڕەخنەی لە فەلسەفەی ئایدیالی هیگڵ گرتووە.بەڵام ئەو نووسینە لە ژیانی مارکسدا ڕووناکی نەبینی،بەڵکو دوای مەرگی مارکس بڵاوکراوەتەوە.ئەم دەستەواژەیەی کە دەڵێت:ئایین ئەفیونی گەلانە. لەو پێشەکییەدایە کە بۆ کتێبی(ڕەخنە لە فەلسەفەی ماف لای هیگڵ) نووسراوە، بەڵام خودی ئەو دەستەواژەیە، بەمجۆرە نییە، بەڵکو بەشێوەی (مستل)لەنێو نووسینی پێشەکییەکەی مارکس وەرگیراوە، پێموابێ گرفتەکەش لێرەوە سەریهەڵداوە. چونکە مارکس باسی لەوە کردووە کە: ئەوە مرۆڤە ئایینی دروستکردووە، ئایین مرۆڤی دروست نەکردووە.کەواتە ئایین وشیارییەکی خودیی و ڕێزگرتنی خودە بۆ مرۆڤەکان، بەڵام مرۆڤیش بوونەوەرێکی بێ دەستەڵاتی ڕووت نییە لە دەرەوەی جیهان.مرۆڤ جیهانی مرۆڤە یان ڕوونتر بڵێین مرۆڤ خۆی جیهانە:دەوڵەت،کۆمەڵگا،ئەو دەوڵەت و کۆمەڵگایە ئایینیان بەرهەمهێناوە،کە ئەمە وشیارییەکی بەرەواژییە-

مقلوب-به جیهان، چونکە جیهانێکی بەرەواژو وەرگەڕاوە. ئایینیش تیۆرێکی گشتییە بۆ ئەو جیهانە،کە پوختەی ئینسکلۆپیدیایە،لۆژیکی دارشتنێکی میللییانەیە، خاڵی شکۆی رۆحە،خوێنگەرمییە،دامرکاندنەوەو سنووردانانێکی ئەخلاقییە،شکۆمەندییەکی تەواوە،خۆی چڕ دەکاتەوە لەسەر پاساو هێنانەوەو دان بەخۆداگرتنی لەسەر هەموو ئەو نەهامەتیانەی کە تووشی دەبێت،،جەوهەری مرۆڤایەتی بە خەیاڵ وەدەستدەهێنێت ،چونکە جەوهەری مرۆڤایەتی هیچ راستییەکی حاشا هەڵنەگری بەخۆوە نەگرتووە، ململانێ دژی ئایین لەبەر ئەمەیە،کەوابێ، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ململانێیە دژی ئەو جیهانەی کە ئایین بە بۆنێکی خۆشی رۆحانی پێکیهێناوە.ئینجا مارکس دوای ئەمەدەڵێت:توندی ئایینی بەشێکی گوزارشتکردنە لە توندی واقیع،بەشەکەی دیکە ناڕەزایی دەربڕینە لەسەر توندی واقیعەکە،ئایین ئاخهەڵکێشان و ماندووبوونی مرۆڤی چەوساوەیە ،ئایین جیهانی گەمژەیەکە بەزەییت پێیدێتەوە، ئایین هەناسە هەڵکێشانێکی گەرمی ناچارییە (بەزۆرییە)،رۆحی جیهانێکی بێ دڵە،رۆحێکی دانراوی بێ رۆحە،کە هیچ جێگایەک بۆ رۆح نییە،چونکە ئەفیونی گەلانە.

ئەگەر مارکس لە ساڵی 1843 نکولی لە دینامیکییەتی بە کردەی ئایین دەکرد،لەبەر ئەوە بوو تا ئەو کاتەش بە شێوەیەکی قووڵ بە کێشەی فۆیرباخییەت خەریک بوو، دەنا مارکس بڕوای وابوو کە:ئایین ناتوانێت تا کۆتایی بە شۆڕش هەڵسێت،چونکە ئەوە ئەرکێکی مێژوویی فەلسەفەیە، ئەوکات ئەو خەیاڵە تیۆرییە هێشتا مابوو، خەیاڵی دینامیکییەتی پرۆسەی دەستپێکردنی شۆڕشی تیۆری، ئەوکات هێشتا بڕوا وابوو کە رەخنە گرتن لە جیهانی واقیعی سەرەتای شۆڕشەو ئەو بەرنامەیە شۆڕشگێڕییەی پشتی پێدەبەسترێ، بەرنامەیەکە دەتوانین بە ئایدیۆلۆژیا وەسفی بکەین: کە

رەخنە گرتن لە ئاسمان دەگۆڕێت بە رەخنە گرتن لە زەوی و رەخنە گرتن لە ئایین دەگۆڕێت بە رەخنە گرتن لە یاساو رەخنە گرتن لە لاهوت دەگۆڕێت بۆ رەخنە گرتن لە سیاسەت.

لێرەوە دێمە سەر ئەوەی مارکس بۆچی وشەی ئەفیونی بەکار هێناوە؟ئاخۆ مەبەستی مارکس لە وشەی ئەفیون چیبووە، کە ئەوە سەدەو نیوێک زیاترە بووەتە جێی زۆرترین گفتوگۆی فیکری و سیاسی لەسەر ئاستی هەموو دونیادا؟.

**ئەفیون** خۆی مادەیەکە لە سەوزە گیایەک بەرهەمدەهێنرێت، ئەو سەوزەگیایە پێیدەوترێ (خشخاش)، لە سەدەی نۆزدە بۆ پیشەسازی هیرۆیین بەکاردەهێنرا، کە مرۆڤ دەخەوێنێ، لە چەشنی ڤالیۆمە،واتە جۆرە دەرمانێک بوو لە دەرمانخانەکانی ئەوروپا دەفرۆشرابۆ ئەوانەی کە ئازارێکی زۆر گران و سەختیان لێبوو، بەتایبەتی ئازاری ئێسک یان ئەوانەی تووشی نەخۆشی شێرپەنجە هاتبوون.ئەم دەرمانە (ئەفیون)لە تاقیگەکاندا دروستدەکراو پزیشکی پسپۆر بە ئەو جۆرە نەخۆشانەی دەنووسی،نەک بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکە، بەڵکو تەنیا لەپێناوی کەمکردنەوەی ئازارەکەیاندا، دەنا نەخۆشییەکە کاری خۆی هەر دەکرد، مارکس وای لێکداوەتەوە کە ئایین وەکوو ئەو دەرمانی ئەفیونەیە، کە ئازاری مرۆڤ بەشێوەیەکی کاتی سووکدەکات، بەڵام چارەسەری ئازارەکانیان ناکات، بۆیە مارکس بەدوای چارەسەرکردنێکی واقیعی و راستەقینە دەگەڕا.ئەم ئەفیونەی مارکس باسی لێکردووە، ئێستاش لە وڵاتانی ئەوروپا دەرمانی (مۆرفین)و (نارکۆتین-نوسکوبین-ی لێدروستدەکەن، بۆ ئەوکەسانەی کە ئازارەکانیان سەختە، بێئەوەی چارەسەر بکرێن.بەرلەوەی مارکس ئەو قسەیەش بکات هەندێک لە وڵاتانی

دونیای  ئەوروپاو ئاسیاش بازرگانیان بەو دەرمانە دەکرد، هەر بۆ نموونە، ساڵی 1781 بۆ یەکەمجار یەکەم بارهەڵگری گەورە بۆ وڵاتی چین نێردرا،کە لەوێ هەرمێنێکی زۆری لەسەر هەبوو، ئیتر وردە وردە گرنگی بە بازرگانی ئەفیون زێدەتر بوو، چونکە بە گشتی هەرمێنی لەسەر زۆر دەبوو.بەریتانیا یەکەمین دەوڵەت بوو کە زۆرترینی بەرهەمدەهێنا. تا وایلێهات وڵاتانی هیند و چین بۆ خۆیان دەیانچاند.

مارکس و ئەنگڵز جەختیان لەوە کردۆتەوە کە:

ئایین هەوڵدەدات دوای نەمانی بنچینە مادییەکانیشی بۆ ماوەیەک دواتر هەر بمێنێ،بەتایبەتی کە ماوەی هیچ شتێک نامێنێ رەنگبداتەوە.

تا دەڵێت: ئایین تا هەتایە نابێتە شوورەیەک بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری ، چونکە بیروباوەڕی مافپەروەری و فەلسەفی و ئایینیمان هەموویان زادەی راستەوخۆی بنەما ئابوورییە باوەکانی نێو کۆمەڵگایەکی دیاریکراون،بۆیە کاتێک کە ئەو هەلومەرجانە دەگۆڕێن، ئەو بیروباوەڕانەش ناتوانن تا هەتایە بە هەمان دۆخ بمێننەوە.

جاران لە جیهانی کۆندا ئایینەکانی دەوڵەت، لە هەموو ئایدیۆلۆژیاکانی دیکە باشتر رسکا بوون و،لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئایینییە جیهانییەکانی وەکوو(مەسیحییەت و ئیسلام و بودایی)رۆڵێکی ئایدیۆلۆژیان دەبینی، کۆمەڵگاکانی سەدەکانی ناوەڕاستیش ماوەی ئەوەیان دا  کە ئایین ئەو رۆڵە سەرەکییە ببینێ و ئایین لە سەدەکانی ناوەڕاست ببووە رێکخراوێکی یاسایی و رێبازی سیاسی و رێنماییکردنی ئەخلاق و دەوڵەت. ئایینەکانی دەوڵەت لە چاخەکانی رابردوودا و، ئەو ئایینانەی کە نارەزایی جەماوەرییان دەردەبڕی لە دژی ئەو حوکم و سیستەمانەی کە هەبوون، کۆرپەلەیەکی سەرەتایی بوو بۆ ئایدیۆلۆژیا،ئامۆژگاریکارانی ئایینیی یەکەمین

ئایدیۆلۆژیستی ئەو سەردەمە بوون و هەموو تێڕوانینێکی ئەخلاقی و فەلسەفی و سیاسییان تێکەڵ بە ڕێنماییەکانیان کردبوو.

ئایین خۆی سیستەمی بیروباوەڕەو پەیوەندی مرۆڤ بە جیهان و بە کۆمەڵ لێکدەداتەوەو پەیوەندبوونی هەندێکیان بە هەندێکی دیکەیانەوە دەردەبڕێ. بەڵام بیروباوەڕەکانیان بیروباوەڕی یۆتۆپیایی و خەیالین، لێکدانەوەکەیشی لێکدانەوەیەکی خودییە، واتە: ئاراستەی خودی مرۆڤ کراوە، چونکە لێکدانەوەی ئەندێشەیی (یۆتۆپیایی) بۆشاییەکی نادیار پڕ دەکاتەوەو جێگای زانیاری دەگرێتەوە.

ئایین تەنیا سیستەمێک نییە بۆچوونی مرۆڤەکان بگرێتە خۆی تا بتوانێ دینداری تێدا بکات، لەوانەیە ئەخلاقێکی ئایینی پەیوەندی بە مەبەستێکی نا ئایینییەوە هەبێت، لەوانەیە بێ ئایینی و خوا نەناسی ببنە ئایینێکی ئاشکرا نەکراو بۆ مرۆڤ، هەر وەک لای فۆیرباخ ئەمە هاتووە، لەسەردەمی ئێستاشماندا ئایدیۆلۆژیای کەس و خواپەرستی رووت لای مرۆڤ کە لەناو لیبڕالەکاندا هاتووە، هەروەها لە لای رادیکالی و سۆسیالیست و دیموکراتییەکانیشدا هەر بەو شێوەیە هاتووە، ئەو گۆڕاوانە دەنوێنن لەو رێبازەدا، چونکە پەرستنی دەوڵەت، یان پەرستنی مرۆڤی نێردراو لە لایەن خواوە، جۆرێکە لە دینداری زێدەڕۆیی و خۆی لە بواری سیاسیشدا دەبینێتەوە، تەنانەت بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیش دوور نییە لەو بۆچوونەی کە چاوەڕوانی مەسیحی رزگارکەر بکرێت یان هەر داب و دەستوورێکی دیکەی ئایینی.

دەستبەسەرداگرتنی هەستی ئادەمیزادو هەستکردنی مرۆڤ بەوەی کە هێزێکی لاوەکی دەسەڵات دەخاتە سەر پەیوەندییەکانی، سەرچاوەکانیان تەنیا لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان سەرهەڵنادەن، ئەمە وتەیەکی پووچ

و بێ مانایە ئەگەر بڵێین هەموو شتێک سیاسییەو لە سیاسەتەوە سەرهەڵدەدەن، ،چونکە هەموو وێنەیەکی خودی و شێوەی دەربڕینیان بونیادی کۆمەڵایەتی دەریاندەبڕێ، بەڵام کۆمەڵناسییە ، بە پێی کۆمەڵناسیش : هەموو شتێک لە خودی خۆیدا کۆمەڵایەتییەو مەتریالیزمی مێژوویی جێگای سایکۆلۆژی دەگرێتەوە،مارکس لە بارەی چالاکی سێکسیشەوە سەرنجی خەڵکی بۆ ئەم کارە راکێشاوە کە کردارێکی هەم سرووشتییە و هەم کۆمەڵایەتیشە، چونکە بونیادی کەسایەتی لە هیچ خاوەن کەسایەتییەکی سیاسی نایەتە دی گەر لە سەرچاوەیەکی کۆمەڵایەتی رۆشنبیرییەوە سەریهەڵنەدابێت.

خەڵک ئازارو ستەم و هەژاریی راستەقینە دەچێژن، وەک ئەنجامی کارێک کە لە زۆر هۆکاری وەها دروست بووە کە لە دەست خۆیاندا نییەو دەسەڵاتیان بەسەریدا ناشکێ، چونکە بنچینەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکەی نازانن، بۆیە سەرچاوەکەی بۆ دوو ناوەرۆکی رەق و رووت دەبەنەوە، ئەویش (شەڕ)و (گوناە)ن و، بۆ رزگاربوونیشیان لەو دەسەڵاتە، پێویستە بە هێزی رزگاریخوازیی لە رووی ئەو هێزە خراپە ستەمکارانە بوەستین و ئەو زۆردارییە بە بیروباوەڕی دادپەروەری لەناوببەین، چونکە شەڕو زۆرداری دوو بنچینەی کاریگەرن، بۆیە دادپەروەری رووی خوداوەندێکی خاوەن هێزو دەسەڵات و بەخشندە وەردەگرێ و ئازادبوونیش لەو هێزو دەسەڵاتە شێوەی رزگاریی وەردەگرێ.

ئەنگڵز نووسیویەتی: ئایین ئەوە دەگەیەنێ، خەڵکانێک هەست بەوە دەکەن کە پێویستیان پێی هەیە، هەست بەم پێداویستییە دەکەن.

ئایین لە سەردەمێکی زۆر کۆن لە ئەندێشە تەمو مژاوی تەواو سەرەتاییەکانی خەڵک لە ئاست سرووشتی تایبەتی خۆیان ئەو سرووشتەی لە دەوروبەر گەمارۆی دابوون لەدایک بووە، بەڵام هەر ئایدیۆلۆژیایەک دوای پێکهاتنی لەسەر بنەڕەتی بۆچوونەکانی پێشووتر، نەشونما دەکات و دەوڵەمەندیشی دەکات، پێچەوانەکەشی بە ئایدیۆلۆژیا دانانرێت،واتا ئایدیۆلۆژیا گرنگی نادات بە بیروباوەڕەکان وەک چەند قەوارەیەکی تەنیای سەربەخۆ،کە سەربەخۆ نەشونما دەکەن و تەنیا لەژێر رکێفی یاسا تایبەتییەکانی خۆیانن.

پەیوەندی لە نێوانی ئاوەژووبوونەوەی جیهانی واقیعی لە بۆچوونی ئایینیدا، واتا پێشکەشکردنی وێنەیەکی ئەرێنی لە وێنەیەکی نەرێنییەوە، لەگەڵ واقیعەکەیدا، بەو راستییەی کە ئەم جیهانە هەروەکوو لە وتەی میللیدا دەوترێ(جیهانێکی سەرەو بنە)و باسی رزگاربوون و دادپەروەری و دلۆڤانی پێچەوانەی ئەوەیە کە لە ئارادایەو خۆی لە هەژاری و زۆرداری و درندەییدا دەنوێنێ، کە رۆژانە لەگەڵیدا دەژین، لە لایەکی دیکەیشەوە ئەم دەقە ئەگەری پەیوەندی راستەوخۆی نێوان تیۆری و پەیڕەوکردنییەوە دەڕمێنێ و لەناویدەبات.

سیستەمی دراو لە بنەڕەتدا سیستەمێکی کاتۆلیکییە، سیستەمی تەسلیفیش لە بنەڕەتدا پرۆتستانتییە، ئاڵوگۆڕکردنی پارەو کەرەستە کردارێکی پوولەکییە،بوونی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، بڕوابوون بە شت هەر لە کۆنەوە نرخی تایبەتی خۆی هەبووە، وەک بڕوابوون بە نرخی دراو،بەو مانایەی رۆحە یەکسانەکەی خۆی لەناو کەرەستەدا نیشاندەدات،بڕوابوون بە

ڕەوتی بەرهەمهێنان و ئەو رژێمەی کە لە ئەزەلەوە دەربڕی ئەوە، بڕوابوون بە هۆکاری پیشەسازی لە بەرهەم کە دەستنیشانی شتە ئایینییەکان دەکات سەبارەت بە سەرمایەدارەکانەوە، ئەوەندە هەیە رژێمی پارەدار لە چوارچێوەی رژێمی دراو سەربەخۆیی وەرنەگرت، وەک پرۆتستانتی کە نەیتوانی دۆزی دیلبوونی سەربەخۆیی وەربگرێ.لە راستیدا کڵێسای کاتۆلیک لەوە دەرچوو کە قەرزدانەکەی لە پێناو سوود وەرگرتنی ریبایی بێت کە پرسە ئەخلاقییەکانی ناو ئایینەکان حەرامیان کردووە، بۆ سەدەیەکیش ئەم کردەوەیە لە ناو جوولەکەکان مایەوەو لە دواییشدا رووی کردە ناو پرۆتستانتییەکان.

مارکس و ئەنگڵزلە کتێبی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا نووسیویانە( لە ئایندا،مرۆڤ جیهانی ئەزموونی خۆی بۆ بەرهەمە فیکرییەکان دەگۆڕێت،بۆ بیرکردنەوەیەک کە لە واقیعێکی نامۆدا خۆی دەردەخا، لێرە بە هیچ شێوەیەک مەبەست لە واتای رووت نییە،بەڵکو مەبەست لە روونکردنەوەی ئەنجامدانی راستەوخۆی کارەکەیە، هەروەها مەبەست لە وشیاری خودی و دووبارەکردنەوەو ورێنەی لەم جۆرە نییە، بەڵکو مەبەست لە سەرجەم شێوەی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕییەکانە کە تا ئێستا هەیە.کە لە واتای رووت سەربەخۆیەو بە قەد سەربەخۆیی وەدەستهێنانی ئامێری ئۆتوماتیکی و بەکارهێنانی هێڵی ئاسنین لە فەلسەفەی هیگڵیدا، کە سوورە لەسەر ئەوەی لە رووی بوونی ئایین و شتە بنەڕەتییەکانی مادی ئەم پێکهاتەو بوون و پێکهاتنی مرۆڤ و سیفەتەکانی خوا قسان نەکا، بەڵکو تەنیا باس لە جیهانی مادی شتەکان بکات لە تەواوی قۆناخەکانی گەشەکردنی ئایینیدا.

لە هەموو کۆمەڵگایەکدا چەند شتێک هەن کە خەڵکی بە یەکەوە دەبەستێتەوە، ئەو شتانە سەربەخۆیی و خواست و ئارەزووەکانیان وەردەگرن،ئەو بەیەک بەستنەوەیەش زۆر جار تێکەڵی بەرهەمی مادیان دەبێت بۆئەوەی بیانژێنێت،مەرجیش نییە خەڵکی ئەو پەیوەندییانە بناسێتەوە،چونکە زۆر جار لە رەفتاری ژیانی رۆژانەیاندا ئازاریان دەدا،هەر ئەوکات هەست بە چۆنیەتی هەڵچوونە راستەوخۆکان دەکەن،ئەگەر بەرهەمهێنەریش بێت ئەوا لە بەشێکی بەرهەمەکەی بێبەش دەبێت.ئەم تاقیکردنەوە تێکەڵ بە یەکبوونەش بە شێوەیەکی تەسک و هەژاری کۆیلایەتی رەنگ لەخۆی دەداتەوەو بوونی خۆی دەردەبڕێ.

زاڵبوونی سەرمایەداری بەسەر کرێکار، لە دواییدا دەبێتە زاڵبوونی ئەو سەرمایەدارییە بەسەر مرۆڤ،زاڵبوونی کاری مردوو بەسەر کاری زیندوو، زاڵبوونی بەرهەم بەسەر بەرهەمهێنەر،ئەو کاڵایەی بە رێگای زاڵبوونەوە ئاڵوگۆڕی پێدەکرێ(لە واقیعدا،کارەکە تەنیا یەخەگیری کرێکار دەبێ)ئەویش بریتییە لە شتەگشتییەکانی رێڕەوی بەرهەم و بەرهەم وەدەستهێنان،لە ئاستی بەرهەمی مادی،ئاستی رێڕەوی راستەقینەی ژیانی کۆمەڵایەتی ،هەمان ئەو پەیوەندییە دەبینرێ کە لە ئاستی ئایدیۆلۆژی و ئایینیدا دابیندەکرێ، خود گۆڕاوە بۆ بابەت، یان بە پێچەوانەکەی یەکدی، جێگۆڕکێ دەکەن. لە رووی مێژووییەوە ئەو سەرچاوە دژوارە، رۆڵی گوازتنەوە دەبینێ و وا لە مرۆڤ دەکات ناچار بێت ئەو سامانەی وەدەستیدەهێنێت بۆ خودی خۆی بێت، بێ ئەوەی گوێ بداتە لایەنی بەرهەمدارو کاری بە کۆمەڵ ئەنجامدراو کە ئەمەشیان توانای هەیە تیشکۆی مادی بۆ کۆمەڵگای مرۆیی ئازاد دابمەزرێنێت، وەک دابینکردنی لایەنە خۆشکەرەکانی رۆحی بۆ مرۆڤ و هەوڵدان بۆ پاراستنی شتە

خودییەکانی ئەم مرۆڤە، کە ئەمەشیان بە ڕێڕەوی داگیرکردنی کار دەژمێردرێت.

ڕووناکی حەقیقەت و ڕاستی و وەهم و ترسەکانی خەیاڵ دەڕەوێنێتەوەو، تارماییەکانی شەو لەبەر تیشکی ڕۆژ دەتوێنەوەو لەناودەچن، ئەمەش لێکجیابوونەوەیەکی تیۆری کۆتایی خەباتێکی تیۆرییە. (جیاوازیش لە نێوان شۆڕشی ئێستاو هەموو شۆڕشەکانی پێشوو لەوەدایە، کە نهێنی ئەو ڕەوتە مێژووییەی شۆڕش بە ڕوونی دەردەبڕێ و، ئەنجام لە جیاتی ئەو ڕێبازە دەستکردە دەرەکییە بەرز کاتەوە، هەموو ئایینێک جارێکی دیکە بەلاوە دەنێت لە ژێر سایەی شێوەیەکی بەرزی ئایینێکی نوێدا). کاتێک ئەو کردارە تەواو دەبێ کە کۆمەڵگا لە ڕێگای کۆمەڵێک لە کاڵای بەرهەمهێنانەوە کە خۆیان دروستیان کردووەو لەسەر نەخشەیەکی باش بەڕێوەی دەبەن، ڕزگاری دەبێت و هەموو ئەندامانی لەو کۆیلایەتییە ئازاد دەبن کە ئەمڕۆ لە ڕێگای ئەو کاڵا بەرهەمهێنراوانەوە تووشیان بووەو، وەک هێزێکی نامۆش لە ڕوویان دەوەستێ. کەچی کاتێک  کە مرۆڤ بیردەکاتەوە،هەموو هێزێکی نامۆ کە تا ئێستاکە لەناو ئاییندا خۆیان نواندووە،لەناودەچن و، بەمەش ئاوەژووکردنەوەی ئایین و ڕەنگدانەوەی لەناو خودی مرۆڤدا لەناودەچێت و نامێنێت. ئەمەش سەبارەت بە هۆیەکی ماقووڵ، ئەویش ئەوەیە لەمەودوا هیچ شتێک لە ئارادا نییە ئاوەژوو ببێتەوەو خۆی بنوێنێ. لێرە پرسەکە، پرسی خواستنەوەیەکەو بە ئاسانی بەکاردێت، شێوەیەکی میللی وەرگرتووەو دەڵێت: جیهان لە بارێکی ناخۆشدایە، یاخود پرسی حوکمێکی پێوانەییەو لە ڕێگای ئەو سەرچاوەیەی کە لێیەوە دەستپێکراوە، با جیهان لە لایەنی باشەکەیەوە دەستنیشان بکەین، ئایا دەبێتە نموونەیەکی بەرز یان ئارەزوویێکی مرۆیی و ئەخلاقی.

## ئارسەر شۆپینهاوەر 1788-1860 Arthur Schopenhauer

شۆپپینهاوەر(1788-1860) لە شاری دانزیگ Danzig لەدایکبووە،ئەو شارە ئەوکات سەربەخۆ و ئەڵمانی زمان بوو،،بەڵام دواتر ناوی بۆ Gdansk گۆڕاوەو ساڵی 1793 خرایە سەر پۆڵۆنیاو تا رادەیەک ئازادی و سەربەخۆیی زەوتکرا، ئەوکاتە تەمەنی شۆپپینهاوەر پێنج ساڵان بوو . شۆپپینهاوەر باوکی بازرگانێکی دەوڵەمەند بوو،بۆیە لەجیاتی ئەوەی رێچکەی باوکی بگرێتە بەر، هات سوودی لەو پارە زۆروزەوەندەی باوکی وەرگرت بۆئەوەی بە رێگای خوێندن خۆی پێبگەیەنێت.تا توانی دوکتۆرا وەربگرێت،ماستەرنامەکەی کە لەسەر جیهان وەک ویست و وێناکردن Die Welt als Wille und Vordtellungبووکە لە ساڵی 1818 بە چاپیگەیاند،بەڵام ئەم کتێبە سەرنجی خوێنەرانی زۆر بەلای خۆیدا رانەکێشا .نامەی دوکتۆراکەشی لە ساڵی 1813 نووسی بە ناوی Uber die Vierfache Wurzel des Satzes vom Zureichenden Grunde ئەم ناونیشانەی جێگای رامان و وردبوونەوەیە، بۆیە ئەم نامەی دوکتۆرایەی شۆپپینهاوەر بە شاکارێکی کلاسیکی مایەوەو گرنگی خۆی پاراست.بەڵام ئەوەی شۆپپینهاوەر توانی ناوبانگی پێ پەیدا بکات بریتی بوو لە کتێبی Parerga und Paralipomena واتا درێژەپێدان و وازلێهێنان کە ساڵی 1851 واتا لە تەمەنی 63 ساڵیدا بوو کە ئەم کتێبەی بڵاوکردەوە، شۆپپینهاوەر لەپاڵ خوێندنەکەیدا، هەر بەهۆی دەوڵەمەندییەکەی باوکی

سەفەری فەڕەنساو ئینگلتەراو چەندین شوێنی دیکەی کردو، بیرکردنەوەیشی فراوانتر بوو.هەروەها توانیبووی خۆی فێری زمانی لاتینی و یۆنانی بکات و بەو هۆیەشەوەبە وردی ڕۆچووبووە نێو فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، بەتاییەت زۆر شارەزایی لەسەر ئەفلاتون هەبوو، هەروەها بە وردیش (کانت)ی خوێندبۆوە. تا رادەیەکی باش ئاگای لە فەلسەفەی هیندیش هەبوو،هۆگربوونی شۆپینهاوەر بە فەلسەفەی بوزی و هیندۆزی ئەوەبوو،لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە ئەو فەلسەفەیەی بوزایی و هیندۆسی و کۆنفۆنشیۆسی بۆ سەر زمانەکانی ئەوروپایی وەردەگێردران،بۆ وەرگێڕانی سەر زمانی ئەڵمانی (فریدریک مایەر)ڕۆڵێکی بنەڕەتی بینی ، شۆپینهاوەر لە فریدریک مایەر دوور نەبوو کەمێک نزیک بوو، بەتاییەت شۆپینهاوەر ئەوکات لە تەمەنی بیست و پێنجساڵیدا بوو، کتێبی بڵاوکراوەی هەبوو، ئەو فریدریک مایەرە بە وردی باسی فەلسەفەی بوزایی و هیندۆسی بۆ شۆپینهاوەر دەکرد، ئیدی شۆپینهاوەر بەلایەوە سەیر بوو کە ئەو فەلسەفەیەی بوزایی و هیندۆسییە تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ فەلسەفەی کانت و هەروەها لەگەڵ بیرو هزری خۆیشیدا تەباو رێکە، ئەمە تاکە هۆکار بوو کە شۆپینهاوەر ئاگاداری فەلسەفەی بوزایی و هیندۆسییەکان بێت.بەتاییەت دواتر هەموو ئەو نووسین و دەقانەی خوێندەوە کە وەرگێردرابوونە سەر زمانی ئەڵمانی.بۆیە شۆپینهاوەر یەکەم فەیلەسووف بووە کە بەدوای فەلسەفەی بوزایی و هیندۆسیی کەوتبێت و زۆرترین زانیاری لەسەر پەیدا کردبن و هەوڵیدا فەلسەفەی رۆژئاوایی و رۆژهەڵاتی بە گشتی و فەلسەفەی ئەڵمانی و هیندۆسی بەتاییەتی لەیەک گرێبدات و پێکەوەیان ببەستێتەوە.یەکەم فەیلەسووفیش بووە کە زۆر بە راشکاوی بڕوای بە بوونی خودا نەبووەو ئەم راوبۆچوونەیشی بە ئاشکرا

دەربڕیوە.ئەمەش بە سوود وەرگرتنی بووە لە داڤید هیوم، بەڵام قۆناخ و سەردەمی هیوم ترسناکتر بوول ە هی شۆپینهاوەر، بۆیە شۆپینهاوەر بەو ئاشکراییە رای خۆی راگەیاندووە.ئەگەرچی شۆپینهاوەر دژ رێباز یان قوتابخانەی ئەزموونگەری وەستایەوە کە لۆک و هیوم برەویان پێدابوو، شۆپینهاوەر  لە تەمەنی تەمەنی 21 ساڵ بوو،کاتێک باوکی شۆپینهاوەر خۆی کوشت و دایکیشی تا رادەیەک بە شێتییەوە ژیانی دەبردە سەر، شۆپینهاوەر خۆیشی لە تەمەنی 72 ساڵیدا بۆ یەکجاری سەری نایەوەو کۆتایی بە ژیانی هات. شۆپینهاوەر تا ئەو رۆژەی مردیش ژیانی هاوسەری پێکنەهێناو،گاڵتەی بە خۆشەویستی و دونیا دەهات،هەمیشە خەمبارو رەشبین و گومانکار بوو، پەیوەندیشی لەگەڵ دایکی باش نەبوو بەهۆی ئەوەی دایکی کۆمەڵێک هاوڕێی بە تەمەن لەخۆی بچووکتری هەبوو، کە شۆپینهاوەر بەو پەیوەندییەی دایکی لەگەڵ ئەوجۆرە کوڕانە تەواو نیگەران بووبوو، تا وایلێهات پەیوەندی لەگەڵ دایکی تێکچوو،ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، ژیانی ژن و مێردایەتی دایک و باوکی شۆپینهاوەر هیچ بەختەوەر نەبوو، بەردەوام ناکۆک و ناتەباو تەنانەت ئاڵۆزیش هەبوو، بۆیە دوای مردنی مێردەکەی (باوکی شۆپینهاوەر)ئیدی دایکی وەکوو بەرەڵایەکی لێهات و دەیویست قەرەبووی ئەو رۆژگارە پڕ لە تاڵ و سوێرانە بکاتەوە، کە لەگەڵ مێردەکەی (باوکی شۆپینهاوەر) زۆر بە سەختی بردبوویە سەر، هەموو ئەمانەش کاریگەرییان هەبوو بەسەر دۆخی دەروونی ئەو فەیلەسووفە مەزنە، کە هەمیشە لە ژیانێکی نا ئارام و پڕ لە گێچەڵدا بژی.بەڵام دایکی زۆر زیرەک و بە توانا بوو، تەنانەت لە جیهانی چیرۆکنووسین و رۆمانیشدا، دەستێکی باڵای هەبوو، زۆرجار دەوترێ ئەو زیرەکییەی دایکیی هەیبوو، وەک میرات بۆ شۆپینهاوەر ماوەتەوە. هەر

یەکەو لە شارێک بۆخۆیان دەژیان دایکی تازە بە گەرم و تاسەوە چووبووە ناو ئەشقەوەو شۆپینهاوەریش وای لێهاتبوو رقی لە ژن هەڵدەگرت بەهۆی کارە نەشیاوەکانی دایکی، پەیوەندی نێوان ئەو دایک و کوڕە وایلێهاتبوو، مەگەر جاروبار بە سەردانێکی کورتخایەن شۆپینهاوەر سەردانی دایکی کردبا، بەڵام زۆر نەدەمایەوە لەلای و دەگەڕایەوە هەواری خاڵیی خۆی.بەڵام دواجاری بینینی ئەم دایک و کوڕە، ئەوجارە بوو، کە شۆپینهاوەر لێی یەقین بوو کە دایکی لەگەڵ گۆتە تووشی ئیشقێکی گەرم هاتوون، بۆیە لەماڵی دایکی دەیکاتە هەراو ئیتر لەسەر بەرزایی پەیژەی ماڵەکەیاندا دایکە بێ بەززەییەکەی پاڵێک بە کوڕەکەی خۆی وەدەنێ و فڕێی دەداتە خوارەوە، ئیتر شۆپینهاوەریش بە دڵێکی پڕ لە هەنسک و چاو بە فرمێسک و قورگ پڕ لە گریان بە دایکی دەڵێت:نەوەکانی ئایندە بەهۆی منەوە دەتناسن، گەر من نەبم نەوەکانی ئایندە نە دەتناسن و نە هەر ناویشت دەبیستن،من بەهۆی ناوبانگی خۆمەوە ناوەکەی تۆ دەهێڵمەوە،ئیتر شۆپینهاوەر بە دڵێکی کوڵاوەوە، ڤایماری بەجێهێشت و تا مردن ئەو دایکەی نەبینییەوە.ئیتر شۆپینهاوەر رقێکی لە دڵا شین بوو بەرامبەر بە ژن، ئەو رقەی کە لە دڵی نیچەی فەیلەسووفیش بە هەمانشێوە دروستبوو بەرامبەر بە ژن.ئەمە قەدەری ئەو دوو فەیلەسووفە مەزنە بوون، کە هەردووکیان بە شێت ناوزەد دەکران، بەڵام ئاست و توانای ئەقڵی ئەم دوو فەیلەسووفە، تا ئەمڕۆش کاریگەرییان بەسەر نەک تەنیا خەڵک بەڵکو بەسەر هزری فەیلەسووفەکانی ئەمڕۆکەشمان ماون.بەڵام چیبکەین کە توانای ئەقڵی ئەو دوو مرۆڤە بەرزە ئەوەندە بەرز بوون، کۆمەڵگا پێی هەزم نەدەکراو ناچار دەیاندا بەر ناووناتۆرە، کەچی ئەوەتا ئێستا هەموو ئەڵمانیا شانازی بەو دوو مرۆڤە بەرزە دەکەن و تەنانەت ئەورووپاو

مرۆڤایەتیش شانازیان پێوە دەکات.ئەگینا چ دایکێک هەیە بەخیلی بە ناووناوبانگی کوڕەکەی خۆی ببات، مەگەر دایکی شۆپینهاوەر نەبێت، کە پێیناخۆش بوو کوڕەکەی تواناکانی لە دایکی زیاترە،ئەمەیان کێشەیەکی دیکەی گران بوو، بەرۆکی شۆپینهاوەری گرتبوو لە لایەن دایکە بیر تیژەکەیەوە. بۆیە شۆپینهاوەر لەنێو ئەو هەموو خەم و خەفەتەی هەیبوو، گومانی لە هەموو شتێک دەکردو ژیانێکی پڕ لە گۆشەگیری بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، تەنانەت بۆ سەرتاشینیش نەچووە لای سەرتاش چونکە گومانی هەبوو بە سەلامەتی لە بن دەستی سەرتاشەکە دەربچێت، بەتایبەت ئەوکاتەی سەرتاش کار بە گوێزانەکەی دەکات.تەنانەت لە کاتی نووستیشیدا دەمانچەیەکی لە پاڵ خۆی دادەنا، چونکە متمانەی بە کەس نەمابوو. هەمیشە لە بیرکردنەوەیەکی وادابوو کە خەڵک بەدوای کوشتنیەوەن و بەدوای هەلێک دەگەڕێن تا ژەهر خواردووی بکەن.بەڵێ شۆپینهاوەر ئەو مرۆڤە بوو ژیانی ئاسایی خۆی بە گۆشەگیری و بە تەنیایی و لەناو بێدەنگییەکی قووڵداو لەناو فەلسەفەیەکی قووڵدا بەسەر برد، بەڵام هەموو ئەو گۆشەگیری و بێدەنگی و تەنیاییەی بۆ ئەوە بوو فەلسەفە قووڵەکەی کۆمەڵگا بگۆڕێت و، هزرێکی نوێیان پێشکەش بکات، بۆئەوەی کۆمەڵگای ئەڵمانی و تەواوی مرۆڤایەتی قۆناخێک بباتە پێشەوە. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین کتێبی یەک لە دوای یەکی بۆ ئەو کۆمەڵگایە نووسی کە ئەویان خۆشنەدەویست. بەڵام شۆپینهاوەر ئەوکاتەی کە تەمەنی تەواو پیریی پێوە دیار بوو، ددانەکانی هەمووی کەوتبوون،توانای خواردنی وەکوو جاران نەمابوو،بڕوای وابوو، دوای ئەوەی ساڵانێکی درێژ بە گۆشەگیری و تەنیایی و دوور لە ناووناوبانگ ژیام،کاتێ دەمرم، ئیدی خەڵک دێن بە دۆڵ و زوڕنا بەرەو گۆڕم دەبەن.

قۆناخی ژیانی شۆپینهاوەر بە نێو کاروانێکی ترسناک زۆر ترسناکدا ڕەت بوو کە پڕ بووبوو لە شەڕو ئاژاوەو نەهامەتی، لە قۆناخێکدا بوو، کە مرۆڤەکان بە کۆمەڵ یەکتریان دەکوشت و لە کوشتارگەیەکیشەوە ملیان بۆ کوشتارگەیەکی دیکە دەنا،ئەمە کارەسات و مەرگەساتانە بە وردی چوونە ناو هزرو مێشکی شۆپینهاوەرو ئیتر ئەم ڕووداوە دژوارانە بوونە بەشێک لە ژیانی شۆپینهاوەرو بە وردی بوونە زەخیرەیەک لە بیرکردنەوەی، بەتایبەت شۆپینهاوەر زۆر کەوتبووە ژێر کاریگەری کەسایەتی ناپلیۆن و پێی سەرسامبوو، ئیدی ڕەشبینییەکەی قووڵترو تۆختر بووەوە کاتێک دەیبینی لە هەموو لایەکەوە گەلەکۆمەکی لە دژی ناپلیۆن دەکرێت و تا لەسەر تەختی کورسی دووریان خستەوە. ژیانی پڕ لە نەهامەتی شۆپینهاوەر، نموونەیەکی زیندووی هەموو ئەو فەیلەسووفانەیە کە بە سەختی ژیاون، ڕەنگە شۆپینهاوەر سەر قافلەی هەمووشیان بێت لەو سەختی ژیانە، تەنیا خۆی و سەگەکەی بەیەکەوە بوون،ئەو سەگەی، شۆپینهاوەر ناوی لێنابوو ئەتما واتا ڕۆحی جیهان،بەڵام خەڵکەکە پێیان دەوت شۆپینهاوەری لاو، ئیدی شۆپینهاوەر سەگەکەشی دەبردە بەردەم ئەو چێشتخانانە کە دەوڵەمەندەکان ڕوویان تێدەکرد، بۆئەوەی سەگەکەی پاشماوەی نانی دەوڵەمەندەکان بخوات.هەمیشە نیگەران و ڕاڕا بوو، بەهیچ شتێک دڵی ئاوی نەدەخواردەوە، بەڵام هەموو ئەو ژیانە سەختەی هانی دەدا کە نەمرییەک بۆخۆی تۆمار بکات، ئەو هێزەی لە گیانیدا بوو، بۆیە زۆر ڕای لەخۆی بوو، نووسینەکانی خۆیشی هەمیشە بەرز دەنرخاند، ئەگەر چی تا لە ژیاندا بوو، کتێبەکانی هەڕمێنێکی ئەوتۆیان نەبوو.

هەر کە ناوی شۆپینهاوەر دەکەوێتە بەرچاومان، وێنای فەیلەسووفێک دێتە بەرچاومان، کە لە نووسینەکانیا ڕەخنەی توندی گرتووەو زۆریش ڕەشبین

بووە، لێکۆڵەرەوان هۆکاری ئەو رەشبینییە بە دوو شێوە باسدەکەن، هەندێکیان پێیانوایە سەرسامبوونی شۆپینهاوەر بە ناپلیۆن و شکستخواردنەکەی ناپلیۆن تارمایی ئەو رەشبینییەی بەسەریدا جێهێشتووە، هەندێکی دیکەش لە تۆژەران پێیانوایە ئەم رەشبینییەی شۆپینهاوەر بەشێکی لە دایک و باوکی وەکوو میرات بۆی بەجێماوەتەوە،کە تووشی جۆرێک لە نەخۆشی دەروونی کردووە، چونکە باوکی شۆپینهاوەر مێشکێکی زۆر زیندووی هەبووەو لە زیرەکیدا بێوێنەبووە، بەڵام لە تەمەنی 58 ساڵیدا تووشی نەخۆشییەک دەبێت، گوایا ئەو نەخۆشییە پێشتر لە خێزانەکەیاندا هەبووە، ئیدی بیرکردنەوەی تێکدەچێت و بە پێی هەندێک سەرچاوە باوکی خۆی خۆی کوشتووە. بۆیە باری دەروونی باوک و دایکی شۆپینهاوەر کاریگەرییەکی دژواری خستبووە سەر دەروونی شۆپینهاوەرو لەوە ترسابوو ئەویش بە دەردی باوکی بچێت. بەڵام ئەم نیگەرانی و دوودڵییەی شۆپینهاوەر رەنگدانەوەی بەسەر فەلسەفەکەیدا هەبوو، بۆیە فەلسەفەکەشی رەشبین بوو. رەشبین بوو چونکە بە بڕوای شۆپینهاوەر ئەم گەردوونە کەوتۆتە ژێر دەستی ئەوانەی کە دەسەڵاتخوازن و هەڵپەی دەسەڵاتوەرگرتنیانە،ئەوانەی حەزیشیان لە دەسەڵاتە، هەرگیز خێرخواز نین، بەڵکو رۆحێکی شەیتانئامێزیان هەیەو وەکوو تاعون بەسەرماندا سەپێنراون.

شۆپینهاوەر لە ساڵی 1860و لە تەمەنی 72 ساڵیدا مرد، بەڵام دوای مردنی فەلسەفەکەی کاریگەریی زۆری لەسەر جیهانی فەلسەفەو ئەدەب جێهێشت،زۆرن ئەوانەی کاریگەریی شۆپینهاوەریان بەسەر جێما، ریچارد ڤاگنەر دەڵێت دوای خوێندنەوەی نووشینەکانی شۆپینهاوەر توانیم (Tristan und Isolda بنووسم، کە باشترین بەرهەمی ڤاگنەرە،فرۆید

ئاشكرا كاريگەريی شۆپینهاوەرو نیچەی بەسەر خۆیدا ئاشكرا كردووەو پێیوایە رێبازی دەروونشیكارییەكەی بەهۆی كاریگەریی شۆپینهاوەرەوە بووە، هەروەها قوتابیەكەی فرۆید كە (یۆنگ) بوو، ئەویش باسی ئەو كاریگەرییەی كردووە.لە بواری ئەدەبیشدا، رۆماننووسە بەناوبانگەكانی جیهانی وەک تۆلستۆی و تورگنیڤ و پروست و ئەمیل زۆلا و تۆماس مان و تۆماس هاردی و جوزیف كونرادو لە چیرۆكنووسە جیهانییەكانیش مۆپاسان و چیخۆف و سۆمەرست موم و بورگیس،هەروەها شاعیری گەورە ئەلیۆت و ریلكە، هەموویان زۆر لەژێر كاریگەری شۆپینهاوەردا بوون، بە رادەیەک تۆلستۆی لە رۆمانی ئانا كارنینای ساڵی 1877 و تۆماس هاردی لە رۆمانی Tess of the Durbervilles و چیخۆفیش لە چەند شانۆنامەیەک و هەروەها بیرناردشۆ و پیراندیلۆو پیكێت لە شانۆنامەكانیاندا ناوی شۆپینهاوەریانهێناوە .

شۆپینهاوەرو كانت

شۆپینهاوەر یەكێک لەو فەیلەسووفە بەناوبانگانەیە كە بەفەلسەفەكەی كانت سەرسام بووە،لە دوای قوتابخانەی میسالی ئەڵمانی كە فیختەو شیلینگ و هیگڵ دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیەن، ئیدی شۆپینهاوەر بەهێزترین فەیلەسووفە كە بە كانتی دەناسرێت. بۆیە زۆرجار دەوترێ كە شۆپینهاوەر تەواوكەر یان درێژەپێدەری فەلسەفەی كانت ە. لەم ڕوانگەوە بوو شۆپینهاوەر پێیوابوو تەنیا ئەوانەی فەلسەفەی كانتیان هەزمكردووەو لێی فێر بوون، تەنیا ئەوانە دەتوانن لە فەلسەفەكەی ئەویش بگەن.تەنانەت بڕوای وابوو لەو شوێنانەی كانت بە ناتەواوی و نادیاری جێیهێشتووە، یان بە هەڵەوە جێیهێشتووە،ئەو واتا شۆپینهاوەر هاتووە راستیكردۆتەوە، ئەم راستكردنەوەیە جۆرێكە لە رەخنەگرتن لە كانت.واتا رەخنەكانی

شۆپپنهاوەر بۆ ئەوە نەبووە، بیەوێ کانت برووخێنێ و رەخنەبارانی بکات، وەک ئەوەی بەرامبەر هیگڵ کردی، بەڵکو دەیویست ئەو کەلێن و درزانەی لەنێو فەلسەفەکەی کانت داهەیە، ئەو پڕیبکاتەوە، بۆئەوەی ئەویش وەک تەواوکەری کانت بێت و بە هەردووکیان بتوانن فەلسەفەیەکی تێرو تەواو بدەن بەدەستەوە.

رەخنەی شۆپپنهاوەر بۆ هیگڵ هەر تەنیا ئەوە نەبوو، کە پێیوابوو،هیگڵ خۆیشی نازانێ چی نووسیوەو، کەسیش لە نووسینەکانی تێناگات، تەنانەت ئەگەر بتەوێ کەسێک گێل بکەیت ئەوا پێی بڵێ برۆ نووسینەکانی هیگڵ بخوێنەوە.سەرەڕای ئەمەش رەخنەی دیکەیشی لە هیگڵ دەکگرت، کە کەسێکی پارەپەرستەو فەلسەفەکەی خۆی بۆ پارە هەڕاج کردووەو شتی لەمجۆرە،ئەوەتا نووسیویەتی: لەهەر کات و دۆخێکدا بێت، هیچ شتێک نابێتە مایەی خراپی فەلسەفەو ناوزڕاندنی ،وەک ئەوەی بیکەیتە کەرەستەیەک بۆ پارەپەیدا کردن و بۆ بژێوی خۆت و لەگەڵیشیدا بۆ گەیشتن بە مەبەستی سیاسی.ئەمانە فەلسەفەیان کردۆتە ئامرازێک بۆ نان پەیداکردن و بۆ گەیشتن بە هەندێک مەرامی سیاسی، لە راستیدا ئەم خەسڵەتەی هیگڵ هەیبوو، شۆپپنهاوەر پێیوایە، ئەوە لە سۆفسیتاییەکانەوە بۆی بەجێماوەو دووبارەی دەکاتەوە.

ویست و ئەقڵ لای شۆپپنهاوەر

شۆپپنهاوەر لەو کتێبەیدا جیهان وەک ویستو وێناکردن، پێیوایە ئەم جیهانە بریتییە لە جیهانی خراپەکاری و دڕندەیی و بەربەرییەت،هەمیشە دەنگو هاواری ئەوانە دێن کە بەهێزەکان زۆر دڕندانە وردوخاشیان دەکەن. ویست بریتییە لە دڵڕەقی و دڕندەیی و لەناوبردن بە چەندین رێگای جیاوازی توندوتیژی.ویست لای شۆپپنهاوەر پیاوێکی کوێری بەهێزو

توانایە، یەکێکی چاوساخی ناوەتە سەر شانی خۆی.مرۆڤ بۆیە فەلسەفەو ئایینی داهێناوە، تا حەزو ئارەزووەکانی خۆی لەناودا بشارێتەوە،لێرەو بۆماندەردەکەوێت کە شۆپینهاوەر هیچ بڕوای بە بوونی خوداو بە ئایینەکانی نەبووە. هەر لەم روانگەی سەرەوە شۆپینهاوەر پێیوایە، تەنانەت لۆژیکیش کەڵکێکی ئەوتۆی نییە، کەسیش نەیتوانیوە بە لۆژیک کەسێکی دیکە قایل بکات، تەنانەت خودی زاناکانیش لۆژیک وەک هۆیەک بۆ خۆ ژیاندن و نان پەیداکردن بەکار دەهێنن، گەر بتەوێ قەناعەت بە کەسێک بهێنیت، دەبێ پەنا ببەیتە بەر وروژاندنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی و حەزو ویست و ئارەزووەکانی ئەوکەسە، دەنا تەنیا بە لۆژیک هیچ سوودێکی نابێت.سەیرکەن مرۆڤ هەمیشە باس لە سەرکەوتنەکانی خۆی دەکات لە مێژوودا و بەردەوام دەیڵێتەوە،کەچی بەردەوام خەریکین نووچدان و شکستەکانمان بشارینەوەو نامانەوێ کەس باسی بکات.

مرۆڤ ژن دەهێنێت و منداڵ دەهێنێتەوەو ئینجا هەمیشە دەبێ خەریکی ئەوە بێت کە نان بۆ بژێوی ئەو ماڵ و منداڵەی پەیدا بکات، تۆ بڵێی ئەمە ئەقڵ بێت، کە بەردەوام بە دوای نان پەیداکردن بیت بۆ منداڵەکانت، بە بڕوای شۆپینهاوەر ئەمە ئەقڵ نییە، ئەو راکە راکە دەکەیت بۆ لوقمێ نان، بەڵکو ئەوە حەزو ویستە بۆ ژیان،لێرە ویست و حەزەکان هەمیشە بەسەر ئەقڵدا زاڵ دەبن، ئەقڵ بە ناچارییەوە بەدوای حەزەکاندا ملدەنێ، ئەقڵ وەک وەزیری دەرەوەی لێهاتووە، سرووشت بۆ خزمەتکردنی ویست دایهێناوە، ویست و حەزەکان وەک ئەو ئەسپەن کە گالیسکەیەک بەدوای خۆیاندا رادەکێشن، ئەقڵ لەبەرامبەر ویست رۆڵی ئەو گالیسکەیە دەبینێت کە هەمیشە بە دوای ئەسپەکەوەیە، ئەسپەکەش رۆڵی ویست دەبینێ.

لەبەرئەوەیە کەسایەتی هەمووومان لەناو ویستەکانماندا خۆی شاردۆتەوە، نەک لە ئەقڵدا، مرۆڤیش ئەوەندەی بەدوای دڵ و ویست دەکەوێت، ئەوەندە بە دوای ئەقڵ ناکەوێت. ئەم هەموو کوشتن و بڕینەی لە مێژووی مرۆڤایەتی روویداوە، دەبێ چ ئەقڵێکی تێدا بەکار هێنرابێ، بێگومان ئەقڵ لەوکاتانە بە تەواوی ونە، ئەوە ویستە هانماندەدان شەڕ بکەین، بەرامبەرەکانمان بکوژین و لە ژیان بیانسڕینەوە، ئەوە ویستە دەمانەوێ هەرچی خۆشی هەیە لەم جیهانە بۆ خۆمان بێت و هەرچی ناخۆشی و ماڵوێرانیشە بۆ ئەوانی دیکە بێت.بۆیە ئەقڵ و ویست هەمیشە وەکوو دوو شتی دژ بە یەک وان، بەڵام هەمیشە ویست زاڵبووە بەسەر ئەقڵدا.بە واتایەکی دیکە ئەقڵ هەمیشە خەریکی هێورکردنەوەو دامرکاندنەوەی ویست و حەزەکانی مرۆڤە،لەگەڵیدا ئازارەکان سەر دەردێنن، چونکە کە ئەقڵ و زانین زۆر بوون، لە بری ویست ئازار دێتە پێشەوە.

تۆ سەیرکە جەستەی مرۆڤ چۆن لەناو ویست و حەزەکانیدا نقوم بووە،هەموو ئەندامەکانی جەستە دەربڕی ویستن، ددان و ئەوک و ریخۆڵەکان تەنیا لە خەمی برسێتین و هەمیشە دەیانەوێ تێر بن، ئەندامەکانی سێکس ئەوان هەر تەنیا خولیای ویست و حەزەکانن و ئەقڵ لای ئەو ئەندامانە هەر بوونی نییە،ئەندامەکانی زازێکردن ناوەندو چەقی ویست و حەزەکانن،بە توندیش رووبەڕووی ئەقڵ دەبێتەوە.هەروەها کۆ ئەندامی دەمارەکانیش ئەو رایەڵە پێکدەهێنن کە لە دەرەوەو لە ناوەوە دەتگەیەننە ویست و حەزو ئارەزووەکان، لە نێو دەمارەکانیشدا ئەقڵ وجودی نییە.کەواتە لێرە هەموو ئەندامانی جەستەی مرۆڤ تەواوکەری یەکترین و تەباو کۆکن لەسەر ئەوەی کە ویست و حەزەکانیان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن و لەو بارەیەوە هیچ ناکۆکییەک لە نێوانیاندا نییە، کەواتا

جەستەی مرۆڤ هەمیشە راکە راکەیەتی بۆ ویست و حەزەکانی، مرۆڤ کەسایەتییەکەیشی لەناو جەستەکەیدایە،ناکرێ جەستەی مرۆڤ شتێک بێت و کەسایەتییەکەیشی شتێکی دیکە. تەنانەت ئەگەر لە ئەقڵ بە وردی لە ئەقڵ وردبینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەقڵ ماندوو دەبێت، زۆر جار تۆ خەریکی کارێکی هزری دەبینی مێشکت تەواو ماندوو دەبێت و پێویستت بەوەیە کە ئیتر پشوویەک بدەیت و بحەسێیتەوە،یان بۆ ماوەیەک لێی بنووی تا ئەقڵت ئەو ماندوو بوونەی لەسەر لابچێت، کەچی دەبینین ویست و حەزەکان هەرگیز ماندوو نابن،تەنانەت لەکاتی نووستنیشدا حەزو ویستەکان هەر ئامادەییان هەیە، ئایا دڵ ماندوو دەبێت؟بێگومان هەرگیز نا،لە کاتی نووستندا ئەقڵ خواردن وەردەگرێ، کە دەبێتە مایەی ئەکتیڤبوونەوەی، بەڵام دڵ خۆراکی ناوێ. چونکە نەخەوتووەو هەر بە ئاگایە.

ویستیش بریتییە لە ویستی ژیان بە مانا فراوانەکەی،ویست و حەزێک کە بۆئەوەی بگاتە بەرزترین قۆناخ و ئاستی خۆشگوزەرانی، سەیرکەن میرو پاشاو خەلیفەکام جاران لەپێناو ویستی خۆیان چی مابوو نەیکەن، بەهەشتێکیان لەسەر زەمین بۆ خۆیان دروستکردبوو، ئەمە ئەقڵ نییە وا دەکات ئەمە حەزو ویستی مرۆڤەکانە بۆ خۆشترین خۆشی لە ژیاندا، خۆشی و چێژەکانیش سنووریان نییەو هەرگیز تەواو نابن، لەدوای هەر چێژوەرگرتنێک هەر خۆشیەک چەندین چێژو خۆشی دیکە دێنە پێشەوە، ئیتر ئاوا هەمیشە بەدوای یەکدا دێن. تێربوون لە چێژ وەک ئەوە وایە بزمارێک لە ئاودا بکوتی، یان ئاو لەبەرمیلێکی کون کون بکەیت،چونکە حەزو ئارەزووەکان نە سنووریان بۆ دیاریکراوە، نە قەت تێریش دەبن، لەم روانگەیەوەیە کە بە لای شۆپینهاوەرەوە ئەم جیهانە بریتییە لە جیهانی

زیندەوەران کە پڕە لە مەترسی، چونکە زۆربەی زیندەوەران لەسەر راوکردن و کوشتنی یەکتری و یەکتری خواردن دەژین و لە چرکە ساتێکدا بەردەوام لە پێناو ویستدا هەزاران زیندەوەرو مرۆڤ کۆتایی بە ژیانیان دێت بۆ ئارەزووە تێر نەبووەکانی ئەوانی دیکە، ئەمە وایکرد شۆپینهاوەر بڵێت مرۆڤ گورگی مرۆڤە.

لە روانگەی شۆپینهاوەر هاوسەرگیری جۆرێکە لە کۆت وبەندکردنی ویستەکان، چونکە ژیانی هاوسەرگیری ئەگەرچی ویستی تێدا بەرجەستەیە، بەڵام بۆ رێکخستنی ژیانێکی کۆمەڵایەتییە، کە ئەقڵ دەیەوێت بەڕێوەی ببات، ئەقڵیش لەگەڵ ویست ناکۆکە، بۆیە زۆربەی ئەو ژن و مێردانەی کە ژیانێکیان بۆخۆیان رێکخستووە، زۆرجار تووشی ناکۆکییەک دەبن لەنێوان ئەقڵ و ویستدا، لە نێوان چێژی سێکسی و ژیانە کۆمەڵایەتییەکەدا، بۆیە بەختەوەری ژن و مێرد هەتا هەتایە نییەو زوو تامە خۆشەکەی دەڕوات و نامێنێ، لەبەر ئەوەشە زۆرجار ژن و مێرد بە ناچاری لەیەک جیا دەبنەوە،چونکە لە بنەڕەتدا گرفتەکانی ژن و مێردایەتی لە بیرکردنەوەیە لە هاوسەرگیرییەک کە چێژو جووتبوونە، ئەمەش لەگەڵیدا وەدەستهێنانی ویست و حەزەکانی مرۆڤە، بێگومان هەموو جوانییەکی ژنانیش لەو روانگەوەیە، کە کام شوێنی زیاتر سێکسییە. بەڵام کاتێک نێوانی ئەو ژن و مێردانە بۆ هەتا هەتایە دەبێت ئیتر چێژەکە وردە وردە دەپووکێتەوەو ئەو چێژە نییە کە لە سەرەتاوە هەبووە، لێرەوە گرفتەکان خۆیان قووتدەکەنەوە.بۆیە هاوسەرگیری و ژنهێنان لای شۆپینهاوەر ناتگەیەنێتە قۆناخی ویست و حەزەکان، بەڵکو بۆ ئەوەی بەردەوام بگەی بە ویست پێویست ناکات هاوسەرگیری بکەیت،واتا پێویست ناکات خۆت بکەی بە کۆیلەی ژنێک و ژنێکیش بکەیت بە کۆیلەی خۆت، باشتر وایە بە ئازادی

بژیت و ژن نەهێنیت. دڵدای و خۆشەویستی کە بەدوایدا ژیانی هاوسەرگیری لێدێتە دی، ئەمە تەنیا هەڵخەڵەتاندنەو سرووشت بۆ مەرامەکانی خۆی دەیکات،چونکە لەبنەڕەتدا هاوسەرگیری خۆشەویستی پەکدەخات.لێرە ئەو قسەیەی ئەرستۆ یەکدەگرێتەوە کە وتوویەتی: پیاوی زاناو حەکیم بەدوای خۆشی و چێژوەرگرتندا ناگەڕێت، بەڵکو لە رزگاربوون و دەرچوون لە خەم و ئازاردا دەگەڕێت. هەموو گیانەوەرێک چەندە ئەقڵی گەورەتر بێت، زیاتر هەست بە ئازارەکان و بە خۆشییەکانیش دەکات، چەندە ئەقڵیشی بچووک بێت کەمتر لە خۆشی و ناخۆشی حاڵی دەبێت،بەڵام تا ئەقڵ گەرەترو گەشەسەندووتر بێت، ئازارەکان زیاتر دەبن و خۆشییەکان کەمتر دەبنەوە،واتا لەگەڵ گەشەسەندن و گەورەبوونی ئەقڵ، ئازارەکانیش گەشەدەکەن و گەورە دەبن،ببینە ژیانی فەیلەسووفەکان پڕە لە ئازارکێشان و مەینەتی، ژیانی گێلەکانیش دوورە لە ئازارچەشتن.هەر سەبارەت بە ئەقڵی بچووک و گەروە شۆپینهاوەر پێیوایە کە ئەقڵی ژن بچووکترە لە هی پیاو، بۆیە نابێ یاسایەک بە یەکسانی بەسەر ژن و پیاودا پەیڕەو بکرێت کە دوو ئەقڵی جیاواز هەیە.هەر ئەقڵێک پێویستی بە یاسایەکی تایبەت هەیە.هەر بەهۆی بچووکی ئەو ئەقڵەیشە ژن زیاتر لە پیاو سۆزدارن و گرنگیش زیاتر بە پیاودەدەن.چونکە ژن مەودای بیرکردنەوەیان کزە، ئیدی هەر شتێک کە زیاتر لەبرچاویان بێت و هەنووکەیی بێت، زۆرتر کارگەری دەخاتە سەر ژن.

ڕەشبینیش لای شۆپینهاوەر مانای خۆ پەسەندی و لەخۆ رازیبوون و خۆ ویستییە، بەشێکیش لەو رەشبینییە بۆ داهێنانی قوتابخانەی رۆمانتیک بوو کە رۆسۆ دامەزرێنەری ئەو قوتابخانەیە بوو. رەشبینی بەدوای دوێنێی گەشبینی خۆیدا سەرگەردانە.ئەمە جگە لە هەژموونی ناپلیۆن و دواتریش

شکستخواردنەکەی و، هەروەها خوێندنەوەیەکی وردی فەلسەفەی کانت و ڕەخنەی لە ئەقڵ ، هەموو ئەمانە تەواوکەری ئەوە بوون شۆپینهاوەر  بە ژیان ڕەشبین بێت و تروسکایی گەشبینی نەبینێ.شۆپینهاوەر زۆر دوژمنی شەڕو ئاژاوە بوو، چونکە ژیانی شۆپینهاوەر پڕ بوو لە ناخۆشی،لە ژوورێکی تەنگ لەگەڵ سەگێک ژیان بەسەر ببات، دەبێ دڵی چی بەو ژیانە خۆش بێت، وێڕای ئەم هەموو شەڕو کوشتنەی لەسەردەمی ئەودا هەڵگیرسابوون.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر تامەزرۆی ئاشتی بوو، ئەو ئاشتییەی کە تا مردیش هەر نەیبینی.

شۆپینهاوەر لەگەڵ هەموو ئەوشتانەی بۆ ویست و حەزی دانابوو، کە خستوویەتییە سەرەوەی ئەقڵیش، کەچی شۆپینهاوەر پێیوابووە، بە ڕێگای هونەر دەتوانرێت خۆت لە ئازارو لە ویست ڕزگار بکەیت،یان هونەرێک دابهێنە، یان تێیڕابمینێ، چونکە نیگارکێشان و پەیکەر تاشین و شیعرو دراماو لەوانەش کاریگەرتر مۆسیقا، دەتوانین لەدەست ویست قورتارمان ببێت.چونکە بەهۆی هونەرەوە دەتوانین لە ئازارو مەینەتییەکانمان خۆمان دوورە پەرێز بگرین. هونەرکاری جۆرێکە لە بلیمەتی و دانایی و ئەمەش زیاتر کاری پیاوانەیە نەک ژنان،چونکە بلیمەتی ئەوپەڕی داهێنانەو لەسەرووی  بەهرەو شتی ترەوەیە، ئەمەش زیاتر پیاوان پێیدەگەن، نەک ژنان.چونکە بلیمەت لە دەست ویست و حەزەکان ڕزگاری بووەو ئاستی تێگەیشتنی یەکجار بەرزە.لەمڕوانگەوە شۆپینهاوەر بەهۆی ئەم تێڕوانینەی بوو،هونەری لەلا بەرزترین و باڵاترینیان بوو،بەتایبەتیش مۆسیقا کە لەهەموو هونەرەکانی دیکە باڵاترو کەڵەگەتترە.چونکە بە بڕوای شۆپینهاوەر مۆسیقا هیچ لاساییکردنەوەو کاوێژکردنێکی تێدا نییە،هەروەها مۆسیقا بە هیچ شێوەیەک نوسخەی ویست و حەز نییە، جیاوازی مۆسیقاش لەگەڵ

هونەرەکانی دیکە لەوەدایە مۆسیقا راستەوخۆ دەچێتە قووڵایی هەستەکانمانەوە، بە پێچەوانەی هونەرەکانی دیکە کە ناڕاستەوخۆن.واتا مۆسیقا راستەوخۆ پەیوەندی بە ئەقڵەوەیە نەک دڵ. بۆیە دواتر ڤاگنەرو ماهلیرو چەندانی دیکە پێیانوایە لەنێو فەیلەسووفەکاندا شۆپینهاوەر باشترین نووسینی لەسەر مۆسیقا هەبووە.

لە رووی شێوازیشەوە رەنگە شۆپینهاوەر لە دوای ئەفلاتون و رۆسۆ دەسترەنگینترین و درەوشاوەترین نووسینی هەیە، کە بە زمانێکی زۆر سادە بەڵام زۆر قووڵ دەریبڕیوە، بێئەوەی هیچ گرێ و ئاڵۆزییەک لەنووسینەکانیدا هەبووبێت، بگرە تا بڵێی رەوانن.هەر رستەیەک مانایەکی قووڵی هەیە، دواتر نیچەش هەمان ئەو رێچکەیەی گرتبووە بەر لە نووسینەکانیدا. نیچە نەک هەر لە شێوازی نووسیندا کەوتبووە ژێر کاریگەری شۆپینهاوەر بەڵکو لە ژیانی رۆژانەی و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتیشی زۆر لە شۆپینهاوەر دەچوو، بۆیە هەڵە نییە ئەگەر بڵێم شۆپینهاوەر باوکی راستەقینەی نیچە بووە.ئەو نیچەیەی دەیان فەیلەسووفی گەورەی سەدەی بیستەم پێی سەرسام بوون.

**فریدریک نیچە** ( Friedrich Nietzche 15/10/1844-5/8/1900)

کاتێک باس لە نیچە دەکەین واتا باس لە بزێوترین و رادیکالترین و بێباکترین فەیلەسووفی دونیا دەکەین، بۆیە ئاشنا بوونمان بە فەلسەفەی نیچە پێداویستییەکی گرنگەو پێویستە بەرلەوەی بچینە ناو قووڵایی فەلسەفەکەی بزانین ئاخۆ ئەو فەیلەسووفە یاخییە، ژیانی خۆی چۆن بەسەر بردووە.

نیچە لەناوەڕاستی ئۆکتۆبەری ساڵی 1844لە شارەدێی رۆکنRoecken نزیک شاری لایپزیک سەر بە هەرێمی (سەکسۆنیا-پروسیا)لەئامێزی خێزانێکی مەسیحی ئایینپەروەر لەدایکبووە. رۆژی لەدایکبوونەکەی رێککەوتی جەژنی لەدایکبوونی شا(فریدریش گلیۆم) چوارەم پاشای پرووسیا بووە،باوکی نیچەش بەهۆی ئەو ئایینپەروەرییانەوە ئاشنایەتیان لەگەڵ خانەوادەی پاشا هەبووەو تەنانەت وانەیشی بە منداڵەکانی شا گوتۆتەوە. بۆیە ئەم بۆنەیە شادی خستۆتە دڵی باوکییەوە بۆیە ناوی فریدریک ی لە کوڕەکەیشی ناوە.نیچەش وا باسی ئەم رۆژەی لەدایکبوونەکەی دەکات: هەر چۆنێک بێت،تەنیا سوودێک لە هەڵبژاردنی

ئەو ڕۆژەدا بۆ لەدایکبوونم هەبووبێ، ئەوەبوو ڕۆژی لەدایکبوونەکەم بە درێژایی سەردەمی منداڵیم ئەو ڕۆژە بۆ منیش بریتی بوو لە ڕۆژی ئاهەنگ و شادیی میللی.

باوکی نیچە، قەشەی شوێنی لەدایکبوونی نیچە بوو کە ڕۆکن Roeckenبوو، بەهەمانشێوە دایکی نیچەش هەر لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەر بوون،تەنانەت ئەندامانی خانەوادەی دایکی هەندێک پۆست و پایەی ئایینیشیان هەبوو. ئەمانە هۆکاری گرنگ بوون، بەوەی قۆناخی منداڵی نیچە بە نێو مەسیحییەتدا ڕەت بووەو، تەنانەت نیچەش لە قۆناخی منداڵیدا سەرسام بووە بە مەسیح و شارەزای تەواوی لە ئینجیل پەیداکردبوو. هەردووکیان واتا دایک و باوکی نیچە لە پەیڕەوکارانی مەزەبی لۆتەری پرۆتستانتی بوون و تەنانەت هەردوو باپیرەی(باوکی باوکی و باوکی دایکی)قەشە بوونەو، کتێبیان لەبارەی مەسیحییەتەوە نووسیوە، بۆنموونە (مانەوەی هەمیشەیی بۆ مەسیحییەت) لە ساڵی 1796 چاپکراوە. نیچە بەهۆی ئایینپەروەری دایک و باوکی،کاریگەری ئایینی زۆر کەوتبووە سەر،بۆیە لەکاتی منداڵیدا، هیوای ئەوەبوو ببێتە قەشەیەکی پرۆتستانتی.چونکە وای لێ باسدەکەن، نیچە تەمەنی شەش ساڵان بووە، بە دەنگێکی زۆر غەریب و خەمبارەوە،ئینجیلی دەخوێندو تەنانەت خەڵکیشی پێ دەهێنایە گریان.بۆیە هەر لە منداڵییەوە بە قەشەی بچووک ناویاندەهێنا. ئیدی تا تەمەنی گەیشتە 18 ساڵان هەر لەژێر کاریگەری ئەو ئایینەدا مایەوەو ئینجا لە 18 ساڵییەوە بە تەواوی دژی وەستایەوە.

نیچە منداڵی نۆبەرەی دایک و باوکی بوو،ئەلیزابێس کە خوشکی بوو، دوای دووساڵ لە لەدایکبوونی نیچە واتا ئەلیزابێس لە ساڵی 1846 لە دایکدەبێت، ئەو ئەلیزابێسەی کە نیچە یەکجار زۆری خۆشدەویست و

تەنانەت بۆ نیچە جێگای دایک و باوکیشی گرتبووەوە،نیچە تەمەنی نزیک پێنج سالأن دەبێت، واتا لە سالّی 1849 باوکی بەهۆی نەخۆشییەوە لە تەمەنی (36) سالّیدا مردووە.وەک نیچە باسی لێوە دەکات، نووسیویەتی باوکی خۆشەویستم لە سالّی 1848 تووشی نەخۆشی ئەقلّ ببوو.دوای ئەم رووداوەی باوکی، برا بچووکەکەیشی لە تەمەنی دوو سالّیدا، واتا لە سالّی 1850 دەمرێت،ئیتر هەر ئەو سالّە دایکی نیچە بڕیار دەدات بچن لە (ناومبۆرگ)و لەوێ نیشتەجێ ببن،خوێندنی نیچە لە نۆمبۆرگ دەستپێدەکات و سالّی 1851 روو لە قوتابخانەی سەرەتایی دەکات، سالّی 1854 دەچێتە قوتابخانەیەکی دیکە،سالّی 1858 روو لە قوتابخانەی(بفۆرتا)دەکات و ماوەی شەش سالّ لەو قوتابخانەیە دەمینێتەوە بۆ خوێندن، ئەو قوتابخانەیە قوتابخاتەیەکی تایبەت و بۆ کەسانێکی تایبەت دیاریکرابوو، پێشتریش فیختەو نۆڤالیس و رینکەو شلیگڵ لەم قوتابخانەیە خوێندبوویان. ئیتر خوێندنی ئامادەیی لە نۆمبۆرگ تەواو دەکات. بەلأم نیچە لە شاری نۆمبۆرگ لەناو خێزانێکدا ژیان بەسەر دەبات کە هەموویان ئافرەتن،جگە لە دایکی و خوشکی، هەردوو داپیرەی (دایکی و باوکی)،لەگەڵ دوو پووری کە خووشکی باوکی بوون،شوویان نەکردبوو، هەموویان پێکەوە وەک یەک خێزان ژیاون ئەمەش نیچەی زۆر بێزار کردووە،کە دوو پیرەژن و دوو پووری قەیرە و ئینجا دایک و خوشکی خۆی، ئەمانە هەموویان رەنگدانەوەیەکی نەرێنی و سلبیان بەسەر ژیانی نیچە دروستکردووە، بۆیە زۆر سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پێکهاتەی ئەو خێزانەی کە نیچە لە ناویدا ژیاوە، هۆکار بوونە کە نیچە لە هەندێ بارودۆخدا رقی لە ژن بووەتەوە،بۆیە جارێک لەسەر زمانی

پیرەژنێکەوە بە زەردەشت دەڵێت:کە چوویتە لای ئافرەت، قامچییەکەت لەبیر نەکەی.

نیچە کەوتبووە ژێر کاریگەریی بسمارک ، هەروەک چۆن هیگڵ کەوتبووە ژێر کاریگەری ناپلیۆن، نیچەش پێیوابوو بسمارک رەشابەیەکەو لە ئەورووپا هەڵکراوە، بسمارک بە خێرایی دەستی بەسەر نەمسادا گرت و، قەڵەمبازی بۆ فەرەنسا کردو ئینجا لەماوەی چەند مانگێکدا چەندین دەوڵەتی بچووک بچووکی بە زەبری شمشێر کردەوە بە یەک لەژێر ئاڵای ئەڵمانیا، بسمارک دەیوت:خۆشەویستی لەناو گەلاندا بۆ کەس نییەو لەنێو وڵاتانیشدا پرسەکانی سەردەم نابێ دەنگی دەنگدەران و زمانلووسی گوتاربێژان یەکلایان بکاتەوە، بەڵکو ئەوەی یەکلای دەکاتەوە، تەنیا ئاسن و خوێنە. بەڵێ بسمارک هێمای ئەو ئەخلاقە نوێیە بوو کە نیچە بانگەشەی بۆ دەکردو نەخشەی بۆ کێشابوو. بۆیە نیچە زۆر کەوتبووە ژێر کاریگەری شۆپینهاوەر و بسمارک و داروینەوە، بۆیە هەندێکجار دەنووسرێ نیچە کوڕی داروین و برای بیسمارک بووە.شۆپینهاوەریش رەنماییکارو رێنیشاندەری بووە.

بەهرەو توانای نووسینی نیچە بۆساڵی 1860 دەگەڕێتەوە کاتێک لەگەڵ دوو هاوڕێی لە نۆرمبۆرگ ئەنجوومەنێکی ئەدەبیان پێکهێنا،بەڵام ساڵی 1861 وتارێکی ستایشئامێزی بۆ (هۆڵدەرلین)نووسی، کە هێشتا هۆڵدەرلین بەو جۆرە ناوبانگی دەرنەکردبوو، دواتر بوو بە گەورەترین شاعیری ئەڵمانیا. نیچە لە سەرەتای هاتنە نێو دونیای ئەدەبیدا، سەرسام بووە بە هۆڵدەرلین بەتایبەت شانۆگەرییە شیعرییەکەی کە بەناوی فەیلەسووفی سرووشتی یۆنانی (ئەمپادۆکلیس)بوو.دەبێ ئەوەش بوترێ، نیچە دواتریش زۆر سەرسام بووە، بە فەیلەسووفەکانی یۆنانی پێش

سوقرات، بەتایبەت هیراکلیتس.چونکە لەوکاتەی لە زانکۆی لایپزیک دەیخوێند، کەوتبووە ژێر کاریگەری فەیلەسووفەکانی پێش سوقراتەوە.

نیچە لە 1864/10/6 دەچێتە زانکۆی (بۆن)،سەرەتا تیۆلۆژیاو فیلۆلۆژیا دەخوێنێت،بەڵام ساڵی 1865 واز لە خوێندنی تیۆلۆژیا دەهێنێت و لەگەڵ مامۆستاکەی دەچێتە شاری لایپزک بۆ خوێندنی مێژووی شارستانی و مێژووی تایبەت بە شارستانییێتی یۆنانی.هەر لەو ساڵەدا (1865) دانەیەک لە کتێبەکەی شوبنهاوەر بە ناوی (جیهان وەک ویست و هزر)ی دەستدەکەوێت، ئیتر بەهۆی ئەو کتێبەوە سەرتاپای ژیانی فیکری نیچە گۆڕانی بەسەردا هات و بە تەواوی کەوتە ژێر کاریگەری شوبنهاوەرو، دوور نییە هەر کاریگەری شوبنهاوەریش بووبێ کە نیچە بە توندی رووبەڕووی مۆدێرنێتە بووەوەو سەرسەختانە دژایەتیکردن، هەر بە هۆی ئەم دژایەتییەوەیە زۆر جار تۆژەران و لێکۆڵەان نیچە بە باوکی پۆست مۆدێرنێتە ناودەبەن.بەهۆی ئەم کتێبەی شۆپینهاوەرەوە :دونیا وەک ویست و هزر، نیچە ئەوەندە پێی سەرسام بوو، بۆیە دەیوت وامدەزانی شۆپینهاوەر خۆی لە تەنیشتمەو دەمدوێنێ، هەر دێڕێکی ئەم کتێبە بە دەنگێکی بەرز داوای خۆبەدەستەوەدان و رەتکردنەوەو ملکەچی دەکات. ئیتر زۆربەی ژیانی لەژێر کاریگەری شۆپینهاوەردا بردە سەر تا دواییەکەی کە سیپینۆزاو گۆتی تا رادەیەک توانیان کاریگەری شۆپینهاوەری لەسەر کەمبکەنەوەو ئەوان خۆیان شوێنی شۆپینهاوەر بگرنەوە. ساڵی 1867 نیچە دەبێتە سەرباز، بەڵام ئەوەندە ناخایەنێ، بەهۆی خۆهەڵدانی بۆ سەر پشتی ئەسپ، سینگی بەر زینی ئەسپ دەکەوێت و ئیتر تووشی ئازارێکی یەکجار زۆرو نەخۆشییەکی توند بووەوەو بەوهۆیەوە نەیتوانی لە کاری سەربازی بەردەوام بێت، تا لە ساڵی 1868 لە کاری سەربازی

دووردەکەویتەوەو دەگەڕێتەوە لایپزیک. لە دوای دوورکەوتنەوەی لە کاری سەربازی دەبێتە مامۆستا لە زانکۆی بازل و وانەی زمانناسی (فیلۆلۆژیا)ی دەوتەوە، کە نزیکەی بۆ ماوەی نۆ ساڵ واتا لە ساڵی(1869-1879) لەم زانکۆیەی بازل بەردەوام بوو.نیچە لەم ماوەیەی کە مامۆستاش بوو لە زانکۆی بازل لە نووسینی شاکارەکانیدا بەردەوام بوو، یەکەمین کتێبی بەناوی (گۆرانی تراژیدیا)بوو، کە بۆ ساڵی 1872 دەگەڕێتەوە. ساڵی 1873 کتێبی (چەند وردبوونەوەیەک لە کاتێکی نەگونجاو)ی بڵاوکردەوەو ساڵی 1874 بەشی دووەمی ئەو کتێبەی پێشووی بەناوی (دەربارەی سوودو زیانی مێژوو)ی بڵاوکردەوە،بەشی سێیەمیشی هەر لەو ساڵەدا بەناوی (شۆبنهاوەر وەک مامۆستایەک )ی بڵاوکردەوە.ئیتر نیچە تا کۆتایی ساڵی 1888 و سەرەتای ساڵی 1889 بەردەوام بوو لە نووسین،واتا تەمەنی نووسینی نیچە زۆر کورت بووە، بەڵام زۆر چڕو پڕ بەرهەمی دانسقە بووە، وەکوو هزرڤانێکی ئەڵمانی زۆربەی تەمەنی ژیانیشی لە دەرەوەی ئەڵمانیا بەسەر بردووەو لە تەمەنی (45)ساڵیدا شێت بووەو ئەقڵی لەدەستداوە. کە نووسینەکانی بوونە جێی روانینی تەواوی فەیلەسووفەکانی دوای خۆی، ئەگەر چی نیچە تا ئەقڵی لە دەستدا، ناوبانگێکی وەهای پەیدا نەکرد تا لە ژیانیدا بوو بیچێژتبایە، چونکە سەرەتا نووسینەکانی نیچە سەرەتا هیچ جێگەی سەرنجی خەڵک نەبوون، ساڵی 1889ش تا رۆژی مردنی کە 5ی ئابی ساڵی 1900 بوو واتا بۆ ماوەی زیاتر لە (11)ساڵ ئەقڵی لەدەستدابوو، توانای نووسین و خوێندنەوەی نەمابوو، بەڵکو خوشکە خۆشەویستەکەی کە دوو ساڵ لەخۆی بچووکتر بوو(ئەلیزابێس) تا رۆژی مردنی بەخێویکرد. سەربردەی ژیانی نیچە زۆر دوورو درێژە، بەڵام زۆربەی ئەو سەربردەکانی ژیانی

پەیوەندە بە کتێب و نووسینەکانی بۆیە دواتر کە دێینە سەر کاریگەریی و نووسینەکانی، ئاوڕێکی خێراش لە قۆناخەکانی ژیانی نیچە دەدەینەوە .بەڵام ئێستا بە کورتی باسی قۆناخەکانی فیکری نیچە دەکەین، کە بریتییە لە سێ قۆناخی فیکری بەمشێوەیەی خوارەوە .

قۆناخی یەکەمی بیرکردنەوەی نیچە،بریتییە لە قۆناخی هونەری رۆمانسی یان قۆناخی میتافیزیک، لەم قۆناخەیدا نیچە میتافیزیکیانە لێکدانەوەی بۆ بوون کردووە، بەهۆی زاڵبوونی لایەنی هونەری رۆمانسییەوە، نیچە وەک دیاردەیەکی ستاتیکی لێی روانیوە،بە دیوێکی دیکەدا،رۆمانسیزم بزووتنەوەیەکی فیکریی بوو لەبەرامبەر رۆشنگەریدا سەریهەڵدابوو،ئەم بزووتنەوەیە سۆزی مرۆیی بۆ سەردەمە دوورەکانی پێش سوکرات دەگێڕایەوە .هۆکاری ئەوەی نیچە دەستی بەم بزووتنەوەیە کرد، ئەوەبوو زۆر کەوتبووە ژێر کاریگەری فەیلەسووفەکانی یۆنانی کۆن، بەتایبەت پێش سوکرات.جگە لە نیچە، شیلەرو گۆتەو شیلنگ لە پێشڕەوانی ئەم بزووتنەوە رۆمانسییە بوون. ئەم قۆناخەی نیچە ساڵانی 1869 تا ساڵی 1876 دەگرێتەوە، کە لەم قۆناخەیدا کەوتبووە ژێر کاریگەری شۆبنهاوەرو ڤاگنەر، بە ئازادبوونی لەژێر ئەو کاریگەرییە ئەم قۆناخەی نیچەش کۆتایی هات.

ئەو کتێبانەی کە لەم قۆناخی یەکەمەیدا نووسیونی ئەمانەی خوارەوەن.

أ- گۆرانی تراژیدیا، کە ساڵی 1872 چاپیکردووە.

ب- رامانێکی ناوەختە،لە چوار وتار پێکهاتووە، لەماوەی ساڵانی 1873-1876 بڵاویکردوونەتەوە.

ت- دایڤید شتراوس، ساڵی 1873.

ث- سوودو زیانی مێژوو،ساڵی 1873.

ج- شوبنهاوەر وەک مامۆستایەک، ساڵی 1874.

ح- ریچارد ڤاگنەر لە بایرۆت،ساڵی 1876.

قۆناخی دووەمی فیکری نیچە، بریتییە لە قۆناخی پۆزەتیڤیزمی(الوضعیة)یان قۆناخی رەخنەیی.ئەم قۆناخە ساڵی 1876 تا ساڵی 1882 دەگرێتەوە.واتا ئەم قۆناخەی دووەمی شەش ساڵە.ئەم قۆناخە بۆ نیچە زۆر گرنگ و هەستیار بوو، چونکە جۆرو شێوازی بیرکردنەوەی نیچە گۆڕانی بەسەرداهات، لە قۆناخی رۆمانتیک و میتافیزیکاوە، بەرەو قۆناخی پۆزەتیڤیزمی رەخنەیی وەرسووڕا،کە ئەم قۆناخەی بە قۆناخی میتۆدی زانستی ناودەبردرێ و نیچە لەم قۆناخەیدا نووکی قەڵەمی بۆ رەخنەگرتن لە شتە باو و بەهاکانی ژیانی مرۆڤی نوێ تیژ کردبوو،واتا پۆزەتیڤیزم دژی بیروبۆچوون و بیرکردنەوەی میتافیزیکانەو رۆمانتیکیانە بوو، بەڵکو گرنگی بەو دیاردانە دەدا کە لە واقیعدا هەبوون، واتا ئەم قۆناخی پۆزەتیڤیزمە ململانێیەکی سەخت و درێژخایەنی لەگەڵ رۆمانتیک کرد، رۆمانتیک گرنگی بە سۆزو شتە رۆحییەکانی مرۆڤ دەدا، پۆزەتیڤیزمیش بڕوای بە واقیعبینی هەبوو،لەگەڵ پەرەسەندنی ئامێری میکانیک لە کۆمەڵگای سەرمایەداری دروستبوو، کە گرنگی بە مادەو ئامێرو ژیانی رۆژانەی خەڵک دەدا.بەڵام پێشتریش ئۆگۆست کونت(1798-

1857)دامەزرێنەری رەوتی پۆزەتیڤیزمی ئەقڵی لە کۆمەڵناسیدا، لە ساڵانی 1854-1851 کتێبێکی بە چوار بەرگ بەناوی (سیستەمی فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم)ی بڵاوکردەوە .

ئەو نووسینانەی نیچە لەو قۆناخی دووەمەیدا نووسیویەتی ئەمانەن:

أ- مرۆڤانە ،زێدە مرۆڤانە، بەشی یەکەمی ساڵی 1878 چاپکرا.

ب- سپێدە،ساڵی 1881 .

ت- زانستی شاد،خۆی پێنج کتێبە،یەکەم کتێبی ساڵی 1882 بڵاویکردۆتەوە .

قۆناخی سێیەمی فیکری نیچەبریتییە لە ساڵی 1883 تا کۆتایی ساڵی 1888 .یان سەرەتای ساڵی 1889 ئەو ساڵەی کە تووشی شێتبوون هات و بە تەواوی ئەقڵی لەدەست دا. واتا قۆناخی سێیەمی فیکری نیچە بە کتێبە هەرە بەناوبانگەکەی (زەردەشت وەهای گوت)دەستپێدەکات. ئەم قۆناخەی نیچە بە قۆناخی تەواو سەربەخۆیی دەناسرێ، هەندێکجار ئەم قۆناخەی نیچە بە قۆناخی سۆفیگەریش دەناسرێ، چونکە لە ماوەی ئەم قۆناخەیدازیاتر نووسینی هەڵقوڵاوی شێوەی سۆفیگەرییانەبوو، نەک شیکاری رەخنەیی، بە مانایەکی دیکە،قۆناخی رووخانی شارستانییەت و مۆدێرنێتە بوو،ئەوشتانەی بە درێژایی مێژووی شارستانی پیرۆزکرابوون، ئەو پیرۆزییەیان راماڵی و بەها مرۆییەکان پووچەڵکران و مانایەکیان بۆ نەمایەوە.روونتر نیچە لەم قۆناخەیدا رووبەرووی ئەقڵانییەت بووەوەو، کەسایەتی نیچەش لەم قۆناخەیدا بە تەواوی باڵای کرد.هەر لەم قۆناخەشیدا بوو، لەگەڵ رووبەڕووبوونەوەی ئەقڵانییەتدا نەهیلیزم

سەریهەڵدا، ئەمەش لە کتێبی (ویستی هێز) بە روونی دەردەکەوێ،نەهێلیزمیش بەمانای سڕینەوەی بەها مرۆڤایەتییەکان، لە سەرووی هەموویانەوە بەهای ئایینی. لەم قۆناخەدا بوو نیچە پێشبینی ئەوەی دەکرد کە مرۆڤایەتی  وردە وردە بۆ دڕندەیی زیاترو شەڕخوازی و خوێنڕشتن ملدەنێ.

نیچەو ڤاگنەر

سەرەتای ساڵی 1872 ئەوکاتە نیچە تەمەنی لە 28 ساڵی تەواو نزیک ببووەوە،کتێبێکی بەناوی (لەدایکبوونی نەهامەتییەکان لە رۆحی مۆسیقاوە) بڵاوکردەوە،ئەم کتێبە تێکەڵەیەک بوو لە فەلسەفەو شێوازی شیعری ویژدانی سروودئامێزانە،لەو کتێبەیدا دوو خوداوەند جێگایان کراوەتەوە، خوداوەندی (دیۆنیۆس)کە بریتییە لە خودای ئاسوودەیی و سەرخۆشی بە شەراب خواردنەوەو ..هتد،بەمانای ژیانی بەختەوەرو خۆڕاگری دێت لەبەردەم ئازارو مەینەتی ژیاندا بەهۆی شەراب خواردنەوەو گوێگرتن لە گۆرانی و مۆسیقاو شانۆو..هتد کە هەموو ئەمانە  ئیلهامبەخشن بۆ رۆحی مرۆڤەکان ، خوداوەندی دووەمیشیان (ئاپۆلۆنییە) ئەویش بریتییە لە خوداوەندی ئاشتی و ئارامی و دڵنەوایی، رامانی ئەقڵی و فەلسەفی و...هتد. نیچە لەم کتێبەی هاتووە هەردوو خوداوەندەکەی تێکەڵ بەیەک کردووە بۆ ئەوەی بگات بە ترۆپکی داهێنان.ئەم کتێبە سەرەتایەک بوو بۆئەوەی پەیوەندی نێوان ڤاگنەرو نیچە گەشەی پێبدرێ، بەتایبەت ڤاگنەر کە مۆسیقازانێکی بەتوانا بوو،هاتبووە ژیان بۆ ئەوەی ئەفسانەکان و سەرلەنوێ مۆسیقاو هەروەها نەهامەتییەکانیش یەکبخاتەوەو لە چوارچێوەیەکی پڕ لە بەرزم و رەزمی رۆحیدا رۆحی دیۆنیسیدا بیانگێڕێتەوە.چونکە ڤاگنەر لەناو رەگی دیۆنیس دا چەکەرەی کردبوو تا

توانی لەناو رۆحی ئەڵماندا بئاخڤێ و بەسەر نەتەوەی ئەڵماندا بپەرژێ. هونەری ئاپۆلۆنیش زیاتر لە وڵاتانی فەرەنساو ئیتالیا لە برەودابوو، بەهۆی ڤاگنەرو نیچەوە کاریگەریی بەسەر نەتەوەی ئەڵمانیش جێهێشت.

ئیدی دوای ئەوەی نیچە بەهۆی پێکانی بە زینی ئەسپ، نەیتوانی لە کاری سەربازی بەردەوام بێت،ساڵی 1868 لە کاری سەربازی دوورخرایەوەو گەڕایەوە شاری لایبزیک.پێش ئەوەی نیچەو ڤاگنەر(1813-1883) یەکدی ببینن، نیچە بە مۆسیقای ڤاگنەر زۆر سەرسام بوو، ڤاگنەریش لە دوورەوە بیستبووی گەنجێکی ئەڵمانی بە مۆسیقاکەی سەرسامەو لە هەمان شار(لایبزیک)دەژی،ئیتر هەردووکیان حەزیان بە بینینی یەکدی دەکرد. ڤاگنەر هاتوچۆی ماڵی خوشکێکی بە ناوی(بروکهاوس) دەکرد، نیچەو ڤاگنەر شەوێکیان لەماڵی (بروکهاوس)بۆ یەکەمین جار یەکتری دەبینن، گفتوگۆ لەسەر شوپنهاوەرو مۆسیقا دەکەن،ئەن یەکتر بینینی، وایکرد هەردووکیان حەز بە دووبارە بینینی یەکدی بکەنەوە. ئیتر ڤاگنەر بوو بە نزیکترین و بەناوبانگترین هاوڕێی نیچە. نیچە زۆر بە مۆسیقای ڤاگنەر سەرسام بوو، بەتایبەت ئۆپێرای(تریستان)،ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، نیچە شێتانە ئاشقی مۆسیقا ببوو، ئۆپێرای (تریستان)یش ئەوەندەی دیکە نیچەی سەرگەردان کردبوو.ئەم ئۆپێرایە هۆکارێکی بنچینەیی بوو بۆئەوەی نیچە یەکەمین کتێبی خۆی لە ساڵی 1872بەناوی(لەدایکبوونی تراژیدیا)بڵاوبکاتەوە ، لەم کتێبەیدا پەیوەندی نێوان درامای ڤاگنەرو تراژیدیای گریکی دەرخستبوو، مژدەی رێنیسانسێکی سەرتاپاگیریشی بۆ ژیانی نوێ دابوو، نموونەیشی بۆ ئەو رێنیسانسە مۆسیقای ڤاگنەرو فەلسەفەی شۆپنهاوەر بوو، کە نیچە پێیوابوو هونەری ڤاگنەر لەگەڵ فەلسەفەکەی شۆپنهاوەر هەمان ئەو رۆڵە دەگێڕن کە

ئەسخیلۆس لە نێو ژیانی دێرینی یۆناندا بینیویەتی.لە بەرامبەریشدا ڤاگنەر نامەیەک بۆ نیچە دەنووسێ و پێیدەڵێت: تا ئێستا هیچ کتێبێکم نەخوێندۆتەوە لەم کتێبەی تۆ جوانتر بێت.بە پێی ئەو نامانەی نیچەو ڤاگنەر دەردەکەوێت، ئەو دوو کەسە تەنیا ئەوە نەبووە دوو هاوڕێ بوون و پەیوەندیشیان زۆر بەهێز بووە، بەڵکو گرنگی ئەو پەیوەندییەیان لەوەدابووە، هەردووکیان چوونەتە ناو دڵی ئەوی دی، بە واتایەکی دیکە هەردووکیان لە ئێش و ئازارو خۆشی و شادی و لە بیرکردنەوەی ئەوی دی گەیشتووە، ڤاگنەر زانیویەتی نیچە چی دەوێت و ئازارو خەمەکانی چین، نیچەش بەهەمانشێوە زانیویەتی ڤاگنەر چی لە دڵدایەو رووی لە کوێیە و ..هتد. هەروەها ئۆپێرای (تریستان)بۆ نیچە بوو بە سەرچاوەی ئاسوودەیی و بەختەوەری دیۆنیسۆس.ئەم کتێبەی نیچە بوو بە چەقی پەیوەندی بەیەکبەستنەوەی زیاتری نێوان ڤاگنەرو نیچە.ساڵی 1871 نیچە لە نامەیەکیدا کە بۆ (رۆدە)ی هاوڕێی نووسیوە، تیایدا سەبارەت بەم کتێبەی (لەدایکبوونی تراژیدیا)وتوویەتی : من ترسی ئەوەم هەیە زانایانی زمان لەبەر ئەو مۆسیقایەی لە نێو نووسینەکانمدایە نەیخوێننەوە، مۆسیقازانانیش لەبەر ئەو زانستی زمانەی کە بەرجەستەم کردووە نەیخوێننەوە، فەیلەسووفەکانیش بەهۆی ئەو مۆسیقاو ئەو زانستی زمانەی لە دووتوێی کتێبەکەمدا رەنگڕێژمکردووە نەیخوێننەوە. خۆشەویستی و سەرسامی ڤاگنەرو نیچە بە شۆپنهاوەر ئەمەش خاڵێکی دیکە بوو بۆ پتەوبوونی پەیوەندی نێوانیان. بەڵام ئەو پەیوەندییەش زۆری نەخایاندو پچڕا، دوای پچڕانی ئەو پەیوەندییەی نێوانیان، نیچە لە رۆژی 1883/3/22 دا کە نامەیەکی بۆ (ئۆفریک)ی نووسیوە دەڵێت: ڤاگنەر کامڵترین پیاو بووە کە لە ژیانمدا بینیبم و خۆشمویستبێ، کەسم بە قەد

ڤاگنەر خۆشنەویستووە،هەمیشە لەناو دڵم بوو.بەڵام کاتێ نیچە لە ڤاگنەر دوور کەوتۆتەوە، ئیتر نیچە نووکی رەخنەی لە ڤاگنەر تیژ کرد، چونکە لە قۆناخی دووەمی فیکری نیچە رۆمانسیەت و میتافیزیک بە تەواوی کۆتاییان هات، بۆیە نیچە لەو قۆناخەیدا دژی مۆسیقای رۆمانتیکیش بوو،کەوابێ مۆسیقای مۆزارت و بتهۆڤن بوون بە پێشڕەوی مۆسیقا نەک مۆسیقای ڤاگنەر. بەڵکوو مۆسیقای ڤاگنەر کەوتە ریزبەندی مۆسیقای رۆمانتیکی،کە لە دوای مۆسیقای بتهۆڤن و مۆزارتەوە بوون. رەنگە تێکچوونی پەیوەندی نێوان نیچەو ڤاگنەر، زیاتر لە هۆکارێک بووبێت، ئەگەر هۆکارێکیان ئەوە بووبێت، نیچە تووشی خۆشەویستییەکی شاراوەی(کۆزیما)ی هاوسەری ڤاگنەر هاتبوو، ئەوا هۆکارێکی دیکەش ئەوەبوو، نیچە بەتەواوی پەیڕەوکردنی ئایینی مەسیحی بە کۆیلایەتی دەزانی، بۆیە نیچە کەوتە بەر رەخنەی توند لە ئایینی مەسیح، بەڵام ڤاگنەر بە پێچەوانەوە، لە ئۆپێرای (پارسیڤاڵ) خۆی خستەوە باوەشی مەسیحییەت و لەبەردەم خاچەکەدا نووشتایەوەو کەوتە سەر چۆک و لێی پاڕایەوە، ئەمەیان نیچەی بە تەواوی تورەکرد.بۆیە نیچە رەخنەی توندی ئاراستەی ئۆپێراکەش کردو،ئیتر پەیوەندی نێوان نیچەو ڤاگنەر کۆتایی هات.بەڵام ئەوکاتەی ڤاگنەر ئەو ئۆپێرایەی پێشکەش کرد، پەیوەندی نێوانی لەگەڵ نیچە تا رادەیەک بەرەو خراپی دەچوو،بەڵام زۆربەی بۆچوونەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە بە گشتی ئەم هۆکارانەی خوارەوە بوونە هۆی ئەوەی پەیوەندی نێوان ڤاگنەرو نیچە بەرەو تێکچوون بچێت، ئەویش ئەمانەن:

أ- نیچە وردە وردە بڕوای بە فەلسەفەی شۆپنهاوەر نەمابوو، بەڵام ڤاگنەر هەر وەکوو جاران سەرسام بوو بە شۆپنهاوەر.

ب- لۆدڤیگی دووەم ،کە پاشای باڤاریا بوو،لە شاری بایرۆت ،بەهۆی سەرسامی بە مۆسیقای ڤاگنەرەوە ،هۆڵێکی شانۆیی بۆ پێشکەشکردنی ئۆپێراکانی ڤاگنەر کردبووەوە،

ت- نیچە هەستی بە بەهێزبوونی خۆی و متمانە بەخۆبوونی زۆر زیادی کردبوو، رەخنەکانیشی تا دەهات توندتر دەبوون، رەنگە ئەمەیان خاڵی بنچینەیی و سەرەکی بووبێت، بۆ تێکچوونی پەیوەندی نێوان ئەو دوو بلیمەتە، دوو خاڵەکەی ترو پرسی کۆزیماو چەندین خاڵی دیکەش یارمەتیدەر بوون بۆ تەواو تێکچوونی پەیوەندییەکە.

تێکچوونی ئەو پەیوەندییە وای لە نیچە کرد بێدەنگ نەبێت و ساڵی 1876 کە ساڵی کۆتاییهاتنی پەیوەندی نێوانیان بوو، هەر ئەو ساڵە کتێبێکی رەخنەیی بەناوی (ڤاگنەر لە بایرۆت)بنووسێ، کە نەک هەر رەخنە بوو لە ئۆپێراکانی ڤاگنەر کە لە شاری بایرۆت پێشکەشی کردبوو، بەڵکو نیچە هەموو رۆڵبینینەکەی بە خۆی دابوو، ڤاگنەر کەوتبووە دامێنی نیچەوە. لەمڕوانگەوە جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین، کە مۆسیقا نەک هەر کاریگەری بەسەر نیچەوە هەبووە، بەڵکو مۆیسقا خۆراکی رۆحی نیچە بووە، چونکە نیچە بەهۆی مۆسیقاوە هەوڵیدەدا جارێکی دیکە بەهاکان بنووسێتەوە، مۆسیقا لای نیچە تەنها بۆ کات بەسەر بردن و دۆخێکی رۆمانتیکیانە نەبوو، بەڵکو مۆسیقا هێزو تواناو بەهرەی نوێی پێدەبەخشی، بەهۆی مۆسیقاوە دەیتوانی مێشکی فراوانترو ئاسۆی بینینی دوورتر بکات.بۆیە هیچ فەیلەسووفێک بە قەد نیچە ئاوەها سەرسام و سەرگەردان نەبووە بە مۆسیقا، چونکە نیچە لە رۆحی مۆسیقاوە،

بانگەشەی نوێبوونەوەو خۆڕاگری دەکردو زیاتر بەناو تونێلە تاریکەکانی فیکرو هزردا دەهات و دەچوو.نیچە لە چەندین نامەیشیدا بۆ هاوڕێکانی ئاماژەی بەو کاریگەریی و بەو زیندوێتییەی مۆسیقا کردووە لەسەری، کە چۆن مۆسیقا وزەو تواناو تەنانەت ئازایەتیشی پێدەبەخشی.

نزیکبوونەوەی زیاد لە پێویستی نیچەو ڤاگنەر وایکرد نیچە هاوسەری ڤاگنەر(کۆزیما) بناسێ و پەیوەندییەکی پتەو بکەوێتە نێوانیانەوە،تەنانەت پەیوەندییەکە لای نیچە گەیشتە ئاستی خۆشەویستییەکی قووڵ لەگەڵ کۆزیما، بەڵام ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییە زۆر درەنگ ئاشکرا بوو، ئەو کاتەی نیچە دەهات ئەقڵ لە دەست بدات، لەو نامانەی بۆ کۆزیمای دەنووسی بە چەندین ئەفسانەی یۆنانی کۆن گرێیدەداو بۆی دەنارد. جارێک لە نامەیەکیدا کە بۆ کۆزیمای دەنێرێ، لەجیاتی ناوی خۆی (دیۆنیسۆس)ی لەسەر نووسیبوو، لە جیاتی ناوی کۆزیماش، (ئەریادنە)ی نووسیبوو، لەناو نامەکە نووسیبووی(ئەریادنە تۆم خۆشدەوێت)، بەڵام نیچە تا لە نزیکەوە کۆزیمای دەبینی تەنیا لە ناخەوە خوشیدەویست و جەسارەتی نەکردبوو رووبەڕوو پێی بڵێ خۆشمدەوێیت کۆزیما.دیارە پێش ئەو نامەیە نیچە لە نووسینی دیکەشدا بە جۆرێک لە جۆرەکان باسی ئەریادنەی کردووە وەک هێمایەک بۆ کۆزیما، بەڵام کەس پێشتر هەستی بەو لێکچوونە نەکردبوو، ئەوەتا نیچە لە نووسینێکیدا وتوویەتی:ئەو مرۆڤەی دەکەوێتە ناو تونۆتوونەکانی ژیان، تەنها لە راستی ناگەڕێت، بەڵکو عەودالّی ئەریادنیشە. لێرە دەردەکەوێت کە نیچە ئافرەتی چەند خۆشویستووە، بەڵام نەهامەتییەکانی ژیان و ئەزموونی تێکشکاوی نیچە بەرامبەر بە هەموو ئەو ژنانەی خۆشیویستوون، هەر لە کۆزیماوە تا دەگان

به (لۆ سالۆمی) قەشەنگ  کە تەمەنی (21)ساڵ بوو، رووسی بوو، هەموو ئەمانە وایان لە نیچە کرد بەرامبەر بە ئافرەت زۆر رەشبین بێت.

**نیچەو ئافرەت:**

ئەزموونی نیچە لەگەڵ ئافرەت، ئەزموونێکی شکستخواردووی پڕ لە تاڵی و سوێری بووە، ئەگەرچی نیچە لە ناخەوە ئافرەتی خۆشویستووەو دڵی بزێوی خۆی کردبووە جێ حەوانەوەی ژنان، بەڵام هەموو ئەو ئافرەتانەی کە نیچە خۆشیویستوون، بوونەتە مایەی نائارامی و نیگەرانی بۆ نیچە، ئەمەش هۆکارێکی بنچینەیی بووە کە نیچە تێڕوانینی بەرمبەر بە ژن نەرێنی بێت.

نیچە زۆر بە گەرمی دڵی بۆ (کۆزیما)چووبوو، کۆزیم هەموو ژیانی نیچەی داگرتبوو،هەروەک ئەحمەد هەردی شعیر دەڵێت: سەرنجی رێ دەدەم رێگا هەمووی شێوەی ئەوی تیایە....وەکوو دونیا لەناو جوانی ئەوا توابێتەوە وایە. کەچی نیچە بەردەوام بەرامبەر بە خۆشەویستی ژن تەنیا شکست لە دوای شکستی بۆ دەمایەوە، پێموابێت هەر کەسێکی دیکەش لەشوێنی نیچە بوایەو وای بەسەر بهاتبایە، هەر هەمان بۆچوونی بەرامبەر بە ژن بۆ دروستدەبوو، ئەمە سەرباری ئەوەی نیچە ژیانی کەوتبووە نێو کۆمەڵێک ژنی بێ مێرد،دایکی و نەنکی و دوو پووری کە قەیرە کچ بوون و شوویان نەکردبوو، ئیتر  لە دانیشتنی ناو ئەو ژنانە زۆر وەڕس ببوو، بە جۆرێک بەهۆی ئەمانەوە ژنی لەبەرچاو کەوتبوو.ئەمجۆرە ژیانەی نیچە زۆر نزیک بووە لە ژیانی شۆپینهاوەر، بۆیە وەکوو شۆپینهاوەر  رای نەرێنی بەرامبەر بە ژن هەبووەو وەکوو شۆپینهاوەر بەرامبەر بە ژیان رەشبین

بووەو وەكوو شۆپینهاوەر بڕوای بە بوونی خودا نەبووەو، وەكوو شۆپینهاوەر حەزی لە مۆسیقاو هونەر بووە.تەنانەت لە روانگە فەلسەفییەكەیشەوە بەهەمانشێوە كەوتۆتە ژێر كاریگەری شۆپینهاوەر، ئەویش پێیوایە حەزو ئارەزووی مرۆڤ تەواو نابێت و دووریشە لە لۆژیكی ئەقڵ و سنوورە نائەقڵانیەكەش دەبەزێنێت و ئەو حەزە بەجۆرێک مرۆڤ پەلكێش دەكات كە ترسناكی لێ دێتە ئاراوەو ئازارو شەڕی بەدواوەیە. ڕەشبینی نیچە بەرامبەر بە ژن تا ئەو رادەیە بوو، پێیوابوو ژن تەنیا بە لێدان ئەقڵ دەبێت، چونكە زمانی لەیەكحاڵیبوونی لاوازە.

**نیچەو زەردەشت**

لەتەواوی نووسینەكانی نیچەدا، كتێبی زەردەشت وەهای گوت، پڕ بەهاترین و ناودارترین كتێبی نیچەیەو لەسەر ئاستی دونیاش ئەم كتێبە بە یەكێک لە باشترین و ناودارترین كتێبی سەدەی نۆزدە دادەنرێ، تا ئەمڕۆش یەكێک لە كتێبە هەرە بەهێزەكانی دونیایە، بەهۆی ئەم كتێبەوەیە نیچە توانیویەتی زۆربەی فەیلەسووفەكانی سەدەی بیستەم بۆ ماوەیەک بكات بە موریدی خۆی، كە ناودارترینیان رەنگە مێشێل فۆكۆ بێت.

نیچە ئەم كتێبەی بە یەكجار نەنووسیوە، بەڵكو قۆناخ بە قۆناخ بەش لە دوای بەشی نووسیوە، رەنگە ئەگەر ئاوا زوو بە لاوی ئەقڵی لەدەست نەدابوایە ئەم كتێبە زۆر لەوەی ئێستا قەبەتر و زۆرتر دەبوو، بەڵام ئێستاش بووەتە بەناوبانگترین كتێب لای خوێنەرانی سەدەی بیست.

نیچە لەو كتێبەیدا، توانیویەتی چەند بیرۆكەیەک بخاتە رووک ە جێگای رامان و لێوردبوونەوە بێت، ئەویش یەكەمیان ئەوەیە كە دەڵێت خودا مرد،مەبەستی نیچە لە خودا مرد، هەر ئەوە نییە كە بڕوای بە ئایینی

مەسیح نەماوە، یان بڕوای بە هیچ جۆرە ئاینێک نییە، بەڵکو مەبەستی نیچە ئەوەیە ئیدی مل بۆ هیچ شتێک کەچ ناکەین و مرۆڤ دەبێت تەواوی تواناو ئیرادەو بەخشندەیی بۆ خۆی بێت و وەک کورد دەڵێت خۆت ئاغای ماڵی خۆت بیت، خودا مرد واتا چەوساندنەوەی مرۆڤ کۆتایی هات، واتا ترس و تۆقاندن کۆتایی هات، واتا ملکەچکردن کۆتایی هات، واتا ئیدی بەدیار وەهمەوە دانانیشین خەم بخۆین و فرمێسک هەڵبڕێژین، بێئەوەی خودایەکی راستەقینە بە کردار هەبێت، رەفتاری لەگەڵدا بکەین.کاتی ئەوە بەسەر چوو کورد گوتەنی بەدوای کڵاوی با بردوو بکەوین. هێزی لەبن نەهاتووی نیچە لە خودا مردووە، لەوەدایە هاتووە بە زمانی زەردەشتەوە ئەو قسەیە دەکات، زەردەشت پێغەمبەر بووە، بەڵام کاری چاک، وتەی چاک، بیری چاک ، سەرچاوەی نووسینی ئەم کتێبەی نیچە بوون کە لە وتنی زەردەشتە.

ئەم خاڵەی یەکەم (خودا مردووە) تەواوکەری خاڵی دووەمی نێو کتێبی (زەردەشت وەهای گوت)ە، کە باسی لە مرۆڤی باڵا ،مرۆڤی سۆپەرمان کردووە، واتا جگە لە مرۆڤ هیچ شتێکی دیکە نییە لە مرۆڤ باڵاتر بێت، مرۆڤ خۆی خواوەندی خۆیەتی و دەبێ هەمیشە سەر بڵندو پایەدار بێت، نابێ ملکەچ و زەلیل بێت، لەم روانگەیەوە بوو، یەکەمجار لە ساڵی 1879 نەخۆشدەکەوێت، نەخۆشییەکەی زۆر سەخت دەبێت،بۆیە نیچە ناچار دەبێت وەسیەت بکات چونکە بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە لە مردن نزیک بووبووەوە، ئیدی لای خوشکەکەی وەسیەت دەکات و پێیدەڵێت:بەڵێنم بدەرێ کە مردم جگە لە هاورێ نزیکەکانم کەسیدیکە نەیەنە سەر گۆڕەکەم بۆ شاردنەوەم، نامەوێ خەڵکانێکی فزوولی بوەستن،قەشەش مەهێنن تا درۆو دەلەسە بەسەر گۆڕەکەمدا بخوێنێ لە

کاتێکدا خۆم توانای بەرگریکردن لەخۆم نەبێت، هیوادارم وەک شەریفێک لەگۆڕم بنێن. بەڵام دوایی لەم نەخۆشییە چاکدەبێتەوە، فیکرو هزریشی رەگداکوتاوترو بەهێزتر دەبن بەرامبەر بە ئایین و خودا ناسی.

نیچە لە هەوڵی ئەوەدا بوو، ئیدی مرۆڤی نوێ بەرهەمبهێنرێ، مرۆڤێک ئەگەر زەریبەی خوێنەکەیشی بێت، بەڵام نەترس و ئازاو باڵا بێت، مرۆڤی سۆپەرمان بێت وهیچ شتێک لەو باڵاتر نەبێت،ئەم مرۆڤەش بە هۆی سرووشتەکەیەوە دروست نابێت، بەڵکو پێویستە پەروەردەیەکی ئازایانە بکرێ تا دەگاتە مرۆڤی باڵا،نابێت پشتمان بە سرووشت قایم بێت، سروشت مرۆڤی کورتە بنەو ترسنۆکت بۆ دەهێنێتە دی،مرۆڤێک دروستدەکات میانڕەو بێت بۆئەوەی بیپارێزێت،نایەوێ پیاوی هەڵکەوتوو دروست بێت، تەنانەت لە هەوڵی ئەوەدایە پیاوە هەڵکەوتووەکانیش نزم بکاتەوە بۆ ئاستی خەڵکی ئاسایی،سرووشت هەمیشە لەگەڵ خەڵکی زۆرینەدایەو دژی ئەو تاک و تەرایانەیە کە لە مێژوودا دەردەکەون و لە سرووشت لادەدەن، بۆیە سرووشت مرۆڤی باڵا نەک هەر ناخولقێنێت، بەڵکو مرۆڤی باڵا نەوی دەکاتەوەو دەیکاتە مرۆڤێکی ئاسایی، کەوابێت دەبێت چاکسازی بۆ مرۆڤی باڵا لە رێگای پەروەردەوە بکرێت و بە هۆی پەروەردەوە بتوانین ئەوجۆرە مرۆڤانە بەرهەمبهێنین. زەردەشت دوورە پەرێز نەبوو، هەمیشە بەدوای سەرکێشی و ئەوکارانە بوو کە مەترسیدار بوون.هەر مرۆڤێک بەدوای سۆز بکەوێت و لەگەڵ خەڵکی ئاسایی هاوگونجاو بێت، ئەوا ئەو مرۆڤە نابێتە مرۆڤێکی ئازاو بە جەرگ، مرۆڤی ئازا هەمیشە دوورە پەرێزە لەگەڵ خەڵکی ئاسایی،چونکە هەڵگری ئامانجێکی گەورەترە لە خەڵکە ئاساییەکە،خۆشەویستی بۆ ژیان ئەوکاتە دێتە دی کە مرۆڤ باڵا بێت.نیچە گاڵتەی بەم هەموو خەڵکە ئەوروپاییە دەهات کە چەڵەیان بۆ ناپلیۆن

لێدەداو ملکەچی فەرمانەکانی دەبوون،چونکە ئەو مرۆڤانە مرۆڤی نزم و ڕەشۆکین و گیان و ژیانی خۆیان پێشکەش بە ناپلیۆن کردووە، تەنیا بۆ ئەوەی وەک مرۆڤێکی ملکەچ بۆ خۆیان بژین.

## سەرچاوەكان:

1- محمد جديدي،الفلسفة الاغريقية،الدار العربية للعلوم ناشرون،منشورات الاختلاف،ط1 ،الجزائر، 2009.
2- نبيل عبدالحميد عبدالجبار،الفلسفة لمن يريد،دار دجلة،الأردن،ط1، 2007.
3- سليم دولة، ما الفلسفة،دار نقوش عربية، تونس،ط3 ، 1989
4- عبدالرحمن بدوي، فلسفة العصور الوسطى،وكالة المطبوعات:دار القلم، ط3، بيروت
5- برتراند راسل، حكمة الغرب،ت: فؤاد زكريا، عالم المعرفة 62،الجزء الأول، 1983.
6- برتراند راسل،تاريخ الفلسفة الغربية،ت:د.زكي نجيب محمود،القاهرة،1967.
7- بيير دوكاسيه،الفلسفات الكبرى،ت:جورج يونس،منشورات عويدات، بيروت- باريس،ط3 ، 1983
8- بير مونتيبيلو،نيتشه وارادة القوة،ترجمه وقدم له:جمال مفرح،الدار العربيةللعلوم ناشرون،بيروت،"1 ،2010.
9- جان بران، سقراط الشهيد الأول للفلسفة،ت:فاروق الحميد،دار الفرقد للطباعة والنشر والتوزيع،دمشق، ط1 ، 2008.
10- جيل دولوز،نيتشه والفلسفة،ت:أسامة الحاج،المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع،بيروت،ط2 ،2011.
11- الدكتور محمد الشيخ،نقد الحداثة في فكر نيتشه،الشبكة العربية للأبحاث والنشر،بيروت،ط1 ، تموز 2008.
12- الدكتور محمد الشيخ، فلسفة الحداثة في فكر هيغل،الشبكة العربية للأبحاث والنشر،بيروت،ط1 ، أيار/مايو2008.
13- راكيتوف، اسس الفلسفة،ت:موفق الدليمي، دار التقدم،1989

14- كيوم مورانو، شوبنهور،ت: فاروق الحميد، دار التكوين، دمشق، ط1، 2013.
15- ثيودور اويزرمان،تطور الفكر الفلسفي،ت:سمير كرم،دار الطليعة، بيروت،ط3، شباط 1982.
16- فريناند الكييه، معنى الفلسفة،ت:حافظ الجمالي، منشورات اتحاد الكتاب العرب، 1999
17- أرنست باركر،النظرية السياسية عند اليونان،ت: لويس اسكندر،القاهرة،1966.
18- شارل فرنر،الفلسفة اليونانية،ت:تيسير الأرض،دار الأنوار، بيروت،ط1986،1
19- ارستوطاليس،السياسة،ت:أحمد لطفي السيد،منشورات الفاخرية.
20- ماجد فخري،أرسطوطاليس المعلم الأول،بيروت،1958.مراجعة:صالح مصباح،دار سيناترا-المركز الوطني للترجمة، تونس،ط1 ، 2010.
21- ويل كيملشكا،مدخل الى الفلسفة السياسية المعاصرة،ت:منير الكشو،
22- يوري فانكين،محاكمة سقراط،ت:د.ماجد علاءالدين-د.محمد مخلوف،دار علاءالدين،دمشق، ط2007،6.
23- يوسف كرم،تأريخ الفلسفة اليونانية،دار العالم العربي،القاهرة،ط2012،2
24- يوسف كرم،تأريخ الفلسفة الأوربيةفي العصر الوسيط،دار العالم العربي،القاهرة،ط2012،2.
25- يوسف كرم، تأريخ الفلسفة الحديثة،دار العالم العربي،القاهرة،ط1،2011.